خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب
د. لوقمان رەئوف ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر بابان ئەنوەر

# جەنگی سارد

ڕۆبەرت جەی مەکمان

وەرگێڕانی: شاناز ڕەمزی هیرانی

2017

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (205)

ناوی کتێب: جەنگی سارد
بابەت: سیاسی
ناوی نووسەر: ڕۆبەرت جەی مەکمان
وەرگێڕانی: شاناز ڕەمزی هیرانی
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
تایپ و هەڵەچن: زریان رەحیم- کەیوان عمر- نیاز کمال
چاپخانە: حەمدی
ساڵی چاپ: 2017
چاپ: یەکەم
تیراژ: 500 دانە
نرخ: 6000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

**www.ideafoundation.co**
**ideafoun@gmail.com**
**www.facebook.com/dezgai.idea**
**07701955044 - 0533220180**
**سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران**

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1631 )ی ساڵی 2017ی پێدراوە

# جەنگی سارد

ڕۆبەرت جەی مەكمان

وەرگێڕانی: شاناز ڕەمزی هیرانی
2017

ماکمان بەکورتی و بەپوختی، سەربوردەیەکی بەهێز بۆ سەردەمێکی گرنگ لە مێژووی جیهانی هاوچەرخ پێشکەشدەکات. ئەم کتێبە کورتەیەکی سەرنجڕاکێشە و دەکرێت ببێت بە بەراییەکی بێوێنە لەسەر ئەو بابەتە.

فریدریک لوگڤاڵ
زانکۆی کالیفۆرنیا- سانتا باربرا

# پێڕست


بەرایی.......................................................................................7

**بەشی یەکەم:**

جەنگی جیهانیی دووەم و تێکشکاندنی..........................................11

**بەشی دووەم:**

ڕەگوڕیشەی جەنگی سارد لە ئەورووپا (1945ـ 1950)............39

**بەشی سێیەم:**

بەرەو (جەنگێکی گەرم) لە ئاسیا (1945–1950)..........................73

**بەشی چوارەم:**

جەنگی ساردی جیهانیی (1950 ـ 1958)....................................111

**بەشی پێنجەم:**

لە ڕووبەڕووبوونەوەوە بۆ ڕێککەوتن (1958 ـ 1968)..........147

**بەشی شەشەم:**

جەنگیساردلەناوەوە........................................................................187

## بەرایی

بێگومان نووسینەوەی مێژوویەکی کورت لەسەر ململانێییەکی بەهێز، کە تا نیو سەدە باڵی بەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا کێشابوو، تا ڕاددەیەکی زۆریش شێوە و ڕوخسارەکەی دیاریکرد، نەک ئەرکێکی ئاسان نییە، بگرە قورسیشە، چونکە چەندین توێژینەوەی ورد و یەکجار بەرچاو، زۆر لە قەبارەی ئەو کتێبەش گەورەتر، لەسەر

سەرجەم ڕووداو و قەیران و ململانێ و کەسایەتییە گرنکەکانی ئەو سەردەمە کراون. جگە لەوانەش گفتوگۆ و مشتومڕی زانستیی پارێزراو هەبوون، کە زۆربەی جار بە گوناهبارکردنی یەکتری لەسەر هەموو ڕووەکانی جەنگی سارد ئەنجامدراون، لە کۆتا ساڵەکانیشدا ئەم گفتوگۆیانە دەوڵەمەندتر و چڕتربوونەوە، ئەوەش بەهۆی ئاشکرابوون و پەردەهەڵماڵین لەسەر ئەو بەڵگەنامە نهێنینەکانی لە تۆمارە پارێزراوەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان و ڕووسیا و ڕۆژهەلاتی ئەورووپا و چین.. هتددا هەبوون، پاشان ئەم کتێبە بریتی نییە لە دواوشە لەسەر جەنگی سارد، یان باسێکی مێژوویی تەواو لەسەر ئەو ململانێ ئالۆز و فرەلایەنە، یان لەگەڵ بەدیهێنانی ئامانجە گشتیەکان بۆ ئەو زنجیرەیە، بەڵکو ئامانجی من پێشکەشکردنی تێڕوانینێکی فراوان و وردە. تێڕوانینێک، کە هەر خوێندکارێک، یان خوێنەرێک بتوانێت بەئاسانی لێی تێبگات. ئەو کتێبە کورتەیەکی گشتیە لەسەر جەنگی سارد، کە لەماوەی ساڵی 1945ەوە، درێژ دەبێتەوە تا کۆتا چارەسەر لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمەریکی ـ سۆڤیەتی لەساڵی 1990. ئەم کتێبە تیشک دەخاتە سەر ڕووداو و ململانێ و دۆسیە سەرەکییەکان. بە پشتبەستن بە هەندێک لە گرنگترین و نوێترین توێژینەوە لەسەر جەنگی سارد. پێش هەموو شتێکیش هەوڵمداوە مەسەلە گرنگەکان بخەمە بەردەمی

خوێنەر، بۆئەوەی بتوانێت لێی تێبگات و هەڵسەنگاندنێکی تەواو بۆ ئەو ڕووداوە مێژووییانە بکەم .

هەر بەهۆی سروشتی دۆخەکەش، ناچاربووم هەندێک جار بڕیاری گرنگ و قورس بدەم دەربارەی چاوپۆشین و فەرامۆشکردنی هەندێک زانیاری دەربارەی ئەو ململانێیە، کە نزیکەی چوار دەیە و نیوی خایاند و هەموو گۆی زەوی تەنییەوە. ئەمەش وایکرد هەندێک ڕووداوی گرنگ بە بۆشایی بەجێیبهێڵم و هەندێکیش بەناچاری و زۆر بەکورتی بخەمەڕوو، هەروەها بڕیامدا لە جەنگی سارد گرنگییەکی زۆر بە ڕەهەندە سەربازییەکان نەدەم. هۆکاری ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ دابینکردنی شوێن بۆ ئەو بابەتە لە دوو کتێبی تردا، لەو زنجیرەیە لەسەر هەردوو جەنگی کۆریا و ڤێتنام، بۆیە ئەوەی پێشکەشمکردووە و دەیخەمەڕوو (پێشەکییەکی زۆر کورتە) لەسەر جەنگی سارد. وەک ئەوەی لە ناوونیشانەکەدا دیارە. ئەو کتێبە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان (چۆن، کەی، بۆچی، جەنگی سارد دەستی پێکرد؟).

سەرەتا لە ئەورووپا و دوای جەنگی جیهانی دووەم دەستیپێکرد، دواتر زۆربەی جیهانی گرتەوە؟ بۆچی بەو شێوە کتوپڕە و پێشبینی نەکراوە کۆتایی هات؟ دەرئەنجامەکانی چیبوون؟

سوپاسگوزارم بۆ هەریەک لە ڕۆبرت زیجر و لۆرانس

فریدمان و میلفین لیفلەر، کە هەریەکەیان دەستنووس و بەراییەکەیان خوێندەوە و پێشنیار و بۆچوونی بەپێزی خۆیان خستەسەر بۆ باشترکردنی، هەروەها سوپاسی (ڕیبیکا ئەوکونور) دەکەم بۆ ئامۆژگاری و پشتیوانییەکانی بۆم، جگە لە سەرجەم ئەندامانی دەستەی نووسین لە خانەی ئەکسفۆرد یونیڤێرستی پرێس، کە وایان کرد چێژ لەکارکردن لەم کێتبەدا وەربگرم.

# بەشی یەکەم

## جەنگی جیهانیی دووەم و
## تێکشکاندنی سیستمی کۆن

بێگومان هیچ گفتوگۆیەک لەبارەی جەنگی ساردەوە، بەبێ باسکردنی جەنگی جیهانیی دووەم ئەنجامنادرێت، چونکە ئەو جەنگە، بە هەموو پێوەرێک لە مێژوویی مرۆڤایەتیدا بە گەورەترین و کارەساتبارترین ململانێ هەژماردەکرێت، چونکە بە ڕاددەیەکی بێشومار بووە هۆی مردن و خاپوورکردن و بێبەشبوون و پشێوی لە سەرتاسەری جیهاندا.

مێژوونوس (تۆماس جی باترسۆن) دەڵێت" ئەو کارەساتە ترسناکەی، کە لەنێوان ساڵانی 1939ـ1945 هەموو جیهانی گرتەوە، زۆر قووڵ و سەرتاسەری بوو، بە شێوازێک گشت جیهانی سەراوژووورکرد، نەک تەنیا هەر جیهانی مرۆڤەکان بە کرێکار و جووتیار و بازرگان و ڕووناکبیر و بەرهەمهێنەرانەوە، یان تەنیا جیهانە سەربازییە لەڕادەبەدەر بەهێزەکەی سەر بە نازی و فڕۆکەوانەکانی کامیکازیی خۆکوژی ژاپۆنی، بەڵکو زیاتر لەمانەش، هەروەها بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی جیهانی سیاسەتەکان و فەرمانڕەوایەتی و نەریتە باوەکان و دامەزراوە و هاوپەیمانییەتییەکان و دڵسۆزی و بازرگانیکردن و چینە کۆمەڵایەتیەکانیشی گرتەوە. ئەو جەنگە دۆخێکی یەکجار خراپی هێنایە ئاراوە و وایکرد ململانێ و پێکدادانی هێزە زەبەلاحەکان تا ڕاددەیەکی زۆر ئەگەری ڕوودانی هەبێت.

## ئاوەژووبوونی جیهان

جەنگ، بووە هۆی کوژرانی نزیکەی (60) ملیۆن کەس، سێیەکی هاووڵاتیی سادە بوون. لایەنی شکستخواردوو لەو جەنگە، لە ئەڵمانیا و ژاپۆن و ئیتاڵیا پێکهاتبوون، بەو هۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیانیان گیانیان لەدەستدا. لایەنی براوەش: واتا هاوپەیمانان ژمارەیەکی زیاتر کوژراویان هەبووە، چونکە نزیکەی (35) ملیۆن هاووڵاتی بەهۆی ئەو جەنگەوە گیانیان لەدەستدا. ڕێژەی قوربانیان ئەوەندە زۆربوو، کە لەژماردن نایەن. نزیکەی (20–10%) ی کۆی گشتیی دانیشتووانی یەکێتیی سۆڤیەت و پۆڵەندا و یوگسلاڤیا گیانیان لەدەستدا. ژمارەی کۆی گشتی لە وڵاتانی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و نەمسا و ژاپۆن و چین گەیشتە (4–6%). دیارە سەرژمێریکردنی قوربانیانی ئەو کارەساتە جیهانییە لە سەرووی هەموو هەوڵێکەوەیە، بۆیە تائێستاش و دوای تێپەڕبوونی دوو نەوە لە کۆتاییهاتن بەو جەنگە، سەرژمێریەکی تەواوی زیانی گیانی بە ڕاستی و دروستی ئەنجام نەدراوە. وەک چۆن دوای کۆتایی جەنگەکەش ڕاستەوخۆ هەر نەزانرا.

دوای جەنگ، وێرانکاری زۆربەی زۆری کیشوەری ئەورووپای گرتبووەوە. (وینستون چەرچڵ) سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا بە چەند وشەیەکی بەهێز، کە هەر لە وتەکانی ئەو دەچێت، بەم شێوەیە وەسفی جەنگەکە دەکات و دەڵێت" پارچەیەک لە پاشماوەی گۆڕستان و

خاکێکی بەپیت بۆ پەتا و ڕق و کینە) بەپێی گوزارشتی ویلیام شیرەری پەیامنێر" بەرلین بووە خاکێکی سەرتاپا وێرانە، پێموایە وێرانکاری لەو جۆرە و بەو چوارچێوەیە هەرگیز لەوەوپێش ڕووینەداوە)..

لەڕاستیدا گەورەترین شارەکانی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا، لە هەموو ڕوویەکەوە تووشی زۆرترین وێرانکاری هاتن، چونکە لە(90%) باڵەخانە و بیناکانی هەریەک لە کۆڵۆنیا و دۆسلدۆرف و هامبۆرگ، بەهۆی بۆردومانی چڕی فڕۆکەکان لەگەڵ زەوی تەختکران. (70%)ی بیناکانی ناوەڕاستی ڤیەننا ڕووخان. لە وارشۆش، بەپێی وتەکانی جۆن هیرشی ، ئەڵمانەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی کۆڵان بە کۆڵان و گەڕەک بە گەڕەک و ماڵ بە ماڵیان کاولدەکرد، جگە لە مانەوەی هەیکەلی ڕووخا و هیچی جیاوازییەکی تر نەدەبینرا). باڵیۆزی ئەمەریکا (ئارسەر بلیس) دەڵێت" لە یۆلیۆی ساڵی 1945 کاتێک چووینە ناو شارەکە، بۆنی مردن و سووتاویی گۆشتی مرۆڤ دەهات. هەر لەوە دەچوو ئێمە چووبینەتە ناو شاری مردووان). لە فەڕەنساش نیوەی بینا و باڵەخانەکانی دەوڵەت بەتەواوی یان هەندێکی ڕووخان. لە یۆنان ڕێژەکە کەمتر بوو، تەنانەت لە بەریتانیاش، کە داگیرنەکراو تەنیا هێرش دەکرایە سەری، بەڵام بەهۆی بۆردومانی فڕۆکە نازییەکانەوە، زیانی زۆر گەورەی بەرکەوت. لە هەمان کاتدا زیانی گەورەی لە سەروەت و سامانی نەتەوەییش

بەرکەوت، بەڵام زیانەکانی یەکێتیی سۆڤیەت لە هەموویان گەورەتر و زیاتر بوون. زیاتر لە (25) ملیۆن کەس گیانیان لەدەستدا و (25) ملیۆنی دیکەش ئاوارە و دەربەدەربوون. (6) ملیۆن بینا و باڵەخانە ڕووخێنران. زۆربەی کارگە و کێڵگە و زەویە کشتوکاڵییەکان تەختکران. لە سەرتاسەری ئەورووپادا نزیکەی (50) ملیۆن کەس بەهۆی جەنگەوە ئاوارەبوون، هاوپەیمانانی سەرکەوتوو بە (16) ملیۆن کەسیان دەوت (ئاوارەکان)، بۆئەوەی کەمێک لە نەهامەتییەکان کەمبکەنەوە.

لە ئاسیاش دۆخەکە بە هەمان شێوە لەوپەڕی خراپیدا بوو. شارەکانی ژاپۆن بەهۆی بۆردمانی فرۆکە ئەمەریکییەکانەوە بەتەواوی وێرانبوون و ڕێژەی کاولکاری لە شارەکان گەیشتبووە لە 40 %. شاری تۆکیۆ، کە گەورەترین شاری ژاپۆن بوو، لەلایەن هاوپەیمانانەوە زۆر بەتوندی بۆردومان دەکرا و نیوەی بیناکانی بەتەواوی تەختبوون. کەچی هەریەک لە شارەکانی هیرۆشیما و ناکازاکی چارەنووسێکی یەکجار خراپیان هەبوو، چونکە بە دوو بۆمبی ئەتۆمی بۆردومان کران و بووە هۆی کۆتاییهێنان بە جەنگ لە زەریای هادی و سڕینەوەی هەردوو شارەکە بەتەواوی لەسەر ڕووی زەوی. تا فەرماندەکانی ئەو وڵاتە بڕیاری خۆبەدەستەوەدانیان دا، نزیکەی (9) ملیۆن ژاپۆنی ئاوارە و دەربەدەر بوون. لە چینیش کە شەڕ تێیدا دەیەیەکی خایاند، ناوچەی مەنشوریای پیشەسازی بەتەواوی وێرانکرد.

چەندین کێڵگەی سەر ڕووباری زەرد بە لافا و نوقمبوون و نزیکەی چوار ملیۆن ئەندۆنووسی بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بوونە قوربانیی ئەو جەنگە. بەهۆی جەنگ لە ساڵی 1943دا، یەک ملیۆن هیندییش بوونە قوربانیی برسیەتی، لەدوای ئەویش دوو ملیۆن هیندی-چین لەدوای دوو ساڵدا هەمان چارەنووسیان هەبوو. هەرچەندە ئەو ڕەشبگیریە گەورەیە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای نەگرتەوە، بەڵام ناوچەکانی تری وەک فلیپین و بۆرما هەمان چارەنووسیان نەبوو، چونکە لەدوا قۆناغەکانی ئەو ململانێیە زیاتر لە 80%ی بیناکانی مانیلای پایتەختی فلیپین بە شێوەیەکی هەڕەمەکی خاپوورکران، بە هەمان شێوە جەنگ گەیشتە ئەوپەڕی دڕندەیی لە بۆرما. بەپێی شایەتیی با ماوی فەرماندەی جەنگ (بەشێکی زۆری وڵات، بووە پارچەیەک لە خاشاک و پاشماوە).

ئەو چوارچێوە فراوانەی مردن و کاولکاری، کە جەنگ لەدوای خۆی بەجێیهێشت، نەک هەر بووە هۆی وێرانبوونی بەشی هەرەزۆری ئەورووپا و ئاسیا، بەڵکو بە هەمان شێوە سیستمی کۆنی نێودەوڵەتیشی بەتەواوی تێکشکاند. یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا (دین ئەتیشستیون) دەڵێت" ئەو سیستمە جیهانییەی، کە هەر لە سەدەی نۆزدەوە بۆمان بەجێمابوو، بەتەواوی هەڵتەکاند.. لەڕاستیدا ئەو سیستمە نێودەوڵەتییەی لە دەوروبەری ئەورووپا چەسپا و بە درێژایی پێنج

سەد ساڵی ڕابردوو هەژموندار بوو بەسەر هەموو جیهان، لە شەوورۆژێکدا بەتەواوی لەبارچوو. لەبری ئەو، دوو هێزی یەک لە یەک گەورەتر، بە قەبارەی کیشوەرێک بەدیارکەوتن. هەر دوو هێزەکە گەورەبوون و هەریەکەشیان دەیویست سیستمێکی جیهانیی نوێ بسەپێنێت، کە لەگەڵ ویست و ئارەزوو و بەهاکانی خۆی بگونجێت، بۆیە کاتێک کە جەنگی جیهانی گەیشتە دواقۆناغەکانی، لای هەرکەسێک کە گرنگی بە سیاسەتی جیهانی دەدا، ئاشکرا و ڕوونبوو، کە ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتیی سۆڤیەتی خاوەن زۆرترین کارتی سەربازی و ئابووری و دیبلۆماسین. ئەو دوو هاوپەیمانە (ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتیی سۆڤیەتی) ، کە دواتر بوونە دوو ڕکابەر، ڕێککەوتن لەسەر بەدیهێنانی یەک ئامانج، ئەویش: پێویستە بەزووترین کات ڕواڵەتی دەسەلات و سەقامگیری بگەڕێتەوە بۆ جیهان، نەک تەنها لەو ناوچانەی ڕاستەوخۆ زەرەرمەندبوون بە جەنگ، بەڵکو لەسەر ئاستێکی فراوانتر بۆ سیستمی نێودەوڵەتی. هەرچەندە ئەرکێکی زۆر خێرا بوو، کەچی لە هەمان کاتدا زۆریش قورس بوو. (جۆزیف جرۆ) بریکاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە یۆنیۆی 1945 هۆشداری دا لەبارەی (ئەو پشێوییە دەبێتە هۆی تەنگژەی ئابووری و پشێویی سیاسییش دێنێتە ئاراوە، کە ئێستا باڵی بەسەر دۆخەکەدا کێشاوە).

ڕەگوڕیشەی ڕاستەوخۆی سەرهەڵدانی جەنگی سارد، دەگەڕێتەوە بۆ دابڕینی دوو جیهانی ماندوو بەهۆی ململانێیەکی جیهانی و کاولکاری و دیدی پێچەوانە بۆ سیستمی نێودەوڵەتی. کە هەریەک لە ئەمەریکا و سۆڤیەت دەیانویست بەسەر ئەو جیهانە شێواو و پارچەپارچەبووەی دوای جەنگ بیسەپێنن، بۆیە بەڕوونی دیاربوو، کە ململانێیەکی لەو شێوەیە ڕوودەدات، چونکە هەرکاتێک سیستمی نێودەوڵەتی سەپێنراو لەگەڵ ئەو هاوسەنگییەی لە سیستمە بەهێزەکاندا هەیە، ئەوا سیستمی کۆن سەراوژێر دەبێت، شتێکی سروشتییە پێشبینیی ئەو جۆرە ڕوودانەش بکرێت، بەهۆی ڕوودانی ئەو پرۆسە گۆڕانکارییە توند و لەناکاوانەدا. دواتر ئەو گومان و پشێوی و کێبڕکێیەی دوای کۆتاییهاتنی جەنگ، باڵی بەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتوەکان و یەکێتیی سۆڤیەتدا کێشابوو ، ئەمە شتێکی کتوپڕ نەبوو، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا فاکتەرەکانی وەکو (پلە) و (چوارچێوە) و دەرئەنجامەکانی ئەو ململانێیە و بەتایبەتییش (ماوەکەی) ناتوانرێت بەواقیعیبوونی تەنیا هێزێک شیبکرێتەوە. بەهەرحاڵ مێژوو پڕە لە نموونە لەسەر هێزی زەبەلاح، کە ڕێگەی لەیەکتێگەیشتن و هاریکارییان گرتووەتەبەر و کارکردنی بە ڕێگەی هاوکاریکردنی یەکتری لەبری جەنگ هەڵبژاردووە، چونکە ئامانجیان چەسپاندنی سیستمێکی نێودەوڵەتی بووە، تا ببێتە مایەی ڕەزامەندیی هەموو لایەک.

توێـژەرەکـان چەمکی (سـەروەریـی هـاوبـەشـیـان بۆ زلهێزەکانیان) بەکارهێناوە، بە مەبەستی وەسفکردنی ئەو جۆرە سیستمە، بەڵام سەرباری ئومێدی هەندێک بەرپرسی باڵا و دیار لە ئەمەریکا و سۆڤیەت، کەچی ئەمجارە ئەو جۆرە سیستمە بەدینەهات، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ جەوهەری مەسەلەی جەنگی سارد، بەڵام دەتوانرێت بـەکـورتـی بڵێین: ئـامـانـج و پێداویستی و دامــەزراوەی فـەرمـانـڕەوایـی و ئـایـدیـۆلـۆژیـاکـانـی نـێـوان ویـلایـەتـە یەکگرتوەکان و یەکێتیی سۆڤیەت، زۆر بەزەقی دیاربوون، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەڵوێستە ناجێگیرەکان بگۆڕێن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەک، کە پێیدەڵێن جەنگی سارد و چوار دەیەی خایاند.

**دید و تێڕوانینی ئەمەریکا بۆ سیستمی دوای جەنگ**

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، بە ڕێژەیەکی کەم توانیی لەناو پاشماوە و زیانەکانی جەنگ بێتەدەرەوە، هەرچەندە نزیکەی 400 هـەزار سـەربـاز و دەریـاوانـی کوژران و نزیکەی سێ چارەکیان لە گۆڕەپانەکانی شەڕدا لەدەستدا، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەو ژمارەیە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تر، دەکاتە لەسەدا یەک، لە کۆی گشتیی قوربانییان و زیانەکانی جەنگ و کەمتر لە دوو لە سەدیش، بە بەراورد لەگەڵ زیانە مرۆییەکانی هاوپەیمانان و یەکێتیی سۆڤیەت، هەروەها بە بەراورد لەگەڵ قوربانیانی وڵاتانی ئەورووپا و

ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و باکووری ئەفریقیا و چەند ناوچەیەکی تر هەر زۆر کەم بووە. لە ئەمەریکا جەنگ نەبووە مایەی نەهامەتی و بێبەشبوون، بەڵکو بووە هۆی زیاتربوونی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی لەنێوان ساڵانی 1941- 1945، ئەمەش ئابوورییەکی پڕبەرهەمی هێنایەکایەوە و بەتەواوی بێکاری لەناوبرد. کە دەمێک بوو تاڵی و نەهامەتی و بێکاری باڵی بەسەر هاووڵاتیانی ئەمەریکیدا کێشابوو. هەلی کارکردن بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەوە، لە ساڵانی جەنگ و ئەمەریکییەکان لەناو بەرەی ناوخۆییدا خۆیان بە جۆرێک بینییەوە، کە دەتوانن بەئاسانی کار بدۆزنەوە و کەلوپەلی ڕۆژانەیان بکڕن و دابینی بکەن. بەڕێوەبەری نووسینگەی کاروباری جەنگ لەو بارەیەوە دەڵێت" گەلی ئەمەریکا کەوتووەتە ناو کێشمەکێشێکی سوودبەخشەوە، کە وایکردووە فێرببێت چۆن خۆی لە ئاستی سەرووی پەنجا لە سەدا بژێنێت، بە بەراورد لەگەڵ ژیانی پێشووتری).

لە مارسی ساڵی 1945، سەرۆکی تازەهەڵبژێردراوی ئەمەریکی (هاری ئیس ترومان) باسی لە واقیعێکی ڕوون و ئاشکرا کرد، کاتێک وتی" ئێمە نەک تەنیا وەک بەهێزترین نەتەوە لەو جەنگە هاتینەدەر، بەڵکو بووینە بەهێزترین نەتەوە بە درێژایی مێژوو.) کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، نە ئەو سوودانەی ئەمەریکا بەهۆی جەنگەوە دەستیکەوتن و، نە ئەو ئاستە بەرزەی لە بەرهەمهێناندا دەستەبەریکردبوو، دوای ململانێکەی دژی دوژمنانی

داگیرکەر. ئەمانە هیچیان ئەو گومان و ترسەی نەڕەواندەوە سەبارەت بە دروستبوونی جیهانێکی نوێی دوای جەنگ. هێرشەکەی ژاپۆن بۆ سەر بیرل هاربر، بەتەواوی وەهمی خۆقاییمکردنی ئەمەریکییەکانی لەناوبرد، کە هەر لەدوای جەنگی ناپۆلینی سەرەتای سەدەی نۆزدەوە خەونیان پێوە دەبینی. دەکرێت هەوەسی پاراستنی ئارامیی ناوخۆیی، کە بنچینەی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوە و بەرگریی ئەمەریکا بوو بەدرێژایی سەردەمی جەنگ، هەر بەو شێوەیەش لەسەری دەڕۆیشت، بەندبن بەو ڕووداوانەی، کە دواجار ئەو خورافیاتە و خەیاڵانەی پەرش و بڵاوکرد و لە حەوتی دیسەمبەری ساڵی 1941 ، لەگەڵ هێرشەکەی ژاپۆن گەیشتە ترۆپک. پێشتر گەلی ئەمەریکا، هەرگیز پێشبینیی هێرشێکی لەو جۆرە و ڕاستەوخۆییەیان نەکردبوو بۆ سەر خاک و دانیشتووانەکەیان.

چاودێرانی ستراتیژی لەو هێرشە چاونەترسەی ژاپۆن، چەندین پەند و وانەیان وەگرت، هەر وانەیەکیش چەندین کاری داهاتووی بەدوای خۆیدا هێنا. یەکەم : ئەمەریکییەکان هاتنە ئەو بڕوایەی، کە تەکنەلۆژیا و بەتایبەتییش هێزی ئاسمانی، گۆی زەوی بە ڕاددەیەک بچووک کردووەتەوە، کە هێزێکی ئاسمانیی ئەمەریکی لە هەردوو جەمسەری زەریاکە توانای پاراستنی تەواوی نییە، لەبەرامبەر هەر هێرشێکی دەرەکی. ئاساییشی ڕاستەقینە ئێستا بریتییە لە بەرگریکردن لە دووریی کەنارەکانی ئەمەریکا، یان دەبێت بە شێوەیەکی

قووڵتر بەرگری بکرێت و فراوانتر بکرێت. ئەمە بە زمانی سەربازی. ئەو چەمکەش وایکرد بەرپرسانی بەرگری لە هەردوو ئیدارەی ڕۆزفێلت و ترومان داوای دامەزراندنی تۆڕێکی جیهانیی سەرتاسەری بکەن، کە بنکەی ئاسمانی و دەریایی بگرێتەوە. جگە لەوەش دانوستاندن بکەن، بۆ دەستەبەرکردنی مافی پەڕینەوەی هێزە سەربازییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان لە کاتی تەنگانەدا. ئەو هەنگاوەش وایدەکرد ئەمەریکا بتوانێت ئاسانتر هێزەکانی بڵاوبکاتەوە لەو ناوچانەی ئەگەری دروستبوونی کێشەیان هەیە، بۆ ڕێگەگرتن، یان بەرنگاربوونەوەی هەردوژمنێک لە داهاتوودا، پێش ئەوەی ببێتە خاوەن هێزێکی ئەوتۆ و هێرش بکاتە سەر خاکی ئەمەریکا. لێرەدا دەتوانین ڕاددەی بەرفراوانیی داواکارییەکانی ئەمەریکا، بەتایبەتییش لە بنکە سەربازییەکان بزانین بە لیستی ئەو شوێنانەی، کە پێویستە بنکەی لێبێت. کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ساڵی 1946 ئامادەی کردووە و هەریەک لە (بۆرما، کەنەدا، دورگەکانی فیجی، نیوزلەندە، کوبا، گرینلاند، ئیکوادۆر و پاراستنی فەڕەنسا لە مەغریب و سەنگال و ئایسلەندا و لیبریا و پەنەما و پیرۆ و دورگەکانی ئازور).

بۆ فراوانکردنی چوارچێوەکە، گەورەبەرپرسانی ستراتیژیی ناوخۆی ئەمەریکا بڕیاریاندا، کە نابێت هێزی سەربازی بچووکبکرێتەوە و هەموویان کۆکبوون لەسەر ئەوەی، کە دەبێت هێزی سەربازیی ئەمەریکی ببێتە

ڕەگەزێکی جەوهەری لەناو سیستمی نوێی جیهانیدا، پاشان هەردوو ئیدارەی فرانکلین دی ڕۆزفێلت و هاری ئیس ترومان سووربوون لەسەر پاراستنی هێزی دەریای و ئاسمانی بە باشترین شێوە، بەمەش توانییان هێزێکی سەربازیی بەهێزتر لە زەریای هێمن جێگیربکەن و هەژموونی خۆیان بەسەر نیوەگۆی ڕۆژئاوادا بسەپێنن، هەروەها ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕن لە داگیرکردنی وڵاتانی شکستخواردوو: وەک ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و نەمسا و ژاپۆن. دواتر بەتەواوی مەسەلەی بۆمبی ئەتۆمی قۆرخکرد، تەنانەت پێش دەستپێکردنی جەنگی ساردیش، پلانە سەربازییەکانی ئەمەریکا هەر بەو شێوەیە کاری خۆیان دەکرد و مەبەستیان بوو بە هەرنرخێک بێت ئاسایشی وڵاتەکەیان بپارێزن.

ئەو دیدە فراوانە بۆ مەسەلەی ئاسایشی نەتەوەیی، وانەی سێیەمی بەهێزتر کرد. داڕێژەرانی سیاسەتەکانی ئەمەریکا، بەهۆی پەیداکردنی شارەزایی زیاتر لە جەنگی دووەمی جیهاندا، هەرگیز جارێکی تر ڕێگەیان نەدا، هیچ وڵاتێکی دوژمنکار، یان بەستنی هەر هاوپەیمانییەتییەک وا بکات دەستیانبگرێت. هەر ئەوەش بوو وایکرد بتوانێت دەستبگرێت بەسەر سامان و سەرچاوەکانی ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا.

ناوەندی ناوچەی ئۆراسیا: وەک ئەوەی شارەزایانی جوگرافیی سیاسی پێیدەڵێن: گەورەترین دەستکەوتی ستراتیژیی ئابووری بوو. لەبەر دەوڵەمەندی بە سەرچاوەی

سروشتی، بۆیە ببووە ژێرخانێکی پێشکەوتووی پیشەسازی و کرێکاری بەهرەمەند و دامەزراوەی سەربازیی پێشکەوتوو. ئەمەش وایکرد، ببێتە خاڵێکی گرنگ و هەستیار لەناو هێزە جیهانییەکاندا. لە ڕووداوە کارەساتبارەکانی ساڵانی 1940ــ1941یش، ئەمە بە ڕوونی دەرکەوت، چونکە کاتێک هێزەکانی داگیرکەر لە سەرەتای چلەکاندا کۆنترۆڵی زۆربەی ئۆراسیای کردبوو، توانیبووی دەستبگرێت بەسەر فاکتەرەکانی درێژدەدان بە جەنگ و لەرزاندنی ئابووریی جیهانی و ئەنجامدانی تاوانی قێزەوەن دژی مرۆڤایەتی. جگە لە هەبوونی هەڕەشەی بەردەوام و لەکۆتایشدا هێرشکردنە سەر جیهانی ڕۆژئاوا، بۆیە بەرپرسان لە بەرگریی ئەمەریکی لە دووبارەبوونەوەی ئەو کارە ترسی ئەوەیان هەبوو، نەک جارێکی تر سیستمی نێودەوڵەتی بکەوێتە ناو ئاڵۆزی و ناسەقامگیریەکی توند و تەرازووی هێزی جیهانیش بەرەو ئاستێکی مەترسیدار بڕوات. بەمەش سەقامگیری و ئاساییشی ویلایەتەیەکگرتووەکان دەکەوێتە مەترسییەکی یەکجار زۆرەوە، جگە لەوانەش: تەنانەت ئەگەر ڕێگەش بگیرێت لە ئەگەری پەلاماردانی ئەمەریکا، بەڵام سەرکردە ئەمەریکییەکان ناچاردەبن هەمیشە لە ئامادەباشیدا بن، بۆ هەرهێرشێکی لەناکاو. مانای وایە: دەبێت تێچووی سەربازی زیاتر بکرێت و قەبارەی دامەزراوە بەرگرییەکان گەورەتر بکرێت، هەروەها دووبارەپێداچوونەوە بە ئابووریی ناوخۆیی بکرێت و ئازادییە سیاسییەکان و ئابوورییەکانی

وڵات کەمبکرێنەوە. بەکورتی: ئەگەر هەرکاتێک وڵاتێکی دەوروبەر، یان دوژمنێکی داهاتوو، کۆنترۆڵی ئۆراسیا بکات، ئەوا ئابووری و ئازادیی سیاسی دەکەوێتە مەترسییەوە. ئەو ئابوورییەی، کە لەسەر بنچینەی بەها و بیروباوەڕی جەوهەری ئەمەریکی دروستببوو. بەم شێوەیە جەنگی جیهانی دووەم چەندین وانەی قورسی دەربارەی گرنگیی پارێزگاریکردن لە تەرازووی ئیجابیی هێزەکان لە ئۆراسیا پێشکەشی ئەمەریکییەکان کرد.

بەپێی بیرکردنەوەی ئەمەریکییەکان، ڕەهەندەسەربازییە ستراتیژییەکانی سیستمی جیهانی، بە شێوەیەکی پتەو بەندبوو بە ڕەهەندە ئابوورییەکان، بۆیە ئەمەریکییەکان دەیانویست سیستمێکی ئابووریی نێودەوڵەتی ئازادتر و کراوەتر بهێننەئاراوە. کە زۆر جیاوازتربێت لەو سیستمە جیهانییەی دەیانویست لەسەر پاشماوەی ترسناکترین ململانێ لە مێژوودا بونیادی بنێن. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا (کوردل هل) دەڵێت" شارەزابوون و پەیداکردنی ئەزموون، وای لێکردین درک بەوە بکەین، کە بازرگانی ئازاد، مەرجێکی سەرەکیە بۆ ئاشتی، چونکە ئەو کارانەی، کە سەردەمی بێبازاڕی پێی جیادەکرایەوە. وەکو خودبژێوی و ڕێککەوتنە بازرگانییە داخراوەکان و ڕێگرییە نیشتمانییەکان بەربەستن لەبەردەم وەبەرهێنانی بیانی و گۆڕینی نرخی دراوی بیانی، کە دەبوونەی هاندەری دورکەوتنەوە و ململانێ لەنێوان دەوڵەتان، بەڵام لە جیهانی کراوەدا،

بەگوێرەی دیدی ئەمەریکیەکان جیهانێکی گەشەسەندووتر و ئارامتر دێتە کایەوە، بێگومان جیهانێکی گەشەسەندووش سەقامگیری و ئاشتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەش، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە درێژایی ساڵانی جەنگ هەموو ئەنجوومەنە دبلۆماسییەکانی خستەکار، بۆئەوەی فشار دروستبکەن، لەپێناو دامەزراندنی سیستمێکی ئابووریی فرەلایەن و تۆکمە بۆ بازرگانیی ئازاد و هەلی وەبەرهێنانێکی دادپەروەرانە بۆ هەموو وڵاتێک و جێگیرکردنی نرخی دراوەکان و ئاڵوگۆڕێکی تەواوی دراوەکان .

لە کۆنگرەی (ودز)، کە لە دواساتەکانی ساڵی 1944 بەسترا، ئەمەریکا بە کۆدەنگی پشتیوانی لەسەر ئەو بنەمایانە وەرگرت. جگە لەوەش پشتیوانیی تەواوی لێکرا بۆ دامەزراندنی دوو دەستەی نێودەوڵەتیی گرنگ. ئەوانیش( سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی)بوون بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەکردن. هەردووکیان پەیوەستبوون بە یارمەتیدان و پاراستنی سەقامگیریی ئابووریی جیهانی. ویلایەتە یەکگرتووەکان، وەک گەورەترین وڵاتی سەرمایەداری لە جیهان و دەوڵەتیش، سوودی لەو دۆخانە بینیی، چونکە لە دواساتەکانی کۆتایی جەنگ لە 50% بەرهەمهێنانی جیهان و خزمەتگوزارییەکانی بەرهەمدەهێنا، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرچاو بوو لە سیستمی بازرگانیی نوێدا.

کە هەردوو ئیدارەکەی رۆزفلت و ترومان و کۆمەڵگەی بازرگانی لە ئەمەریکا بەهێز و گڕوتینێکی زۆرەوە تەبەنایان کردبوو.

لە دیسەمبەری ساڵی 1944، لە سەروتارێکی ڕۆژنامەی شیکاگۆ تریبیوندا، گەشبینی و متمانەی کۆمەڵگەی ئەمەریکییان خستبووەڕوو، بەشانازیەوە ڕایانگەیاند: نەک تەنیا ویلایەتە یەکگرتوەکان، بەڵکو لە خۆشبەختیی هەموو جیهانە، کە هێز و نییەتی باش یەکیانگرتەوە و ئێستا لەناو کۆماری ئەمەریکای مەزندا بە یەکەوە کاردەکرێت بۆ بووژانەوەی وڵات. دیارە ئەو جۆرە بیروباوەڕە لە چارەنووسی ڕاست و دروستیی ویلایەتەیەکگرتووەکاندا، ڕیشەیەکی قووڵی لەناو مێژوویەکەیدا هەیە، چونکە باوەڕیانوابوو پێکهێنانی جیهانێکی نوێ و گەشەسەندوو و سەقامگیر، بەرپرسیاریەتییەکی مێژوویی و ئەرکی ئەوانە. سەرکردەئەمەریکییەکان هیچ گومانێکیان لەسەر توانای نەتەوەکەیان نەبوو، لەمەڕ ئەو گۆڕانکارییە چارەنووسسازانە، هەروەها گومانیشیان لە ئەگەری پەیدابوونی هیچ جۆرە ململانێیەک نەبوو لەنێوان سیستمی نوێی جیهان و بەرژەوەندی و پێویستییە مرۆییەکانی تر، کە هەوڵی پێکهێنانیان دەدا. نەتەوەیەک هەمیشە شانازیی بەوەوە دەکرد، کە زۆر بەکەمی شکستی هێناوە. بەپێی

وتەكانی دین ئەتشیستون، ئەمەریكییەكان پێیانوایە دەتوانن زاڵببن بەسەر مێژوودا و ملكەچی بكەن. تەنیا یەك بەربەست لەسەر ڕێگایان هەبوو، چونكە گۆڤاری لایف، لە ژمارەی مانگی یۆلیۆی ساڵی 1945دا هۆشداریدابوو، كە یەكێتیی سۆڤیەت كێشەی ژمارە یەكە لە بەردەم ئەمەریكییەكان. بەو پێیەی تاكە وڵاتی جیهانە توانایەكی كارای هەبێت لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی چەمكەكانمان لەبارەی ڕاستی و دادپەروەری و ژیانێكی خۆشگوزەران.

**دید و تێڕوانینی سۆڤیەت لەسەر سیستەمی دوای جەنگ**

بە هەمان شێوەی ئەمەریكییەكان، سۆڤیەتیش هەمان ترسی هەبوو. ئەو ترسانەش لەسەر چەندین بنەمای مێژوویی و كولتووری و ئایدیۆلۆژی دروستبووبوون، چونكە یادەوەرییەكانی پەلاماری هیتلەر بۆ سەر سۆڤیەت لە ساڵی 1941 تا ئەوكاتیش لە بیر و هزری سۆڤیەتیەكاندا مابووەوە، بەڵكو كاریگەرییەكی خراپتریشی هەبوو، بە بەراورد لەگەڵ یادەوەریی ئەمەریكییەكان لە كاتی پەلاماردانی بیرل هاربر. ئەمەش شتێكی سروشتی بۆ بوو وڵاتێك، كە ئەو هەموو زیانە و مەینەتییەی چێشتبوو. ئەڵمانیا لە كۆی پانزە كۆمار، كە یەكێتیی سۆڤیەتی پێكدەهێنا. نۆ كۆماری داگیركردبوو (بەشێكی یان

هەمووی). ئەو جەنگەی کە بە (جەنگی نەتەوەکان) ناوبرا. زۆر بەکەمی دەبینرا هاووڵاتییەکی سۆڤیەتی کەسێکی لە خێزانەکەی لەدەستنەدابێت و بە جۆرێک لە جۆرەکان نەکەوتبێتە ناو ئەو جەنگەڵستانەوە. بەڵکو زۆربەی زۆری خێزانەکان زیاتر لە کەسێکیان لەدەستدابوو. جگە لە ملیۆنان کەس، کە بەهۆی ئەو جەنگە ئاوارە و دەربەدەر بووبوون. نزیکەی 1700 شار و شارۆچکە و 70 هەزار گوند و 31 هەزار کارگە وێرانکرابوون، بەهۆی گەمارۆ بەردەوامەکانی لەسەر لینینگراد بوو. کە گەورەترین شاری مێژوویی ڕووسیا بوو، زیاتر لە یەک ملیۆن کەس بوونە قوربانیی هێرشە وێرانکەرەکەی ئەڵمانیا بۆ سەر کەرتە کشتوکاڵییەکانی دەوڵەت، بووە هۆی لەناوبردنی ملیۆنان دۆنم بەروبووم و کوشتنی دەیان هەزار ئاژەڵی ماڵی (مانگا و بەراز و مەڕومالآت و ئەسپ).

ئەو یادەوەرییە تاڵەی لە ئەنجامی پەلامارەکەی ئەڵمانیا بەجێمابوو، تێکەڵاوی یادەوەرییە کۆنەکان ببوو، چونکە هەر لە کاتی داگیرکردنی ئەڵمانیا لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا و هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان لە جەنگی ناوخۆیی ڕووسیا و هەوڵەکانی ناپلیۆن بۆ داگیکردنی ڕووسیا لە سەرەتای سەدەی ڕابردوو. ئەمانە هەر هەمووی لای سەرکردایەتیی سۆڤیەت، ببوە گرێیەکی دەروونـی، کە وا بکەن، گرەنتی

پاراستنی نیشتمانەکەیان بوێت لە هەر پێشێلکاریەکی داهاتوو. بەرفراوانبوونی جوگرافیای یەکێتیی سۆڤیەت، کە شەشیەکی وشکانی دایدەپۆشێت و ڕووبەرەکەی دەگاتە سێ ئەوەندەی ڕووبەری ویلایەتە یەکگرتووەکان. وایکرد ئەرکی بەرگریکردنی نەتەوەیی کارێکی قورس بێت. گرنگترین دوو ناوچەی لەڕووی ئابوریەوە بریتیبوون لە ڕووسیای ئەورووپی و سیریا، کە دەکەوێتە ئەوسەری هەردوو لای وڵات و هەردووکیشیان لە بەردەم هێرش و پەلامارەکان زۆر لاوازبوون. ڕووسیایی ئەورووپی: دەکەوێتە بەرامبەر ڕێڕەوی پۆڵەندیی بەناوبانگ، ئەمەش ڕێگەی داگیرکردن و هاتنی بەلێشاوی هێزەکانی ناپلیۆن و قەیسەر و هیتلەر بوو لە ڕابردوودا. کەچی سیریا لە بیست و پێنج ساڵی رابردوودا دووجار بووەتە قوربانیی هێرشە دوژمنکارییەکانی ژاپۆن، جگە لەوەش سیریا سنوورێکی دووردرێژیی وشکایی لەگەڵ چیندا هەیە. ئەو دراوسێیە ناسەقامگیرە، کە تا ئەوکاتە پڕبوو لە کێشمەکێش و شۆڕشکردن. وەک ئەمەریکاش هیچ وڵاتێکی هاوسێی وەک مەکسیک و کەنەدای نەبوو، کە هیچ کێشەیەکیان نەبێت، بۆیە ئەرکی بەرگریکردن لە نیشتمانی خۆی بۆ ڕووسیا کارێکی ئاسان نەبوو.

یەکێتیی سۆڤیەت پێویستی بە پاڵپشتێکی بەهێز هەبوو،

بۆئەوەی یارمەتی لێوەربگرێت و ببێتە بنەمایەک بۆ سەرجەم پلانەکانی دوای جەنگ. لەم بارەیەوە بەگژداچوونەوەی داگیرکاریی پۆڵەندە، (کە وەک دەرگاوانێک بوو بۆ سۆڤیەت) لە پلەی یەکەمدا هات. ستالین لە شوێنێکدا دەڵێت" پۆڵەندە بۆ ئێمە (مەسەلەی ژیان و مردنە)، هەروەها جۆزیف ستالین لە مایۆی ساڵی 1945 بە نێردەکەی ئەمەریکا (هاری هۆبکینز)ی ڕاگەیاند" لە ماوەی بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا، دووجار ڕووسیا لە ڕێگەی پۆڵەندەوە داگیرکراوە، هەریەک لە گەلی بەریتانی و ئەمەریکی بەو جۆرە هێرشانەی ئەڵمانیا تێنەپەڕیون، بۆیە نازانن چەندە کارێکی قورسە و مرۆڤ ناتوانێت بەرگەی بگیرێت.. بۆیە لە بەرژەوەندیی ڕووسیادایە، کە پۆڵەندە بە وڵاتێکی بەهێز بمێنێتەوە و دۆستی ئێمەش بێت)، جا لەبەرئەوەی ستالین بەتەواوی لەو باوەڕەدابوو، کە ئەڵمانیا زۆر بەخێرایی دێتەوە سەرپێی خۆی و دووبارە مەترسی بۆ سەر یەکێتیی سۆڤیەت دروستدەکات، بۆیە بە پێویستی دەزانی هەنگاوی پێویست بگرێتەبەر، تا سیستمە نوێیەکەی جیهانی پێکنەهێنراوە، بۆئەوەی گرەنتی داهاتوویەکی گەشەسەندوو بۆ سۆڤیەت دەستەبەربکات. لانیکەم ئەو هەنگاوانە وایدەکرد، حکومەتە ملکەچەکان و لایەنگرانی یەکێتیی سۆڤیەتی جڵەوی دەسەڵات لە پۆڵەندە و وڵاتانی

تری یەکێتیی سۆڤیەت بگرنەدەست. بەمەش سنوورەکانی درێژ دەبێتەوە بۆ وڵاتانی بەلتیق و بەشی ڕۆژهەڵاتی پۆڵەندەی پێش جەنگ، کە کەوتبوونە سەر ڕووسیا، هەروەها دەیوست ئەڵمانیاش لەڕووی پیشەسازییەوە ملکەچی سیستمێکی توند بکات و بچووکی بکاتەوە، هەروەها پابەندیشی بکات بە پێدانی قەرەبووەیەکی زۆر، چونکە لەوانەیە ئەو قەرەبووانەی ئەڵمانیا یارمەتیدەربێت لە هەوڵەکانی دووبارەبوونیادنانەوەی سۆڤیەت ،بەهۆی ئەو زیانە زۆرانەی، کە لە جەنگدا بەریکەوتووە.

بەڵام ئەو پلانانە، کە لەسەر داڕشتنی (ئاساییش لە ڕێگەی فراوانبوون) داڕێژرابوون، پێویستی بە هەڵسەنگاندن هەبوو، چونکە دژی ئەو چوارچێوەیە بوو، کە ئەمەریکا و بەریتانیای مەزن بۆ کارکردن و هاریکاریی یەکتری هەیانبوو. هێشتنەوەی خۆی لە ناو (هاوپەیمانییەتیی مەزن)، کە لەناو کێشمەکێشی جەنگدا پێکهێنرابوو، بێگومان لەسەر هاوسۆزی دروستنەبوو، کە لەناو دبلۆماسیەتی سۆڤیەتیدا، جێگەی هەر نەبوو، بەڵکو لەبەر چەندین هۆکار و لەبەرچاوگرتنێکی کردەیی دروستببوو.

**یەکەم:** سەرکردەکانی ڕووسیا درکیان بەوە کردبوو، پێویستە خۆیان لە هەر جیابوونەویەکی بەیەکجاری لەگەڵ ڕۆژئاوا بەدووربگرن. لانیکەم تا داهاتوویەکی ڕوونتر،

چونکە لەژێر سایەی زیانە زۆرەکانی لە وزە و سەرچاوە و تواناپیشەسازییەکانی تووشی وڵات هاتبوو، نەدەکرا هیچ ململانێیەکی تر لەگەڵ ئەمەریکا سەرهەڵبدات و سۆڤیەت بخاتە ناو هەڵوێستێکی یەکجار لاوازەوە. بەتایبەتی دوای ئـەوەی ئەمەریکا لـە ساڵی 1945 توانـا ئەتۆمییەکانی بەدیارخست.

**دووەم:** ستالین و فـەرمـانـدە سـەربـازییـە باڵاکانی وڵات، ئومێدیان وابوو، ئەمەریکا بەڵێنی خۆی بباتە سەر لـە پێشکەشکردنی کۆمەکی دارایـی، لەپێناو دووبـارە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەیان. ڕەنگە پەیڕەوکردنی سیاسەتی فراوانبوونیش کاریگەرییەکی پێچەوانە دروستبکات و ببێتە هۆکاری زوو هەڵوەشاندنەوەی ئەو هاوپەیمانێتییەی ساڵانی جەنگ پێکهێنرابوون و لەکۆتایشدا ببێتە مایەی گرتنەوەی ئەو یارمەتییە ئابووریانە، کە یەکێتیی سۆڤیەت بێوچان هەوڵی بۆ داوە.

**لەکۆتاییدا:** یەکێتیی سۆڤیەت هەوڵیدەدا وەک هێزێک ڕێزی لێبگیرێت و تەماشای بکرێت. دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر فەرامۆش و دوورخراوە بوو. لە هەمان کاتدا سۆڤیەتییەکان هەوڵیان دەدا ڕێزی ئەو وڵاتەسەرمایەدارانە بەدەستبهێنن، کە پێشتر بەهۆی بیروباوەڕی ئایدیۆلۆژییەوە ڕقیان لێیان بوو. بێگومان ڕووسەکان تەنیا خواستی ڕێزگرتنیان نەبوو، بەڵکو سووربوون لەسەر ئەوەی دەنگێکی یەکسانیان هەبێت

لەناو ئەنجوومەنە نێودەوڵەتییەکان و پرۆژەکانیان بەهەند وەربگیرێن و ببنە مایەی ڕەزامەندی. لە هەموویشی گرنگتر دەیانویست ڕۆژئاوا بەفەرمی دان بە سنووورە فراوانەکەی سۆڤیەتدا بنێت، یان لانیکەم ملکەچ بن بۆ دەسەڵاتەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا. ئەو هەموو لەبەرچاوگرتنانە بوونەهۆی کپکردنەوەی هەر ویستێکی سەرەڕۆیانە بۆ داگیرکردنی هەرخاکێک، کە سوپای سوور توانای داگیرکردنی هەبێت. گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵات لەلایەن یەکێک لە دڕەندەترین و بێبەزەییترین فەرمانڕەوا لە مێژوودا، کە بەرپرسیاریەتیی ئەو سیاسەتە هاوسەنگانەی ڕووسیای لەو کاتە هەستیارەدا لەناو دەستدابوو، بووە ڕەگەزی یەکلاکەرەوەی ئامانجەکانی مۆسکۆ لەدوای جەنگ.

لەو وەرچەرخانە هەستیارەدا، بە دەستەوەگرتنی بەرپرسیارێتیی ئەو سیاسەتە هاوسەنگەی یەکێتیی سۆڤیەت، بێگومان خەسڵەتێکی شەخسی دەبەخشێتە چیرۆکی خواستەکانی مۆسکۆ لەدوای جەنگەوە. ستالینی دیکتاتۆر بەتەواوی هەژموونی خۆی بەسەر بڕیارە سیاسییەکانی سۆڤیەتدا لەپێش و لەدوای جەنگ سەپاندبوو. هەر دژوەستانێکی بەرامبەر بڕیارەکانی ڕەتدەکردەوە. نیکیتا خرۆشۆفیش، کە دوای ستالین هات دەڵێت" ئەو دەدوا و ئێمەش گوێمان دەگرت). جۆن لویس جادیسی مێژوونووس پێیوایە" ئەو بەلشەفیە، نەک ڕواڵەتی حکومەتەکەی گۆڕی، بەڵکو تەنانەت ئەو وڵاتەی حوکمیشی دەکرد، کردی بە وڵاتێکی گوماناوی وەک سروشتی کەسایەتیی

خۆی، ئەمەش کارێکی خۆپەرستانە بوو، لەکۆتاییشدا بووە هۆی مەینەتیەکی زۆر لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانی. ستالین چۆن سەیری هەموو ڕکابەرەکانی ناوەوە و دەرەوەی دەکرد، بەو شێوەیەش سەیری هاوپەیمانانی دەکرد، کە پڕبوون لە گومان و بێمتمانەیی .

**جۆزیف ستالین**

ستالین لە جۆرجیا لەدایکبووە و لە بنچینەدا کەسێکی سادە و کەسایەتییەکی کاریزمایی و بەهرەی وتارخوێندنەوەی نەبووە، لە ناوەڕاستی بیستەکان، تا مردنی لە ساڵی 1953، بە زەبری هێز حکومی وڵاتەکەی کرد. ئەو دیکتاتۆرە سۆڤیەتییە لە سییەکانی سەدەی بیستەم دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت و بەهۆی سیاسەتە چەوتەکانیەوە، ڕۆڵەکانی باجێکی زۆریان دا، چونکە نزیکەی بیست ملیۆن هاووڵاتیی سۆڤیەتی بوونە قوربانی و هەموویشی بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە دەرئەنجامی سیاسەتە هەڵەکانی ستالینەوە بوو. کە بەسەر کەرتی کشتوکاڵیی سۆڤیەتدا هێنای، لەگەڵ پەیڕەوکردنی چەوساندنەوە و سەرکوتکردنی هاونیشتمانییەکانی.

کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا بە دەرئەنجامێکی سادە و ڕوون وەسف بکەین، لە دڵرەقی و توڕەیی ستالین، کە نەیدەتوانی خۆی بەهێمنی ڕابگرێت، چونکە سەرباری دڵرەقی و بێئارامییشی مامەڵەیەکی وەحشیگەرانەی لەگەڵ هاونیشتیمانیانی خۆی دەکرد. کەچی ستالین بەئاگاییەوە پەیڕەوی سیاسیەتی دەرەوەی دەکرد

و هەمیشە هەوڵیدەدا هەست بە کارە مەترسیدارەکان بکات و هەڵیابنسەنگێنێت. ئەو دیکتاتۆرە ڕووسییە زۆرجار بەئاگاییەکی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵ (تەرازووی هێزدا دەکرد). وەکو کەسێکی واقیعی بەئاشکرا ڕێزی لەو توانا پیشەسازییە سەربازییە پێشکەوتوەی ئەمەریکا دەگرت. زۆرجاریش بە چارەسەرێکی کەمیش ڕازی دەبوو، ئەگەر هەستی کردبا پێداگریکردن لەسەر داوایەکانی دەبێتە هۆی دروستبوونی بەرهەڵستی و کێشە. پێویستییەکانی دەوڵەتی سۆڤیەتی لای ستالین لە ئەولەویەتی خواستی بۆ بڵاوکردنەوەی کۆمۆنیزم زۆر گرنگتر و زیاتر بوو. ئەمەش وایکردبوو هەندێک جار ستراتیژیەتێک پەیڕەو بکات، کە پێکدەهات لە خۆپەرستی و هۆشیاری و ململانێ لەپێناو گەیشتن بە چارەسەرێکی ڕەزامەندانە، نەک ستراتیژیەتی فراوانبوونی دوژمنکارانە.

ئایدیۆلۆژیای مارکسی-لینینی، کە دەوڵەتی سۆڤیەتی لەسەر دامەزرابوو، کاریگەری لەسەر پێشهات و سیاسەتەکانی ستالین و هاوڕێکانی بە شێوەیەکی زۆر ئاڵۆز دروستکردبوو، بە جۆرێک بەئاسانی دیاری نەدەکرا. هەستێکی ئارامبەخش و پڕ لە متمانەبەخۆبوون. پێیانوابوو، ئەگەر تا ماوەیەکیش مۆسکۆ تووشی ئازار و مەینەتی ببێتەوە، بەڵام مێژوو لەگەڵ ئەواندا دەبێت. ستالین و هاوڕێکانی لە کرملین لەو باوەڕەدابوون ململانێی نێوان جیهانی سۆسیالیستی و جیهانی سەرمایەداری شتێکی حەتمییە و زۆر دڵنیابوون لەکۆتایدا چینی کرێکار هەر سەردەکەوێت، بۆیە هەرگیز ئامادەنەبوون

فشاری زیاتر دروستبکەن و هەرکاتێک دەیانزانی تەرازووی هێز لە بەرژەوەندیی رۆژئاوادایە، ئەوان نەرمییان دەنواند .
لەم بارەیەوە وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت (مۆلۆتۆڤ) دەڵێت: (ئایدیۆلۆژیای ئێمە پشتیوانی لە پرۆسەکانی پەلاماردان دەکات. کاتێک، کە بکرێت بەڵام ئەگەر ئەوە نەکرێت، ئەوا ئێمە چاوەڕێ دەکەین). هەرکاتێکیش یەقینی ئایدیۆلۆژی لەدایکدەبێت، ئەوا ئۆقرەگرتن هەندێک جار پێویستە، چونکە هەندێک جار واقیعەکە ناشیرین دەکرا. بۆ نموونە: سەرکردە ڕووسەکان نەیانتوانی لە هۆکاری ئەوە تێبگەن، بۆچی هاوولاتیانی ئەڵمانیای ڕۆژهەلات ئەورووپا و ڕۆژئاوا، سوپای سووریان بە هێزێکی داگیرکەر سەیردەکرد! نەک هێزی سەربەخۆخواز. هەمیشە باوەڕیانوابوو، کە جەنگێک لەنێوان ولاتانی سەرمایەداری ناکۆک بەرپادەبێت و سیستمی سەرمایەدارییش بەم نزیکانە بە هەرەسێکی تری جیهانی تێپەڕدەبێت.

بۆچوونێک لای ئەمەریکا و سۆڤیەت دروستبوو. بەوەی، کە هەردوو ولات ڕۆڵێکی جیهانی و مێژوویی دەگێڕن. تەنانەت سەرکردە و هاوولاتییە ئاساییەکانیشیان پێیانوابوو، ولاتەکانیان هەولدەدەن بۆ بەدیهێنانی خواستێکی زۆر گەورەتر، کە تەنیا مەبەستیان بەهێزکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بێت. لە واقیعیشدا هەردووکیان بەیەکەوە پێیانوابوو، بەو کارانەیان پاڵنەری چاکەیان هەیە و بەو شێوەیە مامەڵە دەکەن، بۆ مرۆڤایەتی و

دروستکردنی سەردەمێکی نوێ لە ئاشتی و دادپەروەری و بە سیستماتیککردنی جیهان. جگە لەوەش ئەو هێزە مەزنەی هەردوولایان هەیانبوو، ئەوکاتە زۆربەی وڵاتان تری جیهان لە بێهێزێکی لەڕاددەبەدەردا بوون.

پەراوێزەکان:

(1) From Robert Schulzinger, American Diplomacy in the Twentieth Century (Oxford University Press, 1994).

# بەشی دووەم

## ڕەگوریشەی جەنگی سارد لە ئەوروپا
## (1945_ 1950)

## هاوپەیمانییەتییەکی لاواز

ئـەو هاوبەشییە کلاسیکیە بـەرژەوەنـدیـخـوازەی لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا کرا، لەسەر شێوەی هاوپەیمانی لەنێوان وڵاتانی سەرمایەداریی زلهێزدا. هەر لە سەرەتاوە بێمتمانەیی و دوو دڵی پێوە دیاربوو. بەدەر لە یەک ئامانجی هاوبەش، ئەویش شکستپێهێنانی ئەڵمانیای نازی. جگە لەوە هیچی تر ئەو هاوبەشییەی بەهێز نەدەکرد. کـە بـەهـۆی زەروورییـەت و حەتمیەتی ڕابـردوویـەکـی پڕ لە ململانێ لەدایکببوو. هەر لە بەرپابوونی شۆڕشی بەلشەفییەوە، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هەمیشە دژایەتیی یەکێتیی سۆڤیەتی دەکرد. لـەلای خۆیشیانەوە (واتـا سۆڤیەتییەکان) فەرماندەکانی کرملین، ویلایەتە یەکگرتووەکانیان بەو شێوەیە وەسفدەکرد، کە ڕێبەری هێزی سەرمایەدارییە و هەوڵدەدات ڕژێمەکەی ئەوان هەر بەساوایی لەبارببات. ئەمانەش هەموی هاوکات بوون لەگەڵ فشاری ئابووری و دابڕانی سیاسی و سڕینەوەی یەکێتی لە کاتە هەستیارەکان لەلایەن وتەبێژان بەناوی حکومەتی ئەمەریکاوە. دواتر دانپێدانانی ئەمەریکا دوای حەڤدەساڵ، لەبەرامبەر سۆڤیەت زۆر درەنگ هات و نەبووە مایەی کـەمبوونـەوەی ڕقـە کـەڵـەکـەبووەکـان، بەتایبەتی دوای هەوڵەکانی ستالین بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی هاوبەش لە بـەرامبـەر ئەڵمانیای نـازی لـە نـاوەڕاسـت و کۆتایی سییەکان. کە لەلایەن ئەمەریکا و هێزە ڕۆژئاواییەکان

فەرامۆشکرا. دەرئەنجامیش بەهۆی دووبارە نائومێدبوونی سۆڤیەت و بەجێهێشتنی بەتەنیا لە ڕووبەڕووبوونەوەی گورگەکانی ئەڵمانیا، لانیکەم ئەوە لە دید و بۆچوونی خۆی (واتە ستالین)، بۆیە ستالین ڕازی بوو بە دروستکردنی هاوپەیمانییەتێکی نازی و سۆڤیەتی لە ساڵی 1939 وەک فاکتەرێک بۆ پاراستنی وڵاتەکەی خۆی. ئەمەریکاش لەلای خۆیەوە، دوای دەیەیەک لە جەنگی یەکەمی جیهانی جگە لە سڵەمینەوە لەو ڕژێمە پێداگرە، کە نەدەتوانرا پێشبینیی هەڵسوکەوتەکانی بکات. هیچی تری پێشکەش نەکرد. بەمەش سۆڤیەتییەکان بەڵێنیاندا یارمەتیدەری شۆڕشەکانی چینی کرێکار بن لە جیهاندا.

پلاندەرە ستراتیژییەکانی ئەمەریکا، ترسیان نەبوو لە هێزە سەربازییە کلاسیکیەکەی سۆڤیەت، کە ئەوکات بێگومان هێزێکی سنووردار بوو، بەڵام دەترسان پەیامەکەی مارکسی-لینینی بە دڵی جەماوەرە چەوسێنراوەکانی وڵاتانی تر بێت، تەنانەت خودی ئەمەریکاش خۆی، هەروەها یاخیبوونی شۆڕشگێڕی بەدوای خۆیدا بهێنێت، دواجاریش ببێتە هۆی ناسەقامگیری، بۆیە واشنتۆن لەژێر ڕۆشنایی ئەو مەترسییانە، لە بیست و سییەکاندا کاریکرد بۆ بچووککردنەوەی ڤایرۆسی کۆمۆنیزم و دابڕینی لایەنگرانی لە مۆسکۆ. سەرۆک هربرت هوفر لە یاداشتنامەکەیدا دەڵێت" مەسەلەکە وەک ئەوە وابوو تۆ هاوسێیەکی ناشیرین و خراپت هەبێت، ئێمە پەلامارمان نەدا، بەڵام کاتێک بانگهێشتمان

کرد، بۆ ماڵەکانمان کەسایەتیی ئەومان لا پەسەند نەبوو). دانپێدانانە دیبلۆماسیەکەی ساڵی 1933یـش، کە لە سەردەمی ڕۆزفلت کرا و تێیدا چاوخشێنرایەوە بە پرسە بازرگانی و جیۆسیاسییەکان، تەنیا کەمێکی لە وێنەکە گۆڕی و پەیوەندییان هەر بەپشێوی مایەوە تا ئەوکاتەی هیتلەر لە ساڵی 1941 پێشێلی هاوپەیمانییەتی لەگەڵ سۆڤیەت کرد . پێش ئەوە ئەو هاوپەیمانییەتییە شەیتانییەی نێوان ئەڵمانیا و ڕووسیا،، ئەوەندەی تر ئەمەریکای لە رژێمەکەی ستالین تووڕەکرد. کاتێکیش دیکتاتۆری سۆڤیەت، لەژێر چەتری ئەڵمانیا هەلێکی بۆ ڕەخسا، دەستدرێژیی کردە سەر پۆڵەندە و وڵاتانی بەلتیقک و فنلەندە لە ساڵانی 1939 تا 1940. ئەمەش ئەوەندی تر لەناو کۆمەڵگەی ئەمەریکی هەستی دوژمنکارانەی بۆ کۆمۆنیزم زیاد کرد.

دوای داگیرکردنی یەکێتیی سۆڤیەت لەلایەن ئەڵمانیاوە، سڵکردنەوەی ئایدیۆلۆژی بەرامبەر واقیعە سیاسییەکە پاشەکشەی کرد. هەر زوو ڕۆزفلت و دروستکەرانی ستراتیژیەتەکانی ئەمەریکا درکیان بەو تایبەتمەندییە جوگرافییە مەزنە کرد. کە بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکان دەگەڕێتەوە، بەهۆی توانای سۆڤیەت لە بەرهەڵستیکردنی دوژمنکاریەکانی ئەڵمانیا، چونکە هەستیان بە ترس کرد، لەو هێزە پێشکەوتووەی ئەڵمانیا دروستیکردووە. ئەگەر توانیی وڵاتێکی دەوڵەمەند بە سەرچاوە سروشتیەکانی وەک سۆڤیەت ملکەچ بکات. ئەوا بێگومان هەمووان

دەکەونە مەترسییەکی یەکجار گەورە، پاشان لە هاوینی ساڵی 1941، ویلایەتە یەکگرتووەکان دەستیکرد بە ڕەوانەکردنی یارمەتیی سەربازی بۆ سۆڤیەت لەپێناو پشتیوانیکردنی سوپای سوور. جەوهەری سیاسەتەکانی ڕۆزفیڵت لە ساڵی 1941 وەک مێژوونووس ماڵدو هاینریش لێهاتووانە وەسفی دەکات و دەڵێت" باوەڕهێنان بە مانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، کارێکی پێویستە بۆ شکستپێهێنانی ئەڵمانیا و شکستهێنانی ئەڵمانیاش کارێکی پێویستترە بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەمەریکا). تەنانەت چەرچڵ، کە بەرهەڵستکارێکی سەرسەختی کۆمۆنیزم بوو، خێرا درکی بە گرنگی و هەستیاریی مانەوەی سۆڤیەت کرد، لە ململانێکانی دژی ئەڵمانیا. بەگاڵتەجاڕیەوە وتی" ئەگەر هیتلەر دۆزەخی داگیرکرد، ئەوا من بە باشە باسی ئیبلیس دەکەم، لەناو ئەنجوومەنی گشتیدا ).. بەم شێوەیە هەریەک لە ئەمەریکا و سۆڤیەت و بەریتانییەکان لەناکاو بینییان، ئەوان شەڕی دوژمنێکی هاوبەش دەکەن. ئەمەش ڕاستییەک بوو، کە دوای دوو ڕۆژ لە پەلاماری بیرل هاربر، شێوازێکی فەرمییەکەی ڕاگەیاندنی جەنگی لە دژی ئەمەریکا وەرگرت، هەروەها لەمیانەی جەنگدا ئەمەریکا زیاتر لە یانزە ملیار دۆلار، یارمەتیی سەربازی بۆ سۆڤیەت نارد. ئەمەش بەرجەستەبوونی هەستی بەرژەوەندیی هاوبەشی نێوان مۆسکۆ واشنتۆن بوو. لە هەمان کاتدا میکانیزمەکانی ڕاگەیاندنی جەنگی ئەمەریکا زۆریان هەوڵدەدا وێنەی

(مامە جۆ) ستالین و ڕژێمە ناشیرینەکەی سۆڤیەت لای ئەمەریکییەیکان جوانتربکەن. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا پرسیارەکانی پەیوەست بە چۆنیەتیی دیاریکردنی شوێن و کاتی شەڕکردن لە ئەڵمانیای دوژمنی هاوبەشیان، هەر زوو ناکۆکی خستە نێوان هاوپەیمانە زەبەلاحەکان. ستالین فشاری خستبووە سەر بەریتانیا و ئەمەریکا، بۆ ئەوەی بەرەیەکی سەرەکی لە دژی ئەڵمانیا بکەنەوە، تا فشارە سەربازییە سەختەکانی سەر وڵاتەکەی کەمبکرێنەوە، بەڵام سەرباری بەڵێنەکانی ڕۆزفلت، کەچی بەریتانیای مەزن و ئەمەریکا، نەکردنەوەی بەرەیەکی سەرەکییان هەڵبژارد. تا دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ و نیو بەسەر پەلامارەکەی بیرل هاربر. لەبری ئەمەش پێیان باشتر بوو، بچنە ناو پرۆسەیەکی سەربازیی لاواز و کەم مەترسیی تر لە باکووری ئەفریقیا و ئیتاڵیا لە ساڵانی 1942 و 1943. کاتێکیش ستالین لە ساڵی 1943 زانیی هاوپەیمانەکانی تا ساڵێکی تر بەرەی دووەم لە باکووری ڕۆژئاوای ئەورووپا ناکەنەوە، بەتووڕەییەوە نامەیەکی بۆ رۆزفلت نووسی و تێیدا دەڵێت" متمانەکەی یەکێتیی سۆڤیەت بە هاوپەیمانانی، لەژێر فشارێکی زۆردایە، دواتر بەتوندی داوای لێدەکات ئاگای لەو قوربانییە زۆرەی سوپای سۆڤیەتی بێت، کە پێدەچێت قوربانیدانەکانی سوپای ئەمەریکا و بەریتانیا هەر هیچ نەبن لە بەرامبەر قوربانییەکانی سۆڤیەت). سەیر نییە ئەگەر ستالین گوێی بە کێشەکانی هاوپەیمانان

نـەداوە لـەڕووی یارمەتی و ئامادەکارییەکانەوە، چونکە پێش ئەوەی بکەونە بەر ئاگری هێزی چەکداریی ئەڵمانیا، لە خۆشگوزەرانیدا دەژیان، بەڵام ڕووسەکان هیچ کاتێک خۆشگوزەرانییان نەبووە. ستالین گومانی لە هاوپەیمانانی هـەبـوو، چونکە ئـەولـەویـەتـیـان نـەدایـە کـەمکردنـەوەی فشارەکانی سەر سۆڤیەت و سوپاکەی. لەمەشدا ستالین راستی دەکرد، چونکە ئەمەریکا و بەریتانیا دەیانویست سۆڤیەتییەکان لە شەڕی دژ بە هیتلەردا بمرن و بتوێنەوە، باشترە لەوەی ئەگەر سەربازەکانیان زیاتر لە ژیاندا بمێنن. تەنانەت لە سەرەتای داگیرکردنی کەناری نۆرماندی، (کە زۆریش دوایان خست) لەلایەن هاوپەیمانانەوە، لە ساڵی 1944. هێزەکانی سۆڤیەت بەتەنیا لە 80% هێزەکانیان پێکدەهێنا لە دژی هێزی چەکداری ئەڵمانی، کە بە "فیرماخت" ناسرابوون.

ناکۆکییە سیاسییەکانی هاوپەیمانان ڕۆژگاری جەنگیشی گرتبووەوە، لە هەمووشیان زیاتر مەرجەکانی ئاشتی بوو، کە دەیانویست بەسەر ئەڵمانیا و دۆخی ڕۆژهەڵاتی ئـەورووپـای دوای جەنگ لە کۆنگرەی تـاران لە ساڵی 1943 سەپێنران. ساڵی دواتر ستالین ڕای خۆی بەسەر ڕۆزفلت و چەرچلدا سەپاند، لەوەی، کە ئەڵمانیا هەرزوو هێزی سەربازی و پیشەسازیی خۆی بە ماوەیەکی کورت بونیاد دەنێتەوە و دووبـارە مەترسی لەسەر یەکێتیی سۆڤیەت دروستـدەکاتـەوە، بۆیە سەرکردەڕووسیەکە

بەتوندی داوایکرد، مەرجی یەکجار توند بەسەر ئەڵمانیادا بسەپێنرێت، بۆئەوەی ژێرخانی ئابووری و پیشەسازی بەیەکەوە دابماڵرێت، چونکە گرتنەبەری ئەو ڕێچکەیە، هەردوو پێداویستییەکەی سۆڤیەتی دابیندەکرد، یەکێکیان تێکشکاندنی ئەڵمانیا و لە هەمان کاتیشدا بەشدارییپێکردنی لە هەوڵەکانی دووبارەئاوەدانکردنەوە و بونیادنانەوەی سۆڤیەت. ڕۆزفلت ئەوەی ڕەتکردەوە و ئامادەنەبوو خۆی پابەندی ئەو کارە بکات و پێشنیاز و سزاکانی ستالینی ڕەتیکردەوە، کە دەیوست بەسەر ئەڵمانیادا بیسەپێنێت، هەرچەندە خۆیشی سوودی لە داماڵینی چەک لە ئەڵمانیا دەبینی. لەڕاستیدا شارەزایانی ئەمەریکا لەم بارەیەوە نەگەیشتبوونە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە سەبارەت بە هەڵبژاردنی یەکێک لەو دوو بژاردەیە: یان تێکشکاندنی ئەو وڵاتەی بووەتە هۆکاری ئەو هەموو وێرانکاری و نەهامەتییە، یان مامەڵەکردنی بەنەرمی و بەکارهێنانی. ماوەی داگیرکردنە پێشنیارکراوەکەش بۆ یارمەتیدانی ئەو وڵاتە بوو بۆئەوەی وڵاتێکی نوێ بونیاد بنێنەوە و بتوانێت لە داهاتوودا ڕۆڵی خۆی بگێڕێت لە بونیادنانەوەی ئەوروپای دوای جەنگ. هاوکات بەکارهێنانی سەرچاوەپیشەسازییەکانی لە ئەرکێکی زەبەلاحدا بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەوروپای پارچەپارچەکراو بەهۆی جەنگەوە. هەرچەندە ڕۆزفلت ڕەزامەندبوونێکی سەرەتایی نیشاندا لەسەر سزاکە، بەڵام دواتر مەسەلەکە یەکلانەکرایەوە. کە لەدواییدا هۆکارەکەی

ڕووندەبێتەوە. هەروەک چۆن پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپایش بەبێ چارەسەر مایەوە، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بەرژەوەندییە ئەمنییە زیندووەکانی سۆڤیەت دروستدەکرد. هەریەک لە ئەمەریکا و بەریتانیا بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی ڕازیبوون بە بوونی دەسەڵاتی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا، واتە یەکێتیی سۆڤیەت زۆرینەی دەسەڵاتەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا هەبێت. نموونەیەکی سادەش لەسەر ئەوە دەهێنینەوە: هەریەک لە چەرچڵ و ستالین لە نۆڤەمبەری ساڵی 1941 بە شێوەیەکی کاتی ڕێککەوتن لەسەر (ڕێککەوتنامەی پشکەکان)، کە مەبەست لێی دابەشکردنی دەسەڵات بوو لە ناوچەی بەلقان. ڕۆزفلت هەرگیز واژۆی لەسەر ئەو ڕێککەوتنە کاتییە نەکرد، چونکە ئەوە پێشێلکردنێکی زۆر زەقی بنەماکانی مافی چارەی خۆنووسینی ئازاد و دیموکراسی بوو. کە بەردی بناغەی پلانەکانی ئەمەریکا بوو، بۆ دامەزراندنی سیستمێکی سیاسیی دوای جەنگ، بەڵام نەدەکرا خۆی لە مەسەلەکە لابدات. پۆڵەندەش دوای داگیرکردنی لەلایەن ئەڵمانیا و رووسیاوە، ببووە پارچەیەک ئاگری جەنگ لە ئەورووپا. هەردوو حکومەتە ڕکابەرەکەی پۆڵەندە هەوڵیاندەدا دانپێدانانی نێودەوڵەتی بەدەستبهێنن لە ماوەی جەنگدا، یەکێکیان بنکەکەی لە لەندەن بوو، پۆڵەندیە ناسیۆنالیستەکان سەرکردایەتییان دەکرد، کە زۆر بەتوندی بەرهەڵستیی یەکێتیی سۆڤیەتیان دەکرد. ئەوەی تریش

لە شاری لۆبلینی پۆڵەندی بوو، بەڵام تەنیا ڕووکەشێک بوو یەکێتیی سۆڤیەت زاڵبوو بەسەریدا. لەو کێشمەکێشە سیاسییەشدا، زەمینەیەکی هاوبەش نەبوو تا بتوانرێت هەموولایەک ڕازیبکات. دواتر ڕۆزفلتیش هیچ بوارێکی بۆ نەمایەوە بۆئەوەی بگاتە چارەسەرێک لەو کێشەیە، وەک چۆن لە ململانێیە ناوخۆییەکاندا ئەنجامیدەدا.

لە کۆنگرەی یاڵتا لە فێبرایەری ساڵی 1945، هەریەک لە چەرچڵ و ڕۆزفلت و ستالین هەوڵیاندا لەسەر هەندێک لەو جیاوازییە سەرەکییانە بگەنە چارەسەرێک. لە هەمان کاتدا پلانیان بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگیش دادەنا. لەو کۆنگرەیەدا زەرووریەتیی هاریکاریکردنی یەکتر لە کاتی جەنگدا خرایەڕوو، لەیەکتێگەیشتن لەو بارەیەوە ڕەنگدانەوەی لەسەر تەرازووی ڕاستەقینەی هێزەکان هەبوو. هەرسێ سەرکردە خواستی هێشتنەوەی ڕۆحی هاریکاری و لەیەکتێگەیشتینان بەرامبەر هاوپەیمانییەتەکەیان هەبوو. سەبارەت بە پۆڵەندەش: ئەمەریکییەکان و بەریتانییەکان ڕازیبوون دان بە حکومەتەکەی لۆبلیندا بنێن، کە لەلایەن سۆڤیەتەوە پاڵپشتیان لێدەکرا. بە مەرجێک ستالین ڕێگە بە فراوانکردنی بدات و هەڵبژاردنێکی ئازادانەی تێدا ئەنجامبدرێت. ستالینیش ڕازیبوو بە واژۆکردن لەسەر (ڕاگەیاندنی ئەورووپایەکی ئازاد). ئەمەش لەڕاستیدا بۆ ڕازیکردنی ڕۆزفلت بوو، کە هەوڵیدەدا کارێک بکات، تا پاشەکشەکردنی لە یەکێک لە ئامانجە ڕاگەیەنراوەکانی ئەمەریکای پێداپۆشێت، هەروەها

بۆ هێورکردنەوەی ئەمەریکییە بەڕەچەڵەک ئەورووپییەکان بوو، (کە زۆربەیان لە دەنگدەرانی حیزبی دیموکرات بوون). لەو بەڵگەنامەیەدا هەرسێ سەرکردە، بەڵێنیاندا پشتیوانی لە پرۆسە دیموکراسییەکان بکەن و پاڵپشتی دامەزراندنی حکومەتی نوێ و هەڵبژاردنەکان بکەن، لە هەموو وڵاتێکی ئەورووپادا. لە هەمان کاتیشدا سەرکردە ڕووسییەکەش دڵنیابوونی خۆی وەرگرت، لەسەر پابەندکردنی ئەڵمانیا بە پێدانی قەرەبوو، کە بە شێوەی سەرەتایی بە (20) ملیار دۆلار مەزندە دەکرا. (10) ملیاری بۆ یەکێتیی سۆڤیەت تەرخانکرا، بەڵام ڕێککەوتنی کۆتایی لەسەر ئەو مەسەلەیە بۆ کاتێکی تر دواخرا. وەک پابەندبوونی یەکێتیی سۆڤیەت بە ڕاگەیاندنی جەنگ لە دژی ژاپۆن لە ماوەی سێ مانگ دوای کۆتاییهاتنی جەنگی ئەورووپا، کە هەر لە یالْتا دانوستاندنی لەسەر کرا. ئەمەش سەرکەوتنێکی دبلۆماسیی گەورە بوو بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان.

## لە هاریکارییەوە بۆ ململانێ : 1945 ـ 1947

پاش ئەوەی ماوەی چەند هەفتەیەک کارەکانی کۆنگرە دواخرا، بەهۆی ناڕازیبوونیان بە کردەوەکانی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا، ڕۆحییەتی بەستنی کۆنگرەی لای ئەمەریکا و بەریتانییەکان ئەو گڕوتینەی نەما، چونکە پیادەکردنی کردەوەکانی سەرکوتکردن و کارە وەحشیگەرەکانی سۆڤیەت لە بەرامبەر پۆڵەندیەکانی

شیوعی نەبوون، هەروەها لەگەڵ بولگاریا و ڕۆمانیا و مەجەڕیش ئەنجامی دەدان، کردەوەی قێزەون و بێزارکەر بوون. لەلای ڕۆزفلت و چەرچڵ ئەو کردەوانە بە پێشێلکردنی ڕێککەوتنەکانی یاڵتا سەیردەکران. چەرچڵ ڕۆزفلتی هاندا، تا پۆڵەندە بکاتە "مەرجێکی پێشوەختە لەنێوان خۆیان و ڕووسەکان"، بەڵام سەرۆکی ئەمەریکا سەرباری دڵگرانی لە ڕەفتارەکانی ستالین، ئەوەی ڕەتکردەوە، چونکە دەیویست لە دواڕۆژەکانی ژیانیدا پارێزگاری لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسەکان بکات . کاتێکیش لە دوانزەی ئەپریل رۆزفلت لە ئەنجامی خوێنبەربوونی مێشک گیانی لەدەستدا، قورسایی ئەو بەرپرسیارتیە کەوتە سەرشانی هاری ئیس ترومانی نەشارەزا.

تا ئێستاش توێژەران لە ڕاددەی جیاوازیی ئەو گۆڕانەی، کە لە ڕێچکەی سەرکردایەتیی ئەمەریکا لەو قۆناغە مەترسیدارە ڕوویدا، سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و سۆڤیەت نەگەیشتن، بێگومان ترومان ئامادەیی زیاتری تێدابوو بۆ وەرگرتنی ڕاسپاردەی ڕاوێژکارەکانی، کە هەمیشە ئامۆژگارییان دەکرد، پابەندی بەڵێنەکانی بێت لەگەڵ ڕووسەکان. لە چەندین شوێن و لە چەندین وتەیشیدا، کردەوەکانی ترومان لەمەڕ ئەو پرسە ڕوونتر دەردەکەوتن. لە بیستی ئەپریل سەرۆکی ئەمەریکا وتی" هیچ هۆکارێک نییە ڕێگربێت لەبەردەم ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بۆ بەدەستهێنانی 85% پرسە گرنگەکان".

دوای سێ ڕۆژیش بە شێوەیەکی فەرمی بانگهێشتی (مۆلۆتۆڤ)ی وەزیری دەرەوەی ڕووسیای کرد، بۆئەوەی دڵنیای بکاتەوە، کە وڵاتەکەی پابەندە بە ڕێککەوتنەکانی تایبەت بە پۆڵەندە. چەرچڵیش تا دەهات بێزارتر دەبوو لە دڵرەقی و پەلامارەکانی یەکێتیی سۆڤیەت، بۆیە بە مەبەستی یەکلاکردنەوەی ئەو پرسانە بەپەلە داوای کۆبوونەوەیەکی هەرسێ سەرکردەکەی کرد لە ئەڵمانیای ڕووخاو.

لە یۆلیۆی ساڵی 1945 دوای دوو مانگ لە خۆبەدەستەوەدانی ئەڵمانیا، سەرکردەکانی هەریەک لە ئەمریکا و بەریتانیا و سۆڤیەت، هەوڵیاندا هەنگاوێکی تر بنێن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوانیان. ئەوەبوو لە شەقامێکی بوتسدامی ئەڵمانی کۆبوونەوە، ئەو شەقامەی بەهۆی بۆردمانی فڕۆکەکان لەگەڵ خاک یەکسان بووبوو. ئەو کۆبوونەوەیە چەندین پرسی گرنگ و فراوانی تێدا باسکرا، لەوانەش: دووبارەکێشانەوەی نەخشەی نوێی سنوورەکان لە باکووری ئاسیا و دیاریکردنی وادەی هاتنی سۆڤیەت بۆ ناو جەنگی زەریای هادی، بەڵام پرسە ئاڵۆز و هەستیارەکانی تر، تا دوو هەفتە کۆنگرەکەی دواخست، وەک چارەسەرەکانی دوای جەنگ لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و ئەڵمانیا. لەوێدا ستالین لە یەکەم دانیشتنی کۆنگرەکەدا توانیی یەکێک لە گرنگترین ئامانجە دبلۆماسییەکانی بەدەستبهێنێت، ئەویش دانپێدانانی ئەمەریکا و بەریتانیا بوو، بە ڕژێمە تازەکەی وارشۆ. هاوپەیمانان هەستیانکرد هیچ دەرچەیەکیان نەماوە لەو مەسەلەیەدا و دەبێت

هەرچۆنێک بێت، ڕازی ببن بەو واقیعەی، کە ئێستا لە پۆڵەندە هەیە. سۆڤیەتییەکان زاڵن و ئەوەش یەکلابووەتەوە. کەچی سەربارى ئەو بەرفراوانبوونە لە سنوورەکانی ڕۆژئاوای پۆڵەندە و خستنەسەری بەشێک لە زەوییەکانی ئەڵمانیای پێشوو، بەڵام دانیان نەنا بە ڕژێمێکی هاوشێوەی پۆڵەندەی سەر بە سۆڤیەت لە بولگاریا و ڕۆمانیا، بەڵام کۆنگرەکە ئەنجوومەنێکی وەزیرانی دەرەوەی دامەزراند بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە ئیقلیمیانە و چەند پرسێکی تر، کە بەهۆی جەنگەوە لە کۆبوونەوەکانی داهاتوودا کاریگەری دروستدەکات، هەروەها بۆ ئامادەکردنی کارنامەیەک بۆ بەستنی پەیماننامەیەکی ئاشتی بۆ وڵاتانی شکستخواردوو.

مەسەلەی ئەڵمانیا "مەسەلە هەستیارەکە" وەک چۆن چەرچڵ ناوی لێنابوو، مشتومڕێکی توندی لەسەربوو، کەچی دواتر ئەمەریکا پێشنیاری چارەسەرێکی کرد، کە لە بەرژەوەندیی هەمووواندا بێت، بەمەش کار و چالاکییەکانی کۆنگرەکەی لە ئیفلیجبوون ڕزگارکرد و نەیهێشت بگاتە ڕێگەیەکی داخراو. هەرچەندە ئەو چارەسەرە بووەهۆی دابەشبوونی ئابووریی وڵات. کێشەی قەرەبووکردنەوە دووبارە سەریهەڵدایەوە و بەربەستێکی سەرەکی بوو لەبەردەمیان. داواکارییەکی ستالین بە پێدانی (10) ملیار دۆلار وەک قەرەبوو لەلایەن ترومان و ڕاوێژکارەکانییەوە بەتوندی ڕەتکرایەوە. ستالین پێیوابوو لەسەر مەسەلەی قەرەبووکردنەوەکە لە کۆنگرەی یاڵتا ڕێککەوتوون! چونکە ئەمەریکییەکان بەتەواوی هاتبوونە

سەر ئەو بڕوایەی، هەڵسانەوەی ئابووری و داهاتووی ڕۆژئاوای ئەورووپا و خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانیش وا دەخوازێت ئەڵمانیا لەڕووی ئابووریەوە بەهێز بێت، بۆیە دژی هەرپلانێک بوو، کە ببێتە مایەی دروستکردنی بەربەست لە بەردەم بووژانەوەی ئەڵمانیادا. دواتر وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا (جیمس ئیف بیرنز) پێشنیارێکی تری خستە بەردەمی ڕووسەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە. بەگوێرەی پێشنیارەکەی جیمس هەر چوار زلهێزەکە (بەریتانیا و ئەمەریکا و سۆڤیەت و فەڕەنسا) قەرەبووەکان لەو ناوچانە بۆ خۆیان دابینبکەن، کە لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندان. جگە لەوەش بەڵێنیان بە یەکێتیی سۆڤیەت دا، هەندێک کەلوپەل و کەرەستەی لە ناوچەکانی ڕۆژئاوا بۆ دابینبکەن، بەڵام بە مەرجێک ئەو ناوچانەی گرنگترین کەرتی پیشەسازی لە وڵاتدا لەخۆدەگرێت و دەوڵەمەندە بە سەرچاوەکانی، بە تەواوی لە دەسەڵاتی سۆڤیەت دەهێنرێتە دەرەوە. دواتر بەهۆی بێتوانایی هاوبەشانی هاوپەیمانییەتە مەزنەکە و ڕێکنەکەوتنیان لەسەر بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ چارەسەرکردنی پرسی ئەڵمانیای دوای جەنگ، کە یەکێک بوو لە پرسە هەرە هەستیارەکان، جیاوازییەکی زۆری لەسەر بوو، هەروەها ئەو پرسە لەدواییدا بۆ هەمیشە بووە تەوەرێکی گرنگی جەنگی سارد. سەرباری ئەوەی بریارڕیاندا دابەشبکرێت، بەڵام ڕەهەندەکانی ئەو دابەشبوونە دوورمەودا و فراوانبوون، لەبەرئەوەی ئەو هەنگاوە لەپێناو تێکەڵاوکردنی

کەرتەکانی ڕۆژئاوای ئەڵمانیا و ئەو واقیعەی لەژێر داگیرکاریی سۆڤیەتدا هەبوون، بوونە هۆی دروستبوونی دوو سیستمی سیاسیی ئابووری لێکجیاواز لە ئەڵمانیا. هەروەها بووە هۆی دابەشبوونی کیشوەری ئەورووپا بەسەر دوو سەربازگە، ئەوانیش: ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ترومان خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی بەو بڕیارە گرنگانەی لە بوتسدام دران و لەو کاتەدا ڕایگەیاند: ( من سەرسامم بە ستالین، چونکە پیاوێکی ڕاستگۆیە و دەزانێت چی دەوێت و ئامادەیە هەرچۆنێک بێت بگاتە چارەسەرێک ئەگەر پێویستی کرد ).. متمانەبەخۆبوونی سەرۆکی ئەمەریکا و ڕاوێژکارەبەتواناکانی خۆیان بۆ بەدیهێنانی زیاتر لەوەی مەبەستیانە لە دانوستاندنەکانی داهاتوو لەگەڵ هاوتا سۆڤیەتییەکەی، بەدیاریکراویش لەو کاتەدا، دوو هۆکاری هەبوو، ئەوانیش: هێزە ئابوورییەکەی و بوونی بۆمبی ئەتۆمی بەتەنیا لای خۆیان. کە بە دوو کارتی براوەیان دادەنا. دواتر ئەو متمانەبەخۆبوونە زیاتریش بوو کاتێک لە ناوەڕاستی وتووێژەکانی بوتسدام هەواڵی سەرکەوتنی تاقیکردنەوەی ئەتۆمی لە نیومەکسیکۆی پێگەیشت، بۆیە بەهۆی ئەو (کارتە براوە)ی، ئەمەریکا، وەک چۆن وەزیری جەنگی ئەوکاتە (هنری سیتیسمون) ناوی برد: هەلی چارەسەرە ئاشتییەکانی زیاتر کرد. بەشێوەیەک، کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا بگونجێت، یان ڕەنگە ئومێدی ترومان و دەوروبەرەکەی زیاتر بووبێت دوای ئەو سەرکەوتنە ئەتۆمییە.

پاشان لە شەشی ئۆگەست بۆمبی ئەتۆمی بەسەر هیرۆشیمادا فڕێداریە خوارەوە و لە نۆزدەی هەمان مانگیش بەسەر ناکازاکیدا، کە بووە هۆی کوژرانی (115) هەزار کەس و بەهەزارانیش لە سەرەمەرگدابوون بەهۆی هێزی تیشکەکەیەوە. ئەمە ژاپۆنی ناچار کرد خۆبەدەستەوە بدات. بەکارهێنانی ئەو بۆمبانە هاوکاتبوو لەگەڵ بەدەستهێنانی چەندین ئامانجی تری سەربازی و دبلۆماسیی ئەمەریکی. لەوانەش: بەشێوەیەکی زۆر خێرا کۆتایی بە جەنگ هات و گیانی هەزاران ئەمەریکی رزگارکرا لە جەنگێکی حەتمیدا، هەروەها پێویستیشی نەکرد هێزەکانی سۆڤیەت لە ناوچە جەنگییەکانی زەریای هادی بڵاوبکرێنەوە (جگە لە جووڵەپێکردنی هێزەکانی ڕووسیا لە مەنشوریا). لە ئەنجامدا ئەو سەرکەوتنانەی ئەمەریکا بووە هۆی داخستنی دەرگا لەسەر سەرجەم داواکاری و مەرجەکانی سۆڤیەت لەبەرامبەر داگیرکردنی ژاپۆن لە کاتی جەنگدا، بەلام سەرباری کارتەبراوەکانی ترومان، کەچی پەیوەندییەکانی نێوان سۆڤیەت و ئەمەریکا لە مانگەکانی دوای خۆبەدەستەوەدانی ژاپۆن بەرەو خراپیەکی زۆر ڕۆیشت، چونکە جگە لە مەسەلەی ئەڵمانیا و ڕۆژهەلاتی ئەوروپا، هەردوو وڵاتی هاوپەیمان دوو ڕوانگەی جیاوازیان هەبوو لەسەر چۆنییەتیی بەدەستهێنانی جڵەوی نێودەوڵەتی لەسەر چەکی ئەتۆمی و بەرژەوەندییەکانیان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، هەروەها پرسی یارمەتییە ئابووریەکانی ئەمەریکا و ڕۆڵی سۆڤیەت لە

مەنشوریا. هەرچەندە لە هەندێک لە دیدارەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەرەوەیاندا دەگەیشتنە نیمچەچارەسەرێک، بەڵام لە ساڵی 1946 کۆتاییهات بەو هاوپەیمانییەتیە و سەرەتای دەستپێکردنی جەنگی سارد بوو بە ڕووونترین شێوە.

لەو ساڵەدا ئیدارەکەی ترومان و هاوپەیمانییە ئەورووپییە سەرەکییەکانی، ڕووسیای ستالینییان بە دەوڵەتێکی چاوچنۆک و خۆپەرست و چاوبڕینە سەر خاک و سەرچاوە و دەستکەوتەکان وەسفکرد. جۆرج ئیف کینان، گەورەدبلۆماتکاری ئەمەریکی لە مۆسکۆ لە ڕاپۆرتێکی دووردرێژدا ڕای خۆی لەو بارەیەوە دەربڕیوە، کە لە 22ی فێبرایری 1946 ڕەوانەی وڵاتەکەی کردبوو، تێیدا جەخت لەسەر دوژمنایەتیی سۆڤیەت دەکاتەوە بۆ وڵاتانی سەرمایەدار. بەداخەوە ئەمەش لە ئەنجامی نەبوونی ئاساییش و ئارامی لە ڕووسیا و زاڵبوونی بیروباوەڕی مارکسی- لینینی بوو بەسەر پایە سیاسییەکاندا. کینان پێیوابوو سەرکردەکانی کرملین ڕژێمێکی تۆتالیتاریی سەرکوتکەرن و هەژموونی خۆیان بەسەر ڕووسیادا سەپاندووە، بەو بیانووەی، کە هەڕەشەی دەرەکی لەسەر وڵاتەکەیان هەیە، ئەوەش لەپێناوی بەردەوامیدان بە چەوساندنەوەی ناوخۆیی و دەستبەردارنەبوونی دەسەڵات. ئامۆژگارییەکانی کینان ڕوون و دیار بوون: دانوستان نەکەن، چونکە لە هەردۆخێکدا ئەنجامی نابێت و لەبری ئەوە، کاربکەن، بۆ دامرکاندنەوەی ئەو بیروباوەڕە

و سنووردانان بۆ فراوانبوونی دەسەڵاتەکانی سۆڤیەت، هەروەها دووبارە جەختیکردەوە لەسەر ئەوەی کرملین بەرامبەر هێزێکی لەخۆی گەورەتر ملکەچ دەبێت.

لە پێنجی مارس ونستون چەرچڵ، کە ئەو کاتە لە هەرەمی دەسەڵاتدا نەمابوو، ڕاشکاوانە ڕای خۆی خستە پاڵ ئەو ڕایەی، کە دژی سۆڤیەت بوو. لەگەڵ هاری ترومان لە فولتون و میزوری ئامادەی سەر مینبەر بوو، وتی: ( لە ستینینی سەر دەریای بەڵتیق تا تریستی لەسەر دەریا ئەدریاتیکی، پەردەیەکی ئاسنین بەسەر کیشوەرکەدا دادراوە)، چەرچڵ هۆشداریدا لە هەبوونی مەترسییەکی گەورە بۆ سەر خودی مەسیحیەت بەهۆی شیوعییەکانەوە، بەڵام ڕەفتارەکانی سۆڤیەت تاکەهۆکار نەبوون بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو ترسە لە پایتەختە ئەورووپییەکان، بێگومان سیناریۆکەی ڕۆژی قیامەتیش هۆکار نەبوو، کە لە هەندێک فەرمانگەی ئەمەریکی وێنای بۆ کرابوو، چونکە ستالین بە هەموو هێزێکیەوە هەوڵیدەدا بەرژەوەندییەباڵاکانی بێنێتەدی. حکومەتەکانی پۆڵەندە و ڕۆمانیا و بولگاریای ملکەچ کردبوو، بازنەیەکی بۆ دەسەڵاتەکانی خۆی لە ناوچە داگیرکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا دروستکردبوو. سەرەتاش ڕەتیکردەوە هێزەکانی لە ئێران بهێنێتەدەر. ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی یەکەم قەیرانی گەورەی جەنگی سارد لە مارسی 1946. فشارێکی زۆریشی دەخستە سەر تورکیا تا ملکەچی بکات، تەنانەت هێزەکانی لەسەر سنووری بولگاریا بڵاوکردەوە،

بۆ ترساندن و تۆقاندنی تورکیا. مەنشوریای تالآنکرد و چەند کردەوەیەکی تریشی ئەنجامدا، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا سۆڤیەت ڕێگەی دا هەڵبژاردنێکی ئـازاد لە هەنگاریا و چیکۆسلۆفاکیا ئەنجامبدرێت و یارمەتیی فنلەندە و نەمسای دا، بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێنەرایەتی، هەروەها بەردەوام هەوڵیدەدا لە ڕێگەی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەرەوە بخزێتە ناو لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپا دانوستانە چالاکەکان. تەنانەت کاریکرد بۆ بچووککردنەوەی حزبە شیوعییە بەهێزەکانی ئیتالیا و فەڕەنسا و چەند شوێنێکی تریش لە رۆژئـاوای ئەورووپا. بەکورتی: ڕەفتارەکانی سۆڤیەت شرۆڤەی زیاتر و وردتر و هاوسەنگانەتری دەوێت، وەک لەوەی چەرچلڵ و کینان خستبوویانەڕوو.

لەڕاستیدا: شرۆڤەکارانی ئەمەریکی و بەریتانی، نە ترسـیان لـە ڕەفتـارەکـانـی سـۆڤـیـەت هـەبـوو، کـە پێشتر باسمانکردن، نە لەو نییەتە دوژمنکارانەی لەپشت ئەو جۆرە ڕەفتارانەوە هەبوون. هەروەها زیادەڕۆییان نەدەکرد لە بوونی مەترسیی توانای سەربازیی سۆڤیەت، لانیکەم تا ماوەیەکی زۆریش. چونکە شارەزایانی سەربازیی ئەمەریکی و بەریتانی زۆرباش دەیانزانی سۆڤیەت ئێستا لەوە لاوازترە، کە بتوانێت سەرکێشییەک بکات و جەنگێک بەرپا بکات، لە دژی ویلایەتە یەکگرتوەکان. سوپای سووریش بەکارناهێنێت دژی یەکێتیی ئـەورووپـا. بـەڵام ئـەوەی ببوە مایەی ترس و نیگەرانی لای بریاربەدەستانی ئەمەریکی و بەریتانی،

بریتیبوو لەوەی: سۆڤیەت سوود وەربگرێت لەو فشارە ئابووری و کۆمەڵایەتیيانەی، هاوکاتە لەگەڵ جووڵانەوەی سیاسی، کە هەر لەدوای جەنگەوە هەژموونی خۆی بەسەر جیهاندا سەپاندبوو. ئەو بارودۆخە ناهەموارە وایکرد ئەستێرەی چەپەکان لە جیهاندا بدرەوشێتەوە. ئەو دیاردەیە ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لەسەر زیادبوونی جەماوەری حزبی شیوعی لە ڕۆژئاوای ئەورووپا دروست کرد. بەڵکو بەدیارکەوتنی هێزی تریش لە بزاڤە ناسیۆنالیستییە شۆڕشگێڕەکانی دژی داگیرکاری لە سەرتاسەری جیهانی سێیەمدا بەرجەستە بوو. فشارە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی جەنگ لەدوای خۆی بەجێیهێشتبوون، وایکرد کۆمۆنیزم ببێتە مایەی سەرنجڕاکێشان لە بەرچاوی گەلانی جیهان. بۆیە وەزیرانی دەرەوە و بەرگریی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەورووپا دەترسان لە یەکگرتنی پارتە شیوعییەکانی ناوخۆ و بزووتنەوە شۆڕشگێڕە نیشتمانییەکان لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت و ملکەچی ببن. بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا لە گەمەی بەرەنگاربوونەوەی فاشییەت. پاشان کرملین دەیتوانی بەبێ دەستێوەردانێکی سەربازی ڕاستەوخۆ بەهێزتربێت و مەودای دەسەڵاتەکانی خۆی فراوانتر بکات. پلاندەرانی ستراتیژییەتیی ئەمەریکا پێیانوابوو، تارمایی ساڵانی 1940 ـ 1941 دووبارە بەدیار دەکەوێتەوە. چونکە ئەو هێزەی دوژمن، بە ئایدیۆلۆژیای جیاجیا چەکداربووە و هەڕەشە دەکات و خۆی دەسەپێنێت و لە ڕێگەدایە بۆ

کۆنترۆڵکردنی ئۆراسیا. دواتر تای تەرازووی هێزەکان لە دژی بەرژەوەندییەکانی ویلایەتەیەکگرتوەکان پێچەوانە دەبێتەوە و ڕێگەنادات دەست بەسەر بازاڕ و سەرچاوە گرنگەکاندا بگرێت. بەمەش ئازادیی سیاسی و ئابووری ناو وڵات دەخاتە مەترسییەکی گەورەوە.

## کێشانەوەی هێڵی سنوور

هەر لە نیوەی یەکەمی ساڵی 1947ەوە، ئەمەریکا بە مەبەستی کەمکردنەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان، هەوڵیدا ستراتیژیەتێک پەیڕەو بکات، کە ئامانج لێی کۆنترۆڵکردنی یەکێتیی سۆڤیەت و کەمکردنەوەی قورسایی و قبووڵکردنی خودی کۆمۆنیزم بوو. پێشنیازەکەی بەریتانیاش، هەنگاوی یەکەم و یەکلاکەرەوەی هەڵمەتە دبلۆماسییەکەی ئەمەریکای خێراتر کرد. ئەوەبوو لە بیستویەکی فێبرایەر، بەریتانیا وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکای ئاگادار کردەوە، کە چیتر لەتوانایدا نییە یارمەتیی ئابووری و سەربازی پێشکەشی تورکیا و یۆنان بکات. بۆیە کاربەدەستانی ئەمەریکا، هەرزوو بڕیاریاندا ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ. بە جۆرێک ڕێگە لە ئەگەری بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی سۆڤیەت بگرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەپشت ئەوەشەوە (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دەوڵەمەند بە نەوت). بۆ دەستبەرکردنی پشتیوانیی کۆنگرێسیش بەرامبەر هەر

خەرجییەک و ڕاکێشانی جەماوەر بەلای خۆیان لە کاتی هەر پابەندبوونێکی نوێدا. لە دوانزەی مارس ترومان گوتارێکی بەهێزی لە بەردەم کۆنگرێس پێشکەشکرد و داوای (400) ملیۆن دۆلاری کرد، بۆ یارمەتیدانی ئابووری و سەربازی هەردوو حکومەتە قەیراناوییەکەی تورکیا و یۆنان.

لەسەر ئاستێکدا ویلایەتە یەکگرتوەکان کاری دەکرد، بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی هێز لە ناوچەکە، کە لە ئەنجامی کەمبوونەوەی هێزی بەریتانیا لەوێ دروست ببوو. حکومەتە راستڕەوەکەی یۆنانیش ئەوکاتە کەوتبووە ناو جەنگێکی ناوخۆییەوە لە دژی گرووپە شیوعییەکان. کە لەلایەن یوگسلاڤیاوە پشتیوانی لێدەکرا. لەلای خۆیشیەوە تورکیا: بەردەوام لەژێر فشاری ڕووسیادا بوو بۆئەوەی ملکەچی داواکاریەکانی بێت لە ناوچەی دەردەنیل. دواتر ڕووسیا و هاوپەیمانەکانی سوودیان لە پاشەکشەکردنی بەریتانیا وەرگرت. ئەمەش بەرەوپێشەوەچوونێکی مەترسیدارە، بۆیە پێشنیازەکەی ئەمەریکا هەوڵێک بوو بۆ ڕوونەدانی. بەڵام بیروباوەڕەکەی ترومان پەیوەست نەبوو، بە خودی سیاسەتی هێز بە ڕاددەی ئەوەی پەیوەستبوو بەو ڕێچکەیەی سەرۆکی ئەمەریکا هەڵیبژاردبوو بۆ داواکردنی یارمەتی.

ترومان هەوڵیدا کۆدەنگی لەنێو جەماوەر و ئەندامانی کۆنگرێس بەدەستبهێنێت، نەک تەنیا هەر لەسەر پابەندبوونێکی دیاریکراو، بەڵکو لەسەر چالاککردنی سیاسەتی دەرەوەی

ئەمەریکایش. سیاسەتێک، کە دەکرێت دژ بە یەکێتیی سۆڤیەت و لە هەمان کاتدا دژی کۆمۆنیزم بێت. بەم شێوەیە بیروباوەڕی ترومان بوو بە ڕاگەیاندنی ئایدیۆلۆژیای جەنگی سارد، هاوکات ڕاگەیاندنی جیۆسیاسیی جەنگی سارد. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەکە تەمومژاوی بوو. لە سەردەمی جەنگی ساردیش ئەو تەمومژاوییە زیاتریش بوو. ئایا سروشتی ئەو هەڕەشەیە چی بوو بەدیاریکراوی، کە پۆزشی بۆ ئەو پابەندبوونە سەرتاسەرییە دەهێنایەوە؟ ئەگەری گەشانەوەی هێزی سۆڤیەتی بوو؟ یان بڵاوبوونەوەی چەند بیرۆکەیەکی دژ بە بەهاکانی ئەمەریکا ؟ ئەو دوو مەترسییە بە شێوەیەکی یەکجار زۆر ئاوێتەی یەک بووبوون و زاڵببوون بەسەر بیری ئەمەریکیەکاندا.

**بیروباوەڕی ترومان :**

ترومان بەو شێوەیە کۆنگرێسی دواند و داوای کۆمەک و یارمەتیی کرد بۆ یۆنان و تورکیا و وتی : لەو ساتەوەختە مێژووییەدا پێویستە هەموو وڵاتێک لە فاکتەری ڕوون و ئاشکرا بگەڕێت بۆ ژیـان.. دوای ئـەوەی هەڵوێستەکانی سۆڤیەتی خستەڕوو بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ناوی بهێنێت، ترومان لەکۆتاییدا هۆشداری دا و وتی: پێویستە سیاسەتەکانی ویلایەتەیەکگرتووەکان پشتیوانی لەو گەلە ئازادانە بکات، کە بەرەنگاریی هەوڵەکانی بەکۆیلەکردن دەبنەوە لەلایەن هەندێک کەمینەی چەکدار، یان فشاری دەرەکی. ئەو وتانەش هەرزوو بە بیروباوەڕی ترومان ناسرا.

دوای سێ مانگ لەو گوتارە بەجۆشەی ترومان، ویلایەتەیەکگرتوەکان قۆناغی دووەمی هەڵمەتە دبلۆماسییە مەزنەکەی ڕراگەیاند. چونکە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا (جۆرج سی مارشال) لە وتارێکدا لەمیانەی ئاهەنگی دەرچوونی زانکۆی هارڤارد وتی:( کۆمەک و یارمەتیی ئەمەریکا دەبەخشنە سەرجەم وڵاتانی ئەورووپا، ئەوانەی خواستی هەماهەنگییان هەیە و دەیانەوێت هەوڵبدەن بۆ بووژانەوە و چاککردنەوەی وڵاتەکەیان)، ئەو پرۆژەیەش بە پرۆژەکەی مارشاڵ ناونرا. ئامانجی ئەو پرۆژەیە بریتیبوو لە بەرەنگاربوونەوە و نەهێشتنی برسیەتی و هەژاری و نزمبوونەوەی ڕۆحی مەعنەوی. ئەمانەش ئەو هۆکارانەبوون، کە پاڵنەربوون بۆ سەرهەڵدانی چەپڕەوی لە ئەورووپا. چونکە ئەو بارودۆخانە ڕێگربوون لەبەردەم هەوڵەکانی بونیادنانەوە و تەوژمەکەش لە وەزری زستانانداا بەهێزتر دەبوو. هەریەک لە ئەرنست بیفن وەزیری دەرەوەی بەریتانیا و جۆرج بیدۆی فەڕەنسی، هەرزوو بە گڕوتینێکی زۆرەوە پێشوازییان لەو پرۆژەیە کرد. کۆبوونەوەیەکی وڵاتانی ئەورووپایان ڕێکخست و تێیدا بە کۆمەڵێک بنەمای ڕێکخراوەیی بۆ کارنامەی یارمەتییە پێشنیارکراوەکانی ئەمەریکا هاتنەدەر. هەریەک لە حکومەتەکانی فەڕەنسا و بەریتانیا و چەند حکومەتێکی تری ئەورووپا، هەستیانکرد، هەلێکی زێڕینیان بۆ ڕەخساوە تا

کێشە ئابوورییە ئاڵۆزەکانیانی پێ کەمبکەنەوە و ڕووبەڕووی حیزبە شیوعییەکانی ناوخۆیش ببنەوە. هەروەها سنوورێک بۆ چاوچنۆکییەکانی سۆڤیەت دابنێن. واتە بەکورتی ئەوان: لەگەڵ ئیدارەی ترومان لەسەر چەندین مەترسی هاوڕابوون، دەربارەی هاتنەکایەی ژینگەیەکی مەترسیدار دوای جەنگ. هەرچەندە ئەورووپییەکان لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە هێندەی ئەمەریکییەکان ورد نەبوون و درکیان بەو هەڕەشەیە نەدەکرد. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردەکانی ڕۆژئاوای ئەورووپا نەک هەر پێشوازییان لەوەکرد، بەڵکو بانگەشەیان بۆ سیاسەتێکی چالاکتر و حەکیمانەتر و ئامادەبوونێکی بەهێزتری ئەمەریکا دەکرد، لە ئەورووپای دوای جەنگ. چونکە ئەو کارە لەگەڵ پێداویستیی ئابووری و سیاسی و ئەمنیی وڵاتەکانیان دەگونجا.

لەکۆتاییشدا پرۆژەکەی مارشاڵ (13) ملیار دۆلاری وەک یارمەتی پێشکەشی ڕۆژئاوای ئەورووپا کرد. کە دواتر بووە دەستپێکی هەڵسانەوەی ئابووری لەوێ و هاندانێک بوو بۆ ڕاستبوونەوەی ئابووریی ئەورووپا. ستالین: کە ترسی هەبوو لە کارکردن بەو بەرنامەیە بۆ بووژانەوە و هەڵسانەوەی ئەورووپا، لەبەرئەوەی دەبووە هۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی ڕووسیا بەسەر ئەو وڵاتانەی سەر بە ڕووسیان، ڕێگەی نەدا وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا بەشداری ئەو بەرنامەیە بکەن. بۆیە لە کۆنگرەی

پاریس، مولۆتۆفی وەزیری دەرەوە: بەتوندی هۆشداری دایە ئەورووپا لەسەر ئەو پرۆژەیە و وتی: (ئەو پرۆژەیە ئەورووپا دابەشدەکات بەسەر دوو بەشدا).

بەشێکی تری هەڵمەتە دبلۆماسیەکەی ترومان خۆی لە وێنەی گۆڕانکارییەکی یەکلاکەرەوە لە سیاسەتەکانی بەرامبەر ئەڵمانیا بەرجەستە کرد. چونکە دروستکەرانی سیاسەتەکانی ئەمەریکا پێیان وابوو بەشدارییپێکردنی ناوچە داگیرکراوەکانی ئەڵمانیا لەناو پرۆژەکەی مارشاڵ، کارێکی پێویستە بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکە. چونکە پیشەسازی و سەرچاوەکانی ئەڵمانیا هێزێکی یەکجار زۆریان بۆ گەشانەوەی ئابووریی ئەورووپا پێکدەهێنا. تەنانەت پێش ئاشکراکردنی پرۆژەکەی مارشاڵیش، ویلایەتە یەکگرتووەکان دەستی بە جووڵە کردبوو بۆ بەهێزکردنی بەرهەمهێنانی (خەڵووز) لەو ناوچانەی کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا و ئەمەریکا. پلاندەرانی واشنتۆن هاتنە ئەو بڕوایەی هێنانەکایەی ئاشتی و خۆشگوزەرانیی جیهانی جگە لە ئەمن و ئاساییشی ئابووریی ویلایەتەیەکگرتووەکان بەندە بە بووژانەوەی ئابووریی ئەورووپا. ئەو ئامانجە سیاسییە سەرەکییەی ئەمەریکاش وای دەخواست ئەڵمانیا بە بەهێزی و کرانەوەی ئابوو ری بمێنێتەوە. لەهەمان کاتدا ئەو ئامانجانە لەگەڵ ویست و خواستی یەکێتیی سۆڤیەتی یەکگرتووی تێدا نەبووە و دژ بەیەک بوون، بەڵام

پێداگریی مارشاڵی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەسەر بەشدارییپێکردنی ئەڵمانیا لەناو کارنامەی بووژانەوەی ئەورووپا، هەموو ئەگەرێکی لابرد لەبەردەم ڕێککەوتنی هەر چوار زلهێزەکە لەبارەی ئەڵمانیا. ئەمەش بووە هۆی شکستێکی گەورەی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەرەوە لە نۆڤەمبەری ساڵی 1947. یەکێک لە دبلۆماتکارە ئەمەریکییەکان، کە لە ئاستێکی باڵادا بوو، بەنهێنی وتی: بەڕاستی ئێمە نامانەوێت و خواستی ئەوەمان نییە، ئەڵمانیا یەکبخەینەوە بەپێی مەرج و بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا.. هەر بەکردەوەش ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و فەڕەنسا لە سەرەتای ساڵی 1948 کاریانکرد بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی ئەڵمانی ڕۆژئاوایی سەربەخۆ. چونکە پێیان باشتربوو وڵاتەکە دابەشبکرێت، وەک لەوەی ببێتە وڵاتێکی یەکگرتوو، لە داهاتووش بەتێپەڕبوونی کات لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتی هاوپەیمانی دروست بکات، یان هەڵوێستێکی بێلایەن پەیڕەو بکات دژی ئەوان. ئەمەش شتێکی خراپە. باڵیۆزی بەریتانیا لۆرد ئیفرشابل ڕاستی کرد کاتێک وتی: (ئەمەریکییەکان پێیان وابوو دابەشکردنی ئەڵمانیا بۆ دوو بەش لەناو دوو سەربازگەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا باشترە بۆ دامەزراندنی ناوچەیەکی دوورەدەست لەسەر سنوورە فراوانەکەی

دەوڵەتی سۆڤیەت). لەژێر ڕۆشنایی ئەو مەترسییانەی ستالینیش لە دووبارەزیندووکردنەوەی هێزی ئەڵمانیا هەیبوو، وایکرد ئەو پێشنیازەی ڕۆژئاوا ڕووبەڕووی کاردانەوەیەکی توند ببێتەوە لەلایەن مۆسکۆوە. بەرپرسانی ئەمەریکاش پێشبینیی ئەو کاردانەوە توندەیان دەکرد، ئەوەبوو لە سێپتەمبەری ساڵی 1948 لە یەکێک لە کۆنگرەکانی پۆڵەندە سۆڤیەتییەکان ئۆفیسێکی ڕاگەیاندنی شیوعییان دامەزراند، کە بە (کۆمینفۆرم) دەناسرا، ئەمەش وەک فاکتەرێک بۆ کۆنترۆڵکردنی وڵاتانی سەر بە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و کۆنترۆڵکردنی حزبە شیوعییەکان لە ڕۆژئاوای ئەوروپا .

ئەندری زادنۆف، کە سەرۆکی نێردراوەکانی ڕووسیا بوو: پرۆژەکەی مارشاڵی بە بەشێک لە ستراتیژیەتی هاوبەش وەسفکرد، بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکی ڕۆژئاوایی، بۆئەوەی ببێتە خاڵی دەستپێک بۆ پەلاماردانی یەکێتیی سۆڤیەت.. دواتر دەڵێت: ( ئێستا جیهان دابەش کراوە بۆسەر دوو سەربازگە) .

دوابەداوی کودەتاکەی چیکۆسلۆفاکیا بەسەر دەسەڵات و بە دەستی سۆڤیەتییەکان لە فێبرایری ساڵی 1948، سەرجەم وەزیرە شیوعییەکان لە حکومەت دەرکران و وەزیری دەرەوە (جان مازاریک) لە دۆخێکی تەمومژاویدا گیانی لەدەستدا. جگە لەوەش سەرکوتکردنێکی توندی

ئۆپۆزسیۆن لە مەجەر. ئەو کارانە وایکرد یەکێتیی سۆڤیەت پەیڕەوی لە هەڵوێستێکی یەکجار توند و بێبەزەییانە بکات لەناو (سەربازگەکەی) و لە هەمان کاتیشدا یارمەتیدەربوو، لەسەر گەڵاڵەبوون بۆ دابەشبوونی ئەورووپا، بەسەر دوو سەربازگەکەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا .

لە بیستوچواری یۆنیۆی 1948 ستالین هێندەی تر دۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد. چونکە پرۆسەکانی ئاوەدانکردنەوەی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و یەکگرتنەوەی، وایکرد سۆڤیەت لەپڕ ڕێگە بە هێزەکانی هاوپەیمانان نەدات بۆ چوونە ناو ڕۆژئاوای بەرلین بە ڕێگەی وشکانی. ستالین بە جیاکردنەوەی ڕۆژئاوای ئەو شارە دابەشکراوە، کە دەکەوتە دووریی 125 میل لەناو ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیای داگیرکراو لەلایەن سۆڤیەتەوە، دەیویست ڕاددەی لاوازیی ڕکابەرەکانی ئاشکرا بکات و بەربەست دروست بکات لەبەردەم دامەزراندنی دەوڵەتێک لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بگرێت. کە خۆی زۆر لێی دەترسا. ترومان ڕازیبوو بە گواستنەوەی سووتەمەنی و یارمەتییەکان بۆ نزیکەی دوو ملیۆن هاووڵاتیی ئەڵمانی، کە لە ڕۆژئاوای بەرلین گیریان خواردبوو. ئەمەیش یەکێک بوو لە دیارترین کاتەکانی تێیدا ڕواڵەتی جەنگی سارد بەدیارکەوت. لە مایۆی 1949 دواجار ستالین کۆتایی بە گەمارۆ ناکاراکەی هێنا. بەڵام ئەو کردەوە تۆڵەستێنەی سۆڤیەت کێشەکانی قووڵتر کردەوە و بۆشایی نێوان

ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوای بەرینتر کرد. لەمەش زیاتر هیچ دەستکەوتێکی تری نەبوو، تەنها بووە مایەی تووڕەبوونی ڕای گشتی لە ئەمەریکا و ڕۆژئاوای ئەورووپا و لەناوبردنی هیوایەک بۆ ئەگەری چارەسەرکردنی پرسی ئەڵمانیا بە شێوەیەکی ئاشتیانە. لە سێپتەمبەری ساڵی 1949 هێزەکانی ڕۆژئاوا کۆماری ئەڵمانیای یەکگرتوییان دامەزراند. دوای مانگێک یەکێتیی سۆڤیەتیش کۆماری دیموکراتی ئەڵمانی دامـەزرانـد لەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بوون. بەمەش هێڵەکانی جەنگی سـارد لە ئـەورووپـا بەڕوونی بەدیارکەوتن. دابەشکردنی ئەڵمانیا لەنێوان ڕۆژئـاوا و ڕۆژهەڵات، ڕەنگدانەوەی دابەشکردنی ئەوروپا بوو لەنێوان دوو سەربازگەی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی. یەکێکیان لەژێر لیوای ئەمەریکا و ئەوی تریان لەژێر لیوای یەکێتیی سۆڤیەت.

ژمـارەیـەک لە گەورەدبلۆماتکارانی ڕۆژئـاوا و لە هەموویشیان پێداگرتر لەو بارەیەوە، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ئەرنست بیفن بەتەواوی پێیوابوو، پەیوەندیی نێوان ئەورووپا و ئەمەریکا بەرەو گەشەسەندن ناچێت ئەگەر بە ڕێگەی ڕێککەوتنی ئەمنی پاڵپشتی نەکرێت، کە وڵاتانی بەرەی ئەتڵەسیش نەگرێتەوە. بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەش: سەرکردەی حیزبی کرێکارانی پێشوو بووە بزوێنەری سەرەکی بۆ بەستنی ڕێککەوتنی برۆکسل لە ئەپریلی ساڵی 1948. بیفن ئومێدی وابوو ئەو ڕێککەوتنە

ئەمنییە هاوبەشەی نێوان بەریتانیا و فەرەنسا و هۆڵەندا و بەلژیکا و لۆکسمبۆرگ، ببێتە بناغەیەک بۆ هاوپەیمانییەتێکی ڕۆژئاوایی فراوانتر. هەوڵدەدرا میکانیزمێک بدۆزرێتەوە تا وا بکات ویلایەتە یەکگرتووەکانیش بکەوێتە ناوجەرگەی کاروبارەکانی ڕۆژئـاوای بەریتانیا و هێورکردنەوەی دۆخـەکـە و ڕەوانـدنـەوەی مەترسییەکانی فەڕەنسا لە دووبارەهەڵسانەوەی ئەڵمانیا، هەروەها بۆ کەمکردنەوەی دەستدرێژییەکانی سۆڤیەت. لە چواری ئەپریلی 1949، بە ئامادەبوونی ئەو وڵاتانەی واژۆیان لەسەر ڕێککەوتنی برۆکسل کردبوو، لەگەڵ هاتنی هـەریـەک لە ئیتاڵیا و دانیمارک و نەرویژ و پورتوگال و کەنەدا و ئەمەریکاش بـۆ نـاو رێککـەوتنـەکـە، ڕێـکـخـراوێـکـیـان لـە واشـنـتـۆن دامەزراند، بەمەش هاوپەیمانیی ئەمنیی هاوبەش پێکهێنرا و هەروڵاتێکی ئەندام لەو هاوپەیمانێتییە ڕازیبوو بەوەی هەرهێرشێک بکرێتە سەر وڵاتێک یان زیاتر لە وڵاتێکی نـاو ئـەو ڕێـکـخـراوە، وەک ئـەوە وایـە هـێـرش کرابێتە سـەر هـەموو وڵاتـانـی ئـەنـدام. ئـەو پابەندبوونە مانای پاشەکشەیەکی مێژوویی ویلایەتەیەکگرتوەکان بوو، لەسەر یەکێک لە نەریتە دیاریکراوەکانی لە سیاسەتی دەرەوەی، چونکە هەرگیز ڕووداوێکی لەو جۆرە ڕووی نەدابوو پێشتر، کە واشنتۆن هەر لە کاتی هاوپەیمانییەتی لەگەڵ فەڕەنسادا لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا، بچێتە ناو هیچ هاوپەیمانییەتێکی لەو شێوەیەوە، یان پێداویستییە

ئەمنییەکانی خۆی بەو شێوەیە لەگەڵ پێداویستیی ئەمنیی وڵاتانی تر تێکەڵ بکات.

ئەو بازنە فراوانەی دەسەڵات (دەستڕۆیشتن) یان (ئیمپراتۆریەت)ی، ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئەورووپای دوای جەنگ دروستیکرد، زیاتر مەترسییەکانی پیشاندەدا، نەک خواست و ویستەکانی. جگە لەوەش ئەو ئیمپراتۆرییەتە لە ئەنجامی بەیەکگەیشتنەوەی بەرژەوەندیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا هاتەئاراوە. بۆیە لێرەدا پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێوان ئەو ئیمپراتۆریەتییەی یەکێتیی سۆڤیەت بەزۆر سەپاندی بەسەر زۆرینەی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ئیمپراتۆرییەتەکەی ئەمەریکا، کە لە دەرئەنجامی هاوبەشبوون هاتە ئاراوە و بەهۆی هەبوونی چەند خاڵێکی پاڵنەر، گرنگترنیشیان پاڵنەری ئەمنیی هاوبەش و ژێرخانی ئابووری.

سەرباری ئەوەی ئەورووپا ببوە دوو بازنەی دەسەڵاتی دژبەیەک و هۆکاری بەرەوپێشەوەچوونێکی یەکلاکەرەوەی سەرەتاکانی دەستپێکردنی جەنگی سارد بوو، بەڵام ئەو دابەشبوونە تەنیا بەشێک بو لەو چیرۆکە. چونکە ئەگەر بەرپابوونی جەنگی سارد تەنیا بەهۆی ململانێ لەسەر دەسەڵات و هێز بووایە لە ئەورووپا، ئەوا چیرۆکەکە ئاراستەیەکی تری وەردەگرت لە کۆتاییەکەیدا.

بەشی دوای ئەمە زیاتر لەسەر جوگرافیای کیشوەری ئاسیا وردەبێتەوە، کە دووەم شانۆی جەنگی سارد بوو لە سەرەتای دەیەی دوای جەنگی دووەمی جیهانی.

پەراوێز

(1) US National Archives and Records Administration.

(2) US National Archives and Records Administration .

# بەشی سێیەم

## بەرەو (جەنگێکی گەرم) لە ئاسیا
## (1945_1950)

ئاسیا بووە دووەمین شانۆی ڕووداوە گەورەکانی جەنگی سارد، یەکەم شوێن، کە تێیدا جەنگی سارد بەڕوونی تێیدا ڕوویدا. بەپێی بارودۆخەکە ئەورووپا ڕاددەیەکی زۆر زیاتری لە کێشە و ناکۆکییەکان بەردەکەوت، هەروەها زیاتریش بایەخی پێدەدرا لەلایەن ویلایەتەیەکگرتووەکان و یەکێتیی سۆڤیەتەوە، چونکە دوای جەنگی دووەمی جیهانی سەرجەم خاڵە سەرەکییەکانی پشێوی تێدا بەدیدەکرا. هەردوو زلهێزەکە بەپێی زەروورییەتی ئەمنیی دوورمەودا و نزیک مەودا بەرژەوەندیی خۆیان دیاری دەکرد. جگە لە خۆشگوزەرانیی ئابووری. بۆیە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژئاوای ئەورووپا و بەهێزبوونیشی لەگەڵ چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا، بە جەوهەری قۆناغی یەکەمی جەنگی سارد دادەنرێت. وەک ئەوەی لە بەشی پێشوودا ئاماژەمان پێدا. کە ئەڵمانیا خاڵی دەستپێکی سەرەکی بوو بۆ جەنگی سارد. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا چاوپۆشیکرا لەو ململانێ کراوەیەی لە کۆتایی چلەکانی دەیەی ڕابردوو لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا هەبوون. بەڵام ئاسیا، کە هەریەک لە واشنتۆن و مۆسکۆ هەندێک بەرژەوەندییان تێیدا هەبوو، بەڵام ئاسیا بەو ڕاددەیە چانسی نەبوو وەکو ئەورووپا. چونکە نزیکەی (6) ملیۆن سەرباز و هاووڵاتی

لەو ململانێیە کەوتنە ناو جەنگی سارد لە هەریەک لە کۆریا و هیندستان و چین. سەرباری ئەمەش، بەرپابوونی جەنگی کۆریا لە یۆنیۆی 1950 بووە هۆی دروستبوونی یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی ڕاستەوخۆ لەنێوان ویلایەتەیەکگرتووەکان و هێزەکانی کۆمۆنیزم. وەک هەرڕووداوێکی تاک لایەنەش جەنگی ساردی کرد بە ململانێیەکی جیهانی.

**ژاپۆن: لە دوژمنێکی سەرسەختەوە بۆ هاوپەیمانێکی جەنگی سارد**

جەنگی دووەمی جیهانی بووە هۆی ڕوودانی چەند گۆڕانکارییەک بەدرێژایی کیشوەری ئاسیا. سەرکەوتنە سەربازییە بەرچاوەکانی ژاپۆن لە مانگەکانی یەکەمی جەنگ لە سەنگافۆرە و مەلایۆ و بۆرما و فلیپین و دوورگەکانی ڕۆژهەڵاتی هیندی هۆڵەندی و هیندی چینی و فەڕەنسی و چەندی تر.. بووە هۆی سەراوژێربوونی ڕژێمی داگیرکاری ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. لە هەمان کاتدا ئەفسانەی سەرکەوتنی ڕەگەزی سپیپێستی تێکشکاند، کە فەرمانڕەوایی ڕۆژئاوا لەسەری دامەزرابوو. یەکێک لە دبلۆماتکارە ئوسترالییەکانی ئەوکاتە لەو بارەیەوە دەڵێت: (ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشتی بە شکۆمەندییەک دەبەست، بەڵام ئەو شکۆمەندییە بەتەواوی

تێکشکێنرا). داگیرکاریەکانی ژاپۆن بۆ سەر کۆلۆنیاڵەکانی بەریتانیا و فەڕەنسا و هۆڵەندە و ئەمەریکا، کە بە دروشمی (ئاسیا بۆ ئاسیاییەکان) پۆزشی دەستدرێژییەکانی پێ دەهێنایەوە، ( هەرچەندە بۆ بەرژەوەندییەکانی خودی ژاپـۆن بـوو) پەلـەی کـرد، لـە گەشـەکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی لای گەلانی ئاسیا و گۆڕەپانەکەشی ئامادەکرد، بۆ بەرپابوونی شۆڕشە نەتەوەییەکان، کە پاش جەنگی جیهانی هەڵدەگیرسان. چونکە ئەو بۆشاییەی لە دەسەڵاتدا دروستببوو، بەهۆی خۆبەدەستەوەدانە بەپەلەکەی ژاپۆن لە چواری ئۆگەستسی 1945، وایکرد قەومییەکان کاتی زیاتریان هەبێت بۆ ڕێکخستنەوەی خۆیان و کۆکردنەوەی هێز و کەمەندکێشکردنی جـەمـاوەر بـۆلای خـۆیـان و دامەزراندنی ڕژێمێکی فەرمانڕەوایی نیشتیمانی، بۆئەوەی هەرزوو لەنگەر بگرێت لەبری کۆنترۆڵکردنی لەلایەن ژاپۆن و ڕۆژئاواوە.

داستانەکانی گەلانی ئاسیا و گەلانی تری جیهانی سێیەم لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی نیشتیمانی ئەنجامیاندان، یەکێکن لە بەتەوژمترین هێزی کاریگەر لە مێژوودا. پێویستە جەخت لـەوەش بکرێتەوە، سەرباری جیاوازیی زەمەنی نێوانیان، بەڵام ئەو ململانێیە تا ڕاددەیەکی زۆر جیاوازتر بوو، لەو ململانێیەی لەسەر هێز و دەسەڵات هەبوو لەنێوان ئەمەریکا و سۆڤیەت. بێگومان بە ڕووداو و ڕوونەدانی جەنگی ساردیش هەر بەرپا دەبوون. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا

ئەو ململانێیانەی لەسەر دەسەڵات ڕوویاندا سروشتێکی سەرتاسەری وەرگرت و ئاڕاستەکەی بەرەو سەربەخۆیی و ئازادی چوو. چونکە کۆتاییهێنان بە داگیرکاری و جەنگی ساردیش بەیەکەوە بەندبوون. هەریەکەشیان بەشداربوو لە پێکهێنانی ئەوی تر. جا چ لە ئاسیا بێت، یان هەرشوێنێکی تری گۆی زەوی. لە کاتی بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانییش، هەریەک لە ئەمەریکا و سۆڤیەت درکیان بە لەیەکترازانی سیستمی کۆن نەکردبوو لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. ڕاددەی مەترسییەکانی جەنگی زەریای هادیاشیان بە هەند وەرنەگرتبوو، نەیاندەزانی ئەو گۆڕانکاریانە تا چ ڕادەیەک کاریگەرییان دروستکردووە و بوونەتە هۆی بەدیارکەوتنی ڕەوتە قەومییەکان لەناو کۆمەڵگاکانی ئاسیا. سەرەتا سۆڤیەتییەکان وەک پیشەی هەمیشەیی خۆیان خۆپەرستانە مامەڵەیان لەگەڵ دۆخەکەدا کرد. ستالین هەوڵیدا سەرجەم ئەو زەوییانەی دەکەوتە ناو سنووری ڕووسیای قەیسەری پێشتر بیانگەڕێنێتەوە و دەستبگرێت بەسەر تایبەتمەندییە ئابوورییەکان لە مەنشوریا و مەنگۆلیا . لەلایەکی تریش دەستبەرکردنی ئەمن و ئاساییش بۆ یەکێتیی سۆڤیەت بە درێژایی سنوورەکانی لەگەڵ چینی سۆڤیەتی، کە ڕووبەرەکەی (4150) میل دەبوو. بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەشی، دۆخەکە وای دەخواست چین هاوپەیمانێکی دڵنیاکەرەوە بێت. بەڵام لاواز. باشتریش وایە دابەشبووبێت بەسەر خۆیدا، بۆئەوەی خۆی لابدات

لە هەر بەریەککەوتنێک لەگەڵ هێزە ڕۆژئاواییەکان و کپکردنەوەی هەر ناکۆکیەکی شۆڕشگێڕی لای حیزبە شیوعییەکانی ناوەوە. ویلایەتەیەکگرتووەکانیش لەلای خۆیەوە بەرنامەیەکی چوارچێوە فراوان و چڕوپڕی داڕشتبوو، سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەش، کە پشتی بە داماڵینی ژاپۆن کردبوو لە هێزە سەربازییەکەی و زەریای هادییش بکاتە دەریاچەیەکی ئەمەریکی. دواتر چین بکاتە هاوپەیمانێکی جێگیر و پشتی پێببەستێت. جگە لەوانەش دەیویست بگاتە چارەسەرێکی هاوسەنگانە بۆ کێشەی ئیستعمار. پێش هەموو شتێکیش پلاندەرانی ستراتیژیەتی ئەمەریکا دەیانویست هەرگیز جارێکی تر ڕێگە نەدەن ژاپۆن هەڕەشە لەسەر ئاساییشی ناوچەکە دروستبکات. بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەش: واشنتۆن تاکلایەنە دەیویست سەرپەرشتی پرۆسەی داگیرکردنی ژاپۆن بکات، دوای جەنگیش خۆی دووبارە سەرپەرشتی ئاوەدانکردنەوەکەشی بکات. ئامانجەکەی ئەمەریکا ئامانجێکی سادە بوو، چونکە دەیویست هەر هێزەکەی خۆی بەتەنیا بەکاربهێنێت بۆ دووبارەبوونیادنانەوەی کۆمەڵگەی ژاپۆنی بۆئەوەی بتوانێت هەر پاشماوەیەکی ڕۆحیی سەربازی هەبێت تێکیبشکێنێت و جارێکی تر هەڵنەستێتەوە. لە هەمان کاتیشدا هاندانی بۆ گەشەکردنی دامەزراوە دیموکراسیە لیبرالیەکان لەوێدا. لەو کارەشی تا ڕاددەیەکی زۆر سەرکەوتنی بەدەستهێنا. لەژێر

سەرپەرشتیی فەرماندەی سەربازیی ژەنەڕاڵ دۆگلاس ماکارسەر، ئەمەریکا توانیی چوارچێوەیەکی فراوانی چاکسازی لە سیستمی زەوییەکان و مافی کرێکاران بکات ، کە وایکرد لە ژاپۆن، مافی دانوستاندنی  بەکۆمەڵ و دامەزراندنی سەندیکاکانی لێبکەوێتەوە. هەروەها کاراکردنی سیستمی پەروەردە و پێدانی مافی ژنان. ساڵی 1957 دەستووری ژاپۆنی بەفەرمی مەسەلەی جەنگی شەرمەزار کرد و  پێکهێنانی هێزی چەکداری قەدەغە کرد. سیستمێکی حوکمیی دیموکراسی نوێنەرانی لەژێر سایەی سەروەریی یاسا لەخۆگرت. ئەو پرۆسەیە، بەپێی وتەی مێژوونووسان: (پرۆسەیەکی گۆڕانکاریی سیاسیی سەرتاسەریی زەبەلاح بوو، لە مێژوویی جیهاندا، ئاڕاستەکەشی لەدەرەوە دیاریکرابوو).

بە پێچەوانەی دۆخەکە لە ئەڵمانیا، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن چوار زلهێزی زەبەلاح و جیاواز لەڕووی ئامانجی سیاسی و ئیداری حوکم دەکرا. تەنیا یەک زلهێز سەرپەرشتی پرۆسەی داگیرکردنی ژاپۆنی کرد و بەناڕاستەوخۆش حوکمی دەکرد، پێی باشتربوو لە ڕێگەی هاریکاریکردن لەگەڵ بیروکراسییەتی حکومەتی ژاپۆنی ئیرادەی خۆی بسەپێنێت. لەکۆتاییشدا دەرکەوت ژاپۆن وەک دەوڵەتێکی قەومی پارێزگاری لە ئاسایش و سەروەریی خۆی کردووە. بە پێچەوانەی ئەڵمانیا، بەڵام

سەربارى ئەو هەموو جياوازييە بەرچاوانە: بەرپرسانى ئەمەريكا و بەدياركراوييش دواى ساڵى 1947، وەك دەوڵەتێكى ئاسيايى لە ئەڵمانيا ( ڕۆژئـاوا) مامەڵەيان لەگەڵ دەكرد. وڵاتێك كە وايكرد، ژێرخانى پيشەسازى زۆر پێشبكەوێت و كرێكارى بەهرەمەند و داهێنەرى تەقەنيى بەتواناى هەبێت، كە لە هيچ وڵاتێكدا هاوشێوەيان نەبوو، گەشەكردنێكى ئابوورى و ئيقليمى و هاوپەيمانێكى ستراتيژى و بەهايەكى زۆرى هەبێت لە جەنگى سارد. دواتر لەگەڵ هەڵكشانى پشێوييەكانى نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و لە ئەورووپا. ڕژێمى داگيركارى ئەمەريكا لە ژاپۆن زياتر لە كارە چاكسازيەكانى دوژمنە كۆنەكەى بەردەوام بوو، بايەخێكى زۆرى دا بۆئەوەى بەرەو بووژانەوەى ئابوورى بچێت. چونكە پلاندەرانى ئەمەريكا پێيان وابـوو، ئەگەر ژاپۆن نەك تەنيا دەوڵەتێكى جێگير و بەهێزبێت لەڕووى ئـابـوورى، بەڵكو گـەر لايەنگرێكى بەهێزى ئەمەريكاش بێت، ئـەوا كارێكى زەروورييـە بۆ بەديهێنانى ئامانجە سياسييەكانى ئەمەريكا لە ئاسياى دواى جەنگ. وەك چۆن ئەڵمانيايەكى جێگير و خاوەن ئابوورييەكى بەهێز پێويستە بۆ ئەمەريكا، ژاپۆنيش هەمان كاريگەرى هەبوو. لە هەردوو حاڵەتەكەشدا، ئامانجە سياسييەكان و ئامانجە ئابووريەكان بەيەكەوە يەكتريان تەواودەكرد و ئاوێتەى يەكتر دەبوون.

ئەمەریکییەکان ژاپۆنیان بە گرنگترین وڵاتی ئاسیایی دادەنا بەهۆی تواناکانی، کە بزوێنەری چاکبوونەوەی ئابووری بوو لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و بەهایەکی ستراتیژیشی هەبوو. لە سەرەتاکانی ساڵی 1947 بەدواوە ئامانجی سەرەکیی سیاسەتی ترومان  لە ئاسیا بریتیبوو، لە ئاڕاستەکردنی ژاپۆن و گەشەکردنی و هێنانی بۆ ناو بازنەی ڕۆژئاوایی. دەستەی ئەرکانی هاوبەشیش هۆشداریدا، ئەگەر تۆکیۆ بکەوێتە ژێر هەژموونی دەسەڵاتی کۆمۆنیزم، ئەوا یەکێتیی سۆڤیەت ژاپۆن دەستەمۆ دەکات و دەبێتە خاوەنی توانایەکی جەنگی بە ڕاددەی 25% زیاتر لە توانای ئێستای. لە دیسەمبەری ساڵی 1949، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا (دین ئەتشیسون) گرنگیی ستراتیژی ژاپۆنی خستەڕوو، وەک هێزێکی هاوسەنگ و کاریگەر لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا وەسفیکرد و وتی: (ئەگەر ژاپۆن بکەوێتە سەر سەربازگەی سۆڤیەت، ئەوا سۆڤیەت دەبێتە خاوەنی کرێکاری چالاک و توانایەکی پیشەسازیی کەموێنە، دەتوانێت تەرازووی هێزی جیهانیش بە شێوەیەکی زۆر بەلای خۆیدا بگۆڕێت).

لەژێر ڕیۆشنایی بوونی مەترسیەکان، بەرپرسانی ئەمەریکا کۆکبوون لەسەر پاراستنی ژاپۆن لە هەرهەڕەشەیەکی دەرەکیی شیوعییەکان و دوژمنی ناوخۆی. ئەمەش یەکێک بوو لە ئەولەویەتی کارە سەرەکییەکانی ئەمەریکا، بەڵام

سەربارى ئەو سەركەوتنە بەرچاو و خێرایانە، كەچی ئەمەریكا ترسی لە داهاتوو هەبوو. بەدیاریكراوی ترسی لە بەرەوپێشەوەچوونی بارودۆخەكان هەبوو لە ڕێگەی دەریــای چیـن، گـەر ببێتە ڕێگر لـەبـەردەم هەوڵەكانی دووبارەزیندووكردنەوەی ژاپۆن. دواتر لەگەڵ سەركەوتنی شیوعییەكان لە چین و پاشان بەرپابوونی جەنگی ناوخۆیی لەو وڵاتە. كە ژاپۆن تا ڕاددەیەكی زۆر پشتی بە بازاڕەكانی چین دەبەست لە ڕێگەی دەریاكانیدا، ئەمەریكا ترسی ئەوەی هەبوو ئەو كارە ببێتە هۆی كەمەندكێشكردنی ژاپۆن بۆ ناو بازنەی كۆمۆنیزم، وەك چۆن سەرۆكوەزیرانی ژاپۆن (شجیرۆ یوشیدا) وتی: (ئەگەر چین سووربێت یان سەوز، بۆ ئێمە هەر بازاڕێكی سروشتییە). ئاڕاستەكردنی ژاپۆن و داهاتووی چین، دوو گرفت بوون، كە لێكجیاكردنەوەیان كارێكی ئاسان نەبوو.

## سەركەوتنی كۆمۆنیستەكان لە چین

ڕاگەیاندنی كۆماری میللیی چین لە ڕۆژی یەكی ئۆكتۆبەری ساڵی 1949. تەنیا بریتی نەبوو لە سەركەوتنێكی خودی ماوتسی تۆنگ و چەند فەرماندەیەك لەناو بزووتنەوەی شیوعییەكانی چین، كە تووشی ئازار و ڕاوەدونان و مەرگ ببوونەوە لە سەردەستی پارتی (كۆمیتانگ)ی، دەسەڵاتدار بە سەرۆكایەتیی شیانگ كای شیک. بەڵكو ئاماژەیەك بوو بۆ گۆڕانگارییەكی ڕیشەیی لە سروشت و شوێنی جەنگی

سارد. چونکە بووە هۆی گۆڕانکارییەکی زۆر لە پایەی سیاسەتی ناوخۆیی و ئایدیۆلۆژیا و ستراتیژیەتدا.

لەمیانەی جەنگی دووەمی جیهاندا، ئیدارەی رۆزفلت پشتیوانی لە ڕژێمەکەی شیانگ کای شیک کرد و بڕێکی زۆری لە یارمەتیی ئابووری و سەربازی پێشکەش کرد. ڕۆزفلت دەیویست هێزی سەربازیی چینی بکاتە هێزێکی کارا و ڕکابەریی ژاپۆن بکات و شیانگیش بکاتە هاوپەیمانێکی بەهێز و ئەمەریکا پشتی پێببەستێت. هاوپەیمانێک بتوانێت ڕۆڵێکی کارا بگێڕێت لە سەپاندنی سەقامگیری و هاوسەنگی لە ئاسیای دوای جەنگ. بۆیە لە ساڵی 1943 ڕۆزفلت لە قاهیرە چاوی بە شیانگ کەوت، پێش بەستنی لووتکەی هەرسێ زلهێزەکە لە تاران، ڕاستەوخۆ دوای کۆنگرەکە و لە کاتی وتووێژکردنیان لە قاهیرە سەرۆکی ئەمەریکا بە شیانگی هەڵدا، کە چۆن توانیویەتی چین بگەیەنێتە ڕیزی دەوڵەتانی زلهێز لەڕووی مەعنەوییەوە. دواتر ڕۆزفلت وتی: چین یەکێکە لەو (چوار هێزە ڕێکخراوە)، کە دەتوانێت یارمەتیدەربێت لە پاراستنی ئاشتیی دوای جەنگ. ئەم کارەشی لەپێناو هاندانی چین بوو، بە مەبەستی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان.

جگە لە قەرەبووکردنەوە، شیانگ داوای یارمەتیی سەربازیشی کرد، بەڵام ئەمەریکا نەیتوانی دابینی بکات. هەروەها داوای مانەوەی چینی کرد لە دۆخی جەنگ. بەمەش ئەگەری بەستنی ڕێککەوتنی ئاشتیی نێوان ژاپۆن و چین

بەتەواوی هەڵوەشایەوە. کەچی، نە پیاهەڵگوتنەکەی ڕۆزفلت لەڕووی مەعنەوی و نە نێردەسەربازی و دبلۆماسییەکانی بۆ کۆمینتانگی ڕەوانە کرابوون، لە کاتی جەنگ لە چونگتشینگ، هیچیان سوودی نەبوو بۆ ڕازیکردنی هێزەکانی شیانگ، بۆئەوەی بە هێزی سەربازی بەشداری بکات. دوای هاتنی ساڵی 1944 دبلۆماتکارە ئەمەریکییەکانی لە چین بوون، گەشبین نەبوون بەو رژێمە گەندەڵە، کە سەرتاپای نوقمی بەرتیل و گەندەڵی بـووە. لـەلای خۆیشیەوە حکومەتە قەومییەکەی کۆمنتانگ، لای ڕوون بوو، کە هەڕەشەی سەرەکی لەسەر چین ژاپۆنییەکان نین. چونکە دڵنیابوو ئەو هاوپەیمانە ئەمەریکییەی بەبێ چین، یان لەگەڵ چین شکستی پێدەهێنێت. بەڵکو هەڕەشەکە لەلایەن شیوعییەکانەوە بوو، کە ماوتسی تۆنگ سەرۆکایەتی دەکردن. هێزێکی سەربازی و سیاسیی بەهێزیان دروستکردبوو لەو ساڵانەی لەگەڵ ژاپۆن لە شەڕدا بوون، توانیبوویان ڕووبەرێکی فراوان لە باکوور و ناوەڕاستی چین کۆنترۆڵ بکەن. بۆیە شیانگ دەیویست سەرباز و جبەخانە و یەدەگی سەربازیی خۆی لەگەڵ ژاپـۆن بەفیرۆ نـەدات، بەڵکو هەمووی پاشکەوت بکات، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شیوعییەکان .

لە کۆنگرەی یاڵتا لە فێبرایری ساڵی 1945، ڕۆزفلت دەیویست دەرچەیەکی تر بدۆزێتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئـەو تەنگژە سیاسییەی ئەمەریکا تێیکەوتووە لە چین. چونکە دوای ئەوەی زانیی شیانگ لە شەڕی ژاپۆن یارمەتی

نادات ، هەوڵیدا سۆڤیەت پابەند بکات، بۆ هاتنە ناو جەنگی دژی ژاپۆن لە ماوەی سێ مانگ دوای کۆتاییهاتنی شەڕ لە ئەورووپا. لەکۆتاییشدا توانیی مەبەستەکەی بێنێتەدی و ستالین ڕازیبکات، بۆ ئەوەی بێتە ناو جەنگی ژاپۆن، بەڵام ستالین لەبەرامبەر ئەوەدا داوایەکی لە رۆزفلت کرد بۆئەوەی یارمەتیی بدات لە بەدەستهێنانەوەی تایبەتمەندییەکانی سەردەمی ڕووسیای قەیسەری لە مەنشوریا و مەنگۆلیا. سەرۆکی ئەمەریکاش بە لەبەرچاوگرتنی کەمکردنەوەی زیانی گیانیی ئەمەریکییەکان لە جەنگی زەریای هادی، کە پێشبینی دەکرا جەنگێکی خوێناوی بێت، ئەو بەڵێنەی دا بە ستالین.

لە چواردەی ئۆگەستس، شیانگ ڕازیبوو بەو داوایە، کە بە (پەیماننامەی هاوپەیمانی و دۆستایەتیی چین – سۆڤیەت) ناونرا، لەبەرامبەریشدا مۆسکۆ دان بە سەروەریی یاسایی حکومەتی شیانگ بنێت. بەڵام شیوعییەکانی چین هەستیان بە خیانەتکرد لەلایەن ئەو لایەنەی، کە دەبێت لەڕووی ئایدیۆلۆژیاوە هاوڕێ و هاوپەیمان و هاوسەنگەر بن، ئەوەش شتێکی سروشتی بوو لەو دۆخەدا. کەچی لای ستالینی دیکتاتۆر، بەرژەوەندییە قەومییەکان و باڵاکانی ڕووسیا لە سەرووی هەموو هاوسۆزییەک و هاوپەیمانییەتێک بوو لەبەرامبەر مەسەلەی هاوڕێ شیوعییە شۆڕشگێڕەکانی. لەڕاستیدا سەرکردەکەی ڕووسیا، پێیوابوو باشترە چین لاواز و لەیەکترازاو بێت، وەک ئەوەی وڵاتێکی بەهێز و یەکگرتوو

بێت! لەلای گرنگ نەبوو جڵەوی دەسەڵات لای کێ دەبێت. ئەو، تەنیا دەیویست شیوعییەکانی چین هەمیشە پشت بە مۆسکۆ ببەستن و سەر بە مۆسکۆ بن. هەروەها هەستی بە ترس کردبوو لە بەرامبەر هەستی قەومی لای چینییەکان و پێیوابوو، هەرکاتێک جڵەوی دەسەڵاتیان وەرگرت، داوای سەپاندنی خۆیان دەکەن، بەسەر هەموو خاکی چین. بەمەش چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی ئەو دەکەوێتە مەترسییەوە. لەلایەکی تریش، دیکتاتۆری سۆڤیەتی دەیویست خۆی لابـدات، لە مەترسیی هـەر تـورەبـوون و ورووژاندنێکی ویلایەتەیەکگرتوەکان. بۆیە ستالین لە ئۆگەستسی 1945 دوای چوونی بۆ ناو باکووری ڕۆژهەڵاتی چین، هێزەکانی چوونە نـاو مەنشوریا و دەستکەوتی بازرگانیی نـوێ و بەرچاوی لەو ناوچەیە و ناوچەکانی تری سنوور دەستکەوت. کەچی لە بەرامبەر داواکارییەکانی (مـاو)، کە ستالین بە کەسێکی لەخۆبایی و سەرسەختی دەبینی و زۆر قورس بوو، بەئاسانی کۆنترۆڵ بکرێت، سەرکردایەتیی کۆمەڵێک شیوعیی (دەستکرد)ی دەکرد، لای ستالین لە پلەی دووەمدا دەهات دوای داواکاری و بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت .

دوابـــەدوای خـۆبـەدەسـتـەوەدانـی ژاپـۆن، هەڵوێستی سیاسی لە چین بـەرەو خراپبوون دەچـوو. چونکە "ماو" ڕێککەوتنێکی ئاشتیی ڕاستەقینەی لەنێوان شیوعییەکان و کومینتانگ بە دوور دەزانـی و جەنگی ناوخۆیش بە هەرشێوەیەک بێت بەرپا دەبێت. لە کۆبوونەوەیەکیشدا بۆ دەرکردنی ڕێنمایی نوێ بۆ بازنەکانی ناوخۆیی حزبی

شیوعی، لە 11ی ئۆگەست، کادر و فەرماندە سەربازییەکانی ئاگادارکردەوە، تا خۆیان ئامادەبکەن و هێزەکانیان بۆ شەڕێکی ناوخۆ ڕێکبخەنەوە. لە پایزی ساڵی 1945 هێزە قەومییەکانی شیوعی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی چین، کەوتنە شەڕکردن لەگەڵ شیانگ. کە پشتی بە کەرەستە و جبەخانە و فاکتەرەکانی گواستنەوەی ئەمەریکییەکان دەبەست بۆ سەرکوتکردنی شیوعییەکان.

ویلایەتەیەکگرتوەکان زۆر بێئومێد ببوو، لە هەبوونی دەوڵەتێکی چینی یەکگرتووی بێلایەن، کە پشتیوان و هاوپەیمانی ئەمەریکا بێت. ژەنەڕاڵ ئەلبرت ویدیمایری فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا لە چین، واشنتۆنی ئاگادارکردەوە لەسەر یارمەتیدانی شیانگ بەبێ هیچ گرەنتیەک و پێشبینیی کرد و، وتی: (ئەگەر چین بووە وڵاتێکی سەر بە ڕووسیای سۆڤیەتی، کە بێگومان واتە سەرکەوتنی شیوعییەکانی چین لەو وڵاتە، ئەوکاتە ڕووسیا بە شێوەیەکی کردەیی زاڵ دەبێت بەسەر هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەورووپا). هەندێک لە چاودێرە سیاسییەکانی ئەمەریکا پێیانوابوو، ئەو پێشبینیکردنە زیادەڕۆیی تێدا دەکرێت. هەرچەندە باوەڕیان وابوو، کە شیانگ ناتوانێت لەڕووی سەربازییەوە شکست بە شیوعییەکانی چین بهێنێت. ئەو ئاشتییەی دوای دانوستاندنی نێوان شیوعییە قەومییەکانیش دێتە ئاراوە، وا دەکات، چین خۆی لابدات لە هەرجەنگێکی ناوخۆیی. بێگومان نایەوێت سەقامگیریی خۆی لەدەستبدات و ئامانجە سیاسییەکانی ئەمەریکاش تێک

دەشکێنێت. چونکە سیاسییەکانی ئەمەریکا دەیانزانی شیانگ پێویستی بە دۆزینـەوەی چارەسەرێکە لەگەڵ ڕکابەرە سیاسییەکان، نەک هەوڵی لەناوبردنیان بدات. لە کۆتایی ساڵی 1945یـش سـەرۆک ترومان (ژەنـەڕاڵ جۆرج سی مارشاڵ)ی ڕەوانەی چین کرد، کە یەکێک بوو لە کەسایەتییە دیار و خۆشەویستەکانی لای گەلی ئەمەریکا، بەهۆی ئەو دەستکەوتە مەزنانەی لە کاتی شەڕدا بەدەستیهێنابوون. بە مەبەستی نێوەندگیریکردن و دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ ئەو ململانێیە .

لە سەرەتای ساڵی 1946، مارشاڵ توانیی ئاگربەستێکی کـاتـی ڕێکبخات، بـەڵام هــەرزوو لـەبـاربـرا. هەوڵەکانی ژەنەڕاڵەئەمەریکییەکە بۆ گەیشتن بە چارەسەرێک لەنێوان شیانگ و ماو، لە بنەڕەتدا زیاتر لەسەر وەهمێک بونیاد نـرابـوو. بەوپێیەی، کـە ڕەنـگـە بتوانێت هـاوبـەش بـن لە دەسەڵات و حکومەتێکی ئیئتلافی پێک بهێنن و هەردوولا تێیدا بەشداربن . کەچی سەرباری نییەتپاکیی مارشاڵ، بەڵام ئەو هەوڵانە بەهۆی چەند جیاوازییەک لە هەردوولاوە شکستیهێنا. چونکە هیچ یەکێکیان متمانەی بەوی تر نەدەکرد و ئامادەنەبوون دەسەڵاتەکانیان دابەشبکەن. لە کۆتایی 1946 مارشاڵ بەتەواوی بێئومێد بوو، هاتە ئەو بڕوایەی تەنیا بە زەبری چەک ئەو ململانێیە کۆتایی پێدێت و هەرگیز شیانگیش ناتوانێت لەو ڕێگەیە سەرکەوتن بە دەستبهێنێت.

ئیدارەی ترومان بەردەوامبوو لە پێدانی یارمەتییەکان

بە ڕژێمەکەی شیانگ و لەنێوان ئەو ماوەیەی ژاپۆن خۆی بەدەستەوەدا تا 1950 کۆی گشتیی یارمەتییەکانی گەیشتە (218) ملیار دۆلار. بەڵام ئەوە بە مەبەستی پاراستنی خۆی بوو، لەڕووی سیاسی لە بەرامبەر قەومییەکانی چین و ئەوانەی پشتیوانیان لێدەکەن.  کە بە کۆمەڵەی فشاری چین ناو دەبران، بڕوایان وابوو تەنیا بەو یارمەتییانە ئەمەریکا، هێزەکانی کۆمینتانگ سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت.

لە کۆتایی 1948 و دوای ڕاکردنی شیانگ و کەسە نزیکەکانی بۆ تایوان، شکستکە زۆر نزیک ببوو. ڕاگەیاندنە کاریگەرەکەی "ماو" لەسەر دامەزراندنی کۆماری چینی میلليی نوێ لە ئۆکتۆبەری 1949 تەنیا مۆرکردنێکی فەرمی بوو لەسەر دەرئەنجامێک، کە چاودێران ماوەیەکی دوورودرێژ بوو پێشبینیان کردبوو .

سەرکەوتنی شیوعییەکان لە جەنگی ناوخۆیی چین، بێگومان ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر جەنگی سارد. هەرچەندە ئەو سەرکەوتنە لە بنچینەدا بەرهەمی هێزێکی ناوخۆیی ئاڵۆز بوو. چونکە ڕژێمێکی قەومی، کە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکان (سەرباری بوونی پەیوەندییەکی ناجێگیر و بێمتمانەیی لەنێوان واشنتۆن و شیانگ) پشتیوانی لێدەکرا لە بەرامبەر بزووتنەوەیەکی شیوعی، کە لەلایەن یەکێتیی سۆڤیەتەوە (بەهەمان شێوە سەرباری بوونی پەیوەندییەکی ناجێگیر و بێمتمانەیی لەنێوان مۆسکۆ و ماو) پشتیوانی لێدەکرا، شکستی هێنابوو. چاودێرانی

ئەورووپی و ئاسیایی ئەنجامەکانی شەڕی ناوخۆی چینیان بە شکستێکی گەورەی ڕۆژئاوا وەسفکرد و بە داستانێکی سەرکەوتووش بۆ یەکێتیی سۆڤیەت و شیوعییەکان. ئەمەش بۆچوونی ڕەخنەگرانی ترومان بوو لە ناو وڵات، کە بەهۆی لەدەستدانی چین رەخنەی توندیان لە سەرۆک گرت و بە بێپلانی و بێبەرنامەیی وەسفیان کرد. لەلای خۆیشیانەوە –ئیدارەی ترومان– سەرکەوتنی شیوعییەکانی لە چین بە کارێکی هاوسەنگانە دانا، چونکە پێیانوابوو ئەوە کارەساتێکی ستراتیژیی ڕەها نییە، بەڵکو پشێوییەکی کاتییە.

سەرەتا: سەرۆکوەزیرانی ئەمەریکا (دین ئەتشیستون) و گەورەبەرپرسانی دەرەوە، بەو شێوەیە سەیری چینیان نەدەکرد، کە بەهۆی شەڕەوە خاپوور و لەیەک هەڵوەشابووەوە. بە پێکهاتەیەکی سەرەکی تەماشایان نەدەکرد لە هاوسەنگبوونی هێزەکانی سەرتاسەری جیهان، لانیکەم تا داهاتوویەکی نزیک. بۆیە گرنگیی چین هێندەی گرنگیی ئەورووپا و ژاپۆن نەبوو. یان تەنانەت وەک گرنگیی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست نەبوو. دووەم : پێیانوابوو چینی شیوعی ناخزێتە ناو بەرەی چینی–سۆڤیەتی و یەکناگرن لە دژی ئەمەریکا. چونکە پلاندەرانی ستراتیژیەکانی ئەمەریکا لەو باوەڕەدابوون، کە ئامانجە جیۆسیاسییە جیاوازەکان کار دەکەن، لە دژی هەر بەرەوپێشەوەچونێکی پەیوەندیی نێوان سۆڤیەت لەژێر سەرکردایەتیی ستالین و چین بە ڕابەرایەتیی "ماو". دواجار ئومێدیان وابوو پێویستیی چین

بە یارمەتییە ئابوورییەکانی ئەمەریکا، وا دەکات هەلێک بدات بە ئەمەریکا بۆ بەیەکنەگەیشتنی هەردوو هێزی شیوعی.

هەندێک لە مێژوونووسان پێیانوایە، ئەمەریکا هەلێکی دەگمەنی لەدەستدا بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین باشتر بکاتەوە، یان لانیکەم پەیوەندییە کردەییەکانی لەو ڕووەوە کارابکاتەوە. چونکە هەندێک ڕەگەزی ناو حکومەتی چینی شیوعی خواستی دروستکردنی پەیوەندییەکی ئیجابییان هەبوو لەگەڵ ویلایەتەیەکگرتوەکان بۆ دەستبەرکردنی یارمەتییەکان و پرۆسەکانی ئاوەدانکردنەوە، کە چین لەو کاتەدا پێویستی زۆری پێیبوو. لەلایەکی تریش تا بەتەواوی پشت بە کرملین نەبەستێت.

ئەمەریکاش دەیویست دوای (هێوربوونەوەی تەپوتۆزەکە) ئینجا دەتوانێت لەڕووی دبلۆماسییەوە دان بەحکومەتی چیندا بنێت و هەرچی لە توانایدا هەبێت بۆ ڕزگارکردنی پاشماوەی شەڕی ناوخۆ بیکات. بەڵام بەڵگەنامە نوێیەکانی چین ئەوە دەسەلمێنن، کە هەرگیز ئەمەریکا ئەو نییەتەی نەبووە. "ماو" بە شێوەیەکی سروشتی بەرەو سەربازگەکەی سۆڤیەتی کەمەند کێش ببوو، ئەمەش بەهۆی پێداگری لە دووبارەگۆڕینەوەی ڕوخساری چین. هۆکاری ئەو سووربوونەش توڕەبوونێک کەڵەکە ببوو، بەرامبەر ئەو دەوڵەتە ڕۆژئاواییە داگیرکەرانەی، کە ڕۆژانێکی دوورودرێژبوو هاتبوونە ناو خاکی چین. جگە لەوەش پێویستی بە دوژمنێکی تر هەبوو بۆئەوەی یارمەتی بدات لە کۆکردنەوەی پشتیوانیی میللی، کە لەپشت ئامانجە شۆڕشگێڕییە مەزنەکەی بوو لە ناوەوی وڵات. دواتر

سەرجەم پێشنیازی هاوسەنگەرانی خۆی ڕەتکردەوە، بە پێدانی چڵەزەیتوونێک بە واشنتۆن وەک نیازپاکییەک لەلایەن پەکینەوە. لەبری ئەوە سەرکردەکەی چین لە دیسەمبەری 1949 بەرەو مۆسکۆ کەوتەڕێ. هەرچەندە لەلایەن ستالینەوە پێشوازیەکی گەرمی لێنەکرا، کە تا ئەو کاتەش بەئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد. کەچی ماو توانیی بگاتە ڕێککەوتنێک و پەیماننامەیەکی دۆستانە و هاوپەیمانییەتێک لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت واژۆ بکات . بەپێی ئەو ڕێککەوتنە هەرهێزێک لەم دوو هێزانە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر پەلامارێک یارمەتیی یەکتر بدەن. ئەمەش زەنگێکی مەترسیدار بوو (لە جەنگی ساردەوە).

## جەنگی سارد دەگاتە باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا

وەک چۆن جەنگی ناوخۆی چین تا ڕاددەیەکی زۆر بەندبوو بە جەنگی ساردەوە، بە هەمان ڕاددەش کاریگەری لەسەر ململانێکانی لەسەر سەربەخۆبوون هەبوو. لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لەدوای جەنگ. هێزە قەومییە ناوخۆییەکان بەبێ جیاوازی دەیانویست شەرعیەتی نێودەوڵەتی دەستەبەربکەن و پشتیوانی و دەستکەوتی زیاتر بەدەستبهێنن لەو ململانێیەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. بە شێوەیەک کە مەرام و ویستەکانی خۆیان لەژێر پەردەی جەنگی ساردەوە دەشاردەوە، تا یارمەتییە مادی و دبلۆماسییەکان لە یەکێک لەو دوو زلهێزە وەربگرن. ئەو

ڕێچکەیەی (جیهانگیری) بەهۆی ململانێکەی ڕۆژئـاوا و ڕۆژهەڵات لەسەری گیرسایەوە لەو کاتەدا، بووە ڕێچکەیەکی باو و پەیڕەوکراو. سەرەتا، نە ویلایەتە یەکگرتووەکان و، نە یەکێتیی سۆڤیەتیش هیچ بەرژەوەندییەکی زیندوویان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا دیاری نەکرد، کە زۆر گرنگتر بوو لە ئەورووپا. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا نەدەتوانرا بەئاسانی ئەو ململانێیانەی هـەردوو ناوچەکە سەپاندوویانە لێک جیابکرێنەوە. دواتر پاش ئەوەی لە چلەکاندا شیوعییەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، واشنتۆن و مۆسکۆ زیاتر چاویان لەسەر باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بوو، وەک شانۆیەکی تری گرنگ لەو ململانێیەی نێوانیان سەیریان دەکرد.

پێش جەنگی دووەمی جیهان، سۆڤیەت بایەخێکی ئەوتۆی بە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا نەدەدا، جگە لەوەش نەیتوانی درک بە تایبەتمەندییە جیۆسیاسییەکانی ئەو ناوچەیە بکات، چ ئەگەر بکەوێتە بەرەی هێزە یاخیبووە شۆڕشگێڕەکان لـە دژی ڕۆژئـــاوا. یـان ئـەگـەر لـەژێـر سـەرکـردایـەتـیـی شیوعییەکان بێت یان نا. هاوشێوەی مۆسکۆ، واشنتۆنیش بایەخێکی زۆری بە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا نەدا. دواتر ڕاستەوخۆ دوای جەنگی جیهانیی دووەم، هەرزوو دەستی کرد، بە داماڵینی خۆی لە موڵک و سامانی ئیستعماری لە ناوچەکە. چونکە سەرپەرشتیی گواستنەوەیەکی ئاشتییانەی دەسەڵاتی بۆ حکومەتە سەربەخۆکەی فلیپین کرد، چونکە هاوپەیمان و لایەنگری ئەمەریکا بوو لە یۆلیۆی ساڵی 1946،

ئەمەریکییەکان ئامادەبوونێکی بەرچاویان لە دوورگەکانی فلیپین هەبوو، دەیانویست بنکەکانیان لە چوارچێوەیەکی فراواندا بڵاوبکەنەوە. ئەمەش بۆ یارمەتیدانی سوپای ئەمەریکا بوو، تا توانایەکی دەریایی و ئاسمانیی زەبەلاح لەسەر زەریای هادی جێگیر بکات، بەڵام سەرباری ئەو بنکە سەربازییانە و بوونی ویستێکی گشتی بۆ هەبوونی سیستمێکی سەقامگیر و ئارام و کراوەتر بۆ بازرگانیکردن لەوێ. کەچی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە ئاستی پێویستدا نەبوو.

ئیدارەی ترومان هەریەک لە بەریتانیا و فەڕەنسا و هۆڵەندییەکانی هاندا، تاوەکو یارمەتیی بدەن لە فلیپین وردەوردە دەسەڵاتی مەدەنی بگوازنەوە بۆ حکومەتی ناوخۆیی ئەو وڵاتە. لە هەمان کاتیشدا پارێزگاری لە ئاستێکی دەسەڵاتی سیاسی و ئەمنی و بازرگانییش بکەن، لە کۆلۆنیاڵەکانی پێشوو. شارەزایانی ئەمەریکی پێیان وابوو، ئەو ڕێگەیە باشترین داڕشتنە بۆ ئاشتی و گەشانەوەیەکی دوورمەودا لە ناوچەکە، لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لەوێ و لە هەرجێگەیەکی تریش بێت. بەریتانییەکانیش لەژێر سەرکردایەتیی پارتی کرێکارانی پێشکەوتووخواز و کلیمنت ئەتلی سەرۆکوەزیرانەکەی، هەمان داڕشتنەوەی پەیڕەوکرد و دانوستانیان کرد لەسەر گواستنەوەیەکی ئاشتییانەی دەسەڵات لە زۆربەی کۆلۆنیاڵە بەریتانییەکانی ئاسیا. لە ساڵی 1947 هیندستان و پاکستان

سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت و بۆرما و سیلانیش لە ساڵی 1948. بەڵام هەریەک لە فەڕەنسییەکان و هۆڵەندییەکان سووربوون لەسەر گێڕانەوەی دەسەڵاتەکانیان بۆ سەر هیندستانی چینی (ڤێتنام) و دوورگەکانی ڕۆژهەڵاتی هیند (ئەندۆنیسیا)، کە لەلایەن ژاپۆنەوە لەمیانەی جەنگدا داگیرکرابوون. پێداگری فەڕەنسا و هۆڵەندە لەسەر هەڵگەڕانەوەیان لە بەرامبەر گەورەترین هێز لە مێژوودا، کە هەرگیز وەستانەوە کۆڵیان نەدەدا. تەنیا نەبووە هۆی خوێنڕشتن، بەڵکو تینێکی تری دا بە جەنگی سارد.

سەرەتا ویلایەتەیەکگرتوەکان هەوڵیدا پارێزگاری لەو شێوە بێلایەنییەی خۆی بکات، لە ململانێیەکەی نێوان ڤێتنامی فەڕەنسی و ئەندۆنیسیای هۆڵەندی. چونکە چ شکانەوە بەلای کۆلۆنیاڵە ئەورووپییەکان، یان بەلای قەومییەکانی ئاسیا، کارێکی وا ئاسان و سادە نەبوو. کەچی لەکۆتاییدا ئیدارەی ترومان بەلای هاوپەیمانە ئەورووپییەکانی شکایەوە. چونکە پێیوابوو، هەریەک لە فەڕەنسا و هۆڵەندە بەهایەکی گەورەتریان هەیە، بەهۆی ئەو هاوپەیمانییەتییە گەورەیەی لەنێوانیاندا هەیە، بەرامبەر بە یەکێتیی سۆڤیەت. بە جۆرێک، کە ناتوانرێت ئاڵای دوژمنکارییان بەرامبەر بەرزبکرێتەوە، بەهۆی ئیتسعمارییان. هەریەک لە (هوشی منە) و (سوکارنۆ) هەردوو رابەری بزوتنەوەی نەتەوەیی ڤێتنامی و ئەندۆنیسیش لەژێر ڕۆشنایی ئەو پەیمان و بەڵێنانەی ئەمەریکا لە کاتی جەنگدا دابووی،

که پشتیوانیی خۆی لە پێدانی مافی چارەنووسی گەلانی ژێردەستەی جیهان دەکات. پشتیان قاییم کردبوو، بەڵام هەردووکیان هەستیان بە نائومێدی کرد، کاتێک بەتەواوی لەلایەن ئەمەریکاوە فەرامۆش کران و پشتی تێکردن و ناڕاستەوخۆش پشتیوانی لە هێزە ئیستعمارەکان کرد. کە هەوڵیان دەدا لەناوی ببەن.

**سەرکردە (هوتشی منە)**

ڕابەر و ئەفسانەی قەومیی ڤێتنامی هوتشی منە لە ساڵی 1890 لە خێزانێکی خوێندەوار و تا ڕاددەیەکیش دەوڵەمەند لەدایکبووە. ساڵی 1912 وڵاتی خۆی جێهێشتووە، چونکە ئامادەنەبووە کار بکات، بۆ ڕژێمی ئیستعماری فەڕەنسی. لەکۆتاییدا لەناو کۆچبەرە ڤێتنامییەکانی پاریس لە ساڵی 1920 جێگیر بووە. دواتر مەشقە ئایدیۆلۆژی و ڕێکخستنەکانی لە یەکێتیی سۆڤیەت وەرگرتووە. وەک نوێنەری ڕێکخراوی شیوعییە نێودەوڵەتییەکان (کۆمینترن) لە بیست و سییەکانی سەدەی بیستەم کاری کردووە. ساڵی 1930 (حزبی شیوعی لە هیندستانی چینی دامەزراندووە) لە ساڵی 1941 گەڕاوتەوە ڤێتنام. دوای نزیکەی 30 ساڵ دووری. دواتر (یەکێتیی سەربەخۆیی ڤێتنام)ی، وەک بەدیلێکی قەومی بۆ حوکمی فەڕەنسی و ژاپۆنی لە دووی سێپتەمبەری ساڵی 1945، دوای خۆبەدەستەوەدانی ژاپۆن، کۆماری ڤێتنامی دیموکراسیی سەربەخۆی ڕاگەیاند.

دوای ساڵانی 1948 و 1949 چەندین هۆکار و فاکتەری ئیقلیمی زیاتر هاتنە پێشەوە، کە وایکرد بەرپرسانی ئەمەریکا زیاتر هەست بە دڵەڕاوکێ بکەن، بەرامبەر ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و دەستتێوەردان لەو ناوچەیە بکات. چونکە ململانێیە ئیستعمارییەکانی هیندستانی چین و دوورگەکانی ڕۆژهەڵاتی هیندستان، جگە لە یاخیبوونی مەلایۆییەکانی بەریتانیا بە سەرکردایەتیی شیوعییەکان، بارقورسییەکی زۆری خستبووە سەر کارنامەی چاکبوونەوەی ڕۆژئاوای ئەورووپا. بەرهەمە سەرەکییەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ڕۆڵێکی کارایان هەبوو لە بووژانەوەی چالاکییە ئابوورییەکان. هەروەها توانای دەستکەوتیان هەبوو بە دۆلار بۆ هەریەک لە بەریتانیا و فەڕەنسا و هۆڵەندە . بەڵام لەبەرئەوەی بارودۆخی ناوچەکە ناسەقامگیر بوو، بۆیە هەر تەنیا ئاستەنگی بۆ ئەو چالاکییە ئابوورییانە دروست نەدەکرد، بەڵکو بووە هۆی دادۆشین و توانەوەی سەرجەم داهات و سەرچاوە و هێزی کار و بەربەستدروستکردن لەبەردەم جێبەجێکردنی بەرنامەی مارشاڵ و هاوپەیمانیی ئەتڵەسی تازەدروستبوو، کە یەکێک بوو لە گرنگترین ئەولەویەتی ئەمەریکا لە جەنگی سارد.

شارەزایانی ئەمەریکا باوەڕیان وابوو، ئەو

ناسەقامگیرییە سیاسییەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و دەرهاویشتەکانی لەسەر چەقبەستنی ئابووری، دەبنە هۆی کپکردنەوەی توانای ژاپۆن لە بەرنامەی هەڵسانەوەی ئابووری، چونکە ژاپۆن پشتی بە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان دەبەست لەپێناو مانەوە و بووژانەوەی ئابوورییەکەی خۆی. بەڵام بەهۆی قۆرخکاری شیوعییەکان لە چین، بڕیاردەرە سیاسییەکانی ئەمەریکا ڕێگەیان نەدا ژاپۆن بازرگانی لەگەڵ چیندا بکات، کە گەورەترین بازاڕی ژاپۆنی بوو پێش جەنگ. لەبەرئەوەی ئەمەریکا ترسی لە نزیکبوونەوەی سیاسیی پەکین و تۆکیۆ هەبوو، ئەگەر پەیوەندییە بازرگانییەکان بەردەوامی هەبێت. بۆیە پێیان وابوو، دوای چین وڵاتانی تری ئاسیا گونجاوترین چارەسەر دەبن بۆ کێشەی هەناردەکانی ژاپۆن. بەڵام دەبووایە سەرەتا ئەو پشێوییە سیاسی و ئابوورییانەی ناوچەکەی تەنیبوو کۆتایی پێبهێنرێت، وەک کۆنترۆڵکردنی جڵەوی دەسەڵات لە گەورەترین وڵاتی کیشوەرەکە لەڕووی ژمارەی دانیشتووان. دواتر یەکێک لە فاکتەرە هەرەگرنگەکانی وای لە ئەمەریکییەکان کرد، ڕۆڵێکی چالاکتر لە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی چین بگرنەبەر، فراوانبوونی کێشەکانی چین بوو. چونکە

ئەگەری بەکارهێنانی هێزی سەربازی لەلایەن چینەوە بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر بەشەکانی تری باشووری ڕۆژهەڵاتی چین، یەکێک بوو لە هەڕەشە و ئەگەرەکان. هەڕەشەیەکی تریش بریتیبوو لە ئەگەری پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ بزووتنەوە شۆڕگێڕییەکان.

وەک چارەسەرێک بۆ ئەو کێشانەش، ویلایەتەیەکگرتوەکان بەڵێنی پابەندبوونی خۆی بەرامبەر باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دا، کە ئامانج لێی هاندان بوو بۆ سەقامگیریی سیاسی لە ناوچەکە لە لایەک و لە لایەکی تریش کۆنترۆڵکردنی هەڕەشەکانی چین. گرنگترینیشیان دەستهەڵگرتن لە پەیڕەوی نیمچەبێلایەنی لە بەرامبەر ململانێی هیندستانی چینی و پەیڕەوکردنی سیاسەتی پشتیوانیکردنێکی ئاشکرایانەی فەڕەنسییەکان بوو، دواتر لە ساڵی 1950 بەفەرمی داننرا بەو حکومەتەی فەڕەنسا دایمەزراند بە سەرۆکایەتیی ئیمپراتۆری پێشوو (باو دای) و بەڵێنی پشتیوانیکردنی سەربازیی ڕاستەوخۆی پێدا. هەروەها ئیدارەی ترومان زیاتر پشتیوانیی لە هێزەکانی بەریتانیا کرد، کە لە شەڕێکی سەختدا بوو لەگەڵ شیوعییە یاخیبووەکان لە مەلایۆ. پاشان حکومەتی واشنتۆن دوای ئەوەی دەستی هەڵگرت لە ڕێبازی نیمچەبێلایەنی، بەڵێنی پێشکەشکردنی یارمەتیی ئابووری و هونەری بە هەریەک

له حکومەتەکانی بۆرما و تایلاند و فلیپین و ئەندۆنیسیا دا. له دیسەمبەری ساڵی 1949دا، ئەندۆنیسیا سەربەخۆیی خۆی وەرگرت. هەرچەندە لەو حاڵەتەدا فشاری دەخستە سەر هاوپەیمانە ئەورووپییەکەی بۆ ئەوەی دان بە حکومەتە قەومییەکەی ئەندۆنیسیادا بنێت.

له هەرجێگەیەک ئەمەریکا ترسی هەبووایە، ڕکابەرەکانی هەلی باشتریان بۆ دەڕەخسا لە جەنگی سارد. پەیوەندییە توندوتۆڵ و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، وایان دەکرد بەرەیەکی یەکگرتوو لەنێوان ماو و ستالین و هۆشی منە دروستبکرێت. هوشی منە، کە سێ دەیە بوو، ببوە شیوعی و بە شێوەیەکی کاریگەر خزمەتی ڕێکخراوی شیوعییە نێودەوڵەتییەکان و ڤێتنامی نیشتمانی دەکرد. لە ساڵی 1950 سەردانی پەکینی کرد، بۆ ئەوەی هەوڵێک بدات تا داننانی دبلۆماسی و دارایی لە دەسەڵاتدارە نوێیەکەی چین مسۆگەر بکات بۆ وڵاتەکەی. لە مانگی دواتریشدا سەردانی یەکێتیی سۆڤیەتی کرد و بە شێوەیەکی تایبەتی سەردانی ستالینی کرد، توانیی بەڵێنی پشتیوانیکردنی لێوەربگرێت. ماویش، کە ئەو کاتە لە مۆسکۆ بوو، بۆ ئەوەی دوایین دانیشتن لەسەر بەستنی پەیماننامەیەکی چینی-سۆڤیەتی بکات. لە سەرەتای ساڵی 1950 هەریەک لە مۆسکۆ و پەکین بەفەرمی دانیان نا بە کۆماری دیموکراسیی ڤێتنام

بە سەرکردایەتیی (هو)، ماوەیەکی کەم دوای ئەوەش ماو بڕیاریدا جبەخانە و کەلوپەلی سەربازی بە جەنگاوەرانی ڤیێتنامی ببەخشێت. چونکە سەرکردەی چینی باوەڕی بە بەهێزکردنی شیوعییە ڤیێتنامییەکان بوو، لەوەی بتوانن پارێزگاری لە سنوورەکانی باشووری چین بکەن و هەڕەشەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی کەمبکاتەوە لەسەر خۆی. ماو ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا لە ململانێ دژی ئیستعمار. (کۆمەڵەی ڕاوێژکارانی سەربازیی چین)ی دامەزراند و ڕەوانەی ڤیێتنامی کردن بۆ یارمەتیدان و ڕێکخستنەوەی هێزەکانیان و ڕووبەڕووبوونەوەی فەڕەنسییەکان. هەروەها پەرەی زیاتری بە ستراتیژیەتی سەربازی چین دا. لە یۆنیۆی 1950 ماو زیاتر بایەخی بە هێزەکانی (منە) دا و پشتیوانی زیاتریشی لێکردن دوای بەرپابوونی جەنگ لە نیمچەدورگەکانی کۆریا. ویلایەتەیەکگرتووەکانیش لەلای خۆیەوە زیاتر هاوکاری و پشتیوانیی هێزەکانی فەڕەنسای کرد.

### جەنگ دەگاتە کۆریا

لە کاتژمێرێکی بەرەبەیانی ڕۆژی بیستوپێنجی یۆنیۆی ساڵی 1950 هێزێک، کە لە (100) هەزار سەربازی سوپای کۆریای باکوور پێکهاتبوو، بە زیاتر لە (1400) پارچە چەک و تفاق و (126) تانک، لە بازنەی سی و

هەشت پەڕینەوە و چوونە ناو کۆریای باشوور. دیارە ئەو داگیرکردنە پێشبینینەکراوە لەو قۆناغە نوێیەدا زۆر لە جەنگی سارد مەترسیدارتر بوو، نەک تەنیا هەر لە ئاسیا، بەڵکو بۆ هەموو جیهان. کاردانەوەی ئیدارەی ترومان بەهێزبوو بەرامبەر ئەو پەلامارە، چونکە دڵنیابوو بەبێ هاوکاریی یەکێتیی سۆڤیەت و چین ئەو جۆرە هێرشکردنە ڕوونادات. ئەو دڵنیابوونەیشی هەڵهێنجراوی واقیعەکە بوو. هەروەها بەتەواوی باوەڕی وابوو ئەوە زەنگێکە لەسەر بوونی بەرنامەیەکی جیهانی دوژمنکارانە و چاونەترسانە لەلایەن هێزە شیوعییەکان. هەرزوو ئەمەریکا هێزێکی دەریایی و ئاسمانی ڕەوانەی کۆریا کرد بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکەی کۆریای باکوور و بەهێزکردنی بەرگریەکانی کۆریای باشوور. دواتر بینیان ئەوەندە یارمەتی سوودی نابێت، بۆیە ئیدارەی ترومان چەند یەکەیەکی سەربازی شەڕکەری ڕەوانە کرد. لە بیستوحەوتی یۆنیۆ سەرۆک ترومان گوتارێکی پێشکەشی ئەمەریکییەکان کرد و وتی: (لامان روونە ئەو هێرشەی بۆ سەر کۆریا ئەنجامدرا، هیچ گومانێکی لەلا نەهێشتین، کە شیوعییەکان پلانگێڕی ئەو پەلامارەن بۆ داگیرکردنی وڵاتانی سەربەخۆ بە زەبری هێز و چەک). هەر لەو گوتارەدا سەرۆک ئاشکرای کرد، کە فەرمانی ڕەوانەکردنی کەشتیگەلی حەوتەمی بۆ گەرووی

تایوان داوە و زیاتر هاوکاری پێشکەشی فەڕەنسییەکان دەکات لە هیندستانی چینی و خێراتر یارمەتی ڕەوانەی حکومەتی فلیپینیش دەکات. چونکە لایەنگر و هاوپەیمانی ئەمەریکایە و ئێستا لە جەنگێکدایە دژی یاخیبووان. ئەمەریکا بەباشی درکی بەوە کردبوو ئامانج لەو پەلامار و هێرشانە، دروستکردنی هەڕەشەیەکی قەبارە گەورەیە دژی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا لەلایەن بزوتنەوەی شیوعییەکان بە سەرکردایەتیی یەکێتیی سۆڤیەت و هاوبەشە بچوکەکەی چین. جەنگی کۆریا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر جەنگی سارد دروستدەکرد، چونکە ئەو شەڕەی کۆریا تەنیا نەبووە هۆی گەرمترکردنی جەنگی سارد و بەرفراوانبوونی لەڕووی جوگرافی، بەڵکو بریتیبوو لە فراوانبوونی ململانێکەی نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا لە لایەک و لە لایەکی تریش دەبێتە هۆی زیادبوونی خەرجییەکانی بەرگریی ئەمەریکا و سروشتی سەربازییش بە شێوەیەکی فراوانتر باڵا بەسەر سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمەریکا و جیهانگیرییەکەی دەکێشێت، چونکە دەرهاویشتەکانی ئەو ململانێیەی کۆریا وایدەکرد خێراتر پرۆسەی بەهێزکردنی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی بکرێت و ئەڵمانیا پڕچەک بکرێتەوە. هەروەها جێگیرکردنی هێزە ئەمەریکییەکان لەسەر خاکی ئەورووپا. بێگومان

ئەوانەش هەمووی پێویستی بە خەرجیی زیاتر دەبوو. تشارلز بۆلینی دبلۆماتکار دەڵێت: (جەنگەکەی کۆریا وایکرد ویلایەتەیەکگرتووەکان ببێتە هێزێکی سیاسیی سەربازیی جیهانی، نەک جەنگی دووەمی جیهانی). توێژەرەان تێکڕا لەو بارەیەوە هاوڕان و پێیانوابوو : جەنگی کۆریا خاڵی وەرچەرخانی سەرەکی بوو لە مێژووی نێودەوڵەتی لە دەیەی دوای جەنگ. جۆن لۆبیس جادیسیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە: (پابەندبوونی ڕاستەقینەی ئەمەریکا به کۆنترۆڵکردنی کۆمۆنیزم لە هەموو شوێنێک، لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی پەیوەستبوون بە جەنگی کۆریا.).

واریـن ئـای کۆهینیش، بەو شێوەیە وەسفی ئەو جەنگە دەکـات و دەڵـێت: جەنگی کۆریا بـووە هۆی گۆڕینی سروشتی ڕووبەڕووبوونـەوەی سۆڤیەت – ئەمەریکا، چونکە لە پێشبڕکێیەکی سیاسیی ڕێکخراو بووە ململانێیەکی ئایدیۆلۆژیی سەربازی، هەڕەشەی لە مانەوەی خودی هەسارەکەمان دەکات) کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کوهین دووبارە دەڵێت: (گەر جەنگی ناوخۆیی لە کۆریا ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە پەیوەندیی سۆڤیەت و ئەمەریکا، ئەوا بێگومان لەدواییدا دەبێتە هـۆی زیاتربوونی ئـەگـەری بەرپابوونی جەنگێکی جیهانی، بـە بـۆچـوونـی ئێستای ئێمە، ئـەو ئـەگـەرە

زۆر دوور نییە) بێگومان لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی زۆر شوێنی تر هەبوون، کە ڕەنگە ببنە تەوەری کێبڕکێی هێزە زەبەلاحەکان. ئەوکاتە کۆریا: کە ژاپۆن هەر لە ساڵی 1910ەوە، داگیریکردبوو، هەموو کۆنگرەکانی کاتی جەنگ دەبەستران، وەک هەرێمێکی دوورەدەست و قەبارە بچووک ئاماژەی پێدەدرا. دیاریکردنی داهاتوویشی دەکەوتە سەر شانی هاوپەیمانان. لە کۆنگرەی بوتسدام هەریەک لە سۆڤیەت و ئەمەریکا ڕازیبوون بە دابەشکردنی بەرپرسیارییێتی لەوێ، بە ڕێگەی دابەشکردنی وڵات بە درێژایی بازنەی سیوهەشت. هەردوولایان ڕێککەوتن لەسەر کارکردن بەرەو دامەزراندنی کۆریایەکی یەکگرتووی سەربەخۆ لە نزیکترین دەرفەتدا. لە دیسەمبەری ساڵی 1945 لە کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوە لە مۆسکۆ، سۆڤیەتییەکان بە پێشنیازێکی ئەمەریکا ڕازیبوون لەسەر دامەزراندنی لیژنەیەکی سۆڤیەتی- ئەمەریکی هاوبەش بۆ خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی حکومەتێکی کاتی لە کۆریا وەک یەکەم هەنگاو لەپێناو سەربەخۆبوونێکی تەواو. بەڵام هەرزوو ئەو پێشنیازە بووە قوربانیی پشێوییەکانی، کە هاوکات بوون لەگەڵ ئەو گورزەی بەری کەوت. دوای هاتنی ساڵی 1948یش بوو بە دوو بەشی داگیرکراو. چونکە لە باکوور ڕژێمەکەی سەر بە یەکێتیی سۆڤیەت لەژێر سەرکردایەتیی

جەنگاوەری پێشوو دژی ژاپۆن (کیم ئەیل سۆنگ) سەرجەم ڕواڵەتەکانی ڕژێمێکی سەربەخۆی وەرگرت. لەبەرامبەردا لە باشوور ڕژێمێکی سەر بە ئەمەریکا بە ڕابەرایەتیی سینگمان ری دامەزرا. کە دوژمنێکی سەرسەختی شیوعییە قەومییەکان بوو، خاوەن مێژوویەکی دوورودرێژی خەباتکردن بوون. هەریەک لەو دوو لایە هەڕەشەی لە لاکەی تر دەکرد، چونکە نە کۆریای باکوور ، نە کۆریای باشوور ڕازی نەبوون بەو دابەشکردنەی وڵاتەکەیان.

لە ساڵی 1948 ئیدارەی ترومان دەیویست بە شێوەیەکی شیاو خۆی لە پابەندبوونەکانی بەرامبەر کۆریا بهێنێتە دەر، بۆیە وردەوردە هێزە سەربازییەکەی لە نیمچەدورگەی کۆریا کێشایەوە. پلاندەرانی ئەمەریکا پێیان وابوو، هێزە چەکدارەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی زیادەڕۆییانە لە جیهاندا بڵاوەیان پێکراوە و بۆیە دەبێت پاشەکشەیان پێبکرێت. کەچی لەڕاستیدا ئەوکاتە کۆریا بەهایەکی ئەوتۆی نەبوو لەلای ئەوان. بەڵام دوای دوو ساڵ لە داگیرکردنی کۆریای باکور، ئەو بۆچوونەیان گۆڕانکاری بەسەردا هات، هەرچەندە کۆریا ستراتیژیەتێکی وەهای نەبوو، بەڵام سیمبولێکی دیاری ناوچەکە بوو، بەتایبەتی لەژێر چەتری پارێزگاریی ئەمەریکادا. کۆرییەکان، ئەمەریکایان بە پارێزەر و پشتیوانیکەرێکی

گرنگی سیئۆل دادەنا. لەپاش هێرشەکەی کۆریای باکور، کە لەلایەن سۆڤیەت و چینەوە پشتیوانی لێدەکرا، هەڕەشە لەسەر ڕاستگۆیی ئەمەریکا دروست دەبوو، وەک هێزێکی ئیقلیمی و جیهانی ئەگەر پابەند نەبووایە بەرامبەر کۆریا. هەروەها هەڕەشەی لەسەر مانەوەی خودی کۆریای باشوریش دروست دەکرد. بە بۆچوونی ترومان و ئەتشیستون و بریارڕدەرانی ئەمەریکا، مەترسیی داگیرکردنی کۆریا زۆر گەورە بوو. لە سیی نۆڤەمبەردا سەرۆکی ئەمەریکا باسی لە دەستتێوەردانی سەربازی کرد و گوتی: ( ئەگەر ویلایەتە یەکگرتوەکان ملکەچی ئەو هێزە داگیرکەرە بێت، ئەوا هیچ وڵاتێک پارێزراو و دڵنیا نابێت، ئەگەر ئەو کارە سەر بگرێت لە کۆریا، دەبێت پێشبینیی ئەو کارە بۆ سەر ئاسیا و ئەورووپا و تەنانەت ئەمەریکاش بکەین، بۆیە ئێمە لە کۆریادا لەپێناو مانەوەی ئەمنی قەومیمان و مانەوەی خۆشمان دەجەنگین).

ئەو لێدوانە دوای چوونی هێزەکانی چینی شیوعی بوو بۆ ناو جەنگ. ئەم پێشهاتەش ڕووکاری ململانێکەی کۆریا و جەنگی ساردیشی بەتەواوی گۆڕی. متمانەبەخۆبوونی ترومان و راوێژکارە سەربازییەکانی گەیشتبووە ترۆپک، کاتێک کە ماکارسەر لە دیسەمبەری ساڵی 1950 ئاڕاستەی جەنگەکەی گۆڕی و توانیی کەشتیگەلی ئەنشتۆن

له دەوروبــەری هێزەکانی کۆریا جێگیر بکات . لەژێر سەرکردایەتیی ماکارسەر لە حەوتی ئۆکتۆبەر هێزەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان چوونە ناو خاکی کۆریای باکوور . لە بیستوپێنجی هەمان مانگیش یەکە پێشکەوتووەکان بــەرەو ڕووبــاری یالۆ پێشڕەویان کـرد و بـە درێژایـی سنوورەکانی نێوان چین و کۆریای باکوور ڕۆیشتن . لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ئەو هێزانە بۆ ناو خاکی چین، مـاو بـە ستالینی ڕاگـەیـانـد : بـڕیـاری داوە هێزەکانی چین لە ڕووبـاری یالۆ بپەڕێنێتەوە. هۆکارەکەشی بەو شێوەیە ڕوونـکـردەوە : (ئـەگـەر ئێمە ڕێـگـەمـان دا بە ویلایەتەیەکگرتوەکان هەموو خاکی کۆریا داگیربکەن و هێزە شۆڕشگێڕەکانی کۆریاش تالاٚوی شکستێکی وەها بچێژن، ئەوا هێزەکانی ئەمەریکا لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵات بڵاودەبنەوە)، دواتر ماو دەرهاویشتە خراپەکانی ئیقلیمی و جیهانی خستەڕوو، کە ڕەنگە لەدوای ئەو ململانێیەی کۆریا بێتە ئاراوە. کەچی ماکارسەر، کە هەڕەشە سەربازییەکانی چینی بەهەند وەرنەگرت و خەریکبوو هێزەکانی بەتەواوی لە کۆریای باکوور بەدەربنێرێت . بە دەستەی ئەرکانی هاوبەشی وت: ئێمە بەتەواوی لەبەردەم جەنگێکی نوێداین ، بەمەش جیهان کەوتە بەردەم سەروبەندی جەنگێکی تر

له جەنگی سارد. جەنگێک، کە سنوورەکانی دەرەوەی ئەورووپای دەبەزاند. چونکە هەڵهاتنی خۆری ڕژێمەکەی – ماو – لە چین و هاوپەیمانییەتی چین و سۆڤیەت، هەروەها پشتیوانیی سەربازیی سۆڤیەت و چین بۆ سەرکێشییەکانی کۆریای باکوور، لەگەڵ دەستتێوەردانی هێزەکانی ئەمەریکا و نەتەوەیەکگرتووەکان لە کۆریا، بوونی ڕەگەزی شیوعییەکانیش لەناو بزاڤە قەومییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. ئەمانە هەموویان گرەنتییەک بوون بۆ بەردەوامبوونی جەنگی سارد لە ئاسیا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژتر. هەر خودی جەنگەکەی کۆریا تا یۆلیۆی 1953 درێژەی کێشا. تا لایەنەکان ئاگربەستێکیان واژۆکرد، کە تەنیا بە گۆڕینەوەی دیلی جەنگ و گەڕانەوەی دۆخەکە بۆ پێش داگیرکردنەکە هیچی تری لێ نەهاتە بەرهەم. بازنەی درێژیی سیوهەشتیش بە خاڵی جیاکەرەوە مایەوە، نەک تەنیا لە نێوان کۆریای باکوور و کۆریای باشوور، بەڵکو لەنێوان هەردوو کوتلەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

پەراوێزەکان:

(1). Corbis

(2). From Robert Schulznger – American. In The Twentieth – century. Coxford University press 1994.

# بەشی چوارەم

## جەنگی ساردی جیهانی
## (1950 _ 1958)

به بەرپابوونی ململانێکەی کۆریا، جەنگی سارد تا دەهات فراوانتر دەبوو. دوای هەڵگیرسانی شەڕیش لە کۆریا، تەنیا چەند وڵاتێکی کەم لە جیهاندا نەکەوتنە بەر پەنجەرەی زۆرانبازیی و کێبڕکێ و ململانێی نێوان زلهێزەکان. لەڕاستیدا خاڵی سەرەکیی ئەو ململانێ جیهانییە لە پەنجاکان و شەستەکاندا هەریەک لە ئێران، گواتیمالا، هیندی چینی، گەرووی تایوان، سوێس، لوبنان، ئەندۆنیسیا، کوبا و کۆنگۆی گرتەوە. بەڵام لە ئەورووپا تەنیا بەرلین کەوتە ناو ئەو کێشمەکێشەوە و لە ساڵی 1961 و 1962 چووە ڕیزی ئەو ناوچانەی ڕاستەوخۆ ناکۆکییان لەسەر بوو، لەکۆتایشدا بووە هۆکاری دروستبوونی لێکترازانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

لەو کاتەدا جەنگی سارد لە ناوەندی سیستمی نێودەوڵەتییەوە بەرەو دەوروبەر پەلیهاویشت. هەریەک لە یەکێتیی سۆڤیەت و ئەمەریکا چەندین بەرژەوەندیی ستراتیژی و ئابووری و سیاسی و دەروونییان لەو ناوچانەی ئاسیا و رۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەمەریکای لاتینی و ئەفریقیا دیاریکرد و هەوڵیاندەدا بنکە و هاوپەیمانیی نوێ و سەرچاوە و دەسەڵات بەدەستبهێنن. بەمەش لە پەنجاکان ئەو ناوچانە کەوتنە ناوجەرگەی ململانێیەکەوە. بە درێژایی شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکانیش ئەو دۆخە هەر بەردەوام بوو. بە پێچەوانەی

ئەوانەوە، چەند بەشێکی تری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و ئەورووپا بە ڕاددەیەکی بەرچاو سەقامگیرییان بەخۆیانەوە بینی. بیرۆکەی ململانێی سەربازی لەو ناوچانەدا لەلایەن هەردوولاوە بەدوور دەزانرا، چونکە دەیانزانی هەر ڕووبەرووبوونەوەیەکی بازنەفراوان لەو ناوەندەدا بێگومان دەبێتە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئەتۆمی. یەکێک لە دیارترین ئەو ئاماژانەی، کە جەختی لەسەر ئەو ڕاستییە دەکردەوە، ئەوەبوو هەرجەنگێک، کە لە ماوەی سەردەمی جەنگی سارد ڕوویداوە، زۆربەی زۆری لە جیهانی سێیەم بووە و چەند ملیۆن کەس لەو جەنگانەدا بوونەتە قوربانی، کە لەنێوان سالانی 1945 بۆ 1990 هەڵگیرساون. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن بە چەکی ئەتۆمی لەنێوان ویلایەتەیەکگرتووەکان و یەکێتیی سۆڤیەت لە دەیەی دووەمی جەنگی سارد هەر لە هەڵکشاندا بوو. هاوکات لەگەڵ ئەوەش ئەگەرێکی زۆر هەبوو هەر هەڵسەنگاندنێکی هەڵە، یان کۆنترۆڵنەکردنی دۆخەکە ببێتە مایەی ڕوودانی کارەساتێکی ترسناک، یان لەناوبردنی ژمارەیەکی زۆری مرۆڤەکان.

بابەتی سەرەکیی ئەم بەشەش بریتییە لە فراوانبوونی جوگرافیای جەنگی سارد و ئەو ئاشتی و سەقامگیرییە ڕێژەییەی باڵی بەسەر ئەورووپادا کێشا، هەروەها زیادبوونی چەکی ئەتۆمی لەلایەن هەردوو زلهێزەوە.

## سەقامگیری لە پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا

هەروەک چۆن جەنگەکەی کۆریا بووە هۆی سەپاندنی سروشتێکی سەربازی و جیهانی بەسەر جەنگی سارددا، کەچی لە هەمان کاتدا وایکرد چەند هێزێکیش یارمەتیدەربن بۆ بەهێزکردنی سەقامگیریی نێوان ئەمەریکا و سۆڤیەت. دابەشبوونی وڵاتانی ئەورووپا بەسەر دوو سەربازگەکەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، وایکرد ئەگەری بەرپابوونی جەنگ لەنێوان ئەو دوو زلهێزە کەمتر بێت. دروستکەرانی سیاسەتی ئەمەریکا هەوڵەکانیان چڕتر کردەوە بۆ بەهێزکردنی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی و دەیانویست باوەڕیان پێبهێنن، کە ڕووبەڕووی دوژمنێکی سەرسەخت و دڕندە و مەترسیدار بوونەتەوە. دوای هێرشەکەی کۆریای باکووریش ترسی ئەوەیان هەبوو، ئەورووپای ڕۆژئاوا لەبەردەم دەستتێوەردانی سەربازیی سۆڤیەتی لاوازتر بێت. لە کۆتایی ساڵی 1950 ترومان چوار کەتیبەی ئەمەریکی ڕەوانەی ئەورووپا کرد. سەرباری ناڕەزایەتییەکانی نوێنەرانی کۆمارییەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەران و پیرانش. بەم شێوەیە کۆمەڵەی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی بوو بە هاوپەیمانییەتێکی سەربازیی ڕاستەقینەی خاوەن هەیکەلێکی سەرکردایەتیی تەواو. ژەنەڕاڵ دوایت دی ئەیزنهاوەریش کرا بە فەرماندەی باڵای سەربازی، کە لە جەنگی دووەمی جیهانیی ناوبانگ

و جەماوەرێکی زۆری هەبوو. ژەنەڕاڵ ئەیزنهاوەر یەکەم کاری بریتیبوو لە پلاندان بۆ دووبارە خۆپڕچەککردنەوەی ئەڵمانیا. چەکدارکردنەوە و ئامادەکردنی ئەڵمانیا یەکێک لە کارە هەرەسەرەکییەکانی ئیدارەی ترومان بوو. چونکە پلاندەرانی ستراتیژیەتی ئەمەریکی پێیانوابوو وزەی مرۆیی ئەڵمانی زەروورە بۆ بەرگریکردن لە ئەورووپا. هەروەها بە بۆچوونی ئەوان: دووبارە پڕچەککردنەوەی ئەڵمانیا و گەڕاندنەوەی سەرەوەرییەکانی، کارێکی پێویستە بۆ جێگیرکردنی جێپێی کۆمارەیەکگرتووەکەی داهاتوو و پشتیوانیکردنی حکومەتەکەی ڕاوێژکار کۆنراد ئەدیناور، کە پاڵپشت و هاوپەیمانی ئەمەریکا بوو. هەرچەندە دووبارەزیندووکردنەوەی ئەڵمانیا لەڕووی سەربازییەوە، دوای ئەو ماوەکورتە لە لادانی ئەو ڕژێمەی بووە هۆکاری ئەو هەموو کارەساتانەی هەرگیز لە ئەورووپا وێنەیان نەبوو، ترسێکی لای فەڕەنسییەکان و وڵاتانی تری هاوپەیمانیی ئەورووپا دروستکردبوو. بۆ هێورکردنەوە و لابردنی ئەو ترسەش، ئەمەریکا چەمکی (لیژنەی بەرگریی ئەورووپی) پەسەندکرد، کە لەلایەن فەڕەنسییەکانەوە پێشنیازکرابوو. ئەو لیژنەیە کۆمەڵێک ڕێکخستنی ئاڵۆزی پێشنیازکرد، کە ڕێگەی دەدا بە دامەزراندنی هێزێکی سەربازیی سنووردار بۆ ئەڵمانیای ڕۆژئاوا. بەڵام لە ناو چوارچێوەی سوپایەکی گەورەتر لە ئەورووپای ڕۆژئاوا. سۆڤیەتییەکانیش لەلای خۆیانەوە، هەوڵیاندەدا

پرۆسەی دووبـارە پڕچەككردنەوەی ئەڵمانیا پەكبخەن، بەڵام هەوڵەكانیان بێهوودە بوو. بۆیە لە بەهاری ساڵی 1952 ژمارەیەک یاداشتنامەی دبلۆماسییان پێشكەشكرد و داوای دامەزراندنی ئەڵمانیایەكی یەكگرتوو و بێلایەنیان دەكرد. بەمەش دووبارە تارمایی زیندووكردنەوەی ئەڵمانیا لای ستالین و مەكتەبی سیاسییەكەی سەریهەڵدایەوە. بە جۆرێک، كە ڕۆژئـاوا هێزە ئابووری و سەربازییەكەی ئەڵمانیای بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەكاربهێنێت. ئەمەش وایكرد چارەسەرێكی تـری كـەم هەڕەشـەتر بۆ كێشـەی ئەڵمانیا بدۆزنەوە، هەرچەندە ئەگەر مەترسیداریش بێت. بەڵام هەرزوو واشنتۆن ئەو داوایەی مۆسكۆی ڕەتكردەوە، چونكە دامەزراندنی ئەڵمانیایەكی یەكگرتوو و بێلایەن لای ئەمەریكییەكان وەكو دێوەزمەیەک وابـوو. لەبەرئەوەی دەیانزانی لە داهاتوودا ئەگەرێكی زۆری هەیە لەڕووی سەربازییەوە بەلای سۆڤیەتدا بشكێتەوە و تەرازووی هێزی ئەورووپا لاربكاتەوە. بۆیە ئیدارەی ترومان زۆر بەتوندی ئەو چارەسەرەی ڕەتكردەوە. لەكۆتاییشدا سۆڤیەتییەكان بەناچاری بە واقیعەكە ڕازیـبوون لەسەر دابەشكردنی ئەڵمانیا. وەک كاردانەوەیەكیش لەسەر ئەو كارە، مۆسكۆ هەرزوو دەستی كرد بە گرتنەبەری هەنگاوی یەكەم تا دان بە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتدا بنێت وەک دەوڵەتێكی سەربەخۆ و خاوەن سـەرەوەری لە مارسی 1954 (كە بە كۆماری ئەڵمانیای دیموكرات) ناونرا. ستالین و هاوپەیمانەكانی

درکیان بەوە کردبوو، هەرکاتێک ئەڵمانیای ڕۆژئاوا تێکەڵ بە سەربازگەی ڕۆژئاوایی ببێت ، ئەوا ئەگەرێکی زۆر هەیە تەرازووی هێزە ئابووری و سەربازییەکان تا ڕاددەیەکی زۆر بەلای ڕۆژئاوادا بگیرسێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەیانزانی مەترسییەکانی ئەو کارە بە بەراورد لەگەڵ مەترسیی دووبارەزیندوکردنەوەی ئەڵمانیایەکی یەکگرتوو و سەربەخۆ کەمترە، کاریگەرییش لەسەر قورسایی تەرازووی سیاسەتی ئەورووپی دروستدەکات و هەروەها وەک هەڕەشەیەکیشە بۆ سەر سۆڤیەت. لەڕاستیدا: سەبارەت بە پرسی ئەڵمانیا لە سەرەتا و ناوەڕاستی پەنجاکان، لێکنزیکبوونەوەیەکی کتوپڕ لە بیروباوەڕی پلاندەرە ئەمەریکی و سۆڤیەتییەکان دروستبوو، ئەو نزیکبوونەوەیەش دەبووە هۆی پتەوبوونی سەقامگیریی ئەورووپا و کەمبوونەوەی دڵەڕاوکێی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. وەزیری دەرەوەی بەریتانیا (سیلدین لوید) لە یۆنیۆی ساڵی 1953 وتی: (یەککگرتنەوەی ئەڵمانیا و ئەورووپای دابەشکراو تەنانەت گەر لەڕووی پراکتیکییەوە بکرێت، کارێکی مەترسیدارە بۆ هەموو لایەک. بۆیە لە کاتی ئێستادا هەریەک لە دکتۆر ئەدیناور و ڕووس و ئەمەریکا و فەڕەنسییەکان و ئێمەش هەستێکی قووڵمانە هەیە لەوەی، کە دابەشکردنی ئەڵمانیا لە کاتی ئێستادا بۆ هەموو لایەک باشترە. بەڵام ئەدیناور بەهۆی کاریگەربوونی ئەو کارە لەسەر ڕای گشتیی ئەڵمانی ناتوانێت بەئاشکرا ئەوە

ڕابگەیەنێت. پاشان هەریەکێک لە ئێمە بە ئاشکرا لەگەڵ یەکگرتنەوەی ئەڵمانیادایین، بەڵام هەریەکە و بۆچوون و خوێندنەوەی خۆیشی هەیە لەسەر ئەو مەسەلەیە).

لە هاوینی ساڵی 1954 ڕێکخراوی نیشتمانیی فەڕەنسی پەیماننامەی لیژنەی بەرگریی ئەورووپی ڕەتکردەوە، هەرزوو بەریتانییەکان ڕێگەیەکی تریان گرتەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دووبارەپڕچەککردنەوەی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و تێکەڵاوکردنەوەی بە کۆمەڵگەی ئەورووپی. پلانەکەیان بریتیبوو لە بەکارهێنانی کۆمەڵەی هاوپەیمانیی ناتۆ وەک چوارچێوەیەک و لەناویدا پرۆسەکانی دووبارە پڕچەککردنەوەی ئەڵمانیای تێدا بەڕێوەبچێت. ئیدارەی دوایت دی ئەیزنهاوەریش هاوکاری دەکردن. دواتر لە هەمان ساڵدا و لەمیانەی کۆنگرەیەک لە پاریس، وڵاتانی هاوپەیمانیی ئەتڵەسی ئەو داڕشتنە نوێیەیان پەسەندکرد و سەرجەمیان پێیانوابوو: دەبێت ئەڵمانیا دووبارە پڕچەک بکرێتەوە و سەرەوەریی قەومی پارێزراوبێت و بە داگیرکاری ئەمەریکی و بەریتانی و فەرەنسی کۆتایی بێت. لە مایۆی 1955دا، کۆماری ئەڵمانیای یەکگرتوو بووە ئەندام لەناو کۆمەڵەی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی.

سەرباری هەموو بەربەستەکانی سەر ڕێگای، کەچی ویلایەتەیەکگرتووەکان هاوکات لەگەڵ دانوستاندنەکانی لەسەر ڕێککەوتن لەبارەی ئەڵمانیاوە، توانیی ئامانجە سەرەکییەکانی لە ئەورووپا بپێکێت، کە دواتر بوونە

گرەنتییەک بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵەی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی و دووبارەزیندووکردنەوەی ئەڵمانیا، بە جۆرێک هاوسەنگ بێت لەگەڵ دامەزراندنی ئەڵمانیای ڕۆژئـاوا. هەروەها توانیی ئاشتەوایی لەنێوان پاریس و بۆن بەرقەرار بکات و ئەورووپاش لەڕووی سیاسییەوە سەقامگیرتر بێت و لەڕووی ئابوورییشەوە چالاکتر.

مێژوونووس ملفین بی لفلر دەڵێت: (پلانەکەی ئەمەریکا بریتیبوو لە دامەزراندنی ئەورووپایەکی گەشەسەندوو و دوور لە کۆمۆنیزم، کە ئامانج لێی ڕووبەڕووبوونەوەی هەرهەوڵێکی کرملین بوو بۆ دەستبەسەرداگرتنی ڕۆژئاوای ئـەورووپـا، چ لە کاتی جەنگ، یان لە کاتی ئاشتی، یان فریودانی ئەڵمانیای ڕۆژئـاوا تا بچێتە پاڵ سۆڤیەت لە داهاتودا).

سەرەتاکانی ساڵی 1953 یەکەم گۆڕانکاری لەسەر ئاستی سەرکردایەتی لە هەریەک لە مۆسکۆ و واشنتۆن ڕوویدا، بەڵام هەردوو سەرکردە نوێیەکە کارێکی ئەوتۆیان نەکرد بۆ کەمبوونەوەی ئـەو بێمتمانەیی و گومانانەی نێوانیان، کە ببوە واقعێکی قەیراناوی لەنێوان هـەردوو زلهێزەکەدا. لەڕاستیدا ئەیزنهاوەر و راوێژکارەکەی بۆ سیاسەتی دەرەوە، (جۆن فۆستر دالاس) سووربوون لەسەر بەردەوامبوون لە جەنگی سارد بە گڕوتینێکی بەهێزتریشەوە لەچاو ئیدارە دیموکراسییەکەی پێشووی خۆیان. بەرنامەی حیزبی کۆماری بۆ ساڵی 1952، کە بەندێکی دالاس خۆی

دایڕشتبوو، ڕەخنەی توندی لە دیموکراتەکان دەگرت بەهۆی (هەڵە کارەساتباراوییەکانیانەوە) لە کاروباری دەرەوە و ئیدانەی ستراتیژیەتەکەی ترومانی کرد، کە تەنیا بۆ کۆنتڕۆڵکردنی دۆخەکە بووە. بە سیاسەتێکی (سلبی و نەزۆک و ناڕەوشتی) وەسفیکرد، کە دەبێتەی مایەی زیانێکی زۆر و خەڵکیکی زۆریش دەبێتە نێچیری شیوعییە ستەمکارەکان. تەنانەت دوای مردنی ستالینیش لە مارسی 1953 و پێشکەشکردنی چەند پێشنیازێکی بریقەداری سەرکردایەتیی سۆڤیەت بۆ ئاشتی، کە جێگەی دیکتاتۆرە ڕووسییەکەی گرتبووەوە، هیچیان بۆچوونەکەی ئەیزنهاوەر و پلاندەرە ستراتیژییەکانی ئەمەریکایان نەگۆڕی لەسەر دوژمنە سەرسەخت و فێڵبازەکە. باوەڕێکی تەواویان هەبوو، کە یەکێتیی سۆڤیەت تا ڕاددەیەکی زۆر لەڕووی سەربازی و سیاسی و ئایدیۆلۆژییەوە جێگەی مەترسییە. چونکە دوژمنێکی خاڵییە لە هەر شێوازێکی دانوستاندنی دبلۆماسیی تەقلیدی. دواتر تەنیا لە ڕێگەی هێزێکی گەورەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت باشترە تا ملکەچ بێت . دالاس لە وتەیەکی بۆ لیژنەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی سەر بە ئەنجوومەنی پیران، لە دانیشتنێکی گوێگرتندا بۆ دووبارەکاندیدکردنەوەی بۆ پۆستەکەی دەڵێت: (ئەو ململانێیە قابیلی هیچ چارەسەرێک نییە). پاشان وینستون چەرچڵ، کە بۆ جاری دووەم پۆستی سەرۆکایەتیی وەزیرانی بەریتانیای وەرگرتەوە و داوای کۆبوونەوەیەکی

لووتکەی کرد، بۆ وتوویژکردن لەسەر ئەگەری گەیشتن بە چارەسەرێکی دبلۆماسی لەگەڵ مۆسکۆ، بەڵام ئەیزنهاور داواکەی ڕەت کردەوە و بەنهێنی پێی ڕاگەیاند : ( کە ئەوە جووڵەیەکی پێشوەختەیە بۆ ڕووداوەکان) .

سۆڤیەتیەکانیش لەلای خۆیانەوە دەیانویست ئەڵمانیا پڕچەک بکرێتەوە و هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسییش بەهێزتر بکرێت، بەڵام بە زەبری دەست و بازووی خۆیان بێت. کەچی پشێوی و خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات لە دژی یەکێتیی سۆڤیەت لە یۆنیۆی 1953، ڕاددەی لاوازیی سۆڤیەتی نیشاندا لە کۆنترۆڵکردنەوەی دۆخەکە لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی خۆی لەو ناوچەیە. لە مارسی 1955یش سۆڤیەت دەسەڵاتەکانی خۆی بەسەر پەیوەندییە ئەمنییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا فراوانترکرد (ئەو وڵاتانەی هاوپەیمانی خۆی بوون) وەک کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات، پۆڵەندە، مەجەر و چیکۆسلۆفاکیا و ڕۆمانیا و بولگاریا و ئەلبانیا. ئەمەش بە پێکهێنانی هاوپەیمانیی وارشۆ. مەبەست لەو هاوپەیمانێتییە، کە هاوپەیمانێتییەکی سەربازیی فراوان بوو. وەڵامدانەوەیەک بوو لەبەرامبەر دەستپێشخەرییەکانی ڕۆژئاوا لە ئەڵمانیا و لەناو خودی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسییش. کە لەپێناو بەهێزکردنی هێڵەکانی دابەشبوون لەناو کیشوەری ئەورووپا ئەنجامدرابوون. دوای تەنیا یەک ڕۆژیش، یەکێتیی سۆڤیەت چووە پاڵ هاوپەیمانەکانی بۆ واژۆکردن لەسەر

پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ نەمسا. بەپێی ئەو پەیماننامەیە: نەمسا توانیی کۆتایی بە داگیرکاریی هاوپەیمانان بهێنێت و دەوڵەتێکی بێلایەن و خاوەن سەروەریی خۆی دابمەزرێنێت. لە لایەکی تریش مۆسکۆ چەندین پێشنیازی تری خستە بەردەم ڕۆژئاوا بۆ کۆتاییهێنان بە پێشبڕکێی پڕچەککردن و کاریکرد بۆ گەیشتن بە (چارەسەرێکی کاتی) لەگەڵ یوگسلاڤیا. پاشان زنجیرەیەک دەستپێشخەریی دبلۆماسی چاونەترسانەیشی لە جیهانی سێیەم خستەڕوو.

ئەو هەنگاوانەی لەلایەن ئەو سەرکردە پێداگرە، بەڵام لەهەمان کاتدا نەرم (نیکیتا ئیس خرۆشۆف) سەرکردەی حزبی شیوعی، کە بە کەسایەتییەکی هەژمووندار بەسەر سەرکردایەتیی ستالیندا وەسفدەکرا، وایکرد کۆبوونەوەی لووتکە ئاسانتر بێت، کە دەمێک بوو چەرچڵ بەگەرموگوڕییەوە چاوەڕێی دەکرد. لە یۆلیۆی 1955 سەرۆکایەتیی حوکومەتەکانی هەریەک لە ئەمەریکا و سۆڤیەت و بەریتانیا و فەرەنسا لە جنێڤ کۆبوونەوە. ئەمەش یەکەم کۆبوونەوە بوو دوای دەیەیەک لە کۆنگرەکەی پۆتسدام. هەرچەندە پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینی لەبارەی ئەڵمانیا، یان مەسەلەی داماڵینی چەک، یان هەرپرسێکی تری گەورە، کە جیاوازیی بیروڕایان لەسەربوو، بەڵام بەگشتی تەنیا بەستنی ئەو کۆنگرەیە، نیشانەیەکی دڵخۆشکەر بوو بۆ هاتنی کاتێکی پڕ لە هاریکاری و ڕێککەوتن لە پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات

و ڕۆژئـاوای ئەورووپا. لە کۆنگرەکەی جنێڤ هـەردوولا کۆک بوون لەسەر ئەو دۆخەی ئێستای ئەورووپا و درکیان بەوە کردبوو کە هیچ لایەکیان خۆی ناخاتە بەر مەترسیی هەڵگیرساندنی جەنگێک بۆ گۆڕینی دۆخەکە. یەکێک لە دیارترین کارەکانیشی، دوای دوو مانگ مۆسکۆ لەڕووی دبلۆماسییەوە دانی بە ئەڵمانیای ڕۆژئاوادا نا.

بڕیاری پاشەکشەکردنی هەنگاریا لە هاوپەیمانیی وارشۆ ڕاگەیەندرا و داوا لە نەتەوەیەکگرتووەکان کرا پشتیوانی لێبکات. خرۆشۆف پاشگەزبووەوە لەو لێبوردەییەی بەرامبەر گۆڕانی سیاسیی داویەتی لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و پێی وابوو ئەگەر خێرا شتێک نەکات، ئەوا پاڵنەرێکی بەهێز دەداتە ئەمەریکا و فەڕەنسا و بەریتانیا. درێژبوونەوەی ئەو ماوەیەی لەنێوان داگیرکردنی میسر لەلایەن فەڕەنسا و ئینگلیزەکان، لە سییەکی ئۆکتۆبەر، هەروەها سەرقاڵبوونی ئەیزنهاوەر بە دوارۆژەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن، وایانکرد سەرکردە ڕووسییەکە بە (هەلێکی لەبار)ی بزانێت بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی. بۆیە لە چواری نۆڤەمبەر نزیکەی دوو سەد هەزار لە هێزەکانی ڕووسیا و هێزەکانی هاوپەیمانیی وارشۆ، بە پاڵپشتیی پێنج هەزار و پێنج سەد تانک، بەرەو هەنگاریا بەڕێ کەوتن بۆ سەرکوتکردنی یاخیبووان بە زەبری هێز. ئەو کارەش بووە هۆی لەدەستدانی (20) بیست هەزار مەجەری و نزیکەی (3) هەزار ڕووسی. لە هەشتی نۆڤەمبەر یاخیبوونەکە

بەتەواوی تێکشکێنرا. ئیدارەی ئایزنهاوەریش جگە لە گوتارێک بۆ دەربڕینی هاوخەمیی خۆی لەبەرامبەر کارە وەحشیگەرییەکانی سۆڤیەت لە ڕادیۆی ئەورووپا هیچی تری پێنەبوو. دیاربوو ئەوکاتە ئەمەریکییەکان ئامادەنەبوون ببنە هۆکاری ڕووبەڕووبوونەوەیەکی جیهانی، کە لەژێر دەسەڵاتی سۆڤیەتیدا ڕوویاندەدا. کەچی سۆڤیەتییەکانیش ئامادەی هەر وەڵامدانەوەیەکی ڕۆژئاوا بوون.

## پشێوییەکانی جیهانی سێیەم

بە چەندین هۆکاری جیاجیا، وڵاتانی جیهانی سێیەم، کە زۆربەیان دوای چەند دەیەیەک، ئەگەر نەڵێین دوای چەند سەدەیەک لە داگیرکاریی ئیستعماری ڕۆژئاوایی ڕزگاریان بووبوو. ئەو وڵاتانە بووبوونە تەوەری سەرەکیی پێشبڕکێکانی نێوان یەکێتیی سۆڤیەت و ئەمەریکا لە پەنجاکاندا. پلاندەرە ئەمنییەکانی ئەمەریکا درکیان بەوە کردبوو، کە سەرچاوە و بازاڕی ناوچەکانی جیهانی سێیەم، زەروورە بۆ بووژانەوەی ئابووری سەرمایەداریی جیهانی و چاکبوونەوەی ئابووریی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەورووپا و ژاپۆن. لە لایەکی تریشەوە پێویستییەکانی ئەمەریکا لەڕووی بازرگانی و سەربازی. لەڕاستیدا ڕۆژئاوا: بەهۆی پەیوەندییەکانی بە جیهانی سێیەمەوە هێزێکی زۆری سەربازی و ئابوورییشی دەستکەوتبوو. دیارترین نموونەش لەسەر ئەوە: گرنگیی نەوتی ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاستە، کە دەگەیشتە ڕۆژئـاوای ئـەورووپا لە کاتی ئاشتی و هاوپەیمانەکانی باکووری ئەتڵەسییش لە کاتی جەنگدا. کەچی سۆڤیەت، بەتایبەتی دوای مردنی ستالینی دیکتاتۆر و هاتنی خرۆشۆفی دبلۆماسی، کارێکی ئەوتۆیان نەکرد بۆ درێژەدان و برەودان بە پەیوەندیی دۆستایەتی و بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتـانی جیهانی سێیەم، ئەوانـەی نەکەوتبوونە بـەرەی سەربازگەکەی ڕۆژئـاوا. کرملین هەمیشە هەوڵیدەدا دەسەڵاتەکانی فراوانتربکات و زۆرترین بڕی سەرچاوە و کەرەستە و بنکەی سەربازی دابین بکات . ئەویش بە ڕێگەی دبلۆماسی و بازرگانیکردن و پێدانی قـەرز بۆ گەشەکردنی ئـابـووری. بەتایبەتی لە وڵاتانی ئەفریقیا و ئاسیادا. لە هەمان کاتیشدا دەیویست هێزی ڕۆژئاوا لاواز بکات.

پێدەچوو نموونەی گەشەی مارکسی-لینینی لە لای ژمارەیەک لە بیرمەند و فەرماندە سیاسییەکانی جیهانی سێیەم جێگەی ڕەزامـەنـدی بووبێت. کە سـەرسـام بوون بەو هەنگاوەی یەکێتیی سۆڤیەت بەو ماوە کورتە ئەنجامی داوە. لە وڵاتێکی پاشکەوتوو بۆ زەبەلاحێکی سەربازی - پیشەسازی تەنیا لە یەک دەیەدا. ئەو ڕاستییە هەوڵەکانی کرملینی ئاسانتر دەکرد بۆ بەستنی پەیوەندیی دۆستایەتی و دەسـتـەبـەرکـردنـی پشتیوانی لـەو نـاوچـەیـە. کەچی ئیستعمارییەتی ڕۆژئاوایی و ڕەگەزپەرستی و لەخۆباییبوون و هەژموونی بەردەوام بەسەر سەرچاوە و قەومییەتەکاندا،

ئەمانە هەموویان کارە دبلۆماتکارییەکانی ئەمەریکایان قورستر کردبوو لەو ناوچەیە. لە پەنجاکاندا دروستکەرانی سیاسەتی ئەمەریکا هاتنە ئەو بڕوایەی، کە دەرئەنجامەکانی ئەو ململانێیە لەسەر دەوروبەر دەبێتە هۆی هەڵگەڕانەوەی تــەرازووی هێزی جیهانی لە بـەرژەوەنـدیـی ڕۆژئـاوادا، یاخود لە دژی. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکی دین ڕاسک لە ساڵی 1961 لەناو ئەنجوومەنی پیران جەختی لەسەر ئەو ڕاستیە کردەوە و وتی: (هەوڵەکانی سۆڤیەت لەو ناوچەیە زۆر گەورە و بەرچاون و وا نیشاندەدا< کە ململانێکەی سۆڤیـەت و ئەمەریکا بـووەتـە کێشـەیەکی سـەربازیی ڕۆژئـاوای ئەورووپا لەسەر چەند وڵاتێکی جیاجیای ئەو ناوچەیە). هەروەها هۆشداریشی دا لە بەرپابوونی جەنگ لە ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتین و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ئاسیا، چونکە ئێستا هەمویان بەیەکەوە گرێدراون، نەک تەنیا هەر لەسەر ئاستی سەربازی، بەڵکو لەسەر ئاستەکانی دەسەڵات و دڵسۆزی و ..هتد، ئەمەش کارێکی یەکجار ترسناکە لە داهاتوودا.

قەیرانەکەی ئێران، کە لـە سـاڵانی 1951 و 1953 ڕوویـدا، هەموو ئـەو خـاڵانـەی تێدا بەرجەستە بووبوو. ئـەو قەیرانە، کە لە ئەنجامی ململانێیەکی نێوان ڕژێمە قەومییەکان ڕوویدا لەسەر کۆنترۆڵکردنی ئابووریی وڵات. هێزی ڕۆژئاواییەکانیش ئامادە نەبوون دووبارە دانوستان لەبارەی تایبەتمەندییەکانی نەوت بکەنەوە. ڕابەری نەتەوەیی

(محمد موسەدەق) گڕی قەیرانەکەی خۆشکرد، کاتێک کێڵگە و پاڵاوگە نەوتییەکانی سەر بە کۆمپانیای نەوتی ئەنجلۆی ئێرانی لە ساڵی 1951 خۆماڵی کرد. سەرۆکوەزیرانەکەی ئێران دەیویست دەستکەوتی زیاتر بۆ وڵاتەکەی دەستبەربکات لە یەدەگی ئەو نەوتە زۆرە، کە دیارترین سەرچاوەی سروشتیی وڵات بوو. ئەو سەرچاوەیەی، کە هەمیشە لەلایەن کۆمپانیا بەریتانیایە زەبەلاحەکانەوە قۆرخکرابوون. ڕەتکردنەوەی دانوستاندنەکان لەگەڵ حکومەتەکەی موسەدەق لەلایەن بەریتانیای مەزن و دواتریش دابڕینی نەوتی ئێرانی، پشێوییەکانی ئاڵۆزتر کرد و دواجار بەخێرایی جەنگی ناوخۆی لێکەوتەوە. هەرچەندە سەرەتا ویلایەتەیەکگرتوەکان هاوسۆزییەکیان هەبوو لەگەڵ ئەو مەسەلەیە و بەلادان لە ڕێسا و یاسا نووسراوەکانی لەلایەن حکومەتەکانی جیهانی سێیەمەوە دانراون هەژماری نەکردبوو. ئەو ڕێسایانەی ماوەیەکی زۆر بوو ڕێکخستنە بازرگانییەکانی لەنێوان وڵاتانی پیشەسازی و ئەو وڵاتانانەی، کە هێشتا لەو بوارەدا پێشکەوتوو نەبوون ڕێکخرابوو. ئیدارەی ترومان ویستی نێوەندگیریی ئەو مەسەلەیە بکات. چونکە لە بنچینەدا ترس لە بەرپابوونی ڕووبەڕووبوونەوەیەک هەبوو، کە ببێتە مایەی تێکدانی سەقامگیریی ناوچەکە و سۆڤیەتیش تاکە سوودمەند بێت لەم بارودۆخە. بەڵام بەریتانیا بەو چارەسەرە ڕازینەبوو. موسەدەقیش پێشوازی لە یارمەتییەکانی سۆڤیەت و

پشتیوانییە ناوخۆییەکانی حیزبی (تودەی)ی سەر بە یەکێتیی سۆڤیەت کرد. لە وەڵامدانەوەی ئەو کارە، ئیدارەی ترومان بە بەشداری بەریتانییەکان پرۆسەیەکی نهێنییان ئەنجامدا، کە ئامانج لێی لەناوبردنی موسەدەق و گەڕاندنەوەی سیستمی حوکمی پادشایەتی بوو بە سەرۆکایەتیی (شا)ی ئێران (محمد ڕەزا پەهلەوی)، کە سەر بە ڕۆژئاوا بوو. هەرچەندە ڕیشەی ململانێکەی بەریتانیا و ئێران هیچ پەیوەندییەکی بە جەنگی ساردەوە نەبوو، بەڵام ترسی دەستتێوەردانی سۆڤیەت لای ئەمەریکییەکان سیاسەتی ئەمەریکایان دەجووڵاند. دەستتێوەردانە نهێنییەکەی ئەمەریکا لە مەسەلەی ئێران دوو کاری سەرەکیی سیاسییەکانی ئەمەریکا بوون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەرەتای جەنگی سارد. چونکە ئەوان سووربوون لەسەر کۆنترۆڵکردنی یەکێتیی سۆڤیەت و دواتر دانانی سنوورێک بۆ کاریگەرییەکانی لەسەر وڵاتانی تازەئازادکراو لە ئیستعمار. هەروەها خواستی گەیشتن بە سەرچاوە نەوتییە چالاکەکانیش یەکێک بوو لە مەبەستە هەرەدیارەکانی ئەمەریکا. ئەیزنهاوەر دوای ڕووخاندنی ڕژێمەکەی موسەدەق بە یەکێک لە ڕاوێژکارەکانی ڕاگەیاندبوو : دەستەبەرکردنی سەرچاوەی نەوت بۆ ڕۆژئاوای ئەورووپا، یەکێکە لە ئەولەوییەتەکانی ئەمەریکا، وەک چۆن بۆ خۆمانی دابیندەکەین، بەو شێوەیش بۆ ڕۆژئاوا هەوڵدەدەین، تا بتوانێت بەردەوام بێت لە کۆنترۆڵکردنی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ململانێیەکی تریش هەر لەو کاتەدا سەریهەڵدا، کە دەیەیەکی نوێی سەردەمی ئیستعمار دووبارە باڵی کێشایەوە بەسەر دۆخەکەدا، ئەویش لەنێوان بەریتانیا و میسر بوو لەسەر ئەوەی کێ مافی هەیە کۆنترۆڵی ئۆردوگای قاهیرە (سوێسی سەربازی) بکات، ئەو ململانێیە بووە هۆی شێواندنی هەوڵەکانی ئەمەریکا، کە ئامانج لێی دروستکردنی ناوچەیەکی سەقامگیری سەر بە ڕۆژئاوا بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەو ململانێیە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بووە مایەی مەترسییەکی زۆر و سەرهەڵدانی قەیرانی سوێس لە ساڵی 1956. ڕەگوڕیشەی ئەو قەیرانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی، کە میسر نەچووە ژێرباری چوونی بۆ ناو هەربەرەیەکی بەرگریکردن لە دژی سۆڤیەت. کە هەر لە ناوەڕاستی پەنجاکانەوە لەلایەن ئەمەریکا و بەریتانیاوە بەرنامەی بۆ دارێژرابوو. ئەم کارە وایکرد میسرییەکان بە هیچ شێوەیەک هاریکاریی ڕۆژئاوا نەکەن، چونکە پێیانوابوو هەمیشە لە بۆسەی داگیرکردن دان. لە ئەنجامی ئەو ڕەتکردنەوەیەی میسر و چەند وڵاتێکی تری عەرەبی، ئەمەریکییەکان و بەریتانییەکان ڕوویانکردە چەمکی (پشتێنەی بەدیل)، ئەو پشتێنەیە هەریەک لە بەریتانیا و تورکیا و پاکستان و ئێران و عێراقی گرتەوە و لە فێبرایەری ساڵی 1955 واژۆیان کرد لەسەر هاوپەیمانیی بەغدا. کە ڕێککەوتنێکی فراوانی ئەمنیی هاوبەش بوو. ئامانجیش لێی درێژکردنەوەی قەڵغانی

کۆنترۆڵکردن تا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەرچەندە ئەمەریکا جگە لەو فشارانەی دروستی دەکردن، بەڵێنی بەخشینی ئابووری و سەربازییشی دەدا بەو وڵاتانەی دەهاتنە ناو ئەو ڕێککەوتنە.

کەچی ئەو ڕێککەوتنە بووە هۆی ناسەقامگیری لە ناوچەکە. بە بۆچوونی (جەمال عەبدولناسر)ی، ڕابەری بەهێزی قەومی میسری، ئەوە کارێکی دوژمنکارانەیە. عێراق تاکە وڵاتی عەرەبی بوو چووە ناو ئەو ڕێککەوتنە. هەر لە کۆنەوە عێراق ڕکابەرێکی سەختی میسر بوو لەناو جیهانی عەرەبیدا. لە پایزی ساڵی 1955 عەبدولناسر ڕێککەوتنێکی خۆپڕچەککردنی لەگەڵ چیکۆسلۆفاکیا واژۆکرد، بۆئەوەی بگاتەوە بە عێراق، کە ئەوکاتە بەهۆی پەیوەندیی بە کۆمەڵەی هاوپەیمانیی بەغدای سەر بە ڕۆژئاوا، هێزە سەربازییەکەی بەهێزبوو. لە دیسەمبەری 1955 ئیدارەی ترومان بەهۆی ترسی لە شکانەوەی میسر بەلای سەربازگەی سۆڤیەت، بەمەبەست چەندین پێشنیازی دایە میسر، کە لە وێنەی پشتگیریی داراییدا بوون بۆ تەواوکردنی بەنداوی ئەسوان (بەنداوی بەرز)، ئەو بەنداوە بڕبڕەی پشتی پلانەکانی میسر بوو بۆ گەشەپێدان. بەڵام بەهۆی پاڵپشتیی میسر بۆ ئەو هێرشانەی دەکرایە سەر ئیسرائیل و بەردەوامبوونی لە هەڵبژاردنی ڕێچکەی بێلایەنی لە سیاسەتی دەرەوە و داننان بە کۆماری چینی میللی لە مایۆی 1956، ئەمانە ویلایەتەیەکگرتووەکانی تووڕەکرد و لە نۆزدەی یۆلیۆی

1956 وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا "دالاس" ڕایگەیاند: پاشگەزبوونەتەوە لەو پێشنیازەی داویانە بە میسر بۆ پشتگیریی دارایی بەنداوی ئەسوان. بەڵام عەبدولناسر وەڵامێکی چاونەترسانەی دایەوە و وتی: (بەداخەوە بمرن). سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی یۆجین بلاک هۆشداری دا بە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، کە ئەو کارە دەرگاکانی دۆزەخ دەخاتە سەرپشت.

لە بیستوشەشی یۆلیۆ، عەبدولناسر لە جووڵەیەکی بوێرانە و پێشبینی نەکراودا، خۆماڵیکردنی کۆمپانیای کەناڵی سوێس ـ ی، ڕاگەیاند و بەڵێنی دا ئەو رێرەوە ئاوییە نێودەوڵەتی و زیندووە شایستانە کارپێبکات و دەستکەوتەکەیشی بەکاربهێنرێت بۆ دابینکردنی دارایی بۆ تەواوکردنی پرۆژەکەی بەنداوی عالی. پاشان دوای چەند دانوستاندنێکی چڕوپڕ، دالاس زۆر هەوڵیدا بەدیلێک بۆ ئەو ململانێ ڕاستەوخۆیە بدۆزێتەوە، لە ئەنجامیشدا هەریەک لە بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیسرائیل بە هاوبەشی و لە پرۆسەیەکی سەربازیی هاوبەشدا دژی میسر لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1956 پەلاماری میسریان دا. بەڵام ئەو هاوپەیمانانە تووشی شۆک بوون، کاتێک بینیان ویلایەتەیەکگرتوەکان زۆر بەتوندی ئیدانەی ئەو هێرشەی کرد و بە کارێکی دوژمنکارانەی سەربازیی زۆر زەق و بێپۆزشی وەسفکرد، هەروەها بە پێشلێکردنی سەروەریی یاسا لەقەڵەمیدا. کاتێکیش سۆڤیەت لە پێنجی نۆڤەمبەردا ئیدانەی ئەو کارەی

کرد و لەخۆباییانە هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوەی لە بەریتانیا و فەرەنسا کرد، ئەگەر ئەو دوژمنکارییانە نەوەستێنن. بۆیە لەناکاو قەیرانی سوێس بووە مایەی ئەگەری ڕودانی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ترسناک لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. فشارەکانی ئەمەریکا یارمەتیدەربوون بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک و دوورخستنەوەی ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ.

دوابەدوای قەیرانی سوێس، باری سەرشانی ویلایەتەیەکگرتوەکان قورستر بوو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، چونکە یەکێک لە گەورەترین ترسی ئەیزنهاوەر ئەوەبوو: سۆڤیەتییەکان کاربکەن بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لەدوای لاوازبوونی دەسەڵاتی فەڕەنسا و بەریتانیا لە ناوچەکە دروست بووە.

لە یەکی یەنایەری ساڵی 1957 ئەیزنهاوەر، بە ژمارەیەک لە نوێنەرانی کۆنگرێسی ڕاگەیاندبوو، کە (پێویستە ئەمەریکا ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە پێش ئەوەی سۆڤیەتییەکان دەستپێشخەری بکەن). بۆیە سەرۆک لە پێنجی یەنایەر، پێشنیارێکی خستە بەردەم کۆنگرێس، بۆ ئەوەی پاڵپشتیی دارایی و یارمەتیی ئابووری و سەربازی پێشکەشی ئەو ڕژێمانە بکەن، کە هاوپەیمانی ئەمەریکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. گەر پێویستیش بکات هێزی سەربازی بەکاربهێنرێت بۆ وەستاندنی هەرکارێکی دوژمنکارانە بۆ سەر هەروڵاتێک لەلایەن ئەو وڵاتانەی شیوعییەکان تێیدا

باڵادەستن. بێگومان ئەو بۆچوونە وایکرد ئەمەریکییەکان هەستێکی قووڵیان لا دروستببێت بەرامبەر پابەندبوونیان بە ناوچەکە. هەروەها بیانوویەکی باشیش بوو بۆ ئەیزنهاور تا هێزێکی ئەمەریکی ڕەوانەی لوبنان بکات لە ساڵی دواتر، دوای ئەوەی لە کودەتایەکی خوێناویدا لە عێراق ڕژێمی پاشایەتی لادرا، کە پاڵپشتێکی گرنگی ڕۆژئاوابوو. ئەمەش بووە هۆی لەرزاندنی ڕاددەی ڕاستگۆیی ئەمەریکا لە ناوچەکە. هەرچەندە قووڵترین هۆکارەکانی ناسەقامگیری لە ناوچەکە : ململانێیەکەی عەرەب – ئیسرائیل بوو، بەڵام ڕق و کینەی عەرەبەکان لەبەرامبەر پاشماوەی ئیستعماری ڕۆژئاوایی و کەمەندکێشکردنی قەومییەتی عەرەبی. ئەمانە هەموویان دووربوون لە ویستی هێزەکانی ئەمەریکی و فریودانی ئابووری و بۆسەی دبلۆماسی و پێشنیازەکانی ئەمەریکا بۆ نێوەندگیریکردن.

لەو کاتەدا، باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا شانۆیەکی تربوو بۆ تۆمارکردنی ئەودیوی ڕووداوەکانی جەنگی سارد. دورستکەرانی سیاسەتی ئەمەریکا ترسیان هەبوو لەوەی ئەو بارودۆخە ناسەقامگیرەی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشاوە. کە خۆی لە چەند ئاستەنگێکی ئابووری و گواستنەوەیەکی لاوازی ناتەواو لە ئیستعمارییەوە بۆ سەربەخۆبوون و ململانێیەکانی ئیستعماری لە هیندی چینی و مەلایۆ، ئەمانە هەمووی وایکردبوو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ببێتە نێچیرێکی ئاسانی شیوعییەکان.

چاودێرانی ئەمەریکا ئەوەیان بە کارێکی یەکجار مەترسیدار سەیردەکرد. تشارلز بوهلین، کە یەکێکە لە پسپۆڕانی بواری سۆڤیەت لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەڵێت: (لەدەستدانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە بەرژەوەندیی شیوعییەکان، کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر تەرازووی هێز دروستدەکات، تەنانەت ڕەنگە ببێتە هۆی شکستمان لە جەنگی سارد). لە ناوەڕاستی ساڵی 1952 وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ئەتشیسون بە وەزیری دەرەوەی بەریتانی (ئەنتۆنی ئەیدن)ی، ڕاگەیاند: (لەناودەچین ئەگەر باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیامان بەبێ شەڕکردن لەدەستدا) پاشان دەڵێت: (پێویستە هەموو هەوڵێکمان بخەینەگەڕ بۆ رزگارکردنی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا). یەکێتیی سۆڤیەت بۆ فراوانکردنی دەسەڵات و پێگەی خۆی لەو ناوچەیە، بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی بەکاردەهێنا، ئەمەش دەبووە مایەی هەڕەشە لەسەر ئەمەریکا و ناوچەکەش. یەکێکیش لە ترسە هەرەسەرەکییەکانی ئەمەریکا لەو ناوچەیە، بریتیبوو لە ئەگەری بەکارهێنانی هێزی سەربازی لەلایەن چینەوە بۆ گەیشتن بە مەرامەکانی. لە ڕاپۆرتێکی سیاسیی تێروتەسلدا، کە لەلایەن سەرۆک ترومانەوە پەسەند کرابوو، ئاڕاستەی ئەنجوومەنی ئەمنی قەومی کرا، لە واشنتۆن. هۆشداری درابوو لە هەڵگەڕانەوەی هەردەوڵەتێک لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و شکانەوەی بەلای کوتلەی چینی-سۆڤیەتی و دروستبوونی کاریگەریی

خراپ لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە). زۆرجاریش ئەو کارە دەبووە هۆی ملکەچبوون، یان شکانەوە بەلای کۆمۆنیزم لەلایەن هەندێک وڵاتی تریشەوە. بەکورتی: پێشبینیی هەر کاردانەوەیەکی یەک لە دوای یەک بکرێت، ئەگەر شیوعییەکان تەنیا توانییان لە یەک دەوڵەتیشدا زاڵببن، بێئەوەی دژەکاردانەوەیەکی خێرا و بەهێز هەبێت. ئەمەش وا دەکات شیوعییەکان کۆنترۆڵی هەموو ناوچەکە بکەن. ئەو جۆرە ئەگەرانە کاریگەریی ئابووریی خراپ لەسەر هەموو ئەورووپا و ژاپۆن دروستدەکات ، ڕۆژئاواش بێبەش دەبێت لە هەموو سەرچاوە گرنگەکان. ئەمەش ڕاستگۆیی ئەمەریکا و پێگەکەیشی وەک زلهێزێک لەرزۆک دەکات.

هیندستانی-چین، کە شیوعییەکان بە سەرکردایەتیی (فیت منە) هەر لەساڵی 1946ەوە، بەرهەڵستی هەموو هەوڵێکی فەڕەنسای دەکرد بۆ سەرکوتکردنیان. ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پشتیوانییە سەربازی و لۆجستییەی، کە لەلایەن چینەوە لێیاندەکرا. هیندی- چینی باشترین شوێن بوو بۆ شیوعییەکان تا بتوانن زاڵبن بەسەریدا. دواتر خاڵێکی سەرەکی بوو بۆ هەوڵەکانی ئەمەریکا لەپێناو کۆنترۆڵکردن و ڕێگەگرتن لە بەرفراوانبوونی کۆمۆنیزم لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، چونکە ئەو یارمەتییە سەربازییانەی ڕاستەوخۆ ئەمەریکا پێشکەشی دەکرد لەپێش جەنگ، فراوان و بەردەوامی هەبوو. سەرچاوەی سەرەکیی هەوڵە جەنگییەکانی فەڕەنساش بوو. بەڵام لە

ساڵی 1954 فەڕەنسییەکان هەم وەک حکومەت و هەم وەک گەلەکەی، بێزاربووبوون لەو ململانێ پڕخەرجییە، کە پشتیوانیی گەلیشی لێنەدەکرا. فەەنسییەکان دەیانویست بە شێوەیەکی دبلۆماسی و شەرفەمەندانە لەو ململانێیە بێنە دەرەوە. بۆیە لە مایۆی ساڵی 1954 کۆنگرەی جنێڤ لەسەر پرسی هیندی چینی بەسترا. کەچی هەر لەمیانەی کۆنگرەکەدا، هێزەکانی فیت منە سەرکەوتنێکی گەورەیان تۆمارکرد بەسەر هێزەکانی فەڕەنسا لە ناوچەی (دیان بیان فو) لە باکووری ڕۆژئاوای ڤێتنام. ئەو پێشهاتە خێرایە کۆتایی بە حکومی فەڕەنسی هێنا لە هیندی چینی. چونکە فەڕەنسا بەهۆی ئەو شکستە گەورەیەی نەیتوانی چیتر لەسەر مێزی دانوستاندنەکان مەرج دابنێت، بەمەش هێزە ڕۆژئاواییەکان ڕازیبوون بە دابەشکردنێکی کاتیی ڤێتنام لە بازنەی هێڵی حەڤدە. هەروەها بەخشینی نیوەی باکووریش بە یەکێتیی سەربەخۆیی ڤێتنامی بە سەرۆکایەتیی فیت منە. هاوپەیمانانی سۆڤیەت و چینیش فشاریان خستە سەر سەرکردەی ڤێتنام تا بە نیوەی کێکەکە ڕازی ببێت، بەڵام ئەو کارە فیت منەی بێزارکرد. بەڵام ئەوان دەیانویست خۆیان لابدەن لە تووڕەبوونی ئەمەریکا و جارێکی تر تووشی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی نەبن لەگەڵ ڕۆژئاوا.

ئیدارەکەی ترومانیش لەلای خۆیەوە هەوڵیدەدا خۆی لەو هەڵویستە ڕزگار بکات، نەک تەنیا شکستێکی قەومیی شەرمەزارانە بوو بۆ فەڕەنسا، بەڵکو لەقاندنی شکۆمەندیی

جیهانی ویلایەتەیەکگرتووەکان بوو لەبەرامبەر جەنگی سارد. لە هەوڵێکیشدا بۆ دانانی سنوورێک لەبەردەم فراوانبوونی کۆمۆنیزم لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ئەمەریکییەکان دەستیانکرد بە دامەزراندنی هاوپەیمانیی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (سیاتو) لە سێپتەمبەری 1954. ئەو هاوپەیمانییەتییە لە هەریەک لە ویلایەتەیەکگرتووەکان، فەڕەنسا، بەریتانیا، ئوسترالیا، نیوزلەندە، فلیپین، تایلاند و پاکستان پێکهاتبوو. ئەیزنهاوەر و دالاس و یارمەتیدەرەکانیان دەیانویست لە جێگەی دەسەڵاتەکەی فەڕەنسا، دەسەڵاتی ئەمەریکا فراوانتر بکەن لە ڤێتنامی باشووردا. بەلێشاو دۆلاری ئەمەریکی و ڕاوێژکاران و کەرەستەی خاو بەسەر کۆماری ڤێتنامی باشووردا بارێنرا بۆئەوەی ڕێگە بگیرێت لە گەشەکردنی ڤێتنامی باکوور. چ لە ڕێگەی هێزی چەک، یان سندوقەکانی دەنگدان. لە ساڵی 1956 سەرۆکوەزیرانی ڤێتنام، کە سەر بە ئەمەریکا بوو، بڕیاری هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1956ی پووچەڵکردەوە لە سەرجەم ڤێتنام. چونکە دەیزانی دەبێتە مایەی سەرکەوتنێکی گەورە بۆ هوتشی منە. بەمەش هاوشێوەی ئەڵمانیا: ڤێتنامیش بووە قوربانیی ململانێکانی جەنگی سارد و دابەشکرا بەسەر دوو بەش. بەوپێیەی، کە یەکگرتنەوەی کارێکی یەکجار مەترسیدار دەبێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. تەنانەت لە سەرتاسەری جیهانی سێیەمیش.

ویلایەتەیەکگرتووەکان بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی، بە شێوەیەکی بەرچاو ڕوویکردە پرۆسەکانی دەزگای هەواڵگریی نهێنی لە پەنجاکاندا. لەڕاستیدا دەزگای هەواڵگریی ناوەندی کارتێکی گرنگی دەستی دروستکەرانی سیاسەتی ئەمەریکا بوو لەمیانەی جەنگی سارددا. چونکە کارەکانیان بە شێوەیەکی کاراتر و کەمخەرجیتر بەڕێوەدەبرد، بێئەوەی پێویستییان بە هێزی سەربازی بێت. لە لایەکی تریش هەرکاتێک پەردە لەسەر پرۆسەیەک یان کارێکیان هەڵدەدرایەوە، هەرزوو نکۆڵییان لێدەکرد. لەنێوان ساڵانی 1949 و 1952 ژمارەی کارمەندانی دەزگای هەواڵگری (عمیل) بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادیکرد، هەروەها ژمارەی سەنتەرەکانی ئەو دەزگایە لەودیوی دەریاکانیش لە (7)ەوە بوون بە (47) سەنتەر. لەساڵی 1953 وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا، دەزگای هەواڵگری رۆڵێکی گرنگی گێڕا لە ڕووخاندنی ڕژێمەکەی موسەددەق لە ئێران. هەر لە ساڵی دوای ئەویش، هەمان ڕۆڵیان گێڕا لە لادانی سەرکردەی چەپەکانی گواتیمالا (جاکوبۆ ئەوبنز جۆزمان)، چونکە جۆزمان هۆکاری خۆماڵیکردنی کۆمپانیای یونایند فرون کۆمپانی ئەمەریکی بوو. بۆیە ئەمەریکا بە کەسێکی توندڕەو و مەترسیداری لەقەڵەم دەدا و پێیوابوو بوار بۆ یەکێتیی سۆڤیەت دەڕەخسێنێت تا بتوانێت جێپێی خۆی لە نیوەگۆی ڕۆژئاوا قاییم بکات. هەرچەندە هەڵسەنگاندنەکانی ئەمەریکا لەبارەی شکانەوەی موسەددەق و ئەوبنز بەلای شیوعییەکانەوە هەڵەبوو.

لە نوێترین لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییانەدا دەرکەوتووە، کە دەستتێوەردانی ئەمەریکا لە ئێران و گواتیمالا ڕاددەی مەترسییەکانی ئەمەریکای دەرخستووە لە بارەی گۆڕانی سیاسی لە جیهانی سێیەم. سەرکەوتنی دەزگای هەواڵگریی ناوەندی لە ئێران و گواتیمالا وایکرد، ئەو دەزگایە بە شێوەیەک وەسفبکرێت، کە شکستپێهێنانی ئەستەمە. ڕەنگە هاندانی ئەیزنهاوەر و یارمەتیدەرەکانی بە کارپێکردنی پرۆسە هەواڵگرییە نهێنییەکان بەو شێوە چڕوپڕە لە هەندێک کاتدا دەرئەنجامی پێچەوانەی هەبووبێت. بۆ نموونە: دەستتێوەردانی نهێنی دژی ڕژێمەکەی سوریا، کە پشتیوانیکەریی سۆڤیەت بوو. هەروەها لە کردەوەیەکی سەرەڕۆیانەدا، کاتێک کە هێزێکی نیمچەسەربازی بەکارهێنرا بۆ لادانی ڕژێمی سۆکارنۆ لە ئەندۆنیسیا لە ساڵی دواتردا. ئاشکرابوونی ئەو دوو پرۆسەیە بووە هۆی زیانگەیاندنێکی زۆر بە مەسەلەکەی ئەمەریکا. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئاسان نەبوو دەست لەو پرۆسە هەواڵگرییانە هەڵبگیرێت. ڕەنگە سەرکەوتنێکی ئاسان بە تێچوویەکی کەم هۆکاری ئەوە بوبێت! چونکە هەمان فشاری دابینکردنی بودجە بوو، کە وایکرد ویلایەتەیەکگرتوەکان زۆرتر پشت بە چەکی ئەتۆمی ببەستێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی دەرەوەی.

**پێشبڕکێیەکانی خۆپڕچەککردن**

دوابـەدوای بەرپابوونی جەنگی کۆریا، هەریەک لە ویلایەتەیەکگرتووەکان و یەکێتیی سۆڤیەت کاریانکرد بۆ پڕکردنی جبەخانەکانیان بە چەکی ئەتۆمی. لەنێوان سالانی 1950 و 1953 ویلایەتە یەکگرتووەکان بە نزیکەی یـەک ملیۆن سـەربـاز هـێزی چـەکداری خۆی زیادکرد. هەروەها زیاترکردنی بەرهەمهێنانی فڕۆکە و کەشتیی جەنگی و بارهەڵگری تانک و چەندین ئامێری تـری شـەڕکردنـی تەقلیدی. کەچی بەهێزکردنی هێزی ئەتۆمی لە هەموویان زیاتر پەرەیپێدرا. لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1952 ئەمەریکییەکان سەرکەوتووانە بۆمبێکی ئەتۆمیی هایدرۆجینییان تاقیکردەوە، کە زۆر بەهێزتربوو لەو دوو بۆمبەی بەسەر هیرۆشیما و ناکازاکیدا فڕێدران. لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1954یش، ئەمجارە بۆمبێکی دوو ئەوەندە بەهێزتریان تەقاندنەوە. ئەمەش پێشکەوتنێکی زۆر مەزن بوو، چونکە تا پەنجاکانیش ئەمەریکییەکان تەنیا پشتیان بە قەڵغانی ئەتۆمیی ئەمەریکی (هاوەنی کەم مەودا) دەبەست، ئەو هاوەنە تەنیا توانای لێدانی خاکی سۆڤیەتی هەبوو. بەڵام لە دواتردا ئەمەریکا توانیی تەکنیکی بۆمبی ئەتۆمی پەرەپێبدات بە ڕێگەی بونیادنانی نزیکەی (538) هاوەنی (بی 52)ی، کیشوەربڕ. هەریەکەشیان دەیانتوانی لەناو بنکەکانی خۆیانەوە لە ئەمەریکا ئامانجەکانی سۆڤیەت بپێکن.

له ساڵی 1955 ئەیزنهاوەر فەرمانیدا زیاتر پەرە بە مووشەکی بالیستیی کیشوەربڕ بدرێت، کە توانای هەڵگرتنی کڵاوەی ئەتۆمییان هەبوو بۆ لێدانی یەکێتیی سۆڤیەت لەناو خاکی خۆیەوە. ساڵی 1962ویلایەتەیەکگرتووەکان دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی نەوەی نوێ لە مووشەکی بالیستیی کیشوەربڕ، لەگەڵ یەکەم نموونە لە مووشەکی بالیستی، کە دەتوانرا لە کەشتییە ژێر ئاوییەکانەوە هەڵبدرێن.

ئەو پێشکەوتنانە (هێزی سێ لایەنی ) بەخشییە ئەمەریکا. کە دەمێک بوو لە چەکی ئەتۆمیەوە تامەزرۆی بوو. چونکە دەیتوانی بە هاوەن و لە زەوی و بە کەشتی ژێر ئاویشەوە هەڵبدرێن، هەریەکێکیشیان لەو چەکانە توانای سڕینەوەی سۆڤیەتی هەبوو لەسەر ڕووی زەوی. کۆی چەکی ئەتۆمیی ئەمەریکی گەیشتە نزیکەی هەزار کڵاوەی ئەتۆمی لە ساڵی 1953. ئەمەش یەکەم ساڵی گەیشتنی ئەیزنهاوەر بوو بۆ سەر دەسەڵات. دواتر تا ساڵی 1960 گەیشتە 18 هەزار. بەم شێوەیە سەرکردایەتیی هێزی ئاسمانی شانازی دەکرد بەو دەرئەنجامە و بە دەستەبەرکردنی 1735 هاوەنی ستراتیژی، کە توانای لێدانی ئامانجەکانی سۆڤیەتی هەبوو بە چەکی ئەتۆمی.

یەکێتیی سۆڤیەتیش لە لای خۆیەوە هەوڵێکی زۆری دەدا تا بگاتەوە بەو شەمەندەفەرە. بۆیە لەنێوان ساڵانی 1950 و 1955 ژمارەی سەربازانی سوپای سوور سێ هێندە

زیادیکرد و گەیشتە سێ ملیۆن سەرباز. بەمەش کۆی قەبارەی هێزەچەکدارەکان گەیشتە 5.8 ملیۆن کەس. ئەمە پێش ئەوەی خرۆشۆف بڕیاری کەمکردنەوەی هێزەکان بدات لە ناوەڕاستی پەنجاکان، بەهۆی کەمکردنەوەی بودجەی بەرگری مۆسکۆ. لە ئۆگەستسی ساڵی 1953 سۆڤیەت یەکەم بۆمبی ئەتۆمی بەسەرکەوتوویی تاقیکردەوە. دوای ئەویش بۆمبێکی بەهێزتری تاقیی کردەوە لە 1955. بەڵام توانای گەیشتن بە ئامانجەکەی هەر سنووردار‌بوو. دواتر پشتیان بە سەرچاوەکانی بەرپەرچدانەوە دەبەست لە دروستکردنی هاوەنەکانیان لەسەر لێدانی ئامانجەکانیان لە ڕۆژئاوای ئەورووپا. لەکۆتایشدا تەنیا هێزی کەشتیگەل توانای لێدانی گورزی هەبوو لە ئەمەریکا، بەڵام هێشتا نەیاندەتوانی بگەڕێنەوە ئەو بنکانەی لێیەوە هاتوون لە باکوور. کە زۆر ئاسانبوو ئەمەریکییەکان بتوانن ڕێگری لێبکەن. پاشان لە شەستەکاندا یەکێتیی سۆڤیەت دەستیکرد بە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی مووشەکی بالیستیی کیشوەربڕ . هەروەها پڕوپاگەندەیەکی زۆریشی بۆ کەشتی سیوتنیک دەکرد، کە یەکەم کەشتی بوو بە دەوری زەویدا دەسووڕایەوە لە ساڵی 1957. کەچی یەکێتیی سۆڤیەتی لە هەموو ڕوویەکی تەکنەلۆژیاوە لەدواوەی ولایەتە یەککگرتوەکان بوو. ئەو ڕاستییە لە

وتەیەکی ئەیزنهاوەر پشتڕاستکرایەوە دوای مشتومڕێکی زۆر لەگەڵ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە ساڵی 1953، لە بارەی توانا ئەتۆمییەکانی هەردوو زلهێز. کاتێک ئەیزنهاوەر سۆڤیەتی بەو شێوەیە وەسفکرد و وتی: (دڵنیام ئەوان ئێستا دەترسن). بەڵام لە شەستەکاندا ڕەخنەی توند ئاڕاستەی ئەیزنهاوەر کرا، چونکە ڕێگەی داوە (بۆشایی موشەکی) دروست ببێت لەنێوان ئەمەریکا و سۆڤیەت. ئەو ڕەخنانەش دوای ئەوە هات، کە سۆڤیەت مووشەکی بالیستی لە ساڵی 1957 هەڵدا و کەشتی سبوتنیکیشی ڕەوانەی بۆشایی ئاسمان کرد. کە بە هەڕەشەیەکی گەورەیان دانا بۆ ئاستبەرزیی تەکنەلۆژیای ئەمەریکی. کارەکە بەوەندەش نەوەستا، سۆڤیەتییەکان لە زانستی بۆشایی ئاسماندا پێش ئەمەریکییەکان کەوتنەوە. خرۆشۆف بە خۆدەرخستن و هەڕەشەکردن بە ژمارەی موشەکە دوورمەوداکانی، نیگەرانی و ترسی لای ئەمەریکییەکان دروستکردبوو. بۆیە چاودێرانی ئەمەریکی تووشی دڵەراوکێ ببوون لەبەرامبەر ئەو سەرکەوتنە تەکنەلۆژیی و سەربازییەی سۆڤیەت.

زۆر کەس ترسی ئەوەیان هەبوو پارسەنگی تەرازووی هێز بەلای ڕۆژهەڵاتدا بشکێتەوە. ئەم ترسانەش وایانکرد گومان لە نەرمینواندان و نائامادەیی کۆمەڵگەی ئەمەریکی هەبێت لەسەر کەمتەرخەمیی حوکومەت لەڕووی پەروەردەنەکردنی منالانی قوتابخانەکان بۆ خوێندنی

بیرکاری و زانستەکان. ئەیزنهاوەر دانی بەخۆداگرت لەبەرامبەر ئەو تۆمەتانە. دواتر بە یارمەتیی ئەو وێنانەی فڕۆکە سیخوڕییە نهێنییەکانی ئەمەریکا لەسەر خاکی سۆڤیەتی دەستیکەوتبوو، دەیزانی ئەو زانیارییانە ڕاست نین و ولایەتەیەکگرتوەکان تا ئێستاش زۆر لەپێش ڕکابەرەکەیەتی لەڕووی زانست و چەکی ئەتۆمی و توانای لێدانی ئامانجەکانیشی هەیە بەوردی. مشتومڕەسیاسییەکان لەبارەی ئەو بۆشاییە موشەکییانەی هاتبووە ئاراوە، بوونە تەوەرێکی سەرەکی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1960 بۆ ڕای گشتی.

بە درێژایی مێژووی تۆمارکراو، پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن سیمایەکی دیاری ململانێ نێودەوڵەتییەکان بوو. بەڵام بە سروشتی و بەگوێرەی دۆخەکە، بەڕوونی دیاربوو کەکێ براوەی پێشبرکێیەکە دەبێت لە سەردەمی جەنگی سارد. هەمیشە توێژەران و چاودێرانی سیاسی و دروستکەرانی ستراتیژیەتی حکومەتەکان، درکیان بەو ڕاستییە کردبوو، هەرکاتێک توانرا چەکی وێرانکەر بێتە بەرهەم، ئەوا وێرانکاری دروست دەبێت بە جۆرێک، کە هاوشێوەی نابێت. ئەمەش پرسیارێکی هەرەگرنگە، وەک چۆن پرسیارێکی قورسیشە و وەڵامەکەشی پێویستی بە ڕاڤەکاری زۆرە. چونکە لە لایەک ڕەنگە بوونی چەکی ئەتۆمی تا ڕاددەیەک سەقامگیرییەک لەنێوان هەردوو

زلهێزەکەی دروست کردبێت. هەروەها ڕێگەشی گرت لە ئەگەری بەرپابوونی ململانێیەکی کراوە لە ئەورووپا. چونکە ستراتیژیەتی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی، کە بریتیبوو لە بەرپەرچدانەوەی هەر داگیرکارییەکی سۆڤیەتی، ئەمەش مانای هەڵگیرسانی جەنگێکی ئەتۆمی دەگەیاند، بۆیە هەردوولایان هۆکاری پاڵنەریان هەبوو بۆ خۆبەدوورگرتن لە هەرململانێیەک گەر ببێتە هۆی لەدەستدانی گیانی لایەنی هێرشبەر و بەرگریکار بە یەکەوە. لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە یەنایەری ساڵی 1956، ئەیزنهاور جەختی لەوە کردەوە، (کە هیچ لایەک براوە نابێت لە جەنگی ئەتۆمی)، بەڵام لە لایەکی تریشەوە، ئەیزنهاوەر هەر لە یەکەم ساڵی لە کۆشکی سپی باوەڕی وابوو: (ئەگەر جەنگ بەرپابێت، ئەوا ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک هەر جبەخانەیەکی جەنگ لە چەک و تفاق، بە هەمان شێوە سەیری چەکی ئەتۆمییش دەکات). لە سەردەمی خۆیشیدا، یەکەم چەکی ئەتۆمی شەڕکەری لە ئەڵمانیا لە نۆڤەمبەری 1953 بڵاوکردەوە. هەروەها هانی کارپێکردنی بە بنەمای (تۆڵەکردنەوەیەکی وێرانکەر) دەدا، وەک بنەمایەکی جەوهەری لە دۆخی بەرگریکردنی لە ئەمەریکا. هەربۆیە هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی لە دواقۆناغەکانی جەنگی کۆریا و هەوڵەکانی بۆ بەرپەرچدانەوەی پەکین لە

کاتی قەیرانی گەرووی تایوان لە ساڵانی 1954 و 1955.

بەکورتی، ئەمەریکا دوو ڕێچکەی جیاواز و پێچەوانەی یەکتری گرتەبەر بەرامبەر چەکی ئەتۆمی و بەهاکانی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لەمیانەی پانزە ساڵی یەکەمی جەنگی سارد. چونکە لەو کاتەوەی بەنهێنی و بەئاشکرا ڕەخنەیان لە ململانێی ئەتۆمی دەگرت و دەیانوت هیچ لایەنێک براوە نابێت، کەچی تێدەکۆشا بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتنێکی ڕوون لە چەکی ئەتۆمیدا. بێگومان ئەو سەرکەوتنانەی ئەمەریکا لەڕووی چەکی ئەتۆمی، وایکرد لە قەیرانەکانی دواتر لە هەریەک لە تایوان و بەرلین و کوبا بێنە ناو مەترسییەکان. وەک لە بەشی دوای ئەمە باسی لێوە دەکەین.

پەراوێزەکان:

(1). Hulton Deutsch Gollecion/ corbis.

(2). From Ronald E. Powaski. Thecold war: Theunited And the soviet Union. 1917 – 1991 coxdunversity press. 1998.

(3). Bett Mann/ Corbis.

# بەشی پێنجەم

## لە ڕووبەڕووبوونەوەوە بۆ ڕێککەوتن
## (1958 _ 1968)

لـه كـۆتـايـی پـەنـجـاكـان، جـەنـگـی ســارد پـێـی نـایـە مەترسیداترین قۆنـاغ، كە تێیدا مەترسیی بەرپابوونی جەنگێكی سەرتاسەریی ئەتۆمی لە لووتكەدا بوو. چونكە زنجیرەیەك قەیرانی یەك لـەدوای یەك، وایكرد لە ساڵی 1962 ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەیەكی مێژوویی لەنێوان سۆڤیەت و ئەمەریكا لەبارەی هەبوونی موشەكی ڕووسی لـە كوبا زۆر نزیک بێت. لـە هــەردوو سـەربـازگـەكـەدا، لێدوانە زبرەكان گەیشتە ئەوپەڕی توندی و سەركێشی. سەركردەكەی سۆڤیەت (خرۆشۆف) ترس و دڵەڕاوكێی لە دڵی چاودێرانی ئەمەریكی دروست كرد، بە خۆهەڵكێشان و پڕوپاگەندەكانی لەبارەی هێزی ئابووری و تەكنەلۆژیای ڕووسییەوە. كاتێک وتی: (یەكێتیی سۆڤیەت لەمەودوا وەک چۆن (خواردەمەنیی خێرا) بەرهەمدەهێنێت، بە هەمان شێوە مووشەک بەرهەمدەهێنێت). لە یەنایەری 1961یشدا خـرۆشـۆف بەڵێنیدا دەسـتـی هـاوكـاری بـۆ ئـەوانـە درێـژ بكات، كە لەپێناو ئازادیی نیشتمانی دەجەنگن. سەركردە ڕووسییەكە هەمیشە پێیخۆشبوو بڵێت: ( لە چارەنووسدا نوسراوە، جیهانی كۆمۆنیزم ڕۆژئاوا دەنێژێت).

دوای هەڵبژاردنی جۆن ئیف كنێدی، ئەویش وەک سەرۆكەكانی پێش خۆی لە یەكەم پەیامی بۆ كۆنگریس داوای دەستبەركردنی (پاڵپشتیی دارایـی) كـرد لەپێناو دروسـتـكـردنـی هێزێكی جیـهـانـی، تـا خـۆی لـەبـەردەم هەرهێزێكی دوژمنكاریدا ڕابگرێت و بەهێز بێت. هەروەها

وتی: یەکێتیی سۆڤیەت و چین تا ئێستاش دەستیان لە خەونی کۆنترۆڵکردنی جیهان هەڵنەگرتووە. سەرۆکی نوێ بۆچوونێکی ڕەشبینانەی خستەڕوو لەسەر دۆخی جیهانی و ئاماژەی بەوەکرد، کە ئەو باس لە کاتژمێرێکی ترسناک دەکات لە تەمەنی نەتەوەکەیدا. هەروەها ڕایگەیاند، کە هەرگیز دڵنیاش نین، کە گەل بتوانێت ئەوە تێپەڕێنێت، کنێدی جەختی لەوە کردەوە، کە هەموو ڕۆژێک قەیرانەکان زیاتر دەبن و تا دێت دۆزینەوەی چارەسەریش قورستر دەبێت. ڕۆژانەش زیاتر و زیاتر لەو کاتژمێرە ترسناکە نزیکتر دەبینەوە، بەهۆی بڵاوبوونەوەی چەک و زیادکردنی هێزی دوژمن.

لەم بەشەدا باس لە ڕووداو و هێزەکانی کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان دەکەین. کە بە سەردەمی قەیرانە هەمیشییەکان ناونرا. هەروەها باس لە نزیکبوونەوەی واشنتۆن و مۆسکۆ دەکەین لە ساڵی 1963. دواتر بەهۆی تێوەگلانی ئەمەریکا لە ڤێتنام و بۆچی هەڕەشە لەسەر ئەو نزیکبوونەوەیە دروست بوو.

### ساڵانی مەترسییە گەورەکە: 1958 ـ 1962

ماوەی نێوان ساڵانی 1958 و 1962 زنجیرەیەک ڕووبەڕووبوونەوەی چاوەڕواننەکراوی بەخۆیەوە بینی لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. لەوانەش ئەگەری بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی. هەر لە ساڵی 1958 کردەوەیەکی نهێنیی

هەواڵگری لە ئەندۆنیسیا ڕوویدا و دواتر کودەتایەکی خوێناوی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکەی عیراق، کە سەر بە ئەمەریکا بوو. دوابەدوای ئەمانەش ڕەوانەکردنی سەربازانی ئەمەریکا بۆ لوبنان. هەروەها زنجیرەیەک لە بەریەککەوتنی ترسناک لەنێوان واشنتۆن و پەکین لەسەر تایوان، لەگەڵ بەریەککەوتنی واشنتۆن و مۆسکۆ لەسەر بەرلین.

لە حەڤدەی یۆلیۆی ساڵی 1958، دوای دوو ڕۆژ لە دابەزاندنی هێزی دەریایی ئەمەریکی لە لوبنان. ماوتسی تۆنگ بڕیاریدا ئامادەکاری بکرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ ویلایەتەیەکگرتوەکان لە تایوان. ئامانجیشی لەو کارە (بۆ ئەوەی ئەمەریکا سنووری خۆی بزانێت و بیسەلمێنێت، کە چین تەنیا بە قسە پشتیوانی لە بزووتنەوە نیشتمانییەکان لەپێناو سەربەخۆبوون ناکات، بەڵکو بەکردەوە دەیکات)، سەرۆکەکەی چین پێیوابوو، ئەو چاونەترسییەی دەبێتە هۆی گۆڕینی هەڵوێستی خرۆشۆف، لە لایەکی تریشەوە سەرکردایەتیکردنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی جیهانی سێیەم دەستەبەردەکات بۆ چین. لە هەمان کاتدا یارمەتیدەدات بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانیی گەلانی چین لەسەر سیاسەتە ناوخۆییەکانی. لە بیستوسێی ئۆگەستس، هێزەکانی ماو دەستیانکرد بە بۆردومانکردنی دورگەکانی کیموی و ماتسوی نزیک کەناراوەکانی چین. ئەو دورگانە لەژێر کۆنتڕۆڵی هێزەکانی شینگ تای شیکی قەومیدا بوون. وەک چۆن پێشتر لە ساڵانی 1954 و 1955 ڕوویدا، بە

هەمان شێوە ئەیزنهاوەر و دالاس هەرزوو گومانیان کرد، کە ئەو جۆرە بۆردومانە تەنیا بەرابیەکە بۆ داگیرکردنی سەرتاسەری تایوان. چونکە ویلایەتەیەکگرتوەکان پابەندبوو بە پاراستنی بەپێی پەیماننامەیەکی نێوانیان. وەک کاردانەوەیەکیش: ئەیزنهاوەر هێزەکانی ئەمەریکای خستە حاڵەتی ئامادەباشییەوە و هەروەها کەشتیگەلێکی زەبەلاحی ڕەوانەی گەرووی تایوان کرد و فەرمانی ڕەوانەکردنی هێزی تریشی دەرکرد بە چەکی ئەتۆمییەوە بۆ ناوچەکە. ئەمەریکا دەیوست بە نمایشکردنی چەکی وێرانکەر چین بترسێنێت.

لە سەرەتاکانی مانگی سێپتەمبەر، خرۆشۆف، وەزیری دەرەوەی (ئەندریە جرۆمیکۆ)ی ڕەوانەی پەکین کرد، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ ئەو قەیرانە. بەڵام میوانە ڕووسییەکە سەرسام بوو، کاتێک بینیی چۆن چینییەکان لەخۆباییانە وەڵامیان دایەوە و وتیان: (ئەوان دەزانن بەو کارەیان دەبنە هۆی بەرپابوونی جەنگێکی ئیقلیمی لەگەڵ ویلایەتەیەکگرتووەکان، بەڵام لە هەمان کاتدا ئامادەن بۆ هەرگورزێکی کوشندە، لەوانەش: بۆمبی ئەتۆمی و وێرانبوونی شارەکانیان)، لەڕاستیدا ویلایەتەیەکگرتووەکان هەر بەڕاستی خۆی بۆ وەڵامدانەوەیەکی ئەتۆمی ئامادە دەکرد. ڕاوێژکارانی ئەیزنهاوەر پێیانوابوو، بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی دژی دامەزراوە سەربازییەکانی چین، دەبێتە هۆی لەناوچوونی ملیۆنان کەس لە هاووڵاتییانی ئاسایی.

خرۆشۆفیش لە نۆزدەی سێپتەمبەر، وتارێکی ئاڕاستەی ئەمەریکییەکان کردەوە و تییدا باسی لەوە کرد، کە مۆسکۆش چەکی ئەتۆمی و هایدرۆجینیی هەیە. هۆشدارییشیدا ئەگەر ئەو جۆرە چەکانە دژی چین بەکاربهێنێت، ئەوا دەبێتە هۆی بەرپابوونی جەنگێکی جیهانی. بێگومان ئەمەش مەترسیی لەناوچوون لەسەر گەلانی ئەمەریکا دروستدەکات. ئەو وتانەی خرۆشۆف ئەوەندەی تر دۆخەکەی شلەژاند.

بەڵام لە شەشی ئۆکتۆبەر "ماو" تاکلایەنە بۆردومانی کیومی و ماتسوی تا هەفتەیەک وەستاند، بە مەرجێک کەشتییە جەنگییەکانی ئەمەریکا لە گەرووی تایوان بکشێنەوە. هەرچەندە ئەو ڕووداوە بە شێوەیەکی هێمنانە و دوور لە بەریەککەوتن تێپەڕی، بەڵام چەند ڕواڵەتێکی سەرەکیمان بۆ ڕووندەکاتەوە لەسەر ئەو وێستگە پڕ لە پشێوی و ئاڵۆزییەی ئەوکاتەی جەنگی سارد پێیدا تێپەڕدەبوو وەک:

یەکەم: ماو، سەربارى ئەوەی دەیزانی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ ئەمەریکا، لەوانەیە ببێتە هۆکاری گورزی ئەتۆمی دژی وڵاتەکەی، کەچی ئامادەی ئەو سەرکێشییە ترسناکە بوو.

دووەم: ڕووبەڕووبوونەوەکەی گەرووی تایوان ئامادەیی ویلایەتەیەکگرتووەکانی نیشاندا لەسەر بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی، تەنانەت گەر بۆ دوورگەیەکی بچووکی وەک تایوانیش بێت.

ئیدارەی ئەیزنهاور، بەو یاریکردنەی "ماو"، بینیی، کە دەیەوێت ڕاددەی ڕاستگۆیی ئەمەریکا لەو بارەیەوە تاقیبکاتەوە، ئەمەش پێویستی بە وەڵامدانەوەیەکی توند بوو لەلایەن ئەمەریکاوە. جا لەبەرئەوەی نەدەتوانرا بە چەکی ئاسایی بەرگری لە تایوان بکرێت، بۆیە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی و هەڕەشەی بەکارهێنانی باشترین نماییش بوو، ئەگەر لە دواساتیشدا ماو پاشگەز نەبووایەتەوە، هیچ هۆکارێک نییە وامان لێبکات، کە وابزانین ئەیزنهاور فەرمانی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی نەدەدا لە دژی چین. دواجار ئەو قەیرانە گرنگیی دۆخە ئاڵۆز و پشێوییەکانی چین- سۆڤیەتی بەدیار دەخست، چونکە بێمتمانەیی و ڕکابەرایەتیی نێوان هەردوو زلهێزە شیوعییەکە، کە هەردووکیان سووربوون لەسەر سەلماندنی ئایدیۆلۆژیەتی خۆیان، ویستی سەرکردایەتیکردنی شیوعییەکانی جیهان. ئەمانە هەموو فاکتەری دڵەڕاوکێ بوون لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

خرۆشۆف هۆکاری بەرپابوونی قەیرانە گەورەکەی جەنگی سارد بوو. چونکە سۆڤیەتییەکان لە لای خۆیانەوە وڵاتەکەیان بە لاواز و بچووک وەسفدەکرد لە بەرامبەر ئەمەریکا، بۆیە سەرکردەکەی سۆڤیەت، کە هیچ شتێکی کەمتر نەبوو لەو سەرکێشییانەی ماو ئەنجامیدەدان، بەرلینی هەڵبژارد بۆ وەشاندنی گورزی خۆی. لە دەی نۆڤەمبەری ساڵی 1958 لەناکاو ڕایگەیاند: مۆسکۆ نیەتی

وایە پەیماننامەیەکی نوێ لەگەڵ ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات واژۆ بکات. بەپێی ئەو پەیماننامەیە دەتوانرا ڕێککەوتنەکانی جەنگی دووەمی جیهانی هەڵبوەشێنرێنەوە، کە ڕێگەی دەدا بە داگیرکردنێکی هاوبەشانەی پایتەختە کۆنەکەی ئەڵمانیا. دواتر لە ڕاگەیاندنێکی تردا خرۆشۆف جەختی لەسەر زەرووریەتی گۆڕینی بەرلین بە (شارێکی ئازاد) و داماڵڕاو لە چەک کردەوە، ماوەی شەش مانگیشی دانا بۆ هێزەکانی ڕۆژئاوا (تا بیستوحەوتی مایۆی 1959) بۆئەوەی دەستبکەن بە دانوستاندنێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات. گەر دەیانەوێت خۆیان لەناو بەرلین بهێڵنەوە و مافی هاتوچۆکردنیان هەبێت. دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت پێیانوابوو دووبارە دەتوانن شکۆمەندی و هێز بۆ سیاسەتی دەرەوەیان بگەڕێنەوە. هەروەها لەو باوەڕەدابوون هەرگیز ئەمەریکا خۆی ناخاتە ناو مەترسی لەپێناو شارێکی وەکو بەرلین، کە تەنیا سەد میلێک لە ئەڵمانیای ڕۆژئاواوە دوورە. لە لایەکی تریشەوە سۆڤییەتیەکان دەیانویست پشتیوانیی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بکەن بەهۆی ئەو ئاڵۆزی و پشێویانەی تێی کەوتووە، کە دانیشتوانوەکەی بەلێشاو ڕوویانکردووەتە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لە ڕوێگەی سنورەکان. خرۆشۆف لەخۆباییانە نامەیەکی بە وەزیری دەرەوە (جرۆمیکۆ) ڕەوانە کرد و دەڵێت: (تەنیا شێتەکان خۆیان دەخنە ناو مەترسیی جەنگێکی تر لەپێناو پاراستنی تایبەتمەندیی داگیرکەران لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا).

یەکێتیی سۆڤیەت بەو کارەی گورزی لە لایەنە هەرەلاوازەکەی ڕۆژئاوا دەدا، چونکە ویلایەتەیەکگرتووەکان و هاوبەشەکانی لە هاوپەیمانانی باکووری ئەتڵەسی ڕێککەوتبوون لەسەر ئەوەی، گەر دەستەبەرداری هەرمافێکیان ببن لە بەرلین، یان گەر ڕەوایەتی بدەن بە حوکومەتە نوێیەکەی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بە ڕێگەی ڕێککەوتن و دانوستاندن. واتا : لێدانی گورزێکە لە حکومەتی ئەدیناور لە ڕۆژئاوا، کە تەنیا ئامانجی یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا بوو. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەموو لایەک دەیانزانی بە (یەکێتیی سۆڤیەتیشەوە) شەڕکردن لەپێناو پارچە خاکێکی بچووک و دووردەست، مەحاڵە بەرگری لێبکرێت، چونکە دەبێتە هۆی لەیەکترازانی ڕیزەکانی ڕۆژئاوا. لەڕاستیدا سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا (هارۆلد ماکمیلان) ڕاشکاوانە بەرپرسانی ئەمەریکای ئاگادارکردەوە، کە بەریتانیا ئامادەنییە بچێتە ناو ململانێیەک لەپێناو ملیۆنێک ئەڵمانیی ـ نیشتەجێی بەرلینی ڕۆژئاوا ـ دوژمنە کۆنەکەی. بەڵام ئیدارەی ئەیزنهاور، چونکە باوەڕی وابوو ڕاستگۆیی و ژیانی هاوپەیمانیی رۆژئاوایی کەوتووەتە سەر لێواری ڕووخان، بۆیە دووبارە بەکارهێنانی هێزی هەڵبژارد. تەنانەت گەر ببێتە شەڕی ئەتۆمییش. هەریەک لە ئەیزنهاوەر و دالاس و دەستەی ئەرکانی هاوبەش، سووربوون لەسەر بەرگریکردن لە بەرلینی ڕۆژئاوا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گرنگییە گەورەیەی شارەکە هەیبوو لەڕووی مەعنەوی.

بۆیە ئامادەبوون چەکی ئەتۆمی بەکاربهێنن بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی ڕۆژئاوا لەوێ.

ئـەو وادەیـــەی خـرۆشـۆف دایـنـابـوو (بیستوحەوتی مایۆ) تێپەڕی و بێئەوەی هیچ بکات. کاتێک، کە دڵنیابوو ئەمەریکییەکان سوورن لەسەر هێشتنەوەی دۆخەکە بەو شێوەیەی ئێستا، تەنانەت گەر بووە هۆی بەرپابوونی جەنگیش. بۆیە سەرکردە بەهێزەکەی ڕووسیا شێوازی لێدوانەکانی گۆڕی و پێشنیازی بەستنی کۆبوونەوەیەکی وەزیـرانـی دەرەوەی هـەر چـوار زلـهـێـزەکـەی کـرد بۆ وتـووێـژکـردن لـەسـەر پرسی بەرلین و چەندین پرسی تر، کە ڕۆژئـاوا و ڕۆژهـەڵات لێک جیادەکاتەوە. لەگەڵ هەبوونی ئەگەری بەستنی کۆبوونەوەی لووتکەی سەرۆکی حکومەتەکان دوای ئەوە. ئەوەی شایانی باسە ئاستبەرزیی ئەمەریکا لـەڕووی چەکی ئەتۆمی وایکرد چاونەترسی و ئازایەتی لەناو دڵ و دەروونی ئەمەریکییەکان بڕوێنێت لە هەردوو قیرانەکەی (بەرلین و تایوان) لە کۆتایی پەنجاکاندا. کاتێکیش دۆخەکە شلۆقتر بوو، سۆڤیەتییەکان ناچاربوون لە بەرامبەر ئەو سەرکێشییە ئەتۆمییەی ئەمەریکا پاشەکشە بکەن .

خرۆشۆف پێشوازی لە داواکەی ئەیزنهاوەر کرد و لە پایزی ساڵی 1959 سەردانی ویلایەتەیەکگرتووەکانی کرد. ئەمەش بووە هۆی پتەوبوونی پەیوەندیی نێوان سۆڤیەت و ئەمەریکا. ڕۆژنامەنووسان ئەو ماوەیەیان بە (ڕۆحی

کامپ دیڤد) ناونا. هەرچەندە هەردوو سەرکردە نەگەیشتنە چارەسەرێک لەسەر مەسەلەی بەرلین و پرسەکە بۆ کاتێکی تر هەڵپەسێردرا، بەڵام ڕێککەوتن لەسەر ئامادەبوونی هەردووکیان لە لووتکەی پاریس لە بەهاری داهاتوو. کەچی پێش بەستنی لووتکەکەی پاریس، پەیوەندیی نێوانیان پشێوی تێکەوت بەهۆی خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی سیخوڕیی ئەمەریکی لە جۆری (یو 2) لە بەرزاییەکانی چیای ئۆڕاڵ. ئەو جۆرە فڕۆکانە ئەرکی پشکنینیان دەکرد، کە ویلایەتەیەکگرتووەکان هەر لەساڵی 1956ەوە، ئەنجامی دەدان و زانیاریوی هەستیاری لەبارەی بەرنامە موشەکییەکانی سۆڤیەتی دەدایە ئەیزنهاوەر، کەچی لەبری بچووکردنەوەی ئەو مەسەلەیە و کۆنترۆڵکردنی، خرۆشۆف تا توانیی بەکاریهێنا و بۆ شەرمەزارکردنی ئەیزنهاور، لە جووڵەیەکی نمایشیدا بەئاشکرا فڕۆکەوانە ئەمەریکییەکەی (فرانسیس گاری باورز)ی بەدیارخست، چونکە بەردەوام ئەو مەسەلەیەی ڕەتدەکردەوە. دواتر خرۆشۆف، پێش دەستپێکردنی لوتکەی پاریس، لووتکەکەی جێهێشت. بەم شێوەیە لەگەڵ کۆتاییهاتنی ماوەی دووەمی سەرۆکایەتییەکەی ئەیزنهاوەر، پەیوەندییەکان زیاتر ساردبوونەوە و هەرزوو بەرەو ئاڵۆزییش چوون.

لە یۆنیۆی ساڵی 1961، لەمیانەی کۆبوونەوەیەکی تری لەگەڵ سەرۆکی نوێی ئەمەریکا جۆن ئیف کنێدی لە ڤییەنا خرۆشۆف دووبارە قەیرانی بەرلینی ورووژاندەوە.

سەرکردەکەی ڕووسیا چاونەترسانە بە سەرۆکی ئەمەریکای ڕاگەیاند: کە دەیەوێت پەیماننامەیەکی جیا لەگەڵ ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات  واژۆ بکات، لە ماوەی شەش مانگی داهاتوودا، ئەگەر گۆڕانکارییەک لە دۆخی بەرلین نەکرێت. بەهەرەشەوە پێیگوت: ئەگەر ویلایەتەیەکگرتووەکان دەیەوێت جەنگێک لەسەر بەرلین بەرپا بکات، ئەوا یەکێتیی سۆڤیەت ڕێگەی تری نامێنێت و مێژووش حکوم لەسەر کردەوەکانمان دەدات. سەرۆکە بێئەزموونەکەی ئەمەریکا، کە زۆر بێزاربووبوو لەو شێوە هەڕەشە و وتانەی خرۆشۆف باوەڕی وابوو، کە ڕاستگۆیی دەوڵەت و تەنانەت ڕاستگۆیی خۆیشی ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بووەتەوە. بۆیە کنێدی خۆدەرخستنی وەک کەسێکی ژیر و بەتوانا باشترین کاربوو لەو هەڵوێستەدا بیکات و پاشەکشەکردن وا دەکات دوژمنکارییەکانی سۆڤیەت بچێتە شوێنێکی تر!

لە وتەیەکدا لە بیستوپێنجی یۆلیۆ ، کنێدی ڕایگەیاند: ( هەرگیز ڕێگە نادەین شیوعییەکان لە بەرلین دەرمان بکەن، چ بە ڕێگەی دبلۆماسی، یان بە ڕێگەی هێز). بۆ بەهێزکردنی ئەو لێدوانانەشی سەرۆک داوای لە کۆنگرێس کرد بودجەی بەرگری بە بڕی (3.2) ملیار دۆلار زیاد بکات و سەرپشکی بکات، لە بانگهێشتکردنی هێزی یەدەگ لە کاتی پێویست. هەروەها بڕی (207) ملیۆن دۆلاری تریش بۆ دانانی بەرنامەیەکی خۆپاراستن لە هەڕەشەی ئەتۆمی و ئامادەکردنی گەلانی ئەمەریکا بۆ هەرهێرشێکی ئەتۆمیی کتوپڕ لە داهاتوودا.

لەپشت ئەو هەڕەشە و ڕووبەڕووبوونەوە دوژمنكارییانەی خرۆشۆف بۆ ڕۆژئاوا، بۆمبێكی تەوقیتكراو لەپشتی كوتلەی سۆڤیەتیدا هەبوو، بەدیایكراویش جێهێشتنی ئەو ڕێژە زۆرەی هاووڵاتیانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، كە ببووە مایەی نیگەرانی و دڵەڕاوكێ، چونكە لە ساڵانی نێوان 1949 و ناوەڕاستی شەستەكان نزیكەی (2.7) ملیۆن كەس لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ئەڵمانیای ڕۆژئاوا كۆچیان كرد. ئەمەش لە بەرامبەر سەرجەم ژمارەی دانیشتووانی كۆماری ئێرلەندەیە، زۆربەشیان لە ڕێگەی بەرلینەوە كۆچیان دەكرد. ئەو كێشەیە تا ڕاددەی شەرمەزاربوون شایستەیی حكومەتی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی بچووك دەكردەوە. كە سەر بە مۆسكۆ بوو، سەركردەكەشیان (فالتر ئالبرمیشیت) بوو. بەهۆی كۆچكردنی ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتووان ڕۆژانە، لە ناوەڕاستی هاوینی ساڵی 1961 ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات لەناكاو دەستیكرد بە دروستكردنی بەربەست بە تەل سنوورەكانی داخست بۆ جیاكردنەوەی كەرتی سۆڤیەتی لە پایتەختە پێشوەكەی ئەڵمانیا لەگەڵ كەرتەكانی ڕۆژئاوا. دواتر هەرزوو ئەو بەربەستە كاتییە بووە شوورایەكی هەمیشەیی و بە پاسەوان و چەكداران داپۆشرا. بەمەش ئەو شوورایە بوە ڕەمزێكی قێزەون و ناشیرین بۆ دابەشكردنی ئەورووپا بەسەر كوتلەی ڕۆژئاوا و كوتلەی شیوعییەكان.

بێگومان ئەو کارە بووە مایەی خۆلادان لە جەنگ، خرۆشۆفیش توانیی پشتیوانی لە ئەڵمانیای دیموکرات بکات بە جۆرێک، کە مانەوەی خۆی بپارێزت. کنێدیش لە وتەیەکیدا وتی: (ئەوە چارەسەرێکی گونجاو نییە، بەڵام زۆر باشترە لە جەنگ). خۆشبەختانە سەرۆکەکەی ئەمەریکا نەکەوتە بەر فشاری پرسیارێکی جەوهەریی ئەمەریکییەکان (ئایا بەرلین شایستەی ئەوەیە بچینە ناو جەنگێک، کە بەدڵنیایەوە دەیان ملیۆن کەس دەبنە قوربانی؟).

ژمارەیەکی زۆر لە چاودێر و سیاسەتمەدارانی جیهانی بایەخیان بەو پێشبڕکێیەی نێوان مۆسکۆ و واشنتۆن دەدا بەتایبەتی لەماوەی قەیرانەکان. زۆربەی ئەو کەسانەش لە جیهانی سێیەمەوە بەدیار دەکەوتن، کە هەمیشە کوانووی بزاڤە توندڕەوەکان و سەرهەڵدانی شۆڕشەکان بوو. هەرچەندە تا ڕاددەیەک سەربەخۆبوونی ئەفریقیا بە شێوەیەکی ئاسان کۆتاییهات و تەنیا لە ساڵی 1960 نزیکەی 16 دەوڵەت سەربەخۆییان وەرگرت. بەڵام کۆتاییهێنان بە دۆخە ئاڵۆزەکەی بەلژیکا لە کۆنگۆ لەو ساڵەدا بووە هۆی بەرپابوونی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی تر لەنێوان هەردوو زلهێز، چونکە کاتێک سۆڤیەت جبەخانە و هونەرییەکانی ڕەوانەی کۆنگۆ کرد بۆ پشتیوانیکردنی باتریس لومومبا الولید. ئەمەریکاش لە هەمان کاتدا چەند یەکەیەکی ڕەوانەکرد بۆ لەناوبردنی لۆمومبا، کە خۆی بۆ شەڕێک ئامادە دەکرد. لۆمبومبا ناسیۆنالیستێکی توندڕەو بوو، ئەمەریکییەکان

به کەسێکی مەترسیداریان دادەنا و وەک بیانوویەکیش بۆ دەستتێوەردانی سۆڤیەتی لەو وڵاتە، لە ساڵی 1961 هێزەکانی کۆنگۆی سەر بە ئەمەریکا لۆمبامبایان کوشت. بەمەش توانییان سەرکەوتن بەدەست بهێنن. لە هەمان کات و ساتدا جۆزێڤ مۆبوتو پەیدابوو، کە لەلایەن ئەمەریکاوە پشتیوانی لێدەکرا. جۆزێڤ کەسێکی ژیربوو توانیی دەست بەسەر حکومەتە نوێیەکەی مەنگۆلیادا بگرێت. بەم جۆرە ئەمەریکا توانیی سنوورێک بۆ خەونەکانی سۆڤیەت دابنێت لە ئەفریقیای ناوەڕاست. هەرچەندە باجی ئەو سیاسەتەی بە وڵاتە هەژارەکان درا، کە ململانێکان پارچەپارچەی کردبوون.

لە کۆتایی پەنجاکان و شەستەکاندا دووبارە هیندی-چینی کەوتەوە بەر لێشاوی ململانێیەکی توندی ناوچەکە لە باشووری ڤێتنام. ڕژێمەکەی (نەجو دینە دیم)، کە لەلایەن ئەمەریکاوە پشتیوانی لێدەکرا، بە شێوەیەکی بەرفراوان لەگەڵ بەرەی ئازادیخوازی نیشتمانیدا دەجەنگا. چونکە هەڕەشەی لە مانەوەی دەکرد و لەلایەن هێزەکانی باکووری ڤێتنامی شیوعی پشتیوانی دەکران. لەساڵانی 1961 و 1962 کنێدی تا ڕاددەیەکی زۆر پشتیوانیی سەربازی بۆ ڕژێمەکەی نەجو زیاد کرد. زیاتر لە دە هەزار ڕاوێژکاری ئەمەریکی ڕەوانەکران بۆ یارمەتیدانی دیم بۆ تێکشکاندنی ئەوانەی بە جەنگاوەرانی (ئەلفین کونگ) ناو دەبران. کە ئەوکاتە کۆنترۆڵی نیوەی وڵات و دانیشتووانی باشووری

ڤێتنامیان کردبوو. لە هەمان کاتیشدا بزووتنەوەی (یاشیت لاو)ی شیوعی لە لاوسی دراوسێ و بە پشتیوانیی لۆجستی باکووری ڤێتنام و یەکێتیی سۆڤیەت، زۆر نزیک ببووەوە لە وەرگرتنی دەسەڵات بە زەبری هێز لە (فینتیان)ی پایتەخت. لە دیسەمبەری ساڵی 1960 لە کۆبوونەوەیەکی گواستنەوەی دەسەڵات لە کۆشکی سپی، ئەیزنهاوەر بە سەرۆکی تازەهەڵبژێردراوی ڕاگەیاند: کە لاوس کلیلی ئێستای هەموو ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە). هەروەها ڕەشبینانە هۆشداری دا گەر پێویست بکات هێزی سەربازی ڕەوانە بکرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا بۆئەوەی ڕێگە بگیرێت لە سەرکەوتنی بزووتنەوەکەی لاو.

**قەیرانی مووشەکە کوبییەکان و دەرهاویشتەکانی**

ئەو ناوچەیەی، کە ببووە مایەی زۆرترین دڵەڕاوکێ و نیگەرانی لای ویلایەتە یەکگرتووەکان لەو کاتەدا، کوبا بوو. ئەو وڵاتە دورگەیەکە دەکەوێتە دووری 90 میل لای باشووری فلۆریدا. (کاسترۆ) شۆڕشگێڕێکی نیشتمانیی خوێنگەرم و کەسایەتییەکی کاریزمایی بوو، بە زەبری چەک لە هاڤانا گەیشتبووە دەسەڵات. ئەویش لە ڕێگەی بنکەی میلیشیا چەکدارەکەی لە چیا سەختەکانی سییبیرا مایسترا. دوای ڕووخاندنی دیکتاتۆر فولهنسیو باتیستا لەلایەن جەماوەرەوە، کە هاوپەیمانی ویلایەتەیەکگرتوەکان بوو، ناچار کرا وڵات جێبهێڵێت. کاسترۆ خێرا دەستی کرد

بە دانانی بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕی چڕوپڕ و سووربوو لەسەر ئازادکردنی کوبا، هەروەها دەیویست چیتر پشت بە ئەمەریکا نەبەستێت لەڕووی ئابووری‌و سیاسییەوە. هەر لە سەرەتاوە ئیدارەی ئەیزنهاوەر بەگومانەوە سەیری ئەو گەنجە شۆڕشگێڕە ڕیشەدارەی دەکرد، بۆیە بە هێزێکی زۆرەوە بەرەنگاری پەلامارەکانی شۆڕشی کوبی بۆ سەر موڵک و سامانی ئەمەریکییەکان بـووەوە. لەکۆتاییشدا کاسترۆ بەلای یەکێتیی سۆڤیەتدا شکایەوە. ئەمەش دوو هۆکاری هەبوو: یەکێکیان بەهۆی دوژمنایەتی و ڕق و کینەی بەرامبەر ئەمەریکا. دووەمیش بەهۆی مەیلە ئایدیۆلۆژییەکەی بۆ کۆمۆنیزم. کاسترۆ پێشوازی لە پشتیوانیی ئابووری و دبلۆماسیی سۆڤیەت کرد. خرۆشۆفیش لە لای خۆیەوە هەلێکی بۆ ڕەخسا تا ڕکابەرە سەرەکییەکەی پێ بێزاربکات. دبلۆماسییەت و بازرگانییەکی پتەو لەنێوان مۆسکۆ و هاڤانا دەستیپێکرد. ئەیزنهاور گەمارۆیەکی بازرگانی خستە سەر کوبا و هاوردەکردنی شەکری کوبای بۆ ناو بازاڕەکانی ئەمەریکا ڕاگرت. هەروەها لە ڕێگەی هەواڵگری ناوەندی کودەتایەکی ڕێکخست بۆ تیرۆرکردنی کاسترۆ. ئەیزنهاوەر پشتیوانیی لە گرووپێکی چەکداریی دوورخراوی کوبی کرد و مەشق و ڕاهێنانیان پێکردن بۆ ئەوەی لە داهاتوو ببنە هێزێک و بەکاریان بهێنێت لە دژی کاسترۆ. لە هەڵمەتی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ساڵی 1960 کنێدی بەتوندی جەختی لەسەر کێشەی کوبا کردەوە و کاسترۆی

بە سەرچاوەی مەترسییەکی گەورە وەسف کرد و بەتوندی هێرشیکردە سەر ئەیزنهاوەر و جێگرەکەی ریتشارد ئیم نیکسۆن، کە (ڕکابەری سەرەکی بوو لە هەڵبژاردنەکان) چونکە ڕێگەیان داوە بە بەدیارکەوتنی (شوێنکەوتووانی شیوعییەت بۆ بەردەم دەرگاکانمان). دوای سەرکەوتنیشی لە هەڵبژاردنەکان لە مانگی نۆڤەمبەر، ئەیزنهاور کنێدی هاندا بۆ فراوانکردنی بەرنامەی (دوورخستنەوە-نەفیکردن). بۆ تۆڵەسەندنەوە لە کاسترۆش لەسەر بەخۆماڵیکردنی کۆمپانیا ئەمەریکییەکان و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سۆڤیەت، ئیدارەی ئەیزنهاوەر لە دوارۆژەکانیدا، لە یەنایەری ساڵی 1961 پەیوەندییە دبلۆماسییەکانی لەگەڵ کوبا بڕی.

بۆ کۆتاییهێنان بە کاسترۆ بە شێوەیەکی هەتاهەتایی، کنێدی گڵۆپی سەوزی هەڵکرد بۆ دەستپێکردنی ئەو پرۆسە کارەساتباراوییەی، کە بە داگیکردنی (کەنداوی بەرازەکان) ناسرا. بیرۆکەی ئەو پرۆسەیە لەسەر ئەو باوەڕە دانرابوو، گوایە کاسترۆ تەنیا لەناو جەماوەرێکی کەم خۆشەویستە و هەرکاتێک ئەو جەنگاوەرانەی ئەمەریکا مەشقی پێکردبوون، کە ژمارەیان (1400) کەس دەبوو دەستیان پێکرد، ئیدی یەکسەر کوبا ڕادەپەڕێت و کۆتایی بە حوکمی دیکتاتۆری شیوعی دەهێنرێت. بەڵام دەرچوو ئەوە پلانێکی گاڵتەجاڕانە و لاواز بـوو. چونکە تەنیا دوای دوو ڕۆژ هێزەکانی کاسترۆ ئەو پارچە بچووکەی دوورخراوەکانی لێدەژیان،

گەمارۆیدا و ئەوانی دەرکرد. بەمەش گورزێکی سیاسیی شەرمەزارانە بەر کنێدی کەوت، کە لە سەرەتای ماوەی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا بوو. بەڵام سەرباری ئەو ڕیسوابوونە، هێشتا سەرۆک نەیتوانی خۆی لەو هاوکێشەیە بدزێتەوە، ئەویش بوونی یەکێتیی سۆڤیەت بوو لەو پنتەی نیوەگۆی ڕۆژئاوا. پاشان فەرمانیکرد هەڵمەتێکی نهێنی بکرێت بۆ بڵاوکردنەوەی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی لە حوکمی کاسترۆ و تێکدانی ڕەوشی ناوچەکە. لە هەمان کاتیشدا دەزگای هەواڵگریی ناوەندی بە ڕەزامەندی کۆشکی سپی، زنجیرەیەک پلانی سەیری بۆ تیرۆرکردنی ڕابەرە مەزنەکەی کوبا دارشت. دوای ئەو هەموو ڕووداوانەوانەش کاسترۆ لە وتەیەکیدا وتی: (ئەگەر ویلایەتەیەکگرتووەکان تا ئێستا پێداگری لەسەر لەناوبردنی شۆڕشی کوبا نەکردبا، ئەوا قەیرانی ئۆکتۆبەریش هەر لە بنچینەدا ڕووی نەدەدا).

قەیرانی ئۆکتۆبەر، کە بە قەیرانی مووشەکەکانی کوبا بەناوبانگە. ترسناکترین ڕووبەڕووبوونەوەی سۆڤیەتی-ئەمەریکی بوو بە درێژایی جەنگی سارد. ئەو قەیرانە وایکرد هەردوو زلهێزەکە و هەموو جیهانیش بکەونە ناو چاڵی جەنگی ئەتۆمییەوە. ئەو قەیرانە لە چواردەی ئۆکتۆبەری ساڵی 1962 سەریهەڵدا. کاتێک کە فڕۆکەکانی (یو 2) و، پشکنەر چەند وێنەیەکی فۆتۆگرافیی مووشەکی کەممەودای گرتبوو، کە هێشتا لەژێر دروستکردندا بوون لە کوبا. دەزگای هەواڵگری بەڵگەی فۆتۆگرافی خستە

بەردەم سەرۆک، کە بواری بۆ هیچ مشتومڕ و گومانێک نەهێشتەوە و جەختیان لەوە دەکردەوە، کە مووشەکەکانی یەکێتیی سۆڤیەت لە کوبا دانراون. ئەو بەڵگەیە ئاماژەیەک بوو بە هاتنی مەترسی، چونکە بەڕاستی کوبا نزیکەی 16 بۆ 32 مووشەکی بالیستیی لە یەکێتیی سۆڤیەت وەرگرتبوو. کە مەودای هەریەکێکیان دەگەیشتە 2200 میل و مەودای کورتیش دەگەیشتە 1020 میل. دەزگای هەواڵگری بەگوێرەی زانیاری و هەڵسەنگاندنەکانی خۆی پێیوابوو، ئەو مووشەکانە لە ماوەی یەک هەفتەدا ئامادە دەبن و هەرکاتێک (کڵاوەی ئەتۆمی) بۆ دانرا، ئەوا دەتوانێت زیاتر لە (80) ملیۆن کەس بکاتە قوربانی. ئەگەر بۆ شارە گەورەکانی ئەمەریکا هەڵبدرێت، بێگومان زیان و زەرەرێکی یەکجار زۆری لێدەکەوێتەوە. کنێدی ئەو پێشکەوتنە ترسناکەی بە هەڕەشەیەکی گەورە دانا بۆ سەر ویلایەتەیەکگرتوەکان. لیژنەیەکی جێبەجێکاری لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی پێکهێنا تا ڕێنمایی بکەن و کۆدەنگییەکیش پەیدا بکەن، بۆ هەربریارێک لە داهاتوو لەسەر ئەو پرسە هەستیارە. چونکە سەرۆک دەیزانی بەم زوانە ناچاردەبێت ئەو جۆرە بڕیارە بدات. سەرۆک و بازنە نزیکەکانی هەر لەسەرەتاوە کۆک بوون لەسەر پەسەندنەکردنی دۆخی مووشەکی ئەتۆمی لە کوبا و پاشان هەر خێرا لابدرێت. بەڵام پرسیارە ترسناکەکەی ببووە تەوەری کۆبوونەوەکانی لیژنەی جێبەجێکار، پەیوەستبوو

بە گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ بەدیهێنانی ئەو ویستە، بێئەوەی ململانێی ئەتۆمی بەرپابێت.

بۆچی خرۆشۆف سەرکێشییەکی لەو جۆرەی کرد؟ ئەو بەڵگانەی ئێستا لە بەردەستدان ئاماژە بەوە دەکەن، کە لە مایۆی ساڵی 1962 سەرکردەکەی ڕووسیا، بڕیاریداوە مانۆڕێکی ترسناک بۆ بڵاوکردنەوەی مووشەکی ئەتۆمی لە کوبا ئەنجامبدات، بەهۆی چەند پاڵنەرێک، یەکەمیان: هەوڵیدەدا ویلایەتە یەکگرتوەکان کوبا داگیرنەکات و پاشان پارێزگاری لەو رژێمە بکات، کە دەیەوێت بەلای یەکێتیی سۆڤیەتدا بشکێتەوە. بەو هەنگاوەش دەتوانێت خۆی لەو ڕووبەڕووبوونەوەیە لابدات، کە چین دەیەوێت بیسەپێنێت و دووبارە پێگە مێژوویەکەی کرملین بگەڕێنێتەوە وەک قیبلەنمای سەربازی و ئایدیۆلۆژی بۆ هێزە شۆڕشگێڕە سۆسیالیستەکان لە هەموو جیهان. جگە لەوانەش، فاکتەرێکی لەوە گرنگتریش ئەوەبوو، خرۆشۆف پێیوابوو شۆڕشی کوبای هاوچەرخ هەلێکی لەبارە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی پانوبەرینی مووشەکەکان، کە لەنێوان یەکێتیی سۆڤیەت و ئەمەریکادا هەیە، دواتر خرۆشۆف لە وتەیەکیدا وتی: ئەمەریکییەکان وڵاتەکەمانیان بە بنکەی سەربازی تەنیوە و بە چەکی ئەتۆمی هەڕەشەمان لێدەکەن. ئێستا ئاڕاستەکردنی مووشەکی دوژمن بەرامبەر وڵاتەکەیان چ مانایەکی هەیە بۆ ئەوان، ئێمە هیچ شتێکی ئەوتۆ ناکەین، تەنیا دەمانەوێت کەمێک لەو تاڵییە بچێژن، کە بە ئێمەیان داوە.

لە سۆنگەی ڕووداوەکانی ساڵی 1962 و ئەو بۆشاییە مووشەکییەی لەنێوان ئەمەریکا و سۆڤیەتدا هەبوو لەڕووی (کڵاوەی ئەتۆمی) بە ڕاددەی (17) بەرامبەر بە (1). ئێستا مووشەکە کوبییەکانی خرۆشۆف، دەیتوانی سێ ئەوەندە، یان سێ جار زیاتر لە ژمارەی کڵاوەی مووشەکی توانای لێدانی ئامانجە ئەمەریکییەکانی هەبێت. لەڕووی دەروونی و سیاسییشەوە ئەگەر نەڵێن ستراتیژییش، ئەو مووشەکانە دەیانتوانی گۆڕانکاری لە ئالیەتی پەیوەندیی نێوان هەردوو زلهێزەکە دروستبکات.

دوای پەسەندکردنی پێشنیازەکەی کرملین لەلایەن کوباوە لە مانگی یۆنیۆ، سۆڤیەتییەکان بەبێدەنگی دەستیانکرد بە ناردنی هێزی سەربازی بۆ دوورگەکە. جگە لە دانانی جۆری مووشەکی کەممەودا وەک ئەوەی پلانی بۆ داڕێژرابوو، مۆسکۆ مووشەکی (زەمینی و ئاسمانی) ی، بۆ پاراستنی ئەو شوێنانە دا بە کوبا. هەروەها 42 هاوەنی سووک لە جۆری ئای ئال 28 و 42 فڕۆکەی ڕێگر لە جۆری میگ 21 و 42 هەزار سەربازیش. ئەوەی لای چاودێرانی ئەمەریکا لەو کاتەدا دەزانرا، ئەوەبوو هێزەکانی سۆڤیەت لە کوبا بە چەکی ئەتۆمی و تەکتیکی چەکدار کرابوون. فەرماندەکانیش ڕێگەیان پێدرابوو، ئەو چەکانە لە کاتی پێویست بەکاربهێنن. لە کاتێکدا ئەگەر دوورگەکە تووشی داگیرکاری بووەوە، لەلایەن ئەمەریکاوە. دوای یەک دەیە ماکنمارا بەوەی زانی، کە نۆ چەکی ئەتۆمیی

تەکتیکی لە کوبادا هەبوون، بۆیە لە ساڵی 1962 وتی:( ئەوە کارێکی ترسناک بوە، مانای وایە ئەگەر ئەمەریکا ئەو کارەی ئەنجامبدایە، ئەوا ئەگەری بەرپابوونی جەنگی ئەتۆمی هەبوو).

لەڕاستیدا بژاردەی داگیرکردن یەکێک بوو لەو بژاردانەی لەئارادبوون لیژنەکەی کنیدی بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخەکە پێکیهێنابوو. هەرچەندە داگیرکردنی کوبا پشتیوانی لێدەکرا، وەک چۆن پشتیوانی لە لێدانی گورزێکی ئاسمانیی سنووردار بۆ لەناوبردنی مووشەکەکان هەبوو، بەتایبەتییش لەلایەن دەستەی ئەرکانی هاوبەش، بەڵام کنیدی ڕێچکەیەکی ئاسانتر و کەممەترسیتری هەڵبژارد، ئەویش ئەوەیە گەمارۆی دەریایی بخاتە سەر کوبا. تا ڕێگە لە گەیشتنی هەر بارێکی سەربازی بگرێت بۆ دوورگەکە. لە بیستودووی ئۆکتۆبەر سەرۆک کنیدی لە تەلەفزیۆنی نیشتمانی دەرکەوت بۆ ئەوەی ڕاددەی مەترسییەکانی ئەو هەڕەشە و گەمارۆ دەریاییەی سەر کوبا بۆ گەلی ئەمەریکا ڕوونبکاتەوە. کنیدی جەختی لەوەشکردەوە، ئەگەر هەر مووشەکێکی کوبی بەرەو هەرئامانجێک هەڵبدرێت بۆ نیوەگۆی زەویی ڕۆژئاوا، بێگومان ویلایەتەیەکگرتوەکان ئەو کارە بە هێرشێک دادەنێت لەلایەن سۆڤیەتەوە و تۆڵەی خۆی دەکاتەوە و بە هەمان شێوەش وەڵامی سۆڤیەت دەداتەوە. لە بیستوچواری ئۆکتۆبەر، دروستکەرانی سیاسەتەکانی ئەمەریکا بەئاسوودەیی هەناسەیەکیان

هەڵمژی، کاتێک زانییان کەشتیە سۆڤیەتییەکان لەسەر هێڵی گەمارۆکە وەستاون. بەمەش هەموو لایەک دوورکەوتنەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی حەتمی، کە بووبووە جێگەی ترس بۆ هەمووان.

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا (ڕاسک) لەبارەی ئەو هەڵوێستەوە وتەیەکی بەناوبانگی هەیە، کە دەڵێت: تۆ کە ئێستا وتەکانی من دەگوازیتەوە. ئەوەت بیرنەچێت، کاتێک ڕووبەڕووی یەکتر بووینەوە ئەوان یەکەم جار پاشەکشەیان کرد.

کەچی لەگەڵ ئەوەشدا قەیرانەکە کۆتایی هات. بەڵام کنێدی هێزی ئەتۆمیی ستراتیژی ئەمەریکی خستە حاڵەتی ئامادەباشییەوە. دواتر خرۆشۆف لە گوتارێکیدا، کە لە بیستوشەشی ئۆکتۆبەر بۆ کنێدی ڕەوانەکرا، ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ گەیشتن بە چارەسەرێک، هەرچەندە ئیدانەی گەمارۆ دەریاییەکەی سەر کوبای کرد و بە کارێکی هەڵەی وەسفکرد، بەڵام ئامادەیی نیشاندا بۆ لابردنی مووشەکەکان لە کوبا. لەبەرامبەریشدا ئەمەریکا بەڵێنیدا داگیرنەکردنی دوورگەکە بدات. کەچی ڕۆژی دواتر خرۆشۆف لە گوتارێکی تریدا بە شێوەیەکی کتوپڕ دوژمنایەتیی ڕووسیای زیاتر نیشاندا و داوای لەناوبردنی مووشەکی جۆبیتری ئەمەریکی کرد لە تورکیا. ئەو مووشەکانە لەو ساڵەدا ئامادەکرابوون بۆ کارکردن.

لە بیستوهەشتی ئۆکتۆبەر، لە چرکەساتی ئەوەدا بووین دۆخەکە لەژێر کۆنترۆڵ دەربچێت، بەڵام نوێنەرانی هەردوولا گەیشتنە چارەسەرێکی کاتی و لەوێدا ویلایەتەیەکگرتووەکان پێشنیازێکی کرد بۆ کۆتاییهێنان بەو دۆخە. ڕۆبرت ئێف کنێدی (برای سەرۆک کنێدی) و جێگری گشتی ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا لەو مەسەلەیە، کە لە بنچینەدا لەسەر گوتارەکەی یەکەمی خرۆشۆف دروست بووبوو. مۆسکۆش پەسەندی کرد. بەم شێوە سۆڤیەت ڕازی بوو بە لابردنی مووشەکەکان لە کوبا. ئەمەریکاش لە لای خۆیەوە بەڵێنی داگیرنەکردنی دوورگەکەی دا. پاشان خرۆشۆف هەرزوو هێڵە پان و بەرینەکەی ڕێککەوتنی نێوانیانی لە گوتارێکی ڕادیۆییدا ئاشکراکرد. خرۆشۆف، لە نامەیەکی تایبەتییشدا بۆ کنێدی ئاماژەی بە تێگەیشتنی خۆی کردبوو لەبەرامبەر لادانی مووشەکی جۆبیتر لە تورکیا، کە ڕەگەزێکی سەرەکیی ڕێککەوتنەکە بوو. ئەمەش بەپێی ئەو بەڵێنانەی ڕۆبرت کنێدی بە نوێنەرەکەی سۆڤیەتی داوە، بەڵام بەهۆی پێداگریی ویلایەتەیەکگرتووەکان لەسەر لانەبردنی مووشەکی جۆبیتر لە تورکیا، دووبارە ناکۆکی سەری هەڵدایەوە. چونکە ئەو مووشەکانە لەڕووی ڕێکخستنیانەوە لەژێر کۆنترۆڵی هاوپەیمانیی باکووری ئەفریقیادا بوو نەک ئەمەریکا.

بە درێژایی چوار دەیەی ڕابردوو، توێژەر و ڕاڤەکارە سیاسییەکان و بەرپرسانی پێشووی حکومی بەتوندی

مشتومڕیان لەسەر هەموو لایەنێکی ئەو هەڵوێستە دەکرد، کە هۆکاری بەرپابوونی کارەساتێک بوو. زۆرجاریش حوکمەکانیان تا ڕاددەیەکی زۆر لەسەر (ناڕوونی و لێکتێنەگەیشتن) لەیەکتری بونیادنراوە. چونکە هەندێک کەس دەستخۆشییان لە سەرۆک دەکرد لەسەر ئیدارەدانی قەیرانەکە و کۆنترۆڵکردنی تورەبوونەکانی، هەندێک کەسیش لۆمەیان دەکرد. چونکە ئامادەبوو جەنگێکی ئەتۆمی هەڵبگیرسێنێت و ببێتە مایەی گیانلەدەستدانی ملیۆنان کەس لە ئەمەریکا و سۆڤیەت و کوبا و ئەورووپیەکانیش. ئەمەش هەموو بەهۆی هەندێک مووشەک، کە لەکۆتاییدا هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی لە جەوهەری تەرازووی ئەتۆمی نەدەگۆڕی. دواتر وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمەریکا (دین ئەتشیستون)، کە ئامادەی کۆبوونەوەکانی لیژنەی جێبەجێکار بوو، سەرکەوتنی کنێدی لەو قەیرانەدا تەنیا بۆ (هەبوونی چانس) گەڕاندەوە.

ڕەنگە ئەوە کۆتاییەکی گونجاو بێت بۆ هەموو قەیرانەکە، بەتایبەتی کاتێک، کە دەزانین تا چ ڕادەیەک جیهان کەوتبووە سەر لێواری جەنگێکی ئەتۆمی لە ئۆکتۆبەری 1962. هەروەها پێویستە دان بەوەدا بنرێت، کە بەهۆی ئاگایی و ژیریی کنێدی بەرامبەر ئەو فشارە زۆرانەی لەلایەن ڕاوێژکارە سەربازییەکانییەوە لەسەری بوو، کە داوای وەڵامدانەوەیەکی توندیان دەکرد، ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لە کۆتایهێنان بەو قەیرانە بە شێوەیەکی ئاشتییانە.

بێگومان قەیرانی مووشەکە کوبییەکان هاوشێوەی قەیرانی تایوان و بەرلین، ناهاوسەنگیی ئەتۆمی لەو قۆناغەی جەنگی سارد ڕوونترکردەوە. دروستکەرانی بڕیار لە ئەمەریکا هەستیان بە متمانەیەکی زۆر دەکرد، بە تواناکانی خۆیان، کە بتوانن سۆڤیەت ناچار بکەن، پاشەکشە بکات، لە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک. لەو سۆنگەیەوە ئاستبەرزیی ئەتۆمیی وڵاتەکەیان بریتیبوو لە کارتێکی براوە. ئەمەش ئەو ڕاستییەی سەلماند، کە هەریەک لە مۆسکۆ و واشنتۆن بەتەواوی درکیان پێکردبوو. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەردوولا دەیانزانی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی ئەمەریکا لە مەسەلەی ئەتۆم، دیاردەیەکی کاتییە. چونکە شارەزایانی ئەمەریکی پێشبینیی ئەوەیان کردبوو، سۆڤیەتییەکانیش لە داهاتوویەکی نزیکدا بە شێوەیەکی ڕێژەیی توانای بەرهەمهێنانی ئەتۆمییان هەیە. سۆڤیەتییەکانیش لە لای خۆیانەوە سووربوون لەسەر ئەنجامدانی ئەو کارە بەوپەڕی خێراییەوە. جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسیا (فاسیلی کوزنتزوف) دبلۆماتێکی ئەمەریکی ئاگادار کردەوەو، وتی: (ناتوانن جارێکی تر ئەو کارە لەگەڵ ئێمەدا بکەن). ئەمەش دواتر بووە بنچینەیەکی سەرەکی بۆ سیاسەتەکانی سۆڤیەت بەرامبەر ئەمەریکا .

مۆسکۆ، دوای مەسەلەی کاریبی، دەستیکرد بە زیادکردنی وزەی ئەتۆمی و بەهێزکردنی کەشتیگەل و فڕۆکەکان و باشترکردنی بەرنامەی مووشەکەکان. لە

ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا پەرەیدا بە نەوەیەکی نوێ لە مووشەکی بالیستی کەمەوەدا. ئەمەش وایدەکرد بتوانن گورزی زیانبەخش بە خاکی ئەمەریکا بگەیەنن، لە هەرململانێیەکی ئەتۆمی لە داهاتوو. هەر لەو کاتەوەی کنێدی خرۆشۆفی ناچار کرد، بەخێرایی لە کوبا بکشێتەوە، بووە هۆی گۆڕانکارییەکی هەمیشەیی لە هاوسەنگیی مەسەلەی خۆپڕچەککردنە ئەتۆمییەکە و ئەو دەرهاویشتانەی، کە دواتر لە ئەنجامی سروشتی جەنگی سارد هاتنە کایەوە. هەرئەوەندە هەردوولا بوونە خاوەن توانایەکی ئەتۆمی، بێگومان هەردووکیان دەیانتوانی زیان بەیەکتر بگەیەنن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چاودێرانی ستراتیژیی ئەتۆمی پێیانوابوو هیچ کامێکیان نیازی بەرپابوونی جەنگێکی ئەتۆمییان نییە، خۆیان ناخەنە مەترسییەوە. لە لایەکی تریشەوە پێیانوابوو، بە دەستەبەرکردنی جبەخانەیەکی ئەتۆمیی زەبەلاح لەلایەن هەردوو زلهێزەکە، ئاسایشی جیهان بەهێزتر و پارێزراوتر دەبێت. ئەمەش وایکرد ململانێیەکی ئەتۆمیی وێرانکەر، لە دیدوبۆچوونی هەردوولایانەوە بە کارێکی لۆژیکی سەیربکرێت .

قەیرانی مووشەکیی کوبا، شایستەی ئەوەیە، کە بە یەکێک لە خاڵەکانی گۆڕانکاری لە جەنگی ساردا وەسفبکرێت، چونکە دوای لاچوونی تارمایی بەرپابوونی جەنگی ئەتۆمی، سەرکردەکانی ئەمەریکا و سۆڤیەت درکیان

بەوەکرد، کە چۆن خۆیان لاداوە لە کارەساتێکی جەرگبڕ، لە یۆنیۆی ساڵی 1963 (هێڵێکی گەرم ـ خێرا) لەنێوان کرملین و کۆشکی سپی بەسترا بۆ ئاسانکردنی پەیوەندیکردن بە یەکەوە لە کاتی قەیرانەکاندا. لە ئۆگەستی 1963ش هەریەک لە یەکێتیی سۆڤیەت و ویلایەتەیەکگرتووەکان بەڵێننامەی قەدەغەکردنی تاقیکردنەوەی ئەتۆمییان واژۆکرد، بەپێی ئەو بەڵێننامەیە رێگە دەگیرا لە هەرتاقیکردنەوەیەکی ئەتۆمی جگە لەوانەی لەژێر زەویدا دەکرێن. دوای دوو مانگ هەردوولا واژۆیان لەسەر بڕیارێکی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد، سەبارەت بە ڕێگەنەدان بە هەڵدانی چەکی ئەتۆمی بۆ بۆشایی ئاسمان . تەنانەت زمانی گوتاری هەردوولا بەرەو هێمنی دەچوو. کنێدی لە گوتارێکیدا، کە لە زانکۆی ئەمەریکا لە یۆنیۆی 1963 خوێندیەوە و تێیدا دەڵێت: ( پێویستە زیاتر بایەخ بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و فاکتەرەکانمان بدەین، کە توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی هەیە). ئەم وتانەی بوونە جێگەی ڕەزامەندی لای خرۆشۆف .

قەیرانە مووشەکییەکەی کوبا، کاریگەریی خۆی لەسەر هاوپەیمانانی ڕۆژئاواش هەبوو، چونکە هەندێک لە هاوبەشانی ئەمەریکا لە هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی و بەتایبەتییش فەڕەنسا و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، لەوەوە وانەیەک فێربووبوون، کە هەمیشە ئەمەریکا بەرژەوەندییەکانی خۆی لە سەرووی

هەموو شتێکەوەیە. تەنانەت گەر ئەورووپییەکان بکەونە پێشی پێشەوەی هێڵەکانی جەنگ . هەرچەندە لە کاتی قەیرانەکە بەتەواوی بە لای ئەمەریکادا شکانەوە و زۆر دڵخۆشبوون بە هێوربوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بەڵام ئەو وڵاتانە متمانەیان بە خۆیان کەم بووبووەوە، بەهۆی بڕیارە تاکلایەنەکانی ئیدارەی کنێدی، چونکە لەبری ڕاوێژپێکردنیان تەنیا بڕیارەکانیان پێڕادەگەیەنرا. سەرۆکی فەڕەنسا (شارل دیگۆل) ئەو کاتە ترسی لەوە هەبوو ڕۆژێک بێت فەرەنسا فەرامۆش بکرێت و بۆچوونەکانی بەهەند وەرنەگیرێن . هەروەها باوەڕی وابوو ئاسایشی وڵاتەکەی وەک وڵاتانی تری ئەورووپا بەهۆی سیاسەتەکانی دەرەوەی فەڕەنسا سەقامگیرتر دەبێت، نەک بەپێی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا. دیگۆل بەمەبەست هێزی ئەتۆمیی سەربەخۆی فەڕەنسی پەرەپێدا و فەڕەنسای دوورخستەوە لەوەی، کە تەنیا هەیکەلێکی سەربازی بێت لە هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی، کە ملکەچە بۆ ئەمەریکا. دیگۆل دەستیکرد بە فراوانکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بۆن. ئەمەش لەدواییدا ناکۆکی و دەرهاویشتەی قووڵی لێکەوتەوە لەسەر پەیوەندییە سێ لایەنییەکەی نێوان سۆڤیەت و ئەمەریکا و هاوپەیمانانی ئەورووپی. هەمان شتیش ڕاستە بۆ درێژترین و خوێناویترین و مشتومڕ ورووژێنەرترین ململانێی سەردەمی شەڕی سارد .

**شارل دیگۆل**

ژەنەڕاڵ دیگۆل، کە سەرۆکایەتیی حوکومەتی فەڕەنسای دەکرد، لە مەنفا لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی و دوای ئازادکردنیشی، دواتر لە ساڵی 1958 دووبارە هاتەوە سەر حوکم تا خانەنشینکردنی لە ساڵی 1969. دیگۆل زۆر شانازیی بە زات و قەومییەتی خۆی دەکرد. بۆ بەرەوپێشەوەبردنی ڕۆڵی سەرکردایەتیکردنی فەڕەنسا لەناو ئەورووپا لە کاتی ڕێککەوتننامەی ئەڵمانی و فەڕەنسیی هاوبەش، هەروەها هەماهەنگیی ستراتیژی، کە بە پێشنیازێکی ئەو کرا، لە ساڵی 1963. لە ساڵی 1966 دیگۆل فەڕەنسای لەناو دەستەی ئەرکانی هاوبەشی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی دەرهێنا. بەڵام نەک لە هاوپەیمانییەتەکە، بەڵکو تەنیا لەناو دەستەکە.

**ڤێتنام و کارەساتەکانی جەنگی سارد**

جەنگی ڤێتنام لە لای لێکۆڵەرەوانی جەنگی سارد، جیاوازییەکی زۆری هەبوو. چونکە ئەوکات هەریەک لە ئەمەریکا و سۆڤیەت بەرەو پەیوەندییەکی سەقامگیرتر و ئارامتر هەنگاویان دەنا، دوای قەیرانە مووشەکییەکەی کوبا، سەهۆڵبەندی نێوانیان وردەوردە دەتوایەوە، بەڵام لە هەمان ساتەوەختدا، کە جۆرە ڕێککەوتنێکی سەرەتایی لەئارادابوو، ویلایەتەیەکگرتووەکان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای دوور بەرەو جەنگێک دەچوو. بێگومان

ئەویش چەندین هۆکاری خۆی هەبوو، یەکێکیش لەوانە تیرۆرکردنی کنێدی لە ساڵی 1963. ویلایەتەیەکگرتووەکان (16) هـەزار ڕاوێژکاری سەربازی ڕەوانـەی باشووری ڤێتنام کردبوو، ڕێگەشی دابوو ئەو ڕاوێژکارانە تێکەڵاوی پرۆسە سەربازییەکانی دژی یاخیبووانی ئەلفین کونگ ببن. چەند پرۆسەیەکی هەواڵگریی نهێنی دژی ڤێتنامی باکوور ئەنجامدران . بە ڕاددەیەکی زۆر دەیویست، پابەند بێت بە پاراستنی ڕژێمێک لە باشووری ڤێتنام (کە شیوعی نەبوو). کاتێکیش ليندون بی جونسۆن دوای پێنج ساڵ کۆشکی سپی جێهێشت، نزیکەی نیو ملیۆن سەربازی ئەمەریکی لە ڤێتنام جێگیرکرابوون و کەوتبوونە ناو شەڕێکی سەخت و دژوار لەگەڵ دوژمنێکی تەڵەکەباز و پێداگر لەسەر بەدیهێنانی ئامانجەکانی. کە لـەلایـەن مۆسکۆ و پەکین پاڵپشتیی دبلۆماسی و دارایی لێدەکرا. ئەو کاتە کۆشکی سپی (لە سەردەمی جۆنسۆن) حکومەت بەسەر دوو ڕای جیاواز دابەش بووبوو لە بارەی کاراکردنی جەنگی ڤێتنام، بەڵکو هاوپەیمانانیش بە هەمان شێوە دابەش بووبوون. لە کۆتایی شەستەکاندا، هەندێک جار ژمارەیەک لە دەوڵەتانی هاوپەیمان وەک کەنەدا و فەڕەنسا و بەریتانیای مەزن و ئەڵمانیا و هۆڵەندا و ئیتاڵیا و ژاپۆن، بەئاشکرا گومانیان هەبوو لەوەی، کە ئەو هەوڵە پڕ لە تێچوونانەی ئەمەریکا لە هیندی چینی پەیوەندی بە بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی جەنگی ساردەوە هەبێت. چونکە هۆکاری سەرەکی لەپشت

بڕیارە چارەنووسسازەکانی واشنتۆن بە دەستتێوەردانی سەربازی لە ڤێتنام بەو ڕاددە زۆرە ڕوون و ئاشکرا نەبوو. تەنانەت ئەگەر ئەو هۆکارانە لە کاتی ئێستادا هەڵەش بن. ئەو هۆکارانە لە بنەڕەتدا بەندبوون بە مەترسییەکانی جەنگی سارد لە لایەک، لە لایەکی ترەوە بەهۆی پێداگریی ئەمەریکاوە بەرپابوو. ئەمەریکا دەیوست کۆنترۆڵکردنی چین و ڕاددەی ڕاستگۆیی ئەمەریکا بۆ هـەریـەک لە هاوپەیمانان و ڕکابەرەکانیشی بسەلمێنێت، هەروەها دڵسۆزی و پابەندبوونیشی تا ئەوپەڕ بتوانێت بەدیار بخات.

لێرەدا ناتوانین لەگەڵ هەڵسەنگاندنەکانی مێژوونووس جۆرج سی هیرینگ ناکۆک بین، کە دەڵێت: دەستتێوەردانی ئەمەریکا لە ڤێتنام پرۆسەیەکی گەشەپێدانی سروشتی بوو، ئەگەر حەتمیش نەبێت، بەهۆی پەیڕەوکردنی سیاسەتی کۆنترۆڵکردن، کە ئەمەریکییەکانی لەناو حکومەت و دەرەوەی حکومەتیش بەبێ هیچ گومان و سڵەمینەوەیەک تا دەهات زیاتر دەبوو لە لایان. پێویستە بزانرێت، کە ئەو سیاسەتانە تەنیا بۆ کۆنترۆڵکردنی سۆڤیەت نەبوو، بەڵکو بۆ چین و هەر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕیی دیکەی جیهانی سێیەم بوو. بەتایبەتی ئەو بزاڤانەی دوژمنایەتیی ڕۆژئاوایان دەکرد. چونکە ئەگەری زۆری هەبوو هاوپەیمانی لەگەڵ یەکێک لەو دوو وڵاتە شیوعییە ببەستن. لە سەرەتای شەستەکان، چین لە زۆر ڕووەوە جێگەی یەکێتیی سۆڤیەتی گرتبووەوە. بەو پێیەی، کە گەورەترین ڕکابەری ئەمەریکایە. چونکە

چین یەکێک بوو لەو دوو زەبەلاحە شیوعییەی، لەخۆباییانە هەڵسوکەوتی دەکرد. دوای قەیرانی مووشەکیی کوبا، جۆرێک لە گەرموگوڕی باڵی بەسەر پەیوەندییەکانی سۆڤیەت–ئەمەریکادا کێشا. بەڵام لەگەڵ چین دۆخەکە هەر بەئاڵۆزی مایەوە. لەڕاستیدا دووبارەهاتنەوەی چین بۆ ناو جەنگێکی خێرا لەگەڵ هیندستان لە ئۆکتۆبەری 1962، وایکرد ئەمەریکا ترسی هەبێت لەبارەی سەرهەڵدانەوەی ناکۆکییەکان لەگەڵ پەکین. پلاندەرانی ئاساییشی نەتەوەیی لە هەردوو ئیدارەی کنێدی و جۆنسۆن لەو باوەڕەدابوون ئەو شەڕانگێزییە زۆرەی لەنێوان چین و سۆڤیەتدا هەیە، وایکردووە فەرماندە چینییەکان چاونەترسانەتر بن، بۆیە سەرکێشییان دەکرد. لە چەند بۆنەیەکیشدا ئەمەریکییەکان بەڕوونی باسیان لەو پەیوەندییە ئاڵۆزە دەکرد، لەگەڵ چین و بەپێویستیان دەزانی دەستتێوەردانی سەربازی لە ڤێتنام بکرێت. جۆنسۆن لە گوتارێکیدا لە ئەپریلی 1965، وتی: ( لە سەرووی ئەو جەنگە ، واقیعێکی تر خۆی مەڵاسداوە، ئەویش تارمایی چینی شیوعییە، ململانێیەکەی ڤێتنام بەشێکە لەو ڕێچکە فراوانەی، کە مەبەستی لێی دوژمنکاریی (چین)ە.

هەمان مانگ (ماکنمارا) لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسیدا وتی:( لەبری جەنگ لە ڤێتنام، دەبێت چین هەژموونی خۆی بەسەر باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا بسەپێنێت). ئەمەش مانای وایە (ئاسیای سوور) دێتە

ئاراوە، ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڤێتنام پاشەکشە بکات، ئەوا گۆڕانکارییەکی زۆر لە تەرازووی هێزی جیهان ڕوودەدات.

پێداگریی ئەمەریکا لەسەر بەدیارخستنی ڕاستگۆیی خۆی وەک زلهێزێک، کە بە هێز و گوڕێکی زۆرەوە ڕووبەڕووی دوژمن دەبێتەوە و نەرمی نانوێنێت و ڕێز لە پابەندبوونەکانی خۆی دەگرێت لەبەرامبەر هاوپەیمانەکانی، ئەمانە هەموو بە شێوەیەکی ڕوون لەگەڵ ناکۆکییەکانی دژی چین لەناو سیاسەتەکانی ئەمەریکادا ڕەنگیدابووەوە. ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ماک جۆرج بووندی ساڵی 1965 سەرۆک جۆنسۆنی ئاگادارکردەوە و پێیگوت: پێگەی نێودەوڵەتیی ویلایەتەیەکگرتووەکان و بەشێک لە دەسەڵاتەکانی ڕووبەڕووی مەترسی بوونەتەوە لە ڤێتنام). جۆنسۆن و گەورەڕاوێژکارەکانی، باوەڕیان وابوو، کە پێویستە بە هەرنرخێک بێت پارێزگاری لە ڕاستگۆیی ئەمەریکا بکرێت، چونکە ئەو ڕاستگۆییە پەیوەستە بە پێکەوەکۆکردنەوەی بەشەکانی سیستمی هاوپەیمانیی ئەمەریکا لە جەنگی سارددا، ئەمەش وەک قەڵغانێک وایە لە دژی شیوعییەکان.

سیاسەتەکانی دەرەوەش بە هەمان شێوە کاریگەری لەسەر بڕیارە سیاسییەکانی ئەمەریکا هەبوو، بۆیە لە ماوەی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەی کنێدیدا، لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکدا باس لە دۆخە شڵەژاوەکەی ڤێتنام

دەکات و دەڵێت:( ناتوانم دەست لەو  خاکە هەڵبگرم بۆ شیوعییەکان و پاشان پێموابێت گەلی ئەمەریکا دووبارە هەڵمدەبژێرێتەوە). هەریەک لە کنێدی و جۆنسۆن ترسی لەدەستدانی ڤێتنامی باشووریان هەبوو بۆ شیوعییەکان، کە دەبووە هۆی بەرپابوونی گەردەلوولێکی سیاسی لە ناوەوە و دەرئەنجامیش وڵاتی تووشی ئیفلیجی دەکرد و ماوەی سەرۆکایەتیکردنی خۆشیان ناشیرین دەکرد. ڕاوێژکاری سیاسی جاک فالنتی پێیوایە، کە جۆنسۆن لەو باوەڕەدا بووە کۆمارییەکان و دیموکراتەکان (پارچە پارچە)ی دەکەن، ئەگەر نەیتوانی خۆی لەبەردەم شیوعییەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا رابگرێت و شکست بهێنێت. هەروەها ترسی هەبووە، لە بەرنامەی چاکسازییەکانی ناوخۆ، نەوەک ببێتە بەربەست لە بەردەم کۆنگرێس ئەگەر هات و تووشی شکستێکی شەرمەزارانە بووەوە، لە بەرامبەر ڤێتنامیەکان لەماوەی سەرۆکایەتیی ئەودا. بەڵام ئەگەر ئەو هێزەی پاڵی بە ویلایەتەیەکگرتووەکانەوە دەنا تا بەرەو جەنگێک بچێت لەگەڵ هیندی-چینی بەهێزتربوبێت، ئەوا بەرهەڵستیکردن لە هەموو بارودۆخێکدا شتێکی مەحاڵ نییە، چونکە ئیدارەی جۆنسۆن هەر لە سەرتای 1965ەوە، خاڵی نەگەڕانەوەی تێپەڕ کردبوو، ئەویش بەو دوو بڕیارەی دای سەبارەت بە هەڵمەتێکی بۆردومانکردنی سەرتاسەری دژی ڤێتنامی باکوور و ڕەوانەکردنی هێزی شەڕکەر بۆ ڤێتنامی باشوور. دەیتوانی لەبری ئەوە دانوستان هەڵبژێرێت لەپێناو گەیشتن

بە چارەسەرێک، وەک چۆن ئیدارەی کنێدی لە ساڵانی 1961 و، 1962 لە لاوس ئەنجامیدا.

هەریەک لە کنێدی و دواتر جۆنسۆنیش، لایەنگرانیان هاندەدا، بەتایبەتییش لەناو کۆنگرێس و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی فەرمی و دەنگە دیارەکانی ناو پایتەختی هاوپەیمانان، تا پەیڕەویی ئەو کارە بکەن و پشتیوانی لێبکەن. لە ئۆگەستی ساڵی 1963 شارل دیگۆلی فەڕەنسی بەئاشکرا داوای بێلایەنی بۆ ڤێتنام کرد. ئەمەش چارەسەرێکی گونجاوی دەدایە ویلایەتەیەکگرتووەکان تا ڕووی خۆی پێ سپی بکاتەوە. بەڵام نە کنێدی و نە جۆنسۆن ڕازی نەبوون بە چارەسەرێکی تری دبلۆماسی. هەردوو سەرکردە ئەمەریکییەکە سووربوون لەسەر هەڵوێستەکانیان لە ڤێتنامی باشوور و بە کارێکی تەواو گونجاویان دەبینی و لەگەڵ پابەندبوونەکانی ئەمەریکا یەکیان دەگرتەوە . سەرۆک جۆنسۆن لە وتارێکیدا لە ئۆگۆستی 1964 سووربوو لەسەر ئەوەی، کە ئەو بەرهەڵستییەی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ڕووبەڕوومان بووەتەوە، هەمان ڕووبەڕووبوونەوەیە کە ئازایانە لە یۆنان، تورکیا، بەرلین، کۆریا، لوبنان و چین ڕووبەڕووی بووینەوە). زۆر جاریش وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا "ڕاسک" جەختی لەوەشکردەوە، کە بەرگریکردن لە سایجۆن، وەکو پاراستنی ئاساییشی هەموو جیهان گرنگە بۆ بەرگریکردن.

سەرەتا لەیەکترازان لەناو گرنگترین ئەندامانی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی ڕوویدا، چونکە زۆربەی ئەو وڵاتانەی سەرکەوتنی هێزە شیوعییەکان لە ڤێتنام بە کارێکی کارەساتباراوییان نەدەبینی وەک ئەوەی ئەمەریکا سەیری دەکرد. بە پێچەوانەی دروستکەرانی سیاسەتی واشنتۆن، باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیایان وەک پەراوێزێک بۆ ئاساییشی ڕۆژئاوایی دەبینی. ئەمەش هەڕەشە ئیقلیمییەکانی چینیان کەمدەکردەوە و بەو شێوە نەبوو لای ئەوان، کە ئەمەریکییەکان وێنایان بۆ کردبوو. بەکورتی: ئەوەی دژی جووڵانەوەکانی جۆنسۆن بوو، کە بەرەو ململانێیەکی خراپ دەچوو، کۆتاییەکەشی لە هیندی چینی بەڕوونی دیاربوو، خۆی لە دەرەوەی کۆدەنگیی نێوان لایەنەکانی جەنگی سارد دەبینییەوە، کە ئەوکاتە چ لەناو کۆمەڵگەی ئەمەریکی، یان لەناو وڵاتان و کۆمەڵگەکانی هاوپەیمانێتییە ڕۆژئاواییەکان. دیگۆلی لەخۆبایی تەنیا کەس نەبوو دژی دەستتێوەردانی ئەمەریکی بوو، بەڵکو سەرۆکوەزیرانی بەریتانی (هارولد ویلسۆن) و (لستر بیرسۆن) سەرۆکوەزیرانی کەنەدا و چەندین فەرماندەی تری وڵاتانی هاوپەیمانیی دڵسۆز هەمان ڕایان هەبوو. تەنیا ئەمەریکا گوێنەگرتنی هەڵبژارد بۆ ئەو دەنگانەی داوای ئاشتییان دەکرد. دواتر بەهۆی دەرئەنجامە ستراتیژی و سیاسی و دەرونییەکانی دوای شکستەکەی ڤێتنام هاتن، جۆنسۆن و ڕاوێژکارەکانی بەهۆشیاریەوە

ڕێگەی شەڕکردنیان هەڵبژارد لەجیاتی ڕێگەی دبلۆماسی لەنێوان ساڵانی 1965 و 1968. ئیدارەی جۆنسۆن دەستیکرد بە ڕەوانەکردنی کەرەستە و سەربازان بۆ باشووری ڤێتنام. وەک هەوڵێکی نەزۆک بۆ تێکشکاندنی بزووتنەوەی یاخیبووان، کە خاوەن جەماوەرێکی زۆربوون لەوێ. هەریەک لە مۆسکۆ و پەکین یارمەتیی سەبازییان پێشکەش کرد. کە ئەوکاتە زۆر پێویستیان پێی بوو. بەمەش کارەرکەی ئەمەریکا قورستر و ئاڵۆزتریش بوو. لە هەمان کاتیشدا دووبارە کەوتەوە ناو قاڵبی ململانێی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. لەیەکترازانەکەش زیاتر بوو، چ لەناو خودی ئەمەریکا، یان لە دەرەوە.

دواتر بە کۆدەنگیی لایەنەکان جەنگی سارد بەرەو نەمان دەچوو، دوای (هێرشەکەی تیت)یش لە سەرەتاکانی ساڵی 1968 و، لە ڕۆژی سەری ساڵی ڤێتنامیدا، بە شێوەیەکی خراپ پەردەی هەڵماڵی لەسەر جیاوازیی بیروڕاکان. لەوەش گرنگتر ڕاددەی هێزی ئەمەریکییش ئاشکرا بوو.

ئەو ماوەیەی بە هەردوو قەیرانی گەرووی تایوان و بەرلین لە ساڵی 1958 و، بە هێرەشەکەی تیت لە ساڵی 1968 کۆتاییهات. گۆڕانکارییەکی گەورەیان لە ڕێچکەی جەنگی سارد دروستکرد. لەنێوان ساڵانی 1958 و 1962 ململانێی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا گەیشتە ترسناکترین قۆناغ و لە قەیرانی مووشەکیشدا گەیشتە ترۆپک. دواتر پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و سۆڤیەت هەندێک هێوربووەوە،

بەڵام ئەوەندی نەبرد دوای جەنگی ڤێتنام سەریهەڵدایەوە. کەچی سەرباری ئەوەش سۆڤیەت و ئەمەریکا توانییان خۆیان لابدەن لە جەنگێکی ئەتۆمیی گەورە لە شەستەکاندا. بە هاتنی ساڵی 1968 هـەردوو زلهێزەکە نزیکبوونەوە لە ڕێککەوتنێکی مێژوویی لەبارەی دانانی سنوورێک بۆ خۆپڕچەککردنی ستراتیژی. دیارە گۆڕانکارییەکی سروشتی لە دینامیکی جەنگی سـارد لە ڕۆژئـاوا و ڕۆژهەڵاتیش یارمەتیدەربوو بۆئەوەی ئەو ئەگەرە سەربگرێت و جەنگ بەرپانەبێت.

پەراوێزەکان:

.(1) US National Archives and Records Administration.

.(2) From Paterson et al., American Foreign Relations, 5th edn., © 2000 Houghton Mifflin Company, used with permission.

# بەشی شەشەم

## جەنگی سارد لە ناوەوە

كاریگەریی جەنگی سارد لەسەر بونیادی سیاسەتی نێودەوڵەتی و پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتان، کاریگەرییەکی قووڵ و فرەڕوخساری جێهێشت . تەنانەت ماوەی نێوان ساڵانی 1945 و 1990 بە (سەردەمی جەنگی سارد) ناونرا. ئەو ناوەش گونجاوە کاتێک دەبینین چ کاریگەرییەکی بەهێز لەدوای ململانێیەکەی سۆڤیەت – ئەمەریکا بەجێماوە لەپێناو کۆنترۆڵکردنی جیهان و سەپاندنی ئایدیۆلۆژیاکەیان لە (ناوەوە)ی، ژمارەیەک وڵاتانی خاوەن سەروەری. ئەمەش بابەتی ئەو بەشەیە.

بێگومان ناتوانین هەموو پێشهاتێکی گەورەی ساڵانی 1945 و 1990 بە جەنگی ساردەوە ببەستینەوە. بەڵام زۆربەی پێشهاتەکان کاریگەریی جەنگی ساردیان لەسەر بوو، بەوپێیەش پێکهێنران . تەنانەت ناتوانین مێژووی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم تۆمار بکەین. بێئەوەی درک بەو ڕێچکە و دەرهاویشتە بەهێزانە نەکەین، زۆرجاریش ئەو ململانێیەی نێوان هەردوو زلهێزەکە کاریگەریی سلبی لەسەر وڵاتانی جیهان و کۆمەڵگاکانیان بەجێهێشتووە. دەرهاویشتەکانی جەنگی سارد لەناوەوە کەمتر بایەخی پێدراوە لەلایەن توێژەرەوان بە بەراورد لەگەڵ ئەو هەموو گرنگییەی بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دراوە. ئەم بەشەش چاوخشاندنێکی گشتییە بەسەر ئەو بابەتە و هەندێک لە ڕواڵەتەکانی دەخاتەڕوو. جەنگی سارد کاریگەری لەسەر چەندین هێزی ناوەوە لە جیهانی سێیەم و ئەورووپا و ویلایەتەیەکگرتووەکانیش دروستکرد.

## جیهانی سێیەم: کۆتایی کۆلۆنیالیزم و پێکهێنانی وڵاتان و سیاسەتەکانی جەنگی سارد

بە دیارکەوتنی دەیان وڵاتی نوێ و خاوەن سەروەری لە سەرتاسەری جیهانی سێیەم، هاوکاتبوو لەگەڵ چەند پرۆسەیەکی کۆتاییهێنان بە کۆلۆنیالیزم (ئیستعمار)، کە هەندێک جار بە خوێنڕشتن بووە و هەندێک جاریش بە ململانێ. ئەمەش لەگەڵ جەنگی سارد و لەڕووی زەمەنییەوە تەنیا ڕێککەوتێک نەبووە، بەڵکو خودی جەنگی سارد ڕواڵەتی ئەو پرۆسانەی وێنا دەکرد. چونکە ئەو ململانێ سەرتاسەرییەی لەسەر هێز و دەسەڵات لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی دروست بوو، وایکرد دەستەواژەی (جیهانی سێیەم) بدۆزرێتەوە و ئەو دەستەواژە سیاسییە گونجاوە، بە شێوەیەکی بەرفراوان ناوچە هەژارەکانی جیهانی لەخۆدەگرت، ئەو ناوچانە بوونە ناوچەی جێناکۆک و پێشبڕکێی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، یان ئەوەی پێیدەوترێت جیهانی یەکەم و دووەم. هەندێک جار فشارەکانی جەنگی سارد ڕێگر بوون لە تێپەڕین لە ئیستعمارییەوە بۆ سەربەخۆیی. هەندێک جاریش ئاسانکاری دەکرد. ، بۆیە پێشبڕکێی نێوان هەردوو زلهێزەکە هەمیشە وەک فاکتەرێکی دەرەکی بەدیار کەوتووە. نووسینەوەی هەرمێژوویەکیش لەسەر پرۆسەی کۆتاییهێنان بە ئیستعمار بەبێ ئاماژەکردن بەو فاکتەرانە، بێگومان پڕدەبێت لە کەموکوڕی، چونکە کاریگەریی

تەواویان هەبوو لەسەر پرۆسەکان. وەک بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە ناوەڕاست و کۆتایی چلەکان، تا دەگەیشتە بەرهەڵستیی ئەفریقییەکان بۆ حوکمی ئیستعماری پورتوگالی لە سەرەتای حەفتاکان، سەریانهەڵدا. ئەو بزووتنەوانە خاڵی دەستپێکی کۆتاییهاتنی ئیستعمار بوون. کە بەهۆی دەرهاویشتەکانی جەنگی ساردەوە بەرپا دەبوون. لە زۆربەی وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وڵاتی نوێ دروستبوون و دامەزران، چونکە شێوە و یەکگرتن و زیندویەتیی ئەو وڵاتانە، هەروەها ڕێکخستنەوەی دەسەڵاتی ناوەوەیان، یان سەرنجڕاکێشانی نێودەوڵەتی و مسۆگەرکردنی پێگەیەک و توانای فەرماندەکان لەسەر دابینکردنی سەرچاوەی دەرەکی و سەرچاوەی دارایی لەپێناو دەستبەرکردنی ئابوورییەکی گەشەسەندوو و کۆکردنەوەی پشتیوانیی سەربازی بۆ بەهێزکردنی بەرگریکردن. ئەمانە هەمووی بە شێوەیەکی بەرچاو بەندبوون بە جەنگی ساردەوە. بۆیە لە زۆر ڕووەوە مەحاڵە مێژووی پرۆسەکانی پێکهێنانی وڵاتانی جیهانی سێیەم لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا تۆمار بکرێت بە پێچەوانەی مێژووی پرۆسەی کۆتاییهاتن بە ئیستعمار.

جەنگی سارد، چوارچێوەیەکی ئاڵۆزی لە کێشە و ڕووبەڕووبوونەوە و هەلی خستە بەردەم فەرماندەکانی جیهانی سێیەم. ئەمەش هەر لە سەرەتاوە بەڕوونی

لەمیانەی ململانێکانی دژی ئیستعمار لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ڕاستەوخۆ دوای جەنگ بەدیار کەوتن. هەریەک لە تشی منە و سۆکارنۆ دوای خۆبەدەستەوەدانی ژاپۆن، ویستێکیان هەبوو، لەو ویستەشیاندا پشتیان بە دروشمە مێژووییەکانی ئەمەریکا لەسەر مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلان دەبەست، بەڵام هەرزوو بێئومێدبوون کاتێک زانییان ئیدارەی ترومان پابەندبوونی خۆی بۆ هاوپەیمانانی جەنگی سارد لە ئەورووپا لە ئەولەوییەتی کارەکانییەتی. بەو پێیەش نەدەبوو ئەمەریکا پابەندبێت بە هیچ شتێکی ترەوە. لانیکەم پابەندبوونی دبلۆماسی، یان سەربازی بۆ بزاڤە ئازادیخوازەکانی ئەوان. لەکۆتاییشدا کۆمینترۆن و ئەندامە دامەزرێنەرەکەی حزبی شیوعی لە هیندی - چینی ڕوویکردە یەکێتیی سۆڤیەت و کۆماری میللیی چین بۆ دەستبەرکردنی پشتیوانی. هەر بەکردەوەش لە سەرەتاکانی 1950 یارمەتیی وەرگرت. بەڵام سۆکارنۆ بەپێچەوانەوە، لە ڕێگەی سەرکوتکردنی شیوعییەکان لە ناوەوەی وڵاتدا، دوژمنایەتیی خۆی بەرامبەر شیوعییەکان سەلماند. دەیویست بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ئەندۆنیسیش ملکەچ بکات. دوای سەرکوتکردنی یاخیبووانی "مادیۆن"یش لە ساڵی 1948، ئەندۆنیسییە قەومییەکان سروشتی میانڕەوی بزووتنەوەکەیان بەدیارخست. ئەم هەنگاوەش تا ڕاددەیەک بەشێک بوو لە ستراتیژیەتێکی ژیرانە و ئامانج لێی بەدەستهێنانی پشتیوانیی ڕۆژئاوا

بوو، بەتایبەتییش پشتیوانیی ئەمەریکا. لەکۆتاییشدا ئەو ستراتیژیەتە ئامانجەکەی خۆی پێکا، لەو کاتەی کە ئیدارەی ترومان لە ساڵی دواتر فشاری خستەسەر هۆڵەندا بۆ پێدانی سەربەخۆیی بە ئەندۆنیسیا، چونکە ئەمەریکا بینیی سەرکردایەتییەکەی ئەندۆنیسیا پشتی پێدەبەسترێت لە دژایەتیکردنی شیوعییەکاندا.

ئەو دوو ڕێچکە لاسەنگە، جیاوازییەکی ڕیشەیی لەنێو قەومییە ڤێتنامی و ئەندۆنیسییەکان لەبەرامبەر دینامیکییەکانی جەنگی سارد (لەناوەوە)ی کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەم، بەڕوونی بەدیار خست. دواتر تیشک خرایە سەر ئەو دوو حاڵەتە بۆ بژاردەی جۆراجۆر، کە خرابووە بەردەم قەومییەکانی دەوڵەت لەمیانەی ئەو هەوڵانەی دەیاندا بۆ ئەوەی خۆیان لە قەرەی سیاسەتەکانی هەردوو زلهێزەکە بدەن. لەوپەڕی توندڕەوییشیاندا ئەو فەرماندانە توانییان پشتیوانیی ئەمەریکا بەدەستبهێنن لە ڕێگەی بەدیارخستنی بیروباوەڕەکانیان، کە تا چەند دوژمنایەتیی کۆمۆنیزم و کەسایەتییە میانڕەوەکانیان دەکەن و بەلای ڕۆژئاوادا دەشکێنەوە، یان بە پێچەوانەوە، دەیانتوانی هەمان شت بەدیار بخەن بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی یەکێتیی سۆڤیەت، یاخود چین.

لەو جیهانە جەمسەر دوانەییەدا، وایکرد سەرجەم بزاڤەکان بۆ سەربەخۆبوون لە جیهانی سێیەم لە ناوەڕاستی چلەکان و ناوەڕاستی حەفتاکانیش ڕووبەڕووی یەکتر

ببنەوە. بۆیە ئاسان نەبوو بتوانن خۆیان لە ڕیزبەندیی یەکێک لەو دوو سەربازگەیە لابدەن. بەتایبەتی ئەگەر لەڕووی داراییەوە سوودمەند ببن، چونکە لەوانەیە بەلێشاو یارمەتی بدرێن، یان لێیان بگیرێتەوە. ئەمەش دەکەوێتە سەر هەڵبژاردەی خۆیان. هەرکاتێکیش هەوڵی زیاتر هەبووایە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، ئەوا پێویستییە داراییەکان زیاتر دەبوون و زیاتر پێویستیان بە پشتیوانی دەبوو لەلایەن یەکێک لەو دوو کوتلانە. جگە لەوەش، کاتێک یەکگرتنەکانی دژ بە ئیستعمار هەڵوەشانەوە، وەک ئەوەی لە کۆنگۆ ڕوویدا لە ساڵی 1960 و، ئەنگۆلا لە ساڵانی 1974 و 1975، کاتێک یاخیبووە بەگژیەکداچووەکان نەیانتوانی خۆیان بەدووربگرن لە داواکردنی یارمەتی لە یەکێک لەو دوو هێزە مەزنە. دیدگا تایبەتەکەی سەرکردە قەومییەکانیش بۆ داهاتوو زۆربەی جار بریتیبوو لە دەستەبەرکردنی گۆڕانکاریی ئابووری و کۆمەڵایەتی، کە زۆر قورسبوو لەناو وڵاتەکەی خۆیاندا دابینی بکەن. بۆیە فشاری ململانێیەکانی نێوان هەردوو زلهێزەکە دەکەوتە سەر ئەو وڵاتانە. چونکە ڕووکردنە یەکێک لەو دوو کوتلەیە، هەمیشە گومانی لای ئەوی تر دروستدەکرد بە هەبوونی مەیلی بەرەو سۆسیالیزم. بۆیە ئەگەرەکانی گەشەکردنی ئابووری و پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی ناوخۆیی سەربەخۆ کەمدەبوونەوە. بەم شێوەیە نوخبەی قەومی و دامەزرێنەرەکانی لە ئازادیی هەڵبژاردن دادەماڵی. کە

هەمیشە تامەزرۆی بوون. بەپێچەوانەوەشەوە، ڕووکردنە کوتلەی ئیشتراکەیت دەبـووە هـۆی کەمکردنەوەی، یان دوورکـەوتنـەوە لە بـژاردەی دەستبەرکردنی دۆلارەکـان و پشتیوانی لەلایەن دەوڵەمەندترین و بەهێزترین وڵاتی جیهان، ئەویش ویلایەتەیەکگرتووەکان بوو.

دوای سەربەخۆبوون، وڵاتانی نوێی جیهانی سێیەم توشی کۆمەڵێک ئاستەنگ بوونەوە. هەندێکیان هەوڵیاندا بەرەو لای ویلایەتەیەکگرتووەکان بچن، چونکە پێدەچوو پابەندبوونیان بەرامبەر ڕۆژئاوا، ڕێچکەیەکی دڵنیاکەرەوەترە و لەگەڵ داخوازییە ناوخۆییەکانیاندا گونجاوە. بۆ نموونە : لە دۆخی وڵاتی پاکستان، نوخبەی فەرمانڕەوای ئەو وڵاتە هەر لە یەکەم ڕۆژی لەدایکبوونییەوە، بە هەموو هێزێکییەوە هـەوڵیدەدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمەریکا ڕێکبخات. لـە نـاوەڕاسـتـی پەنجاکانیشدا لـە ڕێـگـەی دانوستاندن، ڕێککەوتنێکی دووانەیی لەگەڵ واشنتۆن واژۆکرد، بۆ بوون بە ئەندام لە هاوپەیمانییەتییێکی فرەلایەن و فەرمی. پاکستان بـەو پەیوەندییەی لەگەڵ ئەمەریکا دەیویست خـۆی لە ڕکابەرە ئیقلیمییەکەی (هیندستان) بپارێزێت ، ئەمەریکاش زیاتر لە سۆڤیەت گرەنتی ئـەوەی پێبدات، یان ڕەنگە لە دیدگای دروستکەرانی سیاسەتەکانی پاکستانەوە، ئەو کارە باشتربێت بۆ ئەوان، تا بتوانن گرەنتی مانەوەی ئەزموونی بونیادنانی دەوڵەتەکەیان بەبێ ترس بکەن، چونکە ئەو وڵاتە لەڕووی نەژاد و زمانەوانی و جوگرافییەوە، دابەشکرابوو.

لە هەمان کاتدا کاریکرد بۆ بەهێزکردنی گرووپی نەژادی بنجابی لەناو وڵات، کە ئەوکاتە فشارێکی زۆری دەکرد و داوای یارمەتیی ئەمەریکای دەکرد. هەروەها داوای بەستنی هاوپەیمانییەتیشی دەکرد لەگەڵ ڕۆژئاوا. بەم شێوەیە بە درێژایی دەیە و نیوێک، پابەندبوونە تایبەتەکەی پاکستان بەرامبەر جەنگی سارد، یارمەتییە سەربازی و ئابوورییەکانی لێ هاتە بەرهەم و گرووپێکی بەهێزیشی لەناو وڵات دروستکرد. پاکستان بەم هاوپەیمانێتییە، نوخبەی بنجابی و سوپایەکی بەهێزی بۆ وڵات دروستکرد.

نمونەیەکی تریشمان هەیە. ئەویش تایلاند: فەرماندەکانی ئەو وڵاتەش هەوڵیاندا پەیوەندییەکی هاوشێوەی پاکستان لەگەڵ ئەمەریکا دروستبکەن. هەر لە کۆنەوە بەشێک لە ستراتیژیەتییەکانی بریتیبوو لە پەیداکردنی چاودێرێکی دەرەکی، ئەمەش لە ترسی چینی دراوسێ زەبەلاحەکەی، کە هەمیشە جێگەی مەترسی بوو بۆ تایلاند، جا چ ئەو چاودێرە شیوعی بێت، یان نا. جەنگی ساردیش هەلێکی لەباری خستە بەردەم نوخبەی تایلاندی بۆ دەستبەرکردنی چاودێرێکی دەرەکی بەهێز. هەر بەڕێککەوت ئەو داخوازییەی تایلاند لەگەڵ گەڕانەکانی ئەمەریکا بەدوای هاوپەیمانێک لە جیهانی سێیەم یەکیدەگرتەوە. هاوشێوەی پاکستانییەکان، فەرماندە سەربازییەکانی تایلاند هەوڵی پتەوکردنی پەیوەندییەکانیان دەدا لەگەڵ ویلایەتەیەکگرتووەکان و دەرئەنجامیش وەرگرتنی یارمەتیی دارایی بە مەبەستی

گیرکردنی دەسەڵاتەکانیان و بێدەنگکردنی نارەزایەتییەکانی ناو وڵات. لە ئەنجامی ئەمەش مێژووی نوێی تایلاند بە شێوەیەکی قووڵ گۆڕانکاری بەسەردا هات.

هەرچەندە هەربارودۆخێک بە سروشتی خۆی پەردە لەسەر سیما دەگمەنەکانی هەڵدەماڵێت، بەڵام هەڵبژاردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ڕۆژئـاوا لـەلایـەن وڵاتـانـی جیهانی سێیەم، بێگومان هۆکاری خۆی هەبوو، بەتایبەتییش هۆکارە ناوخۆییەکان. پێشهاتە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتانە کاریگەریی قووڵیان هـەبـوو، چونکە هـەردەوڵـەتێک لـەو دەوڵەتانە دەیانبینی چۆن ئەولەویەتەکانی ناوخۆیان و سەرچاوەکان و تـەرازووی هێزی ناوخۆییشیان، تا ڕاددەیـەکـی زۆر بـەنـدبـوون بـەو بـڕیـارانـەی لـەلایـەن فەرماندەکانیانەوە دەدرێن سەبارەت بە بەستنی هاوپەیمانێتی، چ بە فەرمی یان نافەرمی لەگەڵ ڕۆژئاوادا. لەنێویشیاندا (عێراق، ئێران، سعودیە، تورکیا، پاکستان، فلیپین، سیلان، کۆریای باشوور و تایلاند). هەندێک لەو وڵاتانە دوای ململانێیەکی زۆر لەپێناو سەربەخۆیی تازە دامەزرابوون. کەچی هەندێکیان وڵاتی کۆن بوون، بەڵام پێگە و کیانیان لەژێر هەڕەشەدا بوو، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ملکەچی هێزی ئیتسعمار نەدەبوون. سەرباری ئەو جیاوازییە مێژووییانەش، کەچی جەنگی سارد زۆر بەڕوونی شوێنەواری خۆی لە هەریەک لەو وڵاتانە جێهێشتبوو. پەیڕەوکردنی ستراتیژیەتی بێلایەنی لە لای کۆمەڵێک لە فەرماندە و سەرکردەی وڵاتانی جیهانی

سێیەم ببووە مایەی ڕەزامەندی، چونکە لەو باوەڕەدابوون دەکرێت ئامانجە قەومییە گرنگەکان بەدیبێن، ئەگەر خۆیان لابدەن لە هەر پابەندبوونێکی فەرمی، چ بۆ ڕۆژهەڵات، یان ڕۆژئاوا.

هەریەک لە سۆکارنۆ لە ئەندۆنیسیا و جەمال عەبدولناسر لە میسر و کوامی نکرۆما لە گانا و جەواهیر لال نەهرۆ لە هیندستان. هەوڵیاندەدا دوور لە ململانێکانی جەنگی سارد سەربەخۆیی خۆیان بەدەستبهێنن، بەتایبەتی (نەهرۆ)، چونکە پەیڕەوکردنی ڕێچکەی بێلایەنی لای نەهرۆ بەتەواوی یەکلاببووەوە. لە وتەیەکیدا دەڵێت: (هەرئەوەندە پەیوەندییە دەرەکییەکانمان لەدەستدا و کەوتە دەست کەسێکی تر، ئیدی لەو سنوورە و بەو پێوەرە ئێمە سەربەخۆیی خۆمان نابێت). نەهرۆ - کە یەکەم سەرۆکوەزیرانی هیندستان بوو- لەو باوەڕەدابوو ئەو دەوڵەتە هەرزەکارە لەتوانایدایە پێگە و دەسەڵاتە نێودەوڵەتییەکەی لەناو ئەنجوومەنەکانی جیهاندا شکۆمەندتر بکات لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی ڕۆڵی هێزی سێیەم لە کاروباری جیهانیدا. جگە لەوەش حیزبی کۆنگرەی دەسەڵاتدار بەو خۆلادانە، دەتوانێت هەندێک هێزی سیاسیی کاریگەر لەناو کیانی سیاسەتی هیندی فرەلایەن دووربخاتەوە. کە لە ئەنجامی پابەندبوونێکی فەرمی بۆ ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا دروستدەبن. پلاندەرانی ستراتیژی لە هیندستان پێیانوابوو، دەتوانن زیاتر یارمەتییەکانی گەشەکردن لە هەردوو سەربازگەکە وەربگرن، بەڵام

نەهرۆی واقیعبین سووربوو لەسەر بۆچوونەکەی خۆی و وتی: (تەنانەت گەر یارمەتیی ئابووریش وەربگرین، پێمباش نییە هەموو هێلکەکانت بخەیتە ناو یەک سەبەتەوە). بێگومان هەریەک لە سۆکارنۆ و عەبدولناسر و نکرۆماش هاوڕابوون لەو بۆچوونەیدا. هەرچەندە ئەو کارە بووە مایەی بێزاری لای سیاسییەکانی ئەمەریکا لە کاتی جەنگی سارددا. کە هەمیشە بەو لۆژیکە مامەڵەیان دەکرد: (گەر هاوپەیمان نەبیت، ئەوا تۆ دوژمنیت)، بەڵام لەڕاستیدا ناچاربوون پێبشڕکێ بکەن بۆ بەدەستهێنانی دڵسۆزیی وڵاتانی بێلایەنی جیهانی سێیەم.

بەگشتی دەبێت دان بە ڕۆڵی وڵاتانی جیهانی سێیەمدا بنرێت، کاتێک هەوڵیاندەدا واقیعێکی نێودەوڵەتی بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاربهێنن. واتە جەنگی سارد، بۆ دەستبەرکردنی دەستکەوتی زیاتر، یان لانیکەم ئەگەری کەمکردنەوەی زیانەکانیان. بەڵام پێویستە ئەوەش بزانین، کە جەنگی سارد دەرئەنجامی پێشبینینەکراوی بەسەر گەل و کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەمدا سەپاند، کە زۆربەیان لە کۆنترۆڵکردنی خودی وڵاتەکانیشیان دەرچووبوو. لەو چوارچێوەیەدا پێویستە جەخت لەوە بکەینەوە، کە جیهانی سێیەم وەک گۆڕەپانێک وابوو بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێ سەرەکییەکانی جەنگی سارد هەر لە ساڵی 1950ەوە، دواتریش ئەو ململانێیانە بەرەو قووڵایی ناوەوەی ئەو وڵاتانە چوو. وەک لە کۆریا، کۆنگۆ، ڤێتنام، ئەنگۆلا، ئەفغانستان و

نیاکارگوا. ئەو ململانێیە ناوخۆییانەش تێچووی زیاتریان دەویست، چونکە ململانێی نێوان هەردوو زلهێزەکە کاریگەریی لەسەر ئەوانیش دروستکردبوو. لێرەدا پێویستە باس لە لەدەستدانی بیست ملیۆن کەس بکەین، کە پێمانوایە لەنێوان سالانی 1945 تا 1990 گیانیان لەدەستداوە بەهۆی ئەو ململانێیانەی جیهانی سێیەم، بەڵام زۆربەی زۆری ئەو ململانێ و جەنگانە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە جەنگی ساردەوە هەبووە.

### کاریگەرییەکانی جەنگی سارد لەناو ئەورووپادا

کاریگەریی جەنگی سارد لەسەر ئەورووپا وێنەیەکی جیاوازتری نیشاندەدا، چونکە گەر یەکێتیی سۆڤیەت و ئەمەریکا بە هۆکاری بەرپابوونی جەنگی سارد تۆمەتبارن، کە بوونە مایەی هەڵگیرسانی چەند جەنگێک و وێرانکاری و ناسەقامگیری لەو وڵاتانەی تازە دروست بووبوون لەنێوان سالانی 1945 و 1990. بەڵام لە لایەکی تریشەوە، بوونە هۆی پەیدابوونی سەردەمێکی پڕ لە ئاشتی و سەقامگیری و تەبایی لە ئەورووپادا. کە پێشتر بەخۆیەوە نەبینیبوو. هەر بۆ زانیاری ململانێ ئایدیۆلۆژی و جیۆسیاسییەکان لەسەر چارەنووسی ئەورووپای دوای جەنگ دەستیپێکرد، لە واقیعدا تەنیا دوورخستنەوەی ململانێکان بوو لە ئەورووپا، تەنانەت جەنگی سارد بووە بنەمایەکی جەوهەری بۆ درێژترین سەردەمی بووژانەوەی ئابووری لە مێژووی

ئەورووپا. جەنگی سارد وایکرد چالاکییەکی ئێجگار بەرچاوی ئابووری و هەڵسانەوەیەکی خێرا لە ئەورووپا بێتە کایەوە، هەروەها ژینگەیەکی سیاسی و ئابووریی تۆکمە لەناو ئەورووپادا دروستببێت. ئەمانەش هەمووی بەهۆی جەنگی ساردەوە هاتنەدی.

ئەو (سەردەمی زێڕین)ە فراوانە لە بەرهەمهێنان و سەرمایەداری، کە تا کۆتایی چلەکان و سەرەتای حەفتاکان درێژەی کێشا، هاوکات بوو لەگەڵ دوو دەیە و نیوی سەردەمی جەنگی سارد و لە چەندین ڕووەوە هێز و وزەی پێبەخشی. مێژوونووس ئەریک هۆبسباوم و دۆن یونگ لەو بارەیەوە دەڵێن: (لە بەرچاوی ئەو کەسانەی، کە لەناو هەرەس و گرانی و جەنگدا ژیابوون، ئەورووپا وەک بەهەشتە چاوەڕوانکراوەکە وابوو).

ئاڕاستە ئابووری و سیاسی و ئەمنییەکانی ئەورووپا لە سەردەمی جەنگی سارد یەکتریان بەهێزتر دەکرد. بێگومان ئەو سیانزە ملیار دۆلارەی بۆ ڕۆژئاوای ئەورووپا تەرخانکرا، یارمەتیدەر و پاڵنەرێک بوو بۆ گەشانەوە و بووژانەوەی ئابووری لە ماوەی دوای جەنگ. تەنانەت دوای بەردەوامبوونی مشتومڕی ئابووریناسان لەبارەی ئەو قورساییە دیاریکراوەی، کە لە ئەنجامی بەشداریکردنی ئەمەریکا دروستبوو، لەگەڵ ئەو چەترە ئەمنییە و پاڵپشتیکردنەی ئەمەریکا، هانی تێکەڵاوبوونی ئەڵمانیای ڕۆژئاوای لەگەڵ ڕۆژئاوای ئەورووپادا و جووڵە

هاوسەنگەکەی بەرەو (یەکتر تەواوکردن)ێکی ئیقلیمیی فراوانتر برد. ئەم تێکەڵاوبوونە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو. زۆرجاریش شارەزایانی وڵاتانی ئەورووپی شوێنپێی ئەمەریکییەکانیان هەڵدەگرت، بەڵام زۆربەی جار جڵەوی کاروبارەکانی خۆیان دەگرتە دەست و دەرەفەتەکانی جەنگی سارد بۆی دەخولقاندن بە باشترین شێوە دەیانقۆستەوە. وەک داگیرکردنی ئەڵمانیا و بایەخپێدانی ئەمەریکا بە بارودۆخ و کاروباری ئەورووپا لەسەر دارشتنەوەی گۆڕانکارییە ئیقلیمییەکان و چاکسازییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ناوەوە. هەر لە سەرەتا و ئەورووپییەکان خۆیان و ئەمەریکییەکان درکیان بەمە کردبوو :(ئەگەر بیانەوێت دیموکراسیەت و خۆشگوزەرانی لە نیوەی ڕۆژئاوای کیشوەری ئەورووپای دابەشکراو بێتەدی، ئەوا دەبێت ڕۆژئاوای ئەورووپا بە یارمەتی و پارێزگاریی ئەمەریکا، بەرەو سیستمێکی سەربازی و ئابووریی تۆکمە هەنگاوبنێن. هەروەها فەرماندەکانی وڵاتانی ئەورووپاش زۆر هۆشیار بوون لەبارەی کێشەی ئەڵمانیا، کە چەندین نەوە بوو ئاسایشی کیشوەرەکەی خستبووە دڵەڕاوکێوە، پێویستی بە چارەسەرێک هەبوو بۆئەوەی بتوانرێت توانای بەرهەمهێنانی ئەڵمانیا لە بەرژەوەندیی چاکبوونەوەی ئابووریی ئەورووپا بەکاربهێنرێت، بەڵام بێئەوەی هەڵهاتنی خۆری ئەڵمانیایەکی نوێ دووبارە ببێتە هۆی درووستبوونی مەترسییەکی سەربازی.

فەرماندە و سەرکردەکانی ئەورووپا ژیرانە و پێداگرانە ئیشیانکرد بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو کێشانە. بۆیە لە یۆلیۆی 1952 هەریەک لە فەڕەنسا و کۆماری ئەڵمانیای یەکگرتوو و بەلژیکا و هۆڵەندا و لۆکسمبرۆگ (کۆمەڵەی ئەورووپا بۆ خەڵووز و ئاسن)یان پێکهێنا. لە مارسی 1957 لە هەنگاوێکی چاونەترسانەتر و گرنگتر لەپێناو یەکگرتندا، هەر هەمان شەش وڵات ڕێککەوتنی ڕۆمایان واژۆکرد بە دامەزراندنی هەریەک لە (کۆمەڵەی ئابووریی ئەورووپی) و (کۆمەڵەی ئەورووپی بۆ وزەی ئەتۆمی). ئەو نزیکبوونەوە مێژووییەی نێوان فەڕەنسا و ئەڵمانیا یارمەتیدەر بوو بۆ دامەزراندنی ئەو جۆرە ڕێکخراوە سەرکەوتووانە، کە چوارچێوەی نێودەوڵەتی تێدەپەڕاند. وەک چۆن ڕاوێژکاری ئەڵمانی کۆنراد ئەدیناور، دەڵێت: (ئەڵمانیا و فەڕەنسا دوو هاوسێی هەمیشە لە جەنگدا بوون بە درێژایی سەدەکان پەلاماری یەکتریان داوە، بەڵام پێویستە ئەو سەرشێتییە ئەورووپییە بەتەواوی ڕابگیرێت). دواتر تێکڕای ڕێژەی گەشەکردنە بەرچاوەکەی کۆمەڵەی ئابووریی ئەورووپی بەدیار خست، کە لەپێشی پێشەوەی گەشەی ئابووریی سەرجەم ڕۆژئاوای ئەورووپادا بوو، ئەم تایبەتمەندییە وایکرد هاریکاریی ئابووری بە پێشبڕکێی سەربازی بگۆڕنەوە. بە هاتنی ساڵی 1960، (ئەو شەش کۆمەڵە) لە چارەکی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و پێنج بەش لە کۆی بازرگانیی نێودەوڵەتی بەشداربوو.

هاووڵاتییە ئاساییەکانی ئەورووپا سوودمەندی سەرەکیی

ئەو پێشکەوتنانە بوون، چونکە ئەو گەشەکردنە ئابوورییە، کرێی زیاتر و کاتژمێری کەمتر لە ئیشکردنی هەفتانەی بۆ دەستەبەرکردن، لەگەڵ چەندین سوودی کۆمەڵایەتی و باشتربوونی کەرتی تەندروستی و پەروەردەیی. هەروەها ئەو سەرکەوتنە لە داڕشتنی بەرهەمهێناندا، کە لە بنچینەدا لەسەر بیرۆکەی گەشانەوەی ئابووریی گەورە بونیادنرابوو، کە سوودەکەی بۆ هەمووان وەکو یەک وابوو، یارمەتیدەر بوو لە سەقامگیریی سیاسی و کەمبوونەوەی پشێوییە تەقلیدییەکان لەنێوان کرێکار و خاوەن سەرمایەدا هەبوون. لە هەمان کاتدا بووە هۆی کەمبوونەوەی جەماوەری حیزبە شیوعییەکان لە ڕۆژئاوی ئەورووپا. بێکاری بەتەواوی لەناوبرا، چونکە لە سەرتاسەری ئەورووپا ڕێژەی بێکاری نەدەگەیشتە 2.9% لە ساڵی 1950. لە شەستەکانیش 1.5% بوو. بە بەراورد بە ڕابردوو، ئەورووپای ڕۆژئاوا لە ماددەی جەنگی سارد بۆ بەکارهێنەران وەک بەهەشتێک وابوو، هەردوو چینی کرێکار و ناوەڕاست دەیانتوانی دەستکەوتێک بەدەستبهێنن، کە بەشیان بکات بۆ کڕینی ئەو کاڵایانەی لە ڕابردوودا تەنیا دەوڵەمەندەکان بۆیان هەبوو بیکڕن. بۆ نموونە لە ئیتاڵیا ئەو کەسانەی ئۆتۆمبێلی تایبەتیان هەبوو لە ساڵی 1938 (469) کەس دەبوو. لە ساڵی 1957 بوو لە 69%. بە هاتنی ساڵی 1973 لە 62% خێزانە فەرەنسییەکان مۆڵەتی ساڵانەیان وەردەگرت، کە لە ساڵی 1958 نیوئەوەندە بوو. ئەمەی مایەی سەرنجدانە

لەو ماوەیەدا سەرۆکوەزیرانی بەریتانی هارولد ماکسمیلان بە دروشمێکی سەرنجڕاکێش لە دەنگدەران نزیک دەبووەوە لە هەڵبژاردنە گشتییەکەی ساڵی 1959 کە دەڵێن: (هەرگیز پێشتر بەو خۆشگوزەرانییە تێنەپەڕیوین).

هەروەها زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان (ئەوانەی دەستکەوتی زۆریان هەیە و دڵنیابوون و ڕاگەیاندنێکی بەهێز، جا لەبەرئەوەی جەنگی سارد کاری کردبووە سەر دڵ و عەقڵ و گەدەی هاووڵاتیانی ڕەنجدەر، بۆیە سەرکەوتنە کەموێنەکانی ئابووریی سەرمایەداری لە سێ چارەکی سەدەی بیستەمدا بە شێوەیەکی بەرچاو بانگەشەی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانی ویلایەتەیەکگرتووەکان و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی بەهێزتر کرد. هاووڵاتیانی کۆمەڵگەی ئابووریی تاک ڕەهەندی، کە لەسەر نموونەی سۆڤیەت بونیادنراون لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا و بەئاسانی نەیاندەتوانی پێداویستییە سەرەکییەکان بۆ کۆمەڵگاکانیان دابینبکەن، وایکرد پڕوپاگەندەکانی بۆ ئاستبەرزیی ڕۆژئاوا بەهێزتریش بێت.

لە شەستەکانیش بەدواوە بۆشاییەکی گەورەتر و فراوانتر لەنێو دۆخی ماددی لە نیوەی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پەیدابوو. دوای جەنگی دووەمی جیهان، زۆربەی کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئەلپ، بە شێوەیەکی کتوپڕ لە سەرمایەدارییەوە بوونە سۆسیالیستی. ئەمەش لەژێر سەرکردایەتیی ستالین.

حزبە شیوعییە دەسەڵاتدارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا، هەمان ڕێچکەی سۆڤیەتیان گرتەبەر و بە شێوەیەکی خێرا تەبەنای سیاسەتی پەرەپێدانی پیشەسازییان کرد. لە هەمان کاتیشدا قەومییەکان ملکەچ بکات بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی (پرۆلیتاریەتی) وەک ئەوەی لە مۆسکۆ دەگوزەرا. بێگومان هاووڵاتیانی ئاسایی سوودیان لە هەندێک لەو تایبەتمەندییانە وەرگرت، وەک: (چاودێریی تەندروستی و خۆراک و چاودێریی کۆمەڵایەتی) ڕێژەی مردن کەم بووەوە و هەلی خوێندن باشتر دەرەخسا، هەروەها هەلی کار و دامەزراندن، بەڵام ئەو دەستکەوتانە بە تێچوویەکی زۆرەوە هاتنەدی لەو وڵاتانەی، کە تێیدا سەرکوتکردنی سیاسی و چەوساندنەوەی ئاینی و کپکردنەوەی ئازادییەکان و سەپاندنی ئایدیۆلۆژیاکان پەیڕەو دەکران. ئەم دۆخە تا ماوەیەکی دوورودرێـژ خـودی یەکێتیی سۆڤیەتیشی گـرتـبـووەوە. گـەشـەسـەنـدنـی ئـابـوری لـە رۆژهــەڵاتــی ئەوروپا و یەکێتی سۆڤیەت لە پەنجاکان پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆیەوە بینیبوو. تەنانەت ئابووریی ڕۆژئاوای ئەورووپای تێپەڕکردبوو لەڕووی تێکڕای ڕێژەی ساڵانە. بـەڵام لە شەستەکان ئـەو گەشەسەندنە بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزی. چونکە کێشە لە جۆری پلاندانان هەبوو. لەگەڵ دەستەوەستانی وڵاتانی کوتلەی ڕۆژهەڵات لەسەر جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی بە بەکارهێنەرەکانیان دابوو.

**بیروباوەڕی بریجینیف**

مەکتەبی سیاسیی سۆڤیەت، بڕیاریدا هێز بەکاربهێنێت بۆ تێکشکاندنی فرەیی چالاکیی سیاسی لە چیکۆسلۆفاکیا، بەهۆی ترسی لە بڵاوبوونەوەی لیبراڵیەت لە سەرجەم ڕۆژهەڵاتی ئەورووپادا. چونکە دەبووە هۆی کەمبوونەوەی دەسەڵاتی کۆملین لەوێدا. لە بیستوشەشی سێپتەمبەری ساڵی 1968 ڕۆژنامەی برادڤدا ی فەرمی. ئەوەی کە دواتر بە بیروباوەڕی برینجینف ناونرا، بڵاوکردەوە بۆ پۆزشهێنانەوە لەسەر ئەو دەستدرێژیکردنە. بەپێی ئەو بیروباوەڕە : فەرماندە نیشتیمانییەکان دەیانتوانی بە شوێن ڕێچکەیەکی گەشەکردووی جۆراجۆر بگرن. بەڵام نابێت زیان بە ئیشتراکییەت بگەیەنێت. هەروەها زیان بە بزووتنەوەی شیوعییەتیش بگەیەنێت. بەمانایەکی تر: کرملین بڕیاری لەسەر ڕاددەی (جۆر)ەکان دەدا لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا.

هەوڵە بەردەوامەکانی دەدران (تاک لایەنە و بەکۆمەڵ) بۆ ڕزگارکردنی سیستمی سیاسی و ئابووری لە وڵاتانی هاوپەیمانی وارشۆ، سەرجەمیان شکستیان دەهێنا. چونکە یەکێتیی سۆڤیەت چ لەژێر سەرکردایەتیی ستالینی لەخۆبایی، یان خرۆشۆفی لەسەرخۆ، یان بریژنێفی پێداگر. هیچ کاتێک ئامادەنەبوو ئاسانکاری بکات بۆ هەرچاکسازییەکی هەیکلیی ڕیشەیی و ڕاستەقینە، یان ڕێگە بدات بە هەرجۆرە سیاسەتکردنێکی ڕاستەقینە لەناو سنووری دەسەڵاتەکانی

خۆی. دواتر گەشانەوەی (بەهاری براگ) لە ساڵی 1968 کۆتاییە خێراکەی، سنوورەکانی ئازادی بە شێوەیەکی ڕوون و ئازاربەخش بڕی. لە یەنایەری هەمان ساڵدا (ئەلکسەندەر دوبتشیک) سەرکردەی شیوعی، کە ئاڕاستەیەکی چاکسازی گرتبووەبەر، لە چیکۆسلۆفاکیا هاتە سەر حوکم، هەوڵیدا دڵسۆزانە داواکارییەکانی گەل لەڕووی چاکسازیی سیاسی و ئابوورییەوە جێبەجێبکات. لە هەمان کاتیشدا پارێزگاری لە پشتیوانە سەرەکییەکەی سۆڤیەت بکات و حیزبەکەشی بەیەکگرتوویی بهێڵێتەوە. بەڵام دەرکەوت ئەو هاوسەنگییە مەحاڵە ڕابگیرێت. لە شەوی بیستی ئۆگەستی 1968، تانکەکانی سۆڤیەت چوونە ناو چیکۆسلۆفاکیا و ئەو ئەزموونە سیاسییەی تێکشکاند، هەمان کردەوەی هەنگاریای دووبارەکردەوە پێش دوانزە ساڵ لەمەوبەر، بەڵام چیکییەکان بەرهەڵستینەکردنیان هەڵبژارد، تا گیانی هەزاران کەس بپارێزن. ئیدی لەو خاڵە بەدواوە، گومانی تێدا نەما، کە دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت هەرکاتێک بیانەوێت بەو شێوەیە و هەمیشە ئامادەیە لە کاتی پێویست هێز بەکاربهێنێت.

لە مایۆی ئەو ساڵەدا، ژمارەیەک خوێندکار و کرێکار لە پاریس، زنجیرەیەک خۆپیشاندانیان ڕێکخست بە مەبەستی ڕووخاندنی حکومەتەکەی دیگۆل. خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی فەڕەنسا، کاریگەرترین خۆپیشاندان بوو، کە ڕووبەڕووی دەسەڵاتداران بووەوە لە سەرجەمی

ئەورووپای ڕۆژئاوا و ویلایەتە یەکگرتووەکانیشی گرتەوە لە ساڵی 1968. هەرچەندە هەموو بزووتنەوەیەک خاوەنی سیمایەکی تایبەتیی ناوخۆیە، بەڵام گەشانەوەی ڕۆشنبیری و گەنجان و (چەپی نوێ) و هەبوونی ڕۆحی بەرهەڵستیکردن دژی نەریتە سەپێنراوەکان و دەسەڵاتداران لەناو زۆربەی دیموکراسییە ڕۆژئاواییەکان، بەکردەوە نەوەیەکی نوێی هێنابووە بەرهەم. دروشمی سەرەکیی ئەو نەوەیەش بریتیبوو : لە هێنانەدی ئاشتی و سەقامگیری و باشترکردنی بارودۆخی ئابووری و سوودە کۆمەڵایەتییەکان و هەلی خوێندن و هەلی کار. لە هەریەک لە فەڕەنسا و ئیتاڵیا و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، ئەو نەوە نوێیە، کە جۆرە تووڕەبوونێکی پێوە دیاربوو، بەرامبەر ئەمەریکا بەهۆی شەڕی ڤێتنام و گومانیان لە هەندێک ڕاستی و درووستیی ڕووداوەکانی جەنگی سارد هەبوو. ئایا کۆنترۆڵکردنی کۆمۆنیزم پێویستی بە خوێنڕشتنە لە جیهانی سێیەم؟ ئایا تائێستا یەکێتیی سۆڤیەت هەڕەشەیە؟ ئایا بوونی هێز و چەکی ئەتۆمی لەسەر خاکی ئەورووپا هیچ هۆکارێکی هەیە؟ ئایا ڕۆژئاوا هیچ پلانێکی هەیە لە ئەگەری ڕوودانی جەنگێکی ئەتۆمی؟ بەم شێوەیە ئەو کۆدەنگییەی لەسەر سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتیی سەربازی تایبەت بە جەنگی سارد هەبوون، جیاوازی خستە ناو ئەورووپای تازەگەشەسەندوو.

## کاریگەریی جەنگی سارد لەناو ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکادا

وەک هەروڵاتێکی تر، جەنگی سارد شوێنەواری خۆی لەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگەی ئەمەریکی جێهێشت. لەڕاستیدا، بەهۆی ئەو ترسەی لە کۆمۆنیزم و سۆڤیەت پەیدابووبوو، هیچ لایەنێک لە ژیانی ئەمەریکییەکان بەدەرنەبوو لەو کاریگەرییە. بۆیە حکومەتی فیدراڵی بەرپرسیاریەتیی زیاتری دەکەوتە سەرشان و ئەرکی قورستر و سەختتر بوو. خەرجییە زۆرەکانی لە تێچووی بەرگریکردن، کێشەیەکی هەمیشەیی بودجەی فیدراڵی بوو. هەڵبژاردەی سەربازی و پیشەسازی لەناو کۆمەڵگەی ئەمەریکی بەتەواوی زاڵ بووبوو بە سەریان. یەکێک لەو کاریگەریە دیارانەش: هەیکەلی نیشتەجێبوونی دانیشتوان و هەیکەلی کار و پیشەکان لەناو وڵات لەدوای ساڵی 1945 زۆر ڕوون و ئاشکرا دیاربوو. کە پاشماوەی جەنگی سارد بوو. هەروەها لەڕووی داهێنان و زانست و تەکنەلۆژیاشەوە هەمان کاریگەری دروستکردبوو، چونکە زیاتر بۆ مەبەستی سەربازی تەرخان دەکران. گۆڕانکاریی گەورە لەناو زانکۆ و ئەکادیمیاکانی توێژینەوە، کە لەژێر سەرپەرشتیی حکومەتدا بوون ئەنجامدران. ئەمانە وایانکردبوو ژمارەیەک کار و بەرنامەی ناوخۆیی دیارییکات و هەندێک جاریش بەڕوونی پۆزش بۆ ئەو گۆڕانکارییانە بەهۆی جەنگی سارد دەهێنرانەوە. سەرەتا سیستمی بەستنەوەی ڕێگا

خێراکان بەیەکەوە، تا دەگەیشتە خەرجیی فیدراڵی و پەروەردەکردنی منداڵان و دۆزینەوەی زانستی بۆشایی ئاسمان، تەنانەت شێوەی بزاڤە ئازادیخوازەکانیش بەو ململانێیە کاریگەر ببوون. هەرچەندە لە بەرنامە و کارکردن بە شێوەی جیاجیا بەدیار دەکەوتن، چونکە سەرەتا بانگەشکەرەکانی ڕەگەزپەرستی هەوڵیاندەدا بەربەست لەبەردەم خەباتی رەشپێستەکان دروست بکەن لەپێناو سەربەخۆیی، لە ڕێگەی تاوانبارکردنیان بە لایەنگریکردنی کۆمۆنیزم. بەڵام ئەو هەوڵانە لەکۆتاییدا شکستیان هێنا. چونکە دواجار ئیدارەکەی ئەیزنهاور درکی بەوە کرد، گەر بەردەوام بێت لەسەر مەسەلەی جیاکاریی ڕەگەزپەرستی و داننەنان بە مافە سەرەکییەکانی ڕەشپێستەکان، کە لە بنەچەدا ئەفریقین، ئەوا وێنەیەکی ناشیرین و قێزەوەنی ئەمەریکی نیشانی جیهان دەدات. دواتر بووە قورساییەک کە چیتر توانای هەڵگرتنی نەمابوو لە ماوەی جەنگی سارد.

لەڕووی سیاسی و کولتوورییەوە، تەنانەت دەروونییش، جەنگی سارد بە چەندین شێوە ژیانی ئەمەریکییەکانی گۆڕی. ئەو ئایدیۆلۆژیایەی ژمارەیەک نوخبەی سیاسی لە ناوەوەی وڵات کاریان پێ دەکرد، وایکرد سنوورەکانی گوتاری سیاسیی ڕێگەپێدراو بەرتەسک ببێتەوە و چەندین بزاڤی چاکسازی هەڵویستی بەرگریکارانەیان وەرگرت. هەروەها لیبراڵییەکان بە تۆمەتی (ڕادیکاڵی) و نادڵسۆزی تاوانبار کران. تۆمەت بەخشینەوە لە کاتی هەڵبژاردنە

ناوخۆییەکان و نەتەوەییەکان و سەندیکاکانی کرێکاری بە شێوەیەکی بەرچاو بڵاوببووەوە. دیاردەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ فەرمانبەرانی حکومی و مامۆستایان و ئەندامانی بەرهەمهێنەرانی سینەما و... هتد پەرەی سەندبوو. مێژوونووس (ستیفن جیە وایتفلید) نیگەرانیی خۆی لەبارەی جەنگی سارد دەردەبرێت و دەڵێت: (خنکاندنی ئازادی و پێشێلکردنی کەرامەتی خودی ڕۆشنبیر.) ئەو پێیوایە سەرکوتکردن و خنکاندنی ئازادییەکان، بووە هۆی لاوازکردنی میراتی ئازادییە مەدەنییەکان و پێشێلکردنی بەهاکانی لێبوردەیی و دادپەروەری، هەروەها ناشیرینکردنی وێنەی خودی دیموکراسییش. هەردوو هاوپیشەکانی ستیفن (پیتەر جیە کوزنیک و جیمس گلبرت)یش پێیان وایە جەنگی سارد زۆرترین کاریگەری، لەناو چوارچێوەی زانستی دەروونناسیی کۆمەڵایەتیدا جێهێشت. دەڵێن: جەنگ وایکرد ملیۆنان کەسی ئەمەریکیی جیهانی خۆیان لەژێر ڕۆشنایی بیرۆکەی بوونی دوژمنێکی بێبەزەیی لە ناوەوە و دەرەوە وێنابکەن، کە هەڕەشەی قڕکردنی ئەتۆمی بە چەند شێوازێک دەکات. بەکورتی: ترسێکی زۆر بە لەناوچوون و دوژمنانی دەرەکی (جەوهەری میراتی) جەنگی ساردبوو.

ئەوەی مایەی سەرنجدانە ئەو ترسەی لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی ئەمەریکی سەبارەت بە ئەگەری مەترسیی کۆمۆنیزم بڵاوبووبووەوە، کاریگەرترین خاڵە ڕاستەوخۆکانی جەنگی سارد بوو. ئەو ترس و نیگەرانییە

لەلایەن کۆمەڵێک لە نوخبە بۆ مەرامی تایبەتیی خۆیان بەکارهێنرا. هەرچەندە لەناو ویلایەتە یەکگرتووەکان کەسانی شیوعی هەبوون، بەڵکو ژمارەیەکی زۆریش هەبوو. حیزبی شیوعیی ئەمەریکی شانازی بە ئەندامێتیی (32) هەزار کەس دەکرد، لە ساڵی 1950. کە هەمان ساڵ بوو، تێیدا ویسکونسن – بەرهەڵستکاری بەناوبانگ بەرامبەر کۆمۆنیزم. جۆزیف ماکارسی لە هەڵمەتەکەیدا بەکارهێنا دژی کۆمۆنیزم. بەپێی وتەکانی ئەو ( لە کوچە و شەقامەکانی ئەمەریکا شیوعییەکان نیشتەجێن). لەڕاستیدا کەسانی شیوعی لەناو جومگەکانی بەشێکی جێبەجێکار لە حکومەتدا بوونیان هەبوو. بەڵام ژمارەیان زۆر کەم بوو. یەکێک لە دیارترین نموونەش لەسەر ئەوە (مەسەلەی ئەڵجیر هیس) بوو. کە بەرپرسێکی پێشووی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بوو. سیخوڕیی بۆ یەکێتیی سۆڤیەت کرد و بە تۆمەتی شایەتیدان بە ساختە لە دادگا تاوانبار کرا. لە ساڵی 1948 زیاد لە قەبارەی خۆی ئەو مەسەلەیە گەورە کرا. بەڵام ماکارسی و سیاسییەکانی سەر بەو بوون، بەمەبەست ئەو کێشەیەیان گەورەکرد و ترس و نیگەرانیی گشتییان بەکارهێنا لەپێناو بردنەپێشەوەی خۆیان. هەر بەوەش نەوەستان، ماکارسی توانیی ناوبانگی جۆرج مارشاڵ بزڕێنێت لە قۆناغێک لە قۆناغەکان. چونکە ماکارسی ڕایگەیاند: کە ژەنەڕاڵ و وەزیری دەرەوە و بەرگریی پێشوو (ژەنەڕاڵ ڕێزێکی زۆری لێدەگیرا) ـ کودەتایەکی گەورە و

قێزەوەن و شەرمەزارانەی ئەنجامداوە، تەنانەت بە بەراورد بە هەرکودەتایەکی تر لە مێژوودا هاوشێوەی نەبووە).
ماکارسی تەنیا کەس نەبوو، کە تۆمەتی دەبەخشییەوە تا ڕکابەرەکانی بخاتە ناو هەڵوێستی بەرگری لەخۆکردن. بۆ نموونە ڕیتشارد ئیم نیکسۆن، نوێنەری داواکاری سەرەکی دژی هیس و ئەندامی ئەنجوومەنی پیران و نوێنەر لە کالیفۆرنیا. ئەو ناوبانگەی پەیدایکردووە بەهۆی ڕاوەدونانی شیوعییە تێکدەرەکان بوو. کاتێکیش وەک جێگری ئەیزنهاور دەستنیشانکرا لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1952، (ئەدلای ستیفستون)ی، کاندیدی حیزبی دیموکراتەکان بەتوندی ڕەخنەی لێگرت و بە کەسێکی (بەرژوەندیچی) وەسفیکرد.

سەرباری ئەو هەموو بایەخە زۆرەی ماکارسی و چەند بزووتنەوەیەکی تر دژی کۆمۆنیزم. کەچی نیگەرانییەکانی تری جەنگی سارد لەناوەوە یەکجار فراوان بوو. شایانی ئەوەبوو، بودجەیەکی زەبەلاحی بۆ دابینبکرێت، چونکە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئابووریی گشتیی دەوڵەت و هەلی کار و گۆڕانکاری لە دانیشتووان دروستکردبوو. چونکە دیارترین فاکتەری گۆڕانکارییەکان بوو لە ناوەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ماوەی ساڵەکانی جەنگی سارد. تەنیا لە دوو دەیەی جەنگی سارد حکومەتی فیدراڵی (776) ملیار دۆلاری لە بەرگریی نەتەوەیی خەرجکرد، کە دەکاتە نزیکەی 60% کۆی بودجەی فیدراڵی. گەر خەرجییە ناڕاستەوخۆکانیشی بخەینە سەر

ڕێژەکە زۆر لەوە زیاتر دەبێت. هەرزوو پێداویستییەکانی بەرگری بۆ توێژینەوە و ئەولەویاتەکانی گەشەکردنی حکومی و هێنانی زانا و شارەزا و پسپۆڕان و ئەندازیار بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی ناو حکومەت بە بەستنی گرێبەست لەگەڵیان دەستپێکرد. چەندین پیشەسازیی نوێ فراوان کران و ئەوانەی پەکیان کەوتبوو خرانەوە کار، هەروەها پیشەسازیی پەیوەندیکردن و ئەلکترۆنی و فڕۆکە و ژمێریاری و زانستەکانی بۆشایی ئاسمان، ئەمانە هەموویان لەمیانەی جەنگی سارد بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەیان پێدرا. هەندێک لەو پیشەسازییانە وەک ئەوەی ئان مارکوسین وەسفێکی گونجاوی دەکات: ڕەنگە ببنە هۆی گۆڕانکاری لە ئابووریی ئەمەریکا و دیمەنێکی پیشەیی و ئیقلیمی پێشکەش بکەن لە داهاتوودا. یەکێک لە گەورەترین بەرهەمی ئەو خەرجییانەی بەرگری، کە جەنگی سارد جووڵەی پێکرد، دروستکردنی کارگەکان بوو لە باشوور و ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵات. تەنیا لە کالیفۆرنیا نزیکەی زیاتر لە (67) ملیار دۆلار لە گرێبەستە بەرگرییەکان دەستکەوتی هەبوو لەنێوان ساڵانی 1951 و 1965، کە دەکاتە نزیکەی 2% لە کۆی بەهای ئەو گرێبەستانە. هەروەها بەهۆی جەنگی ساردەوە ئەو ناوچەیەی بە (پشتێنەی خۆر) دەناسرا بەهێزتر بوو. لە هەمان کاتدا هەر بەهۆی ئەو جەنگەوە گۆڕانکاریی دیمۆگرافیی گەورە لە دانیشتووانی ئەمەریکا بەرەو

ڕۆژئاوا و باشوور ڕوویدا و بووە هۆی ڕێکخستنەوەی قورسایی تەرازووی دەسەڵاتی سیاسی لەناو کۆنگرێس و سیستمی حیزبەکان. ئەمەش دوو سیمای هەرەدیاری سەردەمی جەنگی سارد بوون.

دەستبەرکردنی بودجەیەکی زەبەلاح بۆ بەرگریکردن و پابەندبوونە سەربازییە هەمەلایەنەکانی جەنگی سارد بەسەر گەلانی ئەمەریکا سەپاندبووی، وا پێویستی دەکرد هاووڵاتیانی ئەمەریکی بە هەندێک بیروباوەڕ پابەندبکات. بە هەموو توانایەکیانەوە کاریان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی کۆدەنگییەکی فراوان تا داکۆکی لەو مەسەلەیە بکەن، لەدوای هەرناسەقامگیریەک، یان دوژمنایەتییەک کە شیوعییەکان لە پشتی بن. لە ناوەڕاستی شەستەکاندا توانییان ژیرانە ئەو ئامانجە بەدی بهێنن. سەرکێشییە نابەرپرسانەکەی یەکێتیی سۆڤیەت و چین لە هەریەک لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و بەرلین و کۆریا و تایوان و کوباش یارمەتیدەربوون لە سەرخستنی ئامانجەکەیان. بەڵام لەگەڵ هاتنی دەیەی سێیەمی جەنگی سارد. ئەو کۆدەنگییە جیاوازی تێکەوت. چونکە جەنگی ڤێتنام باری سەرشانی ئەمەریکییەکانی قورس کرد. ئەمەش لە دیدگای خەڵکێکی زۆر جێگەی ڕەزامەندی نەبوو. ئەو جەنگە، کە دواتر گەورەترین بزووتنەوەی ئاشتی لە مێژووی ئەمەریکا لێی لەدایکبوو، مشتومرێکی توندی لە ناوەوەی وڵات دروستکردبوو. ئەو مشتومڕە لە کۆتایی

شەستەکاندا ئاڕاستەیەکی توندتری گرتەبەر و بەرەو پرۆسەی دووبارەهەڵسەنگاندنەوەی لەسەر بەرزترین ئاستی حکومەتی ئەمەریکا بۆ ستراتیژیەتی جەنگی ساردی جیهانی سەپاند. کە وایکردبوو چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی ئازاربەخش بەرفراوان بووبێت. لە هەمان کاتیشدا بەقووڵی بەسەر خودی خۆیدا دابەش ببوو.

# بەشی حەوتەم

## هەڵهاتن و ئاوابوونی خۆری ڕێککەوتنی نێوان هەردوو زلهێزەکە (1968_ 1979)

لە حەفتاکاندا چەمکێکی فەرەنسیی نوێ هاتەئاراوە و کەوتە ناو مشتومڕەکانی نێوان سیاسەتمەدارانی وڵات و هاووڵاتیانی ئاسایی، کە ڕاددەی نیگەرانییەکانی نێوان ڕکابەرەکانی کەم دەکردەوە. ئەویش چەمکی (ڕێککەوتن) بوو. چەمکێکی کورتکراوە و گونجاو بوو بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی سەقامگیر و هاریکارانەتر لەو ماوەیەدا. ئەو چەمکە هەردوو زلهێزەکەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای بەیەکەوە دەبەستەوەو پابەندی دەکردن. بەمەش دیاردەی ڕێککەوتن بە درێژایی ئەو دەیە هەژموونی خۆی بەسەر سیاسەتە نێودەوڵەتییەکاندا سەپاند. لەژێر سەرکردایەتیی سەرۆکی حیزبی شیوعیی ئەوکاتی (لیوند برینجیف)ی سۆڤیەتی و سەرکردەکانی ئەمەریکا (ریتشارد ئیم نیکسۆن و جیرالد ئارفۆرد و جیمی کارتەر). هەردوو زلهێزەکە هەوڵیاندا ئاسانتر کۆنترۆڵی پێشبڕکێیەکانی ئەتۆمی بکەن. کاریانکرد بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی جەنگی ئەتۆمی لە ڕێگەی دانوستاندن لەسەر چەند ڕێککەوتنێکی جیاجیا بۆ سنووردانان بۆ خۆپڕچەککردن. لە هەمان کاتیشدا هەردوو زلهێزەکە خواستی فراوانکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکان و ئاڵوگۆڕی تەکنەلۆژیا و هاوبەشیکردنی یەکتریان هەبوو لەڕووی زانستییەوە. هەوڵیاندا دارشتنێکی جەوهەری لە ڕێساکانی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانیان دابنێن. بێگومان ڕێککەوتن مانای ئاشتییەکی تەواو نەبوو، هەرچەندە گوتاری پیاهەڵدان بۆ یەکتری لەلایەن هەردوولاوە دەدران، بەڵام

لەبری ئەوە ڕێککەوتن واتە ئیدارەدانی دۆخەکە و زاڵبوون بەسەر ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگ. هەریەک لە هەردوو زلهێزەکە دیدگا و بۆچوونی جیاوازی هەبوو لەسەر مانای ڕێککەوتن، بەڵام ئەمەش ماوەیەکی کاتی بوو، چونکە لە کۆتایی حەفتاکاندا کێشەکان تا ڕاددەیەکی زۆر بەرەو هەڵکشان چوون و بووە مایەی کۆتاییهاتن بە سەردەمی ڕێککەوتن بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و کتوپڕ.

**ڕاستی و دروستیی ڕێککەوتن**

ئەو گۆڕانکارییانەی لە واقیعی هێز هاتنەئاراوە، پاڵنەری سەرەکیی ڕێککەوتن بوون. دیارە یەکێک لە گرنگترین گۆڕانکارییەکانیش، هاوتابوونی یەکێتیی سۆڤیەت بوو لەگەڵ واشنتۆن لەڕووی چەکی ئەتۆمیی ستراتیژی بەهۆی هەوڵە بەردەوامەکانی پسپۆڕ و زانایانی سەربازیی سۆڤیەت. ئەوکاتە سۆڤیەت توانیی جبەخانەیەکی چەکی زەبەلاح دروستبکات. لە نۆڤەمبەری ساڵی 1969 یەکێتیی سۆڤیەت بەکردەوە ئاستێکی پێوانەیی تۆمارکرد لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکان لە مووشەکی بالیستی کیشوەربڕ، چونکە ژمارەکەی گەیشتە (1140) بەرامبەر بە (1504). هەرچەندە ئەمەریکا هێشتا پارێزگاری لە تایبەمەندییە مەزنەکانی خۆی کردبوو لەڕووی جبەخانە ئەتۆمییەکەیەوە. بەهۆی ئاستبەرزی و بەرهەمهێنانی ژمارەیەکی زۆر لە مووشەکی سەر کەشتییە ژێرئاوییەکانی دوورمەودا، کە

توانای هەڵگرتنی بۆمبی ئەتۆمی هەبوو. بەڵام نزیکبوونەوەی یەکسانیی نێوان هەردوولا وایدەکرد سەردەمی ئاستبەرزیی ئەتۆمیی ئەمەریکی کۆتایی پێبێت. ئەو ڕاستییەش لەدواییدا کاریگەریی قووڵی لەسەر پەیوەندیی نێوانیان لە داهاتوودا دروستدەکرد.

کەمبوونەوەی ڕێژەی سەرباز لەناو سوپای ئەمەریکی و پەیدابوونی نیگەرانی و دروستبوونی کاریگەریی خراپ لەڕووی ئابووریەوە، بەهۆی ململانێیەکان، بوونە هۆی تواندنەوەی سەرچاوەکان لە ڤێتنام و کاریانکردە سەر ڕاددەی بووژانەوەی ئابووری لە ڕۆژئاوای ئەورووپا و ژاپۆن. ئەمانەش پاڵنەری سەرەکی بوون بۆ ئەوەی ئەمەریکا ڕێککەوتن بکات. بەکورتی: ویلایەتە یەکگرتووەکان هێزی ئابووری لاواز بووبوو، یان ئیدارەی سیاسی توانای نەمابوو زیاتر بەردەوام بێت لەو دۆخە. کە هەر لە چلەکانەوە پەیڕەوی سیاسەتی جەنگی سارد دەکرا. لەلایەن سۆڤیەتییەکانیشەوە. یەکێک لە گرنگترین پاڵنەر بۆ ڕێککەوتن بریتیبوو لە هەڵکشانی پشێوییەکانی نێوان چین و سۆڤیەت، بەهۆی پێکدادانەکانی سەر سنووری نێوان هەردوولا و ئەگەری بەرپابوونی جەنگێک لەنێوان هەردوو ڕکابەرە شیوعییەکە، هۆکاری سەرەکی بوون لای سۆڤیەتییەکات تا بەرەو ڕێککەوتن هەنگاو بنێن.

ستراتیژیەتی ئەمنی، کە ئامانج لێی کەمکردنەوەی نیگەرانی و نائارامی بوو لەگەڵ سۆڤیەتییەکان لە

چەندین ڕووەوە ببووە مایەی دڵخۆشیی پلاندەرانی سیاسەتەکانی ئەمەریکا. ئەمە خاڵێکی گرنگ و فاکتەرێکی باشیش بوو بۆ کەمکردنەوەی مەترسییە ئەتۆمییەکان لەگەڵ ئەو ڕکابەرەی، کە خۆی پڕچەککردووە و بووەتە جێگەی مەترسی. جگە لەوەش، ڕەنگە ڕێککەوتن ئەو فشارانە کەم بکاتەوە، کە کەوتووەتە سەر بودجەی بەرگریی ئەمەریکا و باری سەرشانی سووک بکات، کە بەهۆی جەنگە پڕخەرجییەکەی ڤێتنام بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەری دروستکردووە. بەتایبەتی ئەگەر ڕێککەوتنەکە بووە ڕێککەوتنێکی ڕاستەقینە و توانرا سنوورێک بۆ خۆپڕچەککردن دابنرێت. بۆ ملکەچبوون بۆ ئەو لۆژیکەش، جۆنسۆن نییەتی ئیدارەی خۆی ڕاگەیاند بۆ هاتنی بۆ ناو دانوستاندنێک سەبارەت بەو مەسەلەیە لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت لەساڵی 1967. لە یۆنیۆی هەمان ساڵدا، جۆنسۆن لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی ڕووسیا (ئەلکسی کوسیجین) لە لووتکەی گلاسبۆر و نیوجیرسی چاویان بە یەک کەوت. بۆ ئەوەی وتوویژ بکەن، لەسەر پرسی ئەتۆمی و چەند کێشەیەکی تر لەنێوان هەردوولا. جۆنسۆن پلانی دانا بۆ سەردانکردنی مۆسکۆ و وتووێژکردن لەگەڵ سەرکردەکانی ڕووسیا لە ماوەی نیوەی دووەمی ساڵی 1968، بەڵام ئەو گەشتەی بەهۆی دەستتێوەردانی سەربازیی سۆڤیەت لە چیکۆسلۆفاکیا دواخرا.

دوای وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی لە یەنایەری ساڵی 1969، نیکسۆن سیاسەتی ڕێککەوتنی بە شێوەیەکی بەهێزتر پەیڕەوکرد. ئەو سیاسەتە لە ڕەگەزێکی جەوهەری لە ستراتیژیەتی جەنگی سارد پێکدەهات. کە پێداگرانە دەیویست جێبەجێی بکات. نیکسۆن ترسی لەو بەربڵاوییەی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەبوو بەو شێوە ترسناکە لە هەموو جیهان و پێیوابوو، سەرچاوەکانی بە شێوەیەکی هەڵە دابەشکراون. بۆیە ترس و نیگەرانی باڵی بەسەر ئەمەریکادا کێشاوە. کیسنجری یاریدەدەرەکەیشی بۆ کاروباری سیاسەتی دەرەوە و راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی لەگەڵی هاوڕابوو. هەردووکیان بەیەکەوە پێیان وابوو، جەنگەکەی ڤێتنام تەنیا نمایشێکی ترسناکە بۆ کێشەیەکی زۆر لەوە گەورەتر. کیسنجر لە یاداشتنامەکەیدا دەڵێت: (ئێمە بەڕێگەوەبووین ببین بە دەوڵەتێک وەک هەر دەوڵەتێکی تر و هەستماندەکرد چەندە پێویستیمان بە کۆکردنەوەی هێزەکانمانە، تەنانەت ئەگەر هێزێکی زۆریش بێت، بەڵام هەر سنووردارە، سەرچاوەکانمان چیتر بەرگەی ئەو کێشانەی نەدەگرت، بۆیە لەبری ئەوە دەبووایە ئەولەویەتەکانمان دیاریبکەین، چ ئەگەر فیکری بن، یان ماددی بن). بۆیە ئامانجی سەرەکیی نیکسۆن و کیسنجر بریتیبوو لە کۆنترۆڵکردنی ئەو وڵاتەی هێزێکی ئەوتۆی دروستکردووە و بووەتە مایەی مەترسی لەسەر ئاسایش و ئارامیی ئەمەریکا. هەرچەندە

نیکسۆن بەشێکی زۆری ناو و ناوبانگەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە خەباتی دژی شیوعییەکان دەکرد. بەڵام وەک کەسێک لە بەرژەوەندیی وڵات بیربکاتەوە، دەیزانی چیتر ئایدیۆلۆژیەتی شیوعی هەڕەشەیەکی گەورە نییە، بەکورتی: هێزە زۆرەکەی سۆڤیەت ببووە مایەی بێزاری و نیگەرانی لای نیکسۆن. کیسنجر، کە هەمان بیرۆکەی هەبوو بە چەند وشەیەک گوزراشتی لە دۆخەکە کرد و وتی: (کێشەی سەردەمی ئێمە، مامەڵەکردنە لەگەڵ هەڵهاتنی خۆری یەکێتیی سۆڤیەت وەک زلهێزێک، کە لایەنی جیۆسیاسی و لایەنی ئایدیۆلۆژیای تێپەڕکردووە).

سیاسەتی ڕێککەوتن لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت بە شێوەیەکی سروشتییانە لە دیدگای جیۆسیاسیی هاوبەشەوە سەرچاوەی دەگرت. هەمان شتیش لەسەر سیاسەتی لێکنزیکبوونەوە لەگەڵ چین جێبەجێدەکرا. ئیدارەی نیکسۆن ئامانجی کپکردنەوەی مەسەلەی خۆپڕچەککردن بوو لای مۆسکۆ و کەمکردنەوەی خەرجییەکانی ئەو پێشبڕکێ و مەترسییانەی لەسەر بەرپابوونی جەنگ لەئارادابوون. ئەویش بە ڕێگەی دانوستاندن. ئینجا ئەگەر مۆسکۆ بە شێوەیەکی کردەیی بە سیستمە تازەکەی جیهان ڕازیبوو، ئەوا ئیدارەی ئەمەریکا دەتوانێت یارمەتیدەربێت لە کپکردنەوەی ناکۆکییەکانی سۆڤیەت لەسەر گرتنەبەری سیاسەتێکی نابەرپرسانەی دەرەوە لە جیهانی سێیەم. لە هەمان کاتیشدا ئەگەر ویلایەتەیەکگرتووەکان توانیی تا ماوەیەکی زۆر

لەگەڵ چین بکرێتەوە، ئەوا دەتوانێت یاری لەگەڵ هەردوو ڕکابەرە شیوعییەکە بکات، خۆی لە پێگەیەکی میحوەریی گرنگ ببینێتەوە، لەناو پەیوەندییەکی سێلایەنە و هەرسێ هێز کۆدەکاتەوە لەسەر یەک مێز. هەرچەندە ئەوە پلانێکی چاونەترسانە بوو، لە کاتێکدا داڕێژرا، کە بەهۆی تێچووە زۆرەکانی جەنگی ڤێتنام لە ناوەوە و دەرەوە، دەبووایە تا ڕاددەیەکی زۆر ستراتیژییەتی ئەمەریکا لەبەرامبەر جەنگی سارد دەستکاری و هەموار بکرێتەوە. هەروەها نیکسۆن بەو پلانە ئومێدی وابوو ئەمەریکا بە شێوەیەکی شەرەفمەندانە لە ڤێتنام بێتەدەر، کە تا ئەوکاتەش گەورەترین کێشە بوو، بۆ سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمەریکا. لێرەدا مەرامێکی سیاسیی گەورە هەبوو لەو کارە. ئەگەر نیکسۆن توانیی پەیوەندییەکی باشتر و ئارامتر لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت و چین دابڕێژێت و لە هەمان کاتیشدا ویلایەتە یەکگرتووەکان لە شەڕی ڤێتنام بێنێتەدەرەوە، ئەوا سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1972 بۆ جاری دووەم مسۆگەر دەکات. یەکێتیی سۆڤیەتیش چەند مەبەستێکی تایبەتی هەبوو لە باشترکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمەریکا، چونکە ڕووسەکان ترسیان لە هەڕەشە سەربازییە هەڵکشاوەکانی چین دەبینی. بۆیە ئەگەر پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان ئارامتر بووەوە، ئەوا دەتوانن زیاتر لەسەر هەڕەشەکانی چین وردببنەوە، کە لەو کاتەدا زەروورتر بوو بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەکەیان. جگە لەوانەش ئەو ڕێککەوتنەی

لەسەر سنووردانان بۆ خۆپڕچەککردن لەگەڵ ئەمەریکا دەیبەستێت، جەخت دەکاتەوە لەسەر پێگەی یەکێتیی سۆڤیەت وەک زلهێزێکی شایستە و بەدەستهێنانی شایستەی ئەتۆمییش، کە زۆر بەقورسی هاتووەتەدی، پێش ئەوەی ویلایەتەیەکگرتووەکان دووبارە لەڕووی تەکنەلۆژیاوە بچێتە پێشەوە، ئاستبەرزیی سۆڤیەت دەسەلمێنێت لەو بوارەدا. لێرەدا ئاماژە بە ڕاددەی گرنگی و بایەخی سۆڤیەتییەکان دەدەین. چونکە کرملین بایەخێکی یەکجار زۆری هەبوو. هەروەک چۆن وەزیری دەرەوەی ڕووسیا (جرۆمیکۆ) لە کۆنگرەی بیستوچوارەمی شیوعی لە ساڵی 1971 بەشانازییەوە وتی: (ئەمڕۆ هیچ پرسێکی گرنک بەبێ بوونی یەکێتیی سۆڤیەت، یان لەژێر ڕۆشنایی نارەزایەتیی ئەو یەکلاناکرێتەوە، بایەخی سیاسی بۆ تەرازووی ستراتیژی سەقامگیر نابێت گومانی لێبکرێت، چونکە ئەوە گرەنتیی ئەمینە بۆ هەردوولا، بەڵکو بۆ سەرجەم ئەمنی نێودەوڵەتی). هەروەها دەتوانین چەندین پێداویستی دیارتر جێبەجێبکرێن، لە ئەگەری باشبوونی پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانێکی ئاشتییانەی هاوبەش لەگەڵ ویلایەتەیەکگرتووەکان. لەوانەش دەستەبەرکردنی تەکنەلۆژیای ئەمەریکی و ئاسانکاریکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشە تەوەرەییەکان: وەک بەرلین. هەریەک لە برینجنیف و کوسجین و جرۆ میکۆ، دڵنیابوون، کە ئەو وێستگەیە لە مێژوودا لەگەڵ جیهانی سۆسیالیستیدایە، ڕازینەبوون بە لاوازیی سیاسەت ڕێککەوتن بکەن، بەڵکو ئەو ڕێککەوتنە

ئاماژەیەک بێت بۆ هێزە ڕادەبەدەرەکەیان. برینجیفیش بەکورتی و بەپوختی لە گوتارێکیدا لە ساڵی 1975 وتی:( ڕەنگە بەهۆی دروستبوونی پەیوەندییەکی نوێ لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا ڕێککەوتن ئەگەرێکی نزیک بێت) .

**بەرەو ڕێککەوتن**

لە نۆزدەی ئۆکتۆبەری ساڵی 1969 نیکسۆن وادەیەکی دیاریکرد بۆ وتووێژکردن لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت لەبارەی دانانی سنوورێک بۆ خۆپڕچەککردنی ستراتیژی. یەکەم خولی وتووێژەکان لە نۆڤەمبەر ئەنجامدرا لە هەریەک لە هلسنکی و ڤێنا. بەڵام هەرزوو وتووێژەکان گەیشتنە بنبەست بەهۆی گومانی ئاڵوگۆڕ و وردەکاریی هونەری. یەکێک لە هۆکارەکانیش هەوڵێکی نیکسۆن بوو بۆ ئەوەی وتووێژەکان بە پەیماننامەیەکی هاریکاریی سۆڤیەتی ببەستێتەوە، تا فشار بخاتە سەر ڤێتنامی باکوور لەپێناو گەیشتن بە چارەسەرێکی دبلۆماسی لەگەڵ ئەمەریکا. هۆکارێکی تریش لەبارەی هەمەجۆریی چەکی ئەتۆمی بوو، بەدیاریکراوییش: لەسەر ئەوەی ئایا ڕێککەوتنی پێشنیارکراو تەنیا بریتییە لە مووشەکی دوورمەودا، یان پێویستە مووشەکە ئەمەریکییە کەممەوداکانیش کەم بکرێنەوە، کە ئەوکاتە لە ئەورووپا بڵاوەیان پێکرابوو، لەتوانایاندا هەبوو گورز لە خاکی سۆڤیەتی بوەشێنن. دواتر داهێنانی تەکنەلۆژیانوێیەکانیش مەسەلەیەکی تری ئاڵۆزی

بەردەم دانوستاندنەکان بوو، چونکە داهێنانەنوێیەکان (گوێزەرەوەی کڵاوەی ئەتۆمی)ی، یەکئاڕاستە هاتبووە بەرهەم و دەیتوانی چەند سەرەکڵاوێکی ئەتۆمی لە یەک مووشەک ببەستێت. توانایەکی ڕادەبەدەری دەبەخشییە هەرلایەکیان بۆ تێکشکاندنی سوپای لایەنەکەی تر. دواجار لە مایۆی ساڵی 1971 نوێنەری دانوستاندکارەکانی هەردوولا گەیشتنە ڕێککەوتنێک. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە ئەمەریکا ڕازیبوو ڕێژەی ئاستبەرزی لە 3ەوە بۆ 2 ببەخشێتە سۆڤیەت دەربارەی مووشەکی بالیستیی کیشوەربڕ. لە بەرامبەریشدا سۆڤیەت چاوپۆشی بکات لەو مووشەکە ئەتۆمییانەی، کە لە ئەورووپای ڕۆژئاواوە هەڵدەدرێن. هەردوولاش بڕیاریاندا گەمارۆ نەخەنە سەر گوێزەرەوەکانی (فرەکڵاویی ئەتۆمی). ئەو چارەسەرەش ڕێگەخۆشکەربوو بۆ بەستنی کۆبوونەوەی لووتکە بە ئاهەنگگێڕان و لە مەراسیمێکدا واژۆی لەسەر بکرێت لە ساڵی داهاتوو لە مۆسکۆ.

لە مایۆی 1972 نیکسۆن سەردانی سۆڤیەتی کرد، ئەمەش یەکەم سەردانی سەرۆکێکی ئەمەریکا بوو لەو کاتەوەی رۆزفلت لە لووتکەی یاڵتا پێش 27 ساڵ ئەنجامدرابوو. ئەو سەردانەی نیکسۆن دوای سەردانێکی بۆ چین هات لە فێبرایری هەمان ساڵ، کە بووە جێگەی بایەخدانێکی زۆر لە جیهاندا. ئەو دوو سەردانە بەندبوون بە ستراتیژییە مەزنەکەی نیکسۆن. لەڕاستیدا پێش

سەردانەکەی نیکسۆن بۆ چین، سۆڤیەتییەکان دوودڵ بوون لەسەر پەسەندکردنی ڕێککەوتنی سنووردانان بۆ خۆپڕچەککردن، بەڵام دوای سەردانەکەی نیکسۆن بۆ چین. هەرزوو وەڵامیان هەبوو. ئاشکرابوو سۆڤیەتییەکان نەیاندەویست ئەمەریکا و چینییەکان بچنە ناو پەیوەندییەکی ستراتیژیی هاوبەش لە دژی ئەوان. بەڵام سەرباری بیروڕا جیاوازەکەی نیکسۆن لەو بارەیەوە، کەچی ئەو کارە هەوڵێکی دیاریکراوی نیکسۆن و کیسنجر بوو. ترسە گەورەکەی چینییەکان لە ڕکابەرە سۆڤیەتییەکەیان، وایکرد لە ئەمەریکا نزیک ببنەوە و ئەگەرەکان دەرگایان واڵابێت لە لای ماو و سیاسەتمەدارانی ستراتیژی چین، چونکە ئەوانیش دەرهاویشتە جیۆسیاسییەکانیان خستە سەرووی بیروباوەڕە ئایدیۆلۆژییەکانیان. کیسنجر دەڵێت: (فەرماندەچینییەکان دوای ئەوەی مامەڵەیان لەگەڵ کردین، بیروباوەڕەئایدیۆلۆژییەکەیان تێپەڕاند، چونکە ئەوپەڕی ئەولەویەتیاندا بە دەرهاویشتە جیۆسیاسییەکان). هەرچەندە وتوویژەکانی نیکسۆن لەگەڵ ماو و زوئەنلای سەرۆکوەزیران و چەند بەرپرسێکی تریان، ئەنجامێکی بەرچاوی نەبوو، بەڵام مانای ڕەمزیی ئەو سەردانە، مانایەکی زۆر بەهێزی دەبەخشی، وەک ئەوە وابوو، کە مژدەی کەمبوونەوەی مەترسییەکانی جەنگی سارد و پاڵنەرە ئایدیۆلۆژییەکان کەمتر جووڵەی پێدەکرێت. هەروەها مانای ئەوەی دەگەیاند، کە ئەمەریکا نەرمتر

و كراوەتره لەڕووی دبلۆماسییەو. کەچی ڕووداوه هەرەگرنگ و سەرەکییەکەی کۆبوونەوەکەی مۆسکۆ بریتیبوو له واژۆکردن لەسەر پەیماننامەی سنووردانان بۆ خۆپڕچەککردن له بیستوشەشی مایۆی 1972. لەڕاستیدا ئەو پەیماننامەیه له دوو ڕێککەوتنی لێکجیاواز پێکدەهات. یەکەمیان، که پەیماننامەیەکی فەرمی بوو، له دەقی ئەو پەیماننامەیەدا هەریەک له ویلایەتەیەکگرتووەکان و یەکێتیی سۆڤیەت دەتوانن مووشەکەکیشوەربڕەکان تەنیا له دوو شوێن بڵاوبکەنەوە، نەک زیاتر. دووەمیان بریتیبوو له ڕێککەوتنێکی کاتی لەبارەی چەکی ئەتۆمیی هێرشبەرەوە. ئەو ڕێککەوتنه ژمارەی مووشەکه بالیستییه کیشوەربڕەکان و مووشەکه بالیستیه سەر کەشتیه ژێرئاوییەکانی دەگرتەوە، هەروەها پێدانی ڕێژەی ئاستبەرزی به ڕاددەی 3 بۆ 2 به یەکێتیی سۆڤیەت، بەڵام به لەبەرچاوگرتنی قەدەغەنەکردنی گوێزەرەوەکانی کڵاوەی ئەتۆمی، یان هاوەنی دوورمەودا. ئەوا ئەمەریکا پارێزگاری له ئاستبەرزی خۆی بکات له کۆی ژمارەی ئەو کڵاوه ئەتۆمییانەی توانای لێدانی ئامانجەکانی هەیه (به بوونی 5700 کڵاوەی ئەتۆمی بەرامبەر به 2500 بۆ یەکێتیی سۆڤیەت). هەروەها نیکسۆن و برینجیف به چەند وشەیەکی سەرەتایی واژۆیان کرد لەسەر (ڕێککەوتنی سەرەکیی) دوورودرێژ، که بنچینەی سەرەکیی پەیوەندییەکان دەبێت لەنێوان هەردوو زلهێز. هەریەکەیان ڕازیبوون به (ئەوپەڕی هەوڵدان بۆ خۆلادان

لە هەر رووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی و ڕێگەگرتن لە بەرپابوونی جەنگێکی ئەتۆمی) و بەڵێنی (زاڵبوون بەسەر خۆیاندا) لە پەیوەندییەکانیان درا و سوێندیان خوارد چیتر هەوڵی دەستەبەرکردنی تایبەتمەندیی تاکلایەنە نەدرێت، چ بەڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ. هەرچەندە ئەوە کارێکی ئاڵۆز و قورس بوو، بەڵام دواجار سوودی خۆی هەبوو.

لەپێناو دانوستاندنی هەردوو زلهێز و سازشکردن لەسەر هەندێک مەرج، کە لەناو ڕێککەوتنە تاکلایەنەکاندا هەبوو. دبلۆماتکاری پێشوو شارەزا لە بواری سۆڤیەت (دیمۆند ئیە گارسۆف) لەو بارەیەوە دەڵێت: (وتووێژەکانی لەبارەی سنووردانان بۆ خۆپڕچەککردنی ستراتیژی ئەنجامدەدران، خاڵیکی بۆ ڕوونکردینەوە، کە بریتیبوو لە چاوپۆشین لەسەر چەند جیاوازییەکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ئەمنی و هونەری و سەربازی لەنێوان هەردوولا لەپێناو سەرخستنی ڕێککەوتنەکە). بەڵام لێرەدا هەندێک خاڵی لێکجیاکەرەوەش هەبوون، چونکە سەرباری ئەنجامدانی وتووێژەکان، لێکنزیکبوونەوە و لەیەکتێگەیشتنی لەنێوانیان بەهێزترکرد، لانیکەم لە هەندێک پرسی گرنگ، ئەمەش تا ماوەیەکی کاتی بەردەوامی هەبوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا نەیتوانی ترسەکان و نیگەرانییەکان بڕەوێنێتەوە، یان ڕێگە بگرێت لە حاڵەتی خراپ لەیەکتێگەیشتن لەدواییدا. بێگومان ئەو ڕێککەوتنە پێشبڕکێی خۆپڕچەککردنی نەدەوەستان، بەڵکو لە واقعیدا، ئەو ڕێککەوتنە کاتییە، کە ماوەکەی پێنج ساڵ

بوو، وایکرد ژمارەیەک کۆتوبەند بەسەر سوپای ئەتۆمیی هەردوولا بسەپێنێت، لە لایەکی تریشەوە هەنگاوێکی بەرچاو بۆ پەرەسەندنی بازرگانیکردن لەنێوان یەکێتیی سۆڤیەت و ویلایەتەیەکگرتووەکان، بە بڕی نزیکەی 220 ملیۆن دۆلار لە ساڵی 1971. دواتر لە ساڵی 1978 گەیشتە 2.8 ملیار دۆلار. ئەمەش یەکێکبوو لە گرنگترین دەسکەوتەکانی ئەو ڕێککەوتنە. جگە لەوەش پرۆژەهاریکارییەکانی بۆ زانست پێشکەشکرابوون، وەک : پرۆژەی (تیلسکۆب – دووربین)ی، بۆشایی ئاسمانیی هاوبەش و ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان. نموونەیەکی تری پتەوبوونی پەیوەندییە بازرگانییەکان بوو لەنێوان هەردوولایان .

بۆیە ئەو کەسانەی ئومێدێکی زۆریان بە کەمکردنەوەیەکی ڕاستەقینەی چەکی ئەتۆمی هەبوو لەڕووی ژمارە، دەبووایە هەموو هیوایەکیان لەسەر ئەو دانوستانە هەڵبچنن لە داهاتوودا، لە کۆتاییەکانی ساڵی 1972 بەکردەوە پسپۆڕڕ و شارەزایان و زانایانی چەکی ئەتۆمیی سۆڤیەتی و ئەمەریکی خولێکی تریان لە وتووێژەکان دەستپێکردەوە. بەڵام بەهۆی مەسەلە ئابڕووبەرەکەی ووترجیت ، پشێوی سەرتاپای ئەمەریکای گرتەوە و هەڵوێستی نیکسۆنی لاوازکرد. لە ئۆگەستی 1974 بەناچاری دەستی لەکارکێشایەوە. دواتر بووەهۆی ڕێگەگرتن لە هەرپێشکەوتنێک لەو بارەیەوە. لە نۆڤەمبەری 1974 جیرالد ئارفۆرد، جێگرەوەی نیکسۆن، بۆ واژۆکردن

لەسەر کۆمەڵێک بنەمای گشتی، لە فلادیفوستوک چاوی بە بریجینیف کەوت، کە ڕێنماییکەری دانوستاندنەکانی خولی دووەمی وتووێژەکانی سنووردانان بۆ خۆپڕچەککردنی ستراتیژی بوو، بەڵام هیچ پێشکەوتنێک بەدینەهات. پاشان هەرزوو دانوستاندنە بەردەوامەکان بەرەو لاوازی چوون بەهۆی گومانی کۆنگرێسی ئەمەریکی لە بەهای ئەو وتووێژانە و ترسیان لە کردەوەکانی یەکێتیی سۆڤیەت لە جیهانی سێیەم، هەروەها بەهۆی هەڵبژادنە سەرۆکایەتییەکەی داهاتووی ئەمەریکا لە ساڵی 1976.

پرۆسەی ڕێککەوتنی ئەورووپی هاوکات بوو لەگەڵ جووڵانەوەکەی بەرەو ڕێککەوتنی نێوان هەردوو زلهێزەکە. (فیلی براند)، کە لە ساڵی 1969 وەک ڕاوێژکاری ئەڵمانیای ڕۆژئاوا هەڵبژێردرا و ژیرانە ڕۆڵی سەرکردایەتی گێڕا. براند (کە عومدەی پێشووی بەرلینی ڕۆژئاوا و خاوەن کەسایەتییەکی کاریزمای بوو) هەوڵیدا وردەوردە بەربەستەکانی بەردەم بازرگانی و گەشتکردنی نێوان ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات کەم بکاتەوە هەڵوێستەکەی ئەڵمانیاش لەبەرامبەر جەنگی سارد چیتر بە لاوازی و هەستیاری نیشان نەدرێت، بۆ بەدیهێنانی ئەو خواستەشی، براند ئامادەبوو دان بە بوونی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتدا بنێت، وەک شتێکی واقیعی. ئەمەش لادانێکی زەق بوو لە ڕێچکە باوەکەی فەرماندە سیاسییەکانی پێش خۆی. یەکەم قۆناغ لە سیاسەتی دەرەوەی براند بریتیبوو: لە نزیکبوونەوە لە

کوتلەکەی ڕۆژهەڵات ئەویش بە ئەنجامدانی چەندین وتووێژ سەبارەت بە ڕێککەوتنەکانی لەگەڵ ڕووسیا و هەندێک لە هاوپەیمانەکانی لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات. لە ئۆگەستسی ساڵی 1970 ئەڵمانیای ڕۆژئاوا پەیماننامەیەکی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت واژۆکرد، کە تێیدا هەردوولا ئیدانەی بەکارهێنانی هێزیان کرد و بەڵێنیاندا ڕێز لە سنوورەکانی ڕۆژئاوا بگرن و چیتر سنوورەکان پێشێل نەکەن. دواتر لە هەمان ساڵدا ئەڵمانیای ڕۆژئاوا پەیماننامەیەکی لەگەڵ پۆڵەنداش بەست. پاش ئەویش واژۆی لەسەر پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی لەگەڵ بەرلین کرد.

لە سێپتەمبەر ساڵی 1971 هەریەک لە سۆڤیەت و ئەمەریکا و بەریتانیای مەزن و فەڕەنسا گەیشتنە ڕێککەوتنێکی چوارلایەنە لەبارەی مافی هەرچوار هێزی ڕۆژئاوایی بۆ چوونە ناو بەرلینی ڕۆژئاوا. دوابەدوای ئەو سەرکەوتنانەی براند لە سیاسەتی دەرەوەیدا، بووەهۆی بەستنی پەیماننامەیەک لەنێوان هەردوو ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە دیسەمبەری 1972. هەردوو وڵاتی برا دانیان بە شەرعییەتی یەکتردا نا و ئیدانەی بەکارهێنانی هێزیان کرد و بەڵێنی هاریکاری و بازرگانی و گەشتکردنیان دا لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەڵمانیا. ئەو پرۆسەیەی ڕێککەوتنی ئەورووپایی پێشوازییەکی گەرمی لێکرا لەلایەن هەردوو لایەنی جەنگی

سارد لە ئەورووپا، ئەمەش وایکرد بازرگانیکردن لەنێوان ئـەورووپـای ڕۆژئـاوا و ڕۆژهـەڵات تا ڕاددەیـەکـی زۆر پێش بکەوێت. هەروەها ئاسانکاری کرا بۆ کەمکردنەوەی ترس و بەربەستەکانی لەسەر ڕێگەی جووڵەکردن بوون بەرەو چارەسەرێکی ئاشتییانەی گشتی لە ئەورووپا. لە نۆڤەمبەری ساڵی 1972، کۆنگرەیەکی پێشوەختە بۆ ئاسایش و هاریکاری لە ئەورووپا کارەکانی لە هیلسنکی دەستپێکرد. ئـەو وتووێژانە بوونەهۆی کۆکردنەوەی 35 دەوڵـەت لە پایتەختی فنلەندا لە ساڵی 1975. جگە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتیی سۆڤیەت، سەرجەم بەشداربووانی کۆنگرەکە ڕەزامەند بوون بەو گۆڕانکارییە ئیقلیمییانەی بەسەر ئـەورووپـادا سەپێندرابوون دوای جەنگی دووەمی جیهانی، هەرچەندە ئەوا ئامانجێکی کۆنی مۆسکۆ بوو.

حاکمی پێشووی کالیفۆرنیا ڕۆناڵد ڕیگان، کە هەوڵی سەرۆکایەتی دەدا ئەو کاتە وتی: (پێموایە پێویستە هەموو ئەمەریکییەکان دژی ئەمە بن). ئەوەی ببووە مایەی نیگەرانی بۆ ڕیگان و ڕەخنەگرانی ڕێککەوتننامەی هیلسنکی –ئەو پرۆسەی ڕێککەوتنە گشتگیرەی، کە لێیەوە هەڵدەقوڵا– خواستی ڕوو لـەزیـادبـووی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا بوو بۆ مامەڵەکردن

لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا وەک ەیزێکی گەورە، کە پێویستە بەرژەوەندییەکانی لە بەرچاو بگیرێن، لەبری ئەوەی وەک دوژمنێک سەیری بکەن، کە تا ئێستا هەوڵدەدا هەژموونی خۆی بەسەر جیهاندا بسەپێنێت. پێشهاتەکانی هەڵوێستی جیهانی سێیەم، هەڵوێستی ئەم ڕەخنەگرانەی زیاتر تۆخکردەوە.

**دوا ڕێککەوتنی هلسنکی**

ڕێککەوتنەکانی لە هلنسکی ئەنجامدران لە سێ ڕەگەزی گرنگ پێکدەهاتن.

**یەکەمیان:** ڕاگەیاندنی قەدەغەکردنی پێشێلکارییەکانی بەزاندنی سنوورەکانی ئەورووپای ئێستا، هەروەها گوزارشتی لە بنەماسەرەکییەکانی تریش دەکرد، کە پێویست بوو بڕیار لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بدات.

دووەم: هاریکاریی ئابووری و تەکنەلۆژی و زانستی و ژینگەیی بکرێت

**سێیەم:** هەریەک لە ئەمەریکا و سۆڤیەت سەرەتا ڕەتیان کردەوە، پەیوەندییان بە مافە سەرەکییەکانی مرۆڤەوە هەبێت لەناو ئەو وڵاتانەی داوای گرەنتیی زیاتر دەکەن بۆ ئازادیدەربڕین و زانیاری و هاتوچۆی هاووڵاتیان. یەکێتیی سۆڤیەت ڕەگەزی سێیەمی وەک چارەسەرێک پەسەند کرد، هەرچەندە بەدڵیشی نەبوو.

## ڕێککەوتن لەژێر گەمارۆدا

هیچ کاتێک ڕێککەوتن نەگەیشتە ئەو ئاستەی لە مۆسکۆ ڕوویدا، چونکە بەڵێنە (ڕێککەوتنی سەرەکی) ئاشکرا و نهێنییەکانی نێوان هەردوو زلهێز، بە ڕێگەگرتن لە هەربەریەککەوتنێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یان باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، یان ئەفریقیا، یان لە هەرپنتێکی تری گۆی زەوی نەبرانە سەر. جگە لەوەش ململانێیە بەردەوامەکەی سۆڤیەت و ئەمەریکا جیهانی سێیەم، بووە هۆی کەمبوونەوەی پشتیوانییەکانی لەو ڕێککەوتنە دەکرا لەناوەوەی ئەمەریکا. چونکە ڕەخنەگرانی میانڕەو نەیانتوانی ڕق و کینەی ئایدیۆلۆژی بەرامبەر کۆمۆنیزم و بێمتمانەیی بە یەکێتیی سۆڤیەت کەم بکەنەوە و بەتوندی هێرشیان دەکردە سەر سیاسەتی ڕێککەوتن لەسەر ئەو بنەمایانە. گوایە شەرعییەتێکی دەدا بە پلانە بەرفراوانەکەی مۆسکۆ و چاوپۆشی دەکرد لە چاوچنۆکییەکانی. تەنانەت هەندێک کەس بە شێوەیەکی شێلگیرانە سیاسەتەکانی ڕێککەوتنیان یەکسان دەکرد بە سیاسەتی مەراییکردن و ڕازیکردنی سۆڤیەت. داهێنانە تەکنەلۆژیایەکانیش بەربەستی زیاتری دروست دەکرد لەبەردەم لایەنگرانی ڕێکنەوتن، چونکە لەگەڵ هەرپێشکەوتنێک لەو بارەیەوە، ڕێککەوتنەکانی سنووردانان بۆ خۆپڕچەککردنی قورستر دەکرد. ئەو نارەزایەتییانەی بەرامبەر بە سیاسەتی ڕێککەوتن هەبوون، وایکرد سەرۆک فۆرد لە ساڵی 1976 خودی وشەی (ڕێککەوتن)یش لابدات، کە دامەزراوەی سەرۆکایەتی بەکاریدەهێنا.

جەنگی ساڵی 1973، کە لە ڕۆژهـەڵاتـی نـاوەڕاست بەرپابوو، یەکەم ڕووداوی گرنگ بوو، وایکرد کەموکوڕیی ڕێککەوتن بەدیار بکەوێت. ئەنوەر سادات، کە دوای جەمال عەبدولناسر هاتەسەر حوکم لە ساڵی 1970، ترسی هەبوو لەوەی پەیوەندییە پتەوەکەی هەردوو زلهێزەکە بەربەست بخاتە بەردەم ئامانجە سەرەکییەکەی ئەو، کە بریتیبوو لە گەڕانەوەی بەشێک لەو خاکانەی، کە لەلایەن ئیسرائیلەوە داگیـرکـراوە لـە جـەنگی سـاڵی 1967. لـە سـاڵی 1972 سـادات زانـا و پسپۆڕ و شارەزایانی رووسـی لە میسر بەدەرنا، ئەمەش بەشێک بوو لە دەربڕینی ناڕەزایەتیی خۆی لەبەرامبەر گۆڕینی سیاسەتی ئەو وڵاتە. دواتر لە شەشی ئۆکتۆبەر بە هەماهەنگی لەگەڵ سووریا، هێرشیان کـردە سـەر ئیسرائیل، وەک هەوڵێکی چاونەترسانە بۆ لەباربردنی هەرپێشنیازێکی سەربازی و دبلۆماسی بۆ ئەو مەسەلەیە. بەڵام دواتر ئیسرائیل بە یارمەتیی ئەمەریکا. کە ئەو کاتە بڕیاری رەوانەکردنی ئامێرەسەربازییەکانی دا، کە یارمەتیدەرێکی سەرەکیی ئیسرائیل بوون لەو جەنگەدا. وەک کـاردانـەوەیـەکیش لـەسـەر ئـەو کـارەی ئەمەریکا، یەکێتیی سۆڤیەت بەتەواوی پشتیوانی لە میسر و سووریا کرد، ئەمەش خۆی لەخۆیدا هەڕەشەیەکی ترسناک بوو، نەک تەنیا بۆ سەر ئیسرائیل، بەڵکو هەڕەشەی لەسەر ڕێککەوتنیش دروستدەکرد. کیسنجر لەو بارەیەوە بەئاشکرا هۆشداری دا و وتی: (سیاسەتەکەمان بەرامبەر ڕێککەوتن

ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام بەرەنگاری هەرسیاسەتێکی دوژمنکارانەی دەرەوە دەبیننەوە گەر ڕێککەوتن، بەلارێدا ببات و هەڕەشە دروستبکات. بۆیە ناکرێت ڕێککەوتن بەو شێوەیە پەرەی پێبدرێت لە هەرناوچەیەک بێت و لەوانەش ڕۆژهەڵاتی ناوەراست).

ڕەهەندە نێودەوڵەتییەکان دوای قەیرانی سێیەم جەنگی عەرەبی–ئیسرائیل فراوانتربوون و بوونەهۆی قەدەغەکردنی هەناردەکردنی نەوتی عەرەبی بۆ ویلایەتەیەکگرتووەکان وەک سزایەک لەسەر ئەو سیاسەتانەی ئەمەریکا بەرامبەر بە ئیسرائیل پەیڕەو دەکرد. ئەو هەنگاوەش گورزێکی کوشندە و ڕاستەوخۆی لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەمەریکا وەشاند.

قەیرانەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕۆحی بەرەنگاربوونەوەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای زیاتر وروژاند. کاتێک بریجینف داوای بڵاوکردنەوەیەکی خێرای هێزەکانی ئاشتیپارێزی کرد. وەک هێزێکی هاوبەشی ئەمەریکا و سۆڤیەت. بەم کارەشی هەڕەشەی کردەوەیەکی یەکلایەنەی یەکێتیی سۆڤیەتی دەکرد ئەگەر دۆخەکە پێویستی کرد. خودی سەرکردە ڕووسییەکە ئەو داوایەی لە نیکسۆن کرد، ئەویش بەهۆی توڕەبوونی لەسەر پێشێلکردنێکی زەقانەی ئیسرائیل لە مەسەلەی ئەو ئاگربەستەی لەسەری ڕێککەوتبوون. هەروەها ترسی لە تێکشکاندنی سوپای میسری هەبوو، کە لە بیابانی سینا

گەمارۆدرابوون لەسەر دەستی ئیسرائیل. ئەو کاتەش لەژێر ڕۆشنایی ئەو دۆخە تاڵەی نیکسۆن پێیدا تێدەپەڕی بەهۆی مەسەلە ئابڕووبەرەکەی ووترجیت. نیکسۆن پێیوابوو، ئەو مانۆڕەی بریجینف ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گەورەی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکایە لەو ناوچەیەی، کە دەوڵەمەندە بە نەوت. بۆیە پێویستی بە کاردانەوەیەکی توند هەیە. پاشان بە سکرتێری گشتیی یەکێتیی سۆڤیەتی ڕاگەیاند: کە ویلایەتەیەکگرتووەکان هەرکردەوەیەکی یەکلایەنەی یەکێتیی سۆڤیەت. بە کارێکی جێگەی مەترسی دادەنێت و نازانرێت کۆتاییەکەی بە چی دەگات.) جا بۆئەوەی مەبەستی ڕاستەقینەی خۆی دەربخات، نیکسۆن هێزە ئەتۆمییەکەی لە سەرتاسەری جیهان دانا و کەوتە ئامادەباشییەوە، بە شێوەیەک خۆی ئامادەکرد، کە هەرگیز لە ترۆپکی قەیرانی مووشەکەکانی کوباوە بەخۆیەوە نەیبینبوو. بەڵام هەرزوو فشارە دبلۆماسییەکان وایکرد ئیسرائیل بە ئاگربەستێک ڕازی بێت و پێش تەقاندنەوەی دۆخەکە، قەیرانەکە چارەسەر کرا. بەمەش لە 27ی، ئۆکتۆبەر جەنگەکە کۆتایی پێهات و دەستکرا بە پرۆسەی گەڕان بەدوای چارەسەرێکی ئاشتییانە بە سەرکردایەتیی ویلایەتەیەکگرتووەکان. بەڵام جیاوازییەکانی نێوان ئەمەریکا و سۆڤیەت هەمیشە دەبوونە بەربەست. لەبەرئەوە بەهای (ڕێککەوتنی سەرەکی) هیچ مانایەکی نەدەما ئەگەر شەڕ لەنێوان هەردوو زلهێزەکە پەیدابێت لەسەر جیاوازییە

ئیقلیمییەکان. هەروەها لەگەڵ ئەو هەموو گوتارە پڕ جۆش و خرۆشانەی لەنێوان بەرپرسە حکومییەکان دەکرا ئایا تا چ ڕاددەیەک جیهان بەکردەیی لە ژینگەیەکی ئاشتییانەی نێودەوڵەتیی سەقامگیر نزیک بووەوە، کە ئەندازیارانی ڕێککەوتن بەڵێنی بەدیهێنانیان دابوو؟

دواقۆناغەکانی جەنگی ڤێتنام هەمان پرسیاری لێ هاتەئاراوە، بێگومان ڕێککەوتن هیچ دەسکەوتێکی بۆ ویلایەتەیەکگرتووەکان نەبوو لە هیندی-چینی. نیکسۆن ئومێدی وابوو نزیکبوونەوەیەک لەنێوان مۆسکۆ و پەکین و ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕوودات. دانوستاندن بکەن بۆ هاتنەدەرەوەی ئەمەریکا لە ڤێتنام بە شێوەیەکی شەرفەمەندانە و بێئەوەی کار لە ڕاستگۆیی ئەمەریکا بکات. بەڵام کارەکە بەو جۆرە بەرێوە نەچوو، چونکە لە دانوستاندنەکان ڤێتنامییەکان ئامادەنەبوون دەستبەرداری هیچ لە ئامانجە سیاسییەکانیان بن، کە ماوەیەکی زۆربوو هەوڵیان دەدا لەپێناو دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانیان. لە لایەکی تریشەوە دەیانویست زلهێزێکیش بخەنە ناو هەڵوێستێکی لاوازەوە. ئیدارەی نیسکۆن هەوڵیدەدا بەستەڵەکی دانوستاندنەکان بشکێنێت، بەڵام شکستیهێنا. تا لەکۆتاییدا واشنتۆن و هانۆی گەیشتنە چارەسەرێکی ئاشتییانە لە یەنایەری 1973، هەرچەندە ڕێککەوتنەکە ڕێگەی دا بە پاشەکشەکردنی تەواوی هێزەکانی ئەمەریکا، کەچی کۆتایی نەهێنا بە شەڕ و لە سەرەتاکانی 1975

ڤێتنامی باکوور هێرشێکی کردە سەر ڤێتنامی باشوور، بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بووە هۆی ڕووخاندنی ڕژێمێک، کە زیاتر لە 58 هەزار، ئەمەریکی لەپێناویدا مردن. کاتێک هەوڵی پاراستنیان دەدا لە شیوعییەت. بێگومان دەستەوەستانی ئیدارەی فۆرد لەبەرامبەر ڕووخانی حوکومەتەکەی سایجۆن لە دوارۆژەکانیدا، هۆکاری سەرەکیی ئەو شکستە بوو. ئەو دەستگرتنەی ئیدارەکەی فۆرد بەهۆی کۆنگرێس و ڕای گشتی بەسەریدا سەپێنرا، چونکە چیتر پشتیوانیان لەو پابەندبوونە نەکرد بەرامبەر بە ڤێتنام. ئەمەش بووەهۆی بچووکبوونەوەی ئەمەریکا وەک زلهێزێک لە چەندین ڕووەوە.

پێشهاتەکانی جەنگی ئەنگۆلاش، کە یەکێک بوو لەو جەنگە ئاڵۆزانەی ببووە جێگەی بایەخپێدانی نێودەوڵەتی لە نیوەی شەستەکان. زیاتر زیانی بەو ڕێککەوتنە گەیاند، چونکە جەنگە ناوخۆییەکەی نێوان سێ کۆلۆنیاڵە پێشووەکەی پورتوگالی هەڵگیرسا دوای ئەوەی لە نۆڤەمبەری ساڵی 1975 سەربەخۆیان وەرگرتبوو، لەلایەن لشبۆنەوە. بەهۆی دەستتێوەردانی هێزەکانی کوبا لەگەڵ بزووتنەوەی میللی بۆ ئازادیی ئەنگۆلای چەپڕەو، کە شەڕی لەگەڵ دوو بزووتنەوەکەی تر دەکرد (سەر بە ڕۆژئاوابوون) بووەهۆی خولقاندنی جۆرێک لە جەنگ لەبری ڕۆژئاوا لە ڕۆژئاوای ئەفریقیا.

کیسنجر، سووربوو لەسەر ئەوەی، ئەو ململانێیەی ئەنگۆلا وەک چوارچێوەیەک سەیر بکرێت لەسەر

ڕووبەڕووبوونەوەکەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. واتە: تاقیکردنەوەیەکە بۆ ئیرادە و ڕاددەی پێداگری مۆسکۆ و واشنتۆن. کیسنجر پێیوابوو یەکێتیی سۆڤیەتیش بە چەند دەرئەنجامێکی خراپ لەو تاقیکردنەوەیە دێتەدەر لەبەرامبەر هێزە ڕکابەرەکەی. سۆڤیەتییەکان پێیان وایە بەهۆی چەند کاریگەرییەکی نەرێنی و دوای ناچارکردنی نیکسۆن بە دەستلەکارکێشانەوەی و شکستەکەی لە ڤێتنام و هێرشەکەی کۆنگرێس، کە ئێستا لەئارادیە لەسەر کورسیی سەرۆکایەتی، ئەمانە هەمووی ئەمەریکا لاواز دەکات. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکانی ئیدارەی فۆرد بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی بەنهێنی بۆ هەردوو گرووپەکەی ئەنگۆلا، لەلایەن کۆنگرێسەوە ڕەتکرایەوە. چونکە یاسادانەران ترسیان لە دووبارەبوونەوەی بیرۆکەی دەستتێوەردان هەبوو لە جیهانی سێیەم دوای ڤێتنام بەو ماوە کورتە. کیسنجریش بە چەند وشەیەک گوزارشتی لەو دۆخە کردووە و دەڵێت، ڕێککەوتن ناتوانێت بەرگەی ئەنگۆلایەکی تر بگرێت. لە لای خۆشیان پارێزگارانی ڕەخنەگر پێیان وابوو ئەو نزیکبوونەوەیەی سۆڤیەت-ئەمەریکا لەسەر مەسەلەی ئەنگۆلا پشتیوانیی زیاتر پێشکەشدەکات و ڕێککەوتنیش تەنیا سوودی بۆ لایەک دەبێت. ئەویش یەکێتیی سۆڤیەتە.

لە نیوەی حەفتاکان بەدواوە، پارێزگاران زیاتر ڕەخنەیان لە ڕێککەوتن هەبوو، کە تێیدا کۆمەڵێک بیرمەند و ڕۆژنامەنووس و سیاسەتمەدار و بەرپرسی پێشووی حوکومی پایەبەرز

هاتنەدەنگ. کە گومانە قوولەکەی لە نییەت و مەرامی سۆڤیەت کۆی دەکردنەوە و هەمیشە ترسیان لە توانای ئەتۆمیی کرملین هەبوو. یەکێکیش لەو ڕەخنانەی، کە ناڕازییەکانی لەسەر ڕێککەوتن هەیانبوو، هەڵسوکەوتە نابەرپرسانەکەی سۆڤیەت بوو لە سەرتاسەری جیهانی سێیەم. هەروەها پێیان وابوو ئەو دانوستانانەی لەسەر سنووردانان بۆ خۆپڕچەککردن دەکرێن تا ڕاددەیەکی زۆر کارێکی شەرمەزارانەیە. هەریەک لە سیناتۆری دیموکراتەکان (هنری جاکسۆن و پۆل نیتز) ی بەرهەڵستکارە سەرسەختەکەی کۆمۆنیزم و سەرۆکی پێشووی بەڕێوەبردنی پلانە سیاسییەکانی سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە سەردەمی ئیدارەی ترومان. یەکێک بوو لە دیارترین ئەو کەسانەی ڕەخنەیان لە دانوستان و سیاسەتی ڕێککەوتن هەبوو. لە نووسینێکی ڕەخنەئامێزدا، کە لە یەنایەری 1976 لە ژمارەی ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگ فۆرین ئەفیرزدا بڵاویکردەوە، هۆشداری دەدات و دەڵێت: (ئەگەری زۆر هەیە لەژێر ڕۆشنایی مەرجەکانی پەیماننامەی سنووردانان بۆ خۆپڕچەککردنی ستراتیژی، یەکێتیی سۆڤیەت بەردەوامبێت لە هەوڵەکانی بۆ بەدیهێنانی ئاستبەرزیی ئەتۆمی، نەک تەنیا هەر لە ژمارەدا، بەڵکو لەڕووی پێداگری لە بەرهەمهێنانیشدا، تا بتوانێت جەنگەکەی پێ بباتەوە. بەڵام تەنیا ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی دەستپێشخەرییەک بکات بە ڕاستکردنەوەی ئەو بۆشاییە ستراتیژییەی ئێستا هەیە، ئەوا دەتوانرێت یەکێتیی سۆڤیەت ڕازی بکات تا دەست لەو

کارە هەڵبگرێت و دووبارە ببێتەوە سەر ڕێگەی ڕێککەوتن بە ڕێگەی دانوستاندن).

ئەو لۆژیکەی ڕەخنەگران پشتیان پێدەبەست گوماناوی بوو، چونکە زۆرێک لە پسپۆڕانی بواری ئەتۆمی بیرۆکەی ئاراستەبوونی یەکێتیی سۆڤیەتی بەرەو دەستەبەرکردنی ئاستێکی بەرزیی ئەتۆمییان ڕەتدەکردەوە و گومانیان هەبوو لەسەر ئەو بۆچوونەی، کە دەڵێت مووشەکەکانی بالیستیەی کیشوەربڕ، ڕەنگە بە تێپەڕبوونی کات وا بکات یەکێتیی سۆڤیەت توانای هەڵگرتنی ژمارەیەکی زیاتر لە کڵاوەی ئەتۆمی هەبێت و بتوانێت براوەی پێشبڕکێکە بێت. کیسنجر وەڵامی ئەو سیناریۆیەی ڕۆژی قیامەتی دایەوە، کە نیتز لە شایەتیدانەکەی لەبەردەم کۆنگرێس وێنەی بۆ کردبوو. کیسنجر بە تووڕەییەکی زۆرەوە وتی: بۆ خاتری خوا، ئەو ئاستبەرزییە ستراتیژییەی باسی دەکەیت واتای چییە؟ ئایا گرنگی ئەو ئاستبەرزییە چییە، لەڕووی سیاسی و سەربازی و کارپێکردنییەوە و چی پێدەکات؟

لەپشت ئەو هەموو ترسەی هەریەک لە نیتز و جاکسۆن و ڕیگان و چەند ڕەخنەگرێکی تر هەیانبوو لەبەرامبەر سیاسەتی ڕێککەوتن، شتێکی گەورەترە لە تەنیا سەرژمێرکردنێکی ئاڵۆزانە بۆ کۆی گشتیی کڵاوەی ئەتۆمی و پێوانەی بارهەڵگرانی مووشەکەکان. بەکورتی ئەوانە نەیانتوانی هەزمی چەمکی یەکسانی بکەن، کە لە بنچینەدا ڕێککەوتن لەسەری دروستبووبوو. چونکە لە دیدگای سەربازانی

جەنگی سارد و ئەوانەی دژی گۆڕانکاری بوون، پێیان وابوو تەنیا ئاستبەرزیی ستراتیژی، لە هەرقۆناغێک لە قۆناغەکانی خۆپڕچەککردنی تەقلیدی و ئەتۆمی، ئامانجێکی گونجاوە بۆ ویلایەتەیەکگرتووەکان تا مامەڵەی پێبکات لەگەڵ ڕکابەرێکی پێداگر و بێمتمانەی وەک یەکێتیی سۆڤیەت.

هەڵبژاردنی جیمی کارتەر قورساییەکی تری خستە سەر پرۆسەی ڕێککەوتن. چونکە هەرزوو لەبەریەکهەڵوەشایەوە. حاکمەکەی پێشووی جۆرجیا بەو پێیەی بۆ سەرۆکایەتی کاندیدکرا، کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو سیاسەتە نموونەیی و کەموێنەیەی جاران. بنەماکانی مافی مرۆڤی کردە دروشمی سەرەکیی هەڵمەتەکەی و ئامانجی سەرەکیی سەرۆکایەتیکردنی. بەڵام کارتەر هەر لە سەرەتاوە شێوەی مامەڵەکردنی لەگەڵ سۆڤیەت گۆڕی، هەوڵیدا ئامانجی پێچەوانە بەدیبهێنێت و چەند ئاماژەیەکی دژبەیەکی بۆ سۆڤیەت ڕەوانەکرد، چونکە دوای یەک مانگ لە هەڵبژاردنی، کارتەر وتارێکی گەرموگوڕی بۆ ئەندریە ساخارۆف ڕەوانە کرد (فیزیایەکی بەناوبانگ و یەکێک بوو لە دیارترین ئەو کەسانەی ئینشقاقیان لە سۆڤیەت کردبوو). ئەمەش بووەهۆی نیگەرانی لە ناوەندەکانی کرملین. دوای ماوەیەکی کەمتر، وەزیری دەرەوە (سایرۆس ئار فانس)ی بە پێشنیازێکەوە ڕەوانەی مۆسکۆ کرد. پێشنیازێک، کە بە شێوەیەکی خراپ داڕێژرابوو، تێیدا داوای کەمکردنەوەی زیاتری چەکی ئەتۆمیی هێرشبەری کردبوو لەوەی پێشتر لەسەری ڕێککەوتوون لە کۆبوونەوەکەی (فلادیفوستوک-

1974). دواتر سەرۆکی تازەهەڵبژێردراو ڕایگەیاند کە نیەتی وایە لێکۆڵینەوە لە زیادەڕۆییەکانی سۆڤیەت بکات لە ئەفریقیا. لە یەکەم وتاریشیدا لەسەر سیاسەتی دەرەوە لە مایۆی ساڵی 1977 وتی: ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەو بیروباوەڕە تێپەڕێنین، کە باس لە فراوانبوونی یەکێتیی سۆڤیەت وەک شتێکی حەتمی دەکات، بەڵام پێویستە کۆنترۆڵی دۆخەکە بکەین. هەروەها ئەو ترسە زۆرەی لە کۆمۆنیزم هەمانە نەمێنێت، کە وایکردووە لە ڕابردوو بەناچاری مامەڵە لەگەڵ دیکتاتۆرێک بکەین لەبەر ئەو ترسە.

مێژوونووس جۆن لوێس جادیس ئاماژە بەوە دەکات، کە ئیدارەی کارتەر هەوڵی دەدا (هەموو شتێک لە هەمان سات و وەختدا بکات، لە لایەک دەیویست لە وتووێژەکانی دەربارەی دانانی سنوورێک بۆ چەکی ستراتیژی سەرکەوتوبێت. لەلایەکی تریش هەڵمەتی مافەکانی مرۆڤ کاراتر بکات، دواتر ڕێگە لە هەوڵەکانی مۆسکۆ بگرێت، لەبەرامبەر ئامانجەکانی بۆ گۆڕانکاریی زیاتر لە تەرازووی هێزدا. لە هەمان کاتیشدا دووربکەوێتەوە لەو سەرقاڵییە زۆرەی بە یەکێتیی سۆڤیەتەوە، کە سیما سەرەکییەکەی دبلۆماسیەتی کیسنجر بوو). بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی و بەهای هەرئامانجێک لەو ئامانجانە. هیچ کەسێک ناتوانێت لە یەک کاتدا دانوستاندن لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت بکات و ڕێگەشی لێبگرێت و فەرامۆشیشی بکات.

بە بۆچوونی کرملین: سیاسەتە نوێیەکەی ئیدارەی کارتەر بەرامبەر پەیوەندییەکانی یەکێتیی سۆڤیەت و ئەمەریکا،

جێگەی سەرسوڕمان و لە هەمان کاتیشدا هەڕەشە بوو. چونکە برینجیف بەهۆی پەیوەندییە بەردەوامەکەی کارتەر لەگەڵ ساخارۆف بێزار و نیگەران بوو، بۆیە ڕایگەیاند، کە بە هیچ جۆرێک ڕێگە نادات کەس دەست لە کاروباری ناوخۆیی ڕووسیا وەربدات. لە لایەکی تر، دروستکەرانی سیاسەتەکانی سۆڤیەت بەئاگاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ پێشنیازەکەی کارتەر کرد لەسەر کەمکردنەوەی چەکی ستراتیژی، کە پێشتر لەسەر دارشتنەکەی ڕێککەوتبوون. برینجیف لە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ دوربرینینی باڵیۆزدا وتی: ئەوە سووکایەتیپێکردنە بە خۆم و پێشێلکردنێکی ناشیرنانەی لەیەکتێگەیشتنەکانی پێشوومانە. دوبرینین دەڵێت: وامانزانی پێشنیازەکە هەر وتەیەکە و مەبەست لێی بێزارکردن و شەرمەزارکردنی ئێمەیە.

فەرماندە ڕووسەکان هەمیشە بەهۆی کەمکردنەوەی پێگەی دەوڵەتەکەیان وەک زلهێزێک و خاوەن پێگەیەکی یەکسان بە ئەمەریکا، بێزار و نیگەران بوون و دەترسان ویلایەتەیەککگرتووەکان هەوڵبدات لە پێگە و شکۆمەندیی سۆڤیەت کەم بکاتەوە. لەبەرئەوە سۆڤیەتییەکان چوارچێوەی ڕێککەوتنەکەیان لەلا پەسەند بوو. بەڵام گومانیان هەبوو ئەمەریکییەکان هەوڵدەدەن ئەو چوارچێوەیە لە بەرژەوەندیی خۆیان بەکاربهێنن. ئەوەی مایەی سەرنجدانە: کاربەدەستە بەتەمەنەکانی کرملین، نەیاندەتوانی لە ڕاددەی ئەو تووڕەبوونەی واشنتۆن

تێبگەن، بەهۆی هەندێک لە کردەوەکانیان، یان درک بەوە بکەن ئەو کردەوانە بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ناڕازیبوونیان بەرامبەر بە سیاسەتی ڕێککەوتنەکە. کە لەکۆتاییدا دەبنە هۆی لەباربردنی ڕێککەوتنەکە. بێگومان چالاکییەکانی سۆڤیەت لە ئەفریقیا و ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە حەفتاکاندا لە هەموو کاتێکی زیاتر قەبارەیان گەورەتر بوو. ئەمە ڕاستییەک بوو، کە ئەمەریکییەکان نەیاندەتوانی نکۆڵی لێبکەن. دواتر مۆسکۆ، کە شانازیی دەکرد بە سەرکەوتنەکانی لە ئەنگۆلا، چونکە بووەهۆی دامەزراندنی حکومەتی بزووتنەوەی میللی بۆ ڕزگارکردنی ئەنگۆلا لە سەرەتاکانی 1978. ئەمە وایکرد لە ساڵی دواتردا چەک ڕەوانەی ڕژێمە نوێیە چەپڕەوەکەی ئەسیوبیا بکات. لە ساڵی 1978 هێزەکانی کوبا لەلایەن سۆڤیەتەوە پڕچەک کران و توانییان هێزەکانی سۆماڵ تێکبشکێنن، لە شارێکی دەوروبەری نیمچەدورگەی ئەوجادینی ستراتیژی. سۆماڵییەکانیش لەلایەن ئەمەریکاوە پشتیوانیان لێدەکرا. سۆڤیەتییەکان نەک تەنیا یارمەتیدانی ڕژێمە شۆڕشگێڕە نوێیەکانیان دەدا، کە بەڵێنی دڵسۆزییان بۆ ئیشتراکییەت و سۆڤیەت دابوو، بەڵکو بەپێی بۆچوونی مێژوونووس ئەودئارنی فتشاد، ئەو بزووتنەوانە هەستیان دەکرد هەلێکی زێڕینیان بۆ ڕەخساوە بۆئەوەی خێرا سوود لە هەڵبەزین و دابەزینی ناوەوەی جیهانی سەرمایەداری وەربگرن و دواتر پەلە

بکەن لە ڕووخاندنی، بەڵام بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە لەگەڵ یەک و خواستی دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ هەردوولا، بێگومان ئەستەم بوو بکرێت.

ئەمەریکییەکان هەمیشە گومانیان لە نییەت و نیازی مۆسکۆ هەبوو. پێیانوابوو تووشی هێرشێکی جیۆسیاسیی ڕێکخراو دژی ڕۆژئاوا دەبنەوە. بڕیارەکەی مەکتەبی سیاسیی برینجیف لە ساڵی 1977 بە بڵاوەپێکردنی مووشەکە ئەتۆمییە نوێیەکانی لەڕووی تەکنەلۆژیا و بەرهەمهێنانی مووشەکی (ئێس ئێس 20) ببوە مایەی نیگەرانی لای چاودێرانی ئەمەریکی و ئەورووپاش. چونکە مووشەکەکان ئاراستەی شارەکان کرابوون. بۆ دووبارەگەڕاندنەوەی پێشنیازی ستراتیژیش، ویلایەتەیەکگرتووەکان و هاوبەشەکانی لە هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی، دەیانویست دژەمووشەکی ئەمەریکی کەممەودای نوێ لە ئەورووپا بڵاوبکەنەوە. هەروەها برینجسکی -ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی- کارتەری ڕازیکرد بەوەی، کە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە یاری بە (کارتەکەی چین) بکات. سەرۆکیش پێشنیازەکەی لا پەسەند بوو، هەرزوو پەیوەندییە دبلۆماسییەکانی لەگەڵ چین بەفەرمی کردەوە لە یەکی یەنایەری ساڵی 1979، ئامانج لەو کارە بەهێزکردنی هاوبەشی ستراتیژی بوو لەگەڵ گەورەترین ڕکابەری سۆڤیەتی.

بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی هاتبوونە سەر ڕێگەی جیمی کارتەر و برینجیف. لە هەژدەی یەنایەری

ساڵی 1979 لە ڤێنا کۆبوونەوە، بە مەبەستی واژۆکردنی پەیماننامەی دووەمی سنووردانان بۆ خۆپڕچەککردنی ستراتیژی. کۆبوونەوەکە لە کەشێکی ئارام ئەنجامدرا و هیچ زمانێکی زبری تێدا بەکار نەهات، وەک ئەوەی لە لووتکەی مۆسکۆ پێش حەوت ساڵ ڕوویدا. مێژوونووس جادیس سمیس دەڵێت: چەند ساتەوەختێکی کەم بوون و پڕ لە هەستێکی ئارامبەخش، وەک (کەفی) سابوون وابوون زوو لاچوون، یان وەرگرتنی وچانێکی کورت لە پەیوەندییەکی خراپدا.. بێگومان ئەو دڵەراوکێیە لە ئەنجامی ململانێکانی جیهانی سێیەم و بڵاوکردنەوەی مووشەکی ئێس ئێس 20 و هەڵمەتەکەی ئەمەریکا بۆ مافی مرۆڤ و قوڵبوونەوەی پەیوەندییەکانی چین-ئەمەریکا، تەوەرە هەرەگرنگەکەی ئەو کۆبوونەوەیە بوو، بەڵام کاتێک کارتەر گەڕایەوە نیشتمان، بینیی نارەزایەتییەکان دژی ڕێککەوتن بەتەواوی خۆیان سەپاندووە بەسەر دڵ و دەروونی گەلدا. هەر لە یەکەم ساتەوەختی دانیشتنی واژۆکردن لەسەر ڕێککەوتنەکە، سیناتۆر جاکسۆن ناڕازیبوونی خۆی لەسەر ئەو ڕێککەوتنە دەربڕی و بەتوندی وتی: چوونە ناو هاوپەیمانییەتێک لەگەڵ سۆڤیەت بەو شێوەیە و لەسەر ئەو بنەمایەی، کە ئێمە لە دۆخێکی خراپداین، ئەوا تەنیا بۆ ڕازیکردنە. چونکە کەمکردنەوەی توانای سەربازی و ستراتیژیی سۆڤیەت، جگە لە پۆزشهێنانەوە و شیکردنەوەی هیچی ترمان لە ئیدارەی فەرمی نابینی.

ڕووخاندنی دیکتاتۆرەکەی نیکارگوا (ئەناستاسیۆ سوموزا دیبایلی) هاوپەیمانی کۆنی ئەمەریکا لەلایەن بزووتنەوەی ئازادیخوازی مارکسی–لینینی، کە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ کوبا هەبوو، وایکرد ترس و دڵەڕاوکێکان زیاتر ببنە هۆی درەوشانەوەی ئەستێرەی هێزەشۆڕشگێرەکانی دژی ڕۆژئاوا. وەک ئەوەی لە ئێران ڕوویدا.

**شۆڕشی ئێران و قەیرانی بارمتەکان**

لە فێبرایری ساڵی 1979، بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕیی ئیسلامی بە سەرکردایەتیی ڕابەری میللیی (ئایەتوڵڵا خومەینی) هاتە سەر حوکم، دەسەڵاتدارانی نوێی ئێران بە چاوێکی گوماناوی پڕ لە بێمتمانەیی سەیری ئێرانیان دەکرد. هۆکارەکەشی پاڵپشتیکردنی ڕژێمەکەی شای لەسەر کارلابراوبوو. کە ماوەیەکی زۆربوو حوکمی وڵاتی دەکرد و لەلایەن جەماوەرە خۆشەویست نەبوو. لە چواری نۆڤەمبەری ساڵی 1979، دوای سەردانێکی شا بۆ ویلایەتەیەکگرتووەکان بە مەبەستی وەرگرتنی چارەسەر، چەند چەکدارێک دەستیان بەسەر باڵیۆزخانەی تاراندا گرت بە پاڵپشتیی خومەینی و نزیکەی (52) ئەمەریکییان وەک بارمتە دەستگیر کرد. ئەو ڕووداوە بووە هۆی ورووژاندنی کارتەر و گەلی ئەمەریکا و بە سووکایەتیکردن بە ئەمەریکا دانرا. ئەمەش وایکرد وێنەی ویلایەتەیەکگرتووەکان وەک نەتەوەیەکی شکستخواردوو سەیربکرێت. واتە وەکو زەبەلاحێکی بێدەسەڵات.

لە کۆتایی ساڵی 1979 یەکێتیی سۆڤیەت ئەفغانستانی داگیرکرد و بەمەش بەتەواوی ڕێککەوتنی لەباربرد. کارتەر بە هێڵی خێرا پەیوەندی بە برینجیف کرد و پێی ڕاگەیاند: کە ویلایەتەیەکگرتووەکان ئەو کارە بە هەڕەشەیەکی زۆر ڕوون دادەنێت بۆ سەر ئاشتی، ڕەنگە ببێتە خاڵێکی جەوهەری و هەمیشەیی لە پەیوەندییەکانمان. سەرۆک کارتەر بە دەوروبەرەکەی خۆی ڕاگەیاندبوو: بەو کردەوەیەی سۆڤیەت نواندی، کە زیاتر لە هەرکردەوەیەکی تری پێش من کردوویانە، دەبێتە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە ئامانجەکانی ڕووسیا. سەرۆک کارتەر بە هەموو هێز و توانایەکییەوە وەڵامی یەکێتیی سۆڤیەتی دایەوە و لە پەیماننامەی دانانی سنوورێک بۆ خۆپڕچەککردن هاتەدەرەوە و سزای ئابووری خستەسەر ڕووسیا. دواتر هەنگاوی زیاتری نا بۆ دووبارەزیندووکردنەوەی سیاسەتی کۆنترۆڵکردن و داوای خەرجیی زیاتر کرد بۆ بەرگریی ئەمەریکا. بەم جۆرە جەنگی سارد بە هێزێکی زیاتریشەوە گەڕایەوە.

هۆکاری ناشتنی ڕێککەوتن چی بوو؟ دوبریننی باڵیۆز لە یاداشتنامەکەیدا دەڵێت: (دەتوانین بڵێین، کە ڕێککەوتن لەناو کێڵگەکانی پێشبڕکێی نێوان سۆڤیەت و ئەمەریکا لە جیهانی سێیەم نێژرا). هەر لە سەرەتاوە ئەمەریکا و

سۆڤیەت دوو مانای جیاوازیان بۆ ڕێککەوتن هەبوو. لای ئەمەریکییەکان ڕێککەوتن واتە دانانی سیستمێکی نوێ بوو بۆ جیهان، بە شێوەیەک، کە سەقامگیری بسەپێت. کەچی لای سۆڤیەتییەکان واتای مژدەی گەیشتنیان بوو بە پێگەی هێزێکی گەورەی شایستە، وەک زلهێزێک لەناو هەموو جیهان دانی پێدا بنرێت. لە ناوەڕاستی شەستەکان سەرۆکی دەزگای هەواڵگری و سەرکردەی داهاتووی سۆڤیەت (یوری ئەندریەبۆڤ) هۆشداری دا لەبارەی ئەو پشێوییانە، کاتێک بە چەند وشەیەک گوزارشتی لە دۆخەکە کردو وتی: (نابێت هیچ شتێک ڕێگە لە یەکێتیی سۆڤیەت بگرێت لەسەر دۆزینەوەی ئەو هەلانەی بزووتنەوەکانی دژ بە سەرمایەداری و ڕۆژئاوا پێشکەشی دەکەن) هەروەها پێشبینیی ئەوەشی کرد، کە پێشبڕکێیەکەی داهاتووی سۆڤیەت و ئەمەریکا، لە ئەورووپا و زەریای ئەتڵەسی نییە، بەڵکو دەچێتە ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتینی. ئەندربۆڤ باسی لەوە کرد: ئێمە پێشبڕکێ لەسەر هەموو پارچەخاکێک دەکەین و لەپێناو هەموو دەوڵەتێکیش دەجەنگین. بێگومان ئەو وێناکردنە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ وێناکردنی نیکسۆن و کیسنجر یەکیان نەدەگرتەوە، کە خواستی سەردەمێکی نوێی پڕهاریکارییان دەکرد لەنێوان هەردوو زلهێزەکە.

:پەراوێزەکان


1. US nationad Archives and Records Adiministration.

2. Dieter Hespe Corbis

# بەشی هەشتەم

## دواقۆناغ (1980ـ 1990)

لە کۆتایی هەشتاکاندا، دیارترین گۆڕانکاری لە بونیادی گشتیی سیاسەتەکانی جیهاندا سەریهەڵدا. کە لە کۆتاییەکەیدا ململانێ ئایدیۆلۆژی و جیۆسیاسییەکەی کتوپڕ گەیشتە ترۆپک و دواتر تا (45) ساڵ پەیوەندییەکانی دیاری کرد. ئەو پێشهاتە بێوێنەیانە بە شێوەیەکی زۆر خێرا هاتن، کە هیچ کەسێک پێشبینی نەدەکرد بۆچی جەنگی سارد بەو شێوەیە کۆتایی هات؟ چۆن لەوە تێبگەین، کە جەنگی سارد بەو خێراییە دەستیپێکرد و چۆنیش بە نزیکبوونەوەیەکی مێژوویی یەکێتیی سۆڤیەت و ئەمەریکا کۆتاییهات؟ ڕێککەوتنەکانی لەبارەی سنووردانان بۆ خۆپڕچەککردن ئەنجامدران و پاشەکشەکردنی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ئەفغانستان و چەند شوێنێکی تر. لەو بەشەدا بە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە باس لە دواقۆناغەکانی جەنگی سارد دەکەین، کە ببووە مایەی دروستبوونی چەند پرسیارێک.

## گەڕانەوەی جەنگی سارد

داگیرکردنەکەی ئەفغانستان لەلایەن یەکێتیی سۆڤیەتەوە، وایکرد جیمی کارتەر ببێتە یەکێک لە هەڵۆکانی جەنگی سارد. هەرچەندە ڕووسەکان ئەو کارەیان بە کارێکی بەرگریکارانە وەسف کرد، بۆئەوەی ڕێگە لە بەدیارکەوتنی ڕژێمێکی دژ بەوان بگرن لە سنوورەکانیان. بەڵام سەرۆک کارتەر و زۆربەی شارەزایانی سیاسەتی دەرەوە، وەک بەشێک لە

هێرشکردنێکی جیۆسیاسی و چاونەترسانە سەیریان کرد. پێیان وابوو ڕووسەکان بە متمانەبەخۆبوونەوە هەوڵدەدەن پێشنیازە ستراتیژییەکان لەناو دەستی ئەمەریکا دەربهێنن، کە بەهۆی ڤێتنام و مەسەلەی (ووترجیت) و قەیرانی بارمتەکانی لە ئێران و تەنگژەئابوورییە جۆراوجۆرەکان لاواز بووە. ئامانجی سەرەکیی سۆڤیەت لەو کارە بریتیبوو لە سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر ناوچەی کەنداوی عەرەبی و بێبەشکردنی ڕۆژئاوا لە نەوتەکەی. وەک وەڵامێکیش بۆ ئەو کردەوەیەی ڕووسیا، کارتەر واژۆی لەسەر زیادکردنێکی زەبەلاح لە خەرجییەکانی بەرگریی ئەمەریکا کرد و داوای 1.2 تریلیۆن دۆلاری کرد بۆ خەرجیی لایەنی سەربازی بۆ پێنج ساڵ بەسەریەکەوە. دواتر سزای کۆتوبەندکردنی بەسەر یەکێتیی سۆڤیەت سەپاند و بڕیاری قەدەغەکردنی ئەنجامدانی یارییەکانی (ئۆلۆمپیادی هاوینی ساڵی 1980) درا، کە بڕیاربوو لە مۆسکۆ بکرێت. بیروباوەڕی نوێی کارتەر بریتی دەبێت لە بەرپەرچدانەوەی هەردوژمنێکی دەرەکی گەر بیەوێت دەست بەسەر کەنداوی عەرەبیدا بگرێت (بە هەرشێوازێک بێت، لەوانەش بەکارهێنانی هێزی سەربازی). ئیدارەی کارتەر لە ڕێگەی بەهێزکردنی پەیوەندییە نوێیەکانی لەگەڵ چین فشاری زیاتری خستە سەر سۆڤیەت. ئەویش فرۆشتنی کەلوپەلی سەربازی بە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو. پاشان هەر بە پشتیوانیی ئەمەریکا، هاوپەیمانانی باکووری ئەتڵەسی لە دیسەمبەری 1979 بڕیاری بڵاوکردنەوەی

مووشەکی کەمەودایان دا لە جۆری بیرشنگ2- و مووشەکی کروزی ئەتۆمی لە ئەورووپای ڕۆژئاوا، وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ مووشەکەکانی سۆڤیەت لە جۆری ئێس ئێس 20.

عەقڵیەتی جەنگی سارد بە هەموو هێزێکییەوە گەڕایەوە ناو بازنەی سیاسی لە واشنتۆن. ئەمەش بووەهۆی لەناوبردنی هەموو هەلێک بۆ ڕێککەوتن. جۆرج ئێف کینان لە فێبرایەری 1980 هەستی بەو مەترسییە کردبوو بۆیە دەڵێت: هەر لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانییەوە، بەو شێوەیە لە پایتەخت بیرۆکەی ئەو کارە بەو جۆرە داڕشتنە سەربازییە سەرتاسەرییە زاڵ نەبووبوو. هەرکەسێکی بێگانە خۆی هەستی بەوە دەکرد و دەیزانی، کە دواهیوا لە چارەسەرکردنێکی ئاشتییانە کۆتایی پێهاتووە، لێرە بەدواوە تەنیا چەک چارەسەرە، بە چاوپۆشین لە چۆنییەتیی بەکارهێنانی، کە ئەوە گرنگ بوو لەلایان.

بێگومان ڕۆنالد ریگان، کە ئەوکاتە کارتەری لاوازی خستبووە سوچێکەوە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ساڵی 1980، بە گیان و عەقڵ لەگەڵ ئەو کەسانەدابوو، کە تەنیا چارەسەری سەربازییان بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکەی سۆڤیەت و ئەمەریکا پێ گرنگ بوو. لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، ئەکتەرە سینەماییەکە و حاکمی پێشووی کالیفۆرنیا سووربوو لەسەر ئەوەی پێویستە ویلایەتەیەکگرتووەکان

بونیادی بەرگری دروستبکاتەوە، تا (ئەو پەنجەرە کراوەیە دابخـات)، کـە بـەهـۆی گـەشـەکردنی تـوانـای سـەربازیی سۆڤیەتەوە لە حەفتاکاندا خراوەتە سەرپشت. سـەرۆک ڕیگان یەکێک بوو لەو سەرۆکانەی زۆرترین پابەندبوونی ئایدیۆلۆژی هەبوو لەسەر دوژمنایەتیکردنی کۆمۆنیزم و هەرگیز نەرمیی نەدەنواند بەرامبەر ئەو مەسەلەیە. ڕقێکی قووڵی بەرامبەر ئەو ڕژێمە هەبوو، بە ڕژێمێکی بێڕەوشت و خیانەتکار و بێمتمانەی دەزانی. لەمیانەی هەڵبژاردنەکاندا وتی: (با خۆمان هەڵنەخەڵەتێنین، یەکێتیی سۆڤیەت لەپشت هەر پشێوییەکەوەیە. ئەگەر هەر لە سەرەتاوە تێکەڵی ئەو یارییەی (دۆمینەیە) نەبووایە، ئەوا ناوچەی ناکۆک لە جیهاندا بوونی نەدەبوو). سەرەتا ڕێبازی مامەڵەکردنی سۆڤیەت وەک هێزێکی ئاسایی ڕەتکردەوە، کە هەریەک لە نیکسۆن و فۆرد و کارتەر لە ڕۆژەکانی یەکەمیاندا پەیڕەویان دەکرد. لە یەکەم کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسیدا وەک سەرۆک، ڕیگان شێوەی گشتی ماوەی یەکەمی سەرۆکایەتیکردنی بە تۆمەتبارکردنی مۆسکۆ بە بەکارهێنانی ڕێککەوتن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەستپێکرد. لەوانەش: هاندانی بەرپابوونی شۆڕشەکان لە جیهان و خولقاندنی دەوڵەتی سۆسیالیستی، یان کۆمۆنیستی لە جیهان. هەروەها سەرۆکی ئەمەریکا بەتوندی ڕەخنەی لە سەرکردەڕووسەکان گرت و بە مافیا وەسفیکردن. بە

کەسانی درۆزن و دووڕوو داینان، کە هەموو کارێک دەکەن لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

ئەو زمانەزبرە بووە ناوەڕۆکێکی تایبەت بە جەنگی سارد، کە ڕێگان دووبارە زیندووی کردەوە. ئەو زمانە بووە ڕەگەزێکی سەرەکی بۆ ستراتیژیەتی کۆنترۆڵکردن بۆ ئەمەریکای نوێ. ئەمیش لەگەڵ گەشەی سەربازی و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ کەمکردنەوەی هێزەکەی سۆڤیەت بە ڕێگەی وەگەڕخستنەوەی ئەو زمانە بۆ وەبیرهێنانەوەی ساڵەکانی حوکمی ترومان. ڕێگان ڕەخنەی لە دەوڵەتی سۆڤیەت و ستراتیژەکەی گرت و لە ساڵی 1982 بە متمانەبەخۆبوونێکی زۆرەوە، لە وتارێکیدا لە بەردەم پەرلەمانی بەریتانیادا وتی: ( مارکسیزم و لینین کۆتاییان پێهاتووە و کەوتونەتە ناو (زبڵدانی مێژووەوە) . لە ساڵی دواتریش لە بەردەم (ڕابیتەی نیشتمانیی ئەنجلییەکان)، ڕێگان یەکێتیی سۆڤیەتی بە ناوەندی خراپەکاری لە جیهانی نوێدا وەسفکرد و داوای لە گوێگرانی کرد بەرهەڵستی پاڵنەرە دوژمنکارییەکانی ئیمپراتۆریەتی خراپەکاری بکەن . جەختی لەوە کردەوە، کە ئەو ململانێیە دژی کۆمۆنیزم لە بنەڕەتدا ململانێیەکی ڕەوشتییە لەنێوان هەق و ناهەق و چاکە و خراپە. داڕشتنەوەی جەنگی سارد بەو شێوەیە، واتا : وەک جەنگێک لەنێوان تاریکی و ڕۆشناییدا، نیشانەی نەمانی ڕێگەیەک بوو بۆ ئاشتەوایی، یان دۆزینەوەی هەر چارەسەرێکی تر جگە لە شەڕ.

ڕێگان سووربوو لەسەر فراوانکردنی توانای سەربازیی تەقلیدی و ئەتۆمی بە یەکەوە. پێش ئەوەی بچێتە ناو هەروتوویژێکی ڕاستەقینە لەگەڵ سۆڤیەت. ئەمەش بووە باشترین درووشم بۆ خۆی و پلاندارێژەرانی بەرگری (ئاشتی بە ڕێگەی هێز). ئەو دروشمە یارمەتییەکی باش بوو لە کردنەوەی زیاتر عەقڵیەتی ئەو ڕێبازە پڕکەموکوڕییەی، کە سەرەتا لە ئیدارەی ڕێگاندا هەبوو.

سەرۆک و گەورەڕاوێژکارە سیاسییەکانی دەرەوە، پێیان وابوو لە دەیەی ڕابردووەوە هێزەکانی ئەمەریکا بە بەراورد بە هێزەکانی سۆڤیەت کەمیان کردووە. ئەلکسەندەر ام هیج، یەکەم وەزیری دەرەوەی سەردەمی ڕێگان ئاماژە بەوە دەکات، کاتێک پۆستەکەی لە یەنایەری ساڵی 1981 وەرگرتووە، یەکێتیی سۆڤیەت هێزێکی سەربازیی گەورەتری هەبوو لەچاو ئەمەریکا. توانا سەربازییەکەی بە شێوەیەکی ترسناک بەرەو خراپە چووە، تەنانەت پێش ئەوەی پەلەش بکات لە پاشەکشەکردن لە ڤێتنام. بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەش، ڕێگان ئامانجێکی دیاریکرد بۆ خەرجییەکانی بەرگری بە بڕی 1.6 تریلیۆن دۆلار، واتە: زیاتر لە چوارسەد ملیار دۆلار لەو بڕەی کارتەر لە دواساڵی سەرۆکایەتیدا لە کۆشکی سپی داوای کردبوو. ئەمەش گەورەترین بودجە بوو بۆ خۆپڕچەککردن لە مێژووی ویلایەتەیەکگرتووەکان. ڕێگان لە لێداونێکیدا بۆ پنتاگۆن وتی: (بەرگریکردن یەکێک نییە لە خاڵەکانی ملکەچبوون بۆ بودجە، ئەوەی پێویستمانە

دەبێت دابین بکرێت.) دواتر یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی ڕێگان پێداچوونەوە بوو بۆ بەرنامەی هاوەنی بی (الشبح) و خێراکردنی بەرنامەی مووشەکیی ئێم ئێکس (مووشەکی ئەزموونی)، کە بووە مایەی مشتومڕێکی زۆر. هەروەها کاراکردنی سیستمی مووشەکیی کەشتی ژێر ئاوی سێ کورسی. لەگەڵ زیاترکردنی ژمارەی پارچە دەرياییەکان لە 450وە بۆ 600 کەشتی و دابینکردنی بودجەیەکی نوێ بۆ کاروباری هەواڵگریی ئەمەریکی تا پاڵپشتیی پرۆسەکانی خۆپڕچەککردنی نهێنی بکات. هەرچەندە ڕێگان ئەو بەرفراوانبوونە سەربازییەی وەک پاڵنەرێک بۆ گەڕاندنەوەی ئەمن و ئاسایش بۆ ئەمەریکا وەسف کرد، بەڵام لەڕاستیدا هەوڵێک بوو بۆ دووبارە گەیشتنەوە بە ئاستبەرزیی ستراتیژیی ئەمەریکی. ئەمەش پێگەیەک بوو، نە ڕێگان و نە ئەوانەی پێش ئەویش ئامادەنەبوون دەستبەرداری ببن.

لێرەدا ئەوەی شایانی باسە: دەسەڵاتدارانی ڕووس هەستیان بە ترسێکی زیاتر دەکرد لەو زمانەزبرە و ڕەفتارانەی لەلایەن یەکێک لە پێداگرترین ئیدارەی ئەمەریکی، کە لە دوو دەیەی ڕابردووەوە ڕووبەڕوویان بووەتەوە. بەرپرسانی بەرگریکردن لە سۆڤیەت بە ئاگاییەکی زۆرەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ توانا و نیەتی ڕکابەرە سەرەکییەکەیان دەکرد. دواتر ترسیان هەبوو لە ئەگەرێک: ئەویش هەوڵێکی ئەمەریکا لە پەرەپێدان بە تواناکانی و وەشاندنی گورزێکی

وێرانکەر دژی شوێن و پێگەکانی هەڵدانی مووشەک و ناوەندەپیشەسازییەکانی سۆڤیەت. ئەو گومانانە زیاتریش بوون، کاتێک ڕێگان لە مارسی ساڵی 1982 پێشنیازی ستراتیژی ڕاگەیاند. چونکە لە وتارێکیدا ڕایگەیاند: (بریاری داوە هەوڵێکی چڕوپڕ بدات بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی جەنگی ئەتۆمی) . ئەویش بە ڕێگەی پەرەدان بە دروستکردنی قەڵغانی بەرگری دژی مووشەکەکان. ڕێگان وێنەیەکی نموونەیی بۆ داهاتوویەکی خاڵی لە مەترسیی ئەتۆمی نیشاندا و وتی: (چی دەبێت ئەگەر ئازادیخوازەکان بتوانن بەبێ ترس بژین. بە جۆرێک، کە هیچ هەڕەشەیەک لەسەر ئاساییشیان نەبێت، ئەمەش بە کاردانەویەکی خێرای ئەمەریکی دێتەدی لەبەرامبەر هەرهێرشێکی دوژمنان. هەروەها ئێمە دەتوانین ڕێگە بگرین لە هەرمووشەکێکی بالیستیی ستراتیژی و تێکشکاندنی پێش ئەوەی بگاتە زەوییەکانمان، یان خاکی هاوپەیمانانمان؟).

زۆربەی شارەزایان پێیان وابوو، دروستکردنی قەڵغانێکی سەرتاسەری دژی مووشەکەکان لەڕووی تەکنەلۆژیاوە ناکرێت، کەچی پێشنیازەکەی سەرۆک ئاماژەی بە هەبوونی سیستمێکی بەرگریی سنووردار دەکرد. گەورەشارەزیانی وەک وەزیری بەرگری پێشوو ماکنمارا پێیوابوو سۆڤیەتییەکان ناهەق نین گەر وابزانن ویلایەتەیەکگرتووەکان هەوڵ دەدات بە ڕێگەی پێشنیازی بەرگریی ستراتیژی بتوانێت، پەرە بە تواناسەربازییەکانی

بدات و یەکەم گورز بوەشێنێت. ئەمە هەمان بۆچوونی سۆڤیەتییەکانیش بوو. یۆری ئەندربۆف، کە دوای مردنی برینجیف لە نۆڤەمبەری ساڵی 1982 سەرۆکایەتیی ڕووسیای کرد وتی: ( ئیدارەی ڕێگان بە ڕێگایەکی یەکجار مەترسیداردا دەڕوات. سەرۆکی پێشووی هەواڵگریی ڕووسیاش پێشنیازی بەرگریی ستراتیژی بە (هەوڵێک بۆ داماڵینی چەکی سۆڤیەتی) وەسف کرد.

لە نیوەی دووەمی ساڵی 1983 پەیوەندییەکانی سۆڤیەت و ئەمەریکا گەیشتە نزمترین ئاستەکانی. چونکە لە یەکەم ڕۆژی دیسەمبەری 1983 بەرگریی ئاسمانیی ڕووسی فڕۆکەیەکی مەدەنیی کۆریای خستەخوارەوە، کە لە ئەنکۆراج بالاسکا دەهات و چووبووە ناو ئاسمانی ڕووسیا بەبێ مەبەست . ئەمە بووە

هۆی کوژرانی 269 گەشتیار، لەوانەش 12 ئەمەریکی. ڕۆژی دواتر ڕێگان لەسەر شاشەکانی تەلەفزیۆنی نیشتمانی بەدیار کەوت و ئیدانەی ئەو کارەی کرد و بە (قڕکردنی فڕۆکەکەی کۆریا)ی، وەسفکرد. ایگەیاند، کە ئەوە تاوانێکی بێپۆزشە و دژی مرۆڤایەتییە. هەروەها ڕووداوەکەی بە کارێکی بەربەری و لەدایکبوو لە ڕەحمی کۆمەڵگەیەک، کە مافەکانی تاک فەرامۆش دەکات و ڕێز لە بەهاکانی مرۆڤایەتی ناگرێت. ئەو گومانە بێبیانووەی سۆڤیەت، گوایە ئەو فڕۆکەیە لە ئەرکی سیخوڕیدا بووە و دەرنەبڕینی هیچ پەشیمانییەک بەرامبەر ئەو کارەساتە،

هاوکات لەگەڵ کاردانەوە توندەکەی ئیدارەی ڕێگان، هەردووکیان وایانکرد پشێوییەکان زیاتر و ئاڵۆزتربن. ئەندربۆف، کە ئەوکاتە دۆخی تەندروستیی زۆر خراپ بوو. گومانی دەکرد، کە واشنتۆن بە عەقڵییەتێکی دوژمنکارانە کار دەکات. دوای ئەوە لە سەرەتاکانی نۆڤەمبەر هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی بەهۆی ترس و دڵەڕاوکێیان لە سۆڤیەت. دەستیانکرد بە مەشقپێکردنی سەربازانیان، تەنانەت گومانیان هەبوو، ئەوە تەنیا بەراییەکە بۆ وەشاندنی گورزێکی سەرتاسەری دژی ئەوان. کرملینیش فەرمانی بە سوپا کرد لە ئامادەباشیدا بێت. هەواڵگریی ئەمەریکا زانیاری هەبوو لەسەر توانای هەڵگرتنی کڵاوەی ئەتۆمی لەلایەن فرۆکەکانی سۆڤیەتەوە لە بنکەکانیان لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات. فەرماندەڕووسەکانیش فەرمانی ئامادەباشییان پێکراوە. بەتەواوەتی هاتبوونە ئەو بڕوایەی، کە ئیدارەی ڕێگان توانای هەڵگیرسانی جەنگێکی ئەتۆمیی خۆپارێزی هەیە. لە دیسەمبەریشدا نوێنەرانی سۆڤیەت لە دانوستاندنەکانی سنووردانان بۆ خۆپڕچەککردن کشانەوە لە ڤێنا. کە بەگشتی هیچ ئەنجامێکی نەبوو، چونکە ڕازی نەبوون بە بڵاوکردنەوەی مووشەکی بیرشنگ-2ی ئەمەریکیی نوێ و مووشەکی کروز لە ئەورووپای ڕۆژئاوا. بۆ یەکەمین جاریش دوای پانزە ساڵ نوێنەرانی دانوستاندنەکانی ئەمەریکا و سۆڤیەت لە هیچ بۆنەیەکدا لەگەڵ یەک نەکەونە گفتوگۆ.

کەچی سەرباری ئەو هەموو بەڵێن و زمانە زبرە و دابینکردنی بودجەی زەبەلاح، هێشتاش ئیدارەی ڕێگان هەوڵێکی زۆری دەدا تا خۆی لە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ ڕووسەکان لابدات. تەنیا لە ڕووداوێکدا نەبێت لە دورگەیەکی بچوک بە ناوی (گریندادا)ی سەر بە یەکێتیی سۆڤیەت لە ئۆکتۆبەری 1983. لەو ڕووداوە ویلایەتەیەکگرتووەکان هێزێکی (7) هەزار سەربازی ڕەوانەکرد بۆ داگیرکردنی دورگەکە و لەناوبردنی ڕژێمە قەومییە مارکسییەکەی ئەوێ، کە بەم دواییە هاتبووە سەر هەرەمی دەسەڵات. ئەو دورگەیە دەکەوتە کاریبی و بە ڕێگەی کودەتایەکی خوێناوی هاتبوونە سەر حکوم. لە هەمان کاتدا بۆ ڕزگارکردنی دەیان خوێندکاری زانکۆی پزیشکیی ئەمەریکی بوو، بەوپێیەی لە مەترسیدان. هێزەکانی ئەمەریکا گەمارۆی سوپای گرینادایان دا کە (600) سەرباز دەبوون لەگەڵ 636 کرێکاری کوبی. ئەم کارە بووەهۆی ناڕەزایەتییەکی زۆر لەناو خودی ویلایەتەیەکگرتووەکانیش. بەڵام یەکێک لەو ڕێچکانەی ڕێگانی پێ جیادەکرایەوە لەوانەی پێشووی خۆی، ئەوەبوو زۆرترین کاریگەربی ستراتیژیەتی جەنگی ساردی دروست کردبوو، ئەویش بە زیادکردنی یارمەتییەکان بۆ میلیشیاکانی دژی کۆمۆنیزم بەنهێنی. کە شەڕی ئەو ڕژێمانەی پێ دەکرد لە هەموو لایەکی جیهانی سێیەم، ئەوانەی لەلایەن سۆڤیەتەوە پاڵپشتیان لێدەکرا، هەروەها سەرکەوتوبوو لە سەپاندنی بیروباوەڕی ڕێگان.

ویلایەتەیەکگرتووەکان بە بەکارهێنانی یاخیبووە قەومییەکانی (ڕاسترەو) وەک جەنگاوەر، توانیی دەستی هێزەکانی سۆڤیەت لە دەوروبەری کەم بکاتەوە، بەتایبەتی ئەفغانستان و نیکاراگوا و ئەنگۆلا و کەمبۆدیا. لە وتارێکیشیدا لە یەنایەری 1985 ڕێگان وتی: (پێویستە بەڵێنەکانمان ببەینە سەر بۆ ئەوانەی ژیانی خۆیان خستە مەترسیەوە لە هەموو کیشوەرێک، لە ئەفغانستانەوە تا نیکاراگوا لەپێناو دوورخستنەوەی مەترسییەکانی سۆڤیەت). بەڵام ئەگەر واز لە گوتارە پڕجۆش و خرۆشەکان بهێنین بۆمان دەردەکەوێت، کە یەکێک لە هەوڵە هەرەدیارەکانی ئیدارەی ڕێگان بریتیبوو لە دوورخستنەوەی سەربازە ئەمەریکیی ەکان لەمەترسی، یان دوورکەوتنەوە لە هەربەریەککەوتنێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕووسیا.

### فشارەکان بۆ سەر هاوکێشەکان

ئەو سیاسەتە دوژمنکارانەی لە ئیدارەی ڕێگان گیرابووە بەر سەبارەت بە جەنگی سارد، ڕووبەڕووی ناڕەزایەتییەکی زۆر بووەوە. نەک تەنیا لەناو بازنەی دەسەلاتدارانی سۆڤیەت، بەڵکو لەناو ڕۆژئاواش. چونکە هاوبەشە سەرەکییەکانی لەناو هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی، قەبارەی بەشداریی خۆیان لەگەڵ ویلایەتەیەکگرتووەکان کەمکردووە. چونکە ئەو هەڵوێستە توندەی ئەمەریکایان بە هەڵوێستێکی یەکجار دوژمنکارانە و پڕمەترسی و زیادەڕۆیی دادەنا.

مێژوونووس دیڤد ڕینولدز دەڵێت: (نیوەی یەکەمی دەیەی هەشتاکان، ڕێچکەیەکی دوبارەبووەوەی بەخۆیەوە بینی. چونکە ئەمەریکا لە یەک کاتدا، لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت و هاوپەیمانە ئەورووپییەکانی هاوڕانەبوو) . ڕای گشتی لەناو ئەورووپا و خودی ئەمەریکاش، ناجێگیر بوو بەرامبەر بە ئەگەری ئەو دەرئەنجامە خراپانەی، کە جەنگی ئەتۆمی لێی دەکەوێتەوە، کە کتوپڕ سەری هەڵداوەتەوە و بە درێژایی نەوەیەکی تەواو بەردەوامی هەبووە. فشارەکانی ڕای گشتی دەیکرد، بۆئەوەی ئیدارەی ڕێگان بگەڕێتەوە بۆ سەر مێزی دانوستاندن لە نیوەی هەشتاکاندا، تەنانەت پێش ئەوەی ڕژێمەکەی میخائیل گۆرباتشیۆف پەیدا ببێت، کە نیەتی دانوستاندنی هەبوو.

بێگومان هەرلێکترازانێک لەنێوان هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی سەریهەڵدابووایە، شتێکی تازە نەبوو. چونکە ناکۆکی و جیاوازی لەنێوان هاوپەیمانان هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە بوونی هەبوو، لەسەر مەسەلەی کۆتاییهێنان بە ئیستعمار و سوێس و ڤێتنام و بەشداریی بەرگری و چەندین پرسی تر، کە کاریگەریی قووڵیان لەسەر جەنگی سارد هەبوو. بەڵام بەریەککەوتنەکانی نێوان ویلایەتەیەکگرتووەکان و هاوپەیمانە ئەورووپییەکان گەیشتە ڕاددەی لەیەکترازان لەماوەی سەرۆکایەتیی ڕێگان. پۆڵەندا یەکێک بوو لە سەرچاوە هەرەتایبەتەکەی ئەو ململانێیە. لە دیسەمبەری 1981 حکومەتەکەی ژەنەڕاڵ

(فویسیتخ یاروزیلسکی)، کە لەلایەن سۆڤیەتەوە پشتیوانیی لێدەکرا، باری نائاسایی بەسەر هاووڵاتیانیدا سەپاند و سەندیکای کرێکارانی سەربەخۆی هەڵوەشاندنەوە (چونکە کۆمۆنیست نەبوون)، کە بە سەندیکای یەکگرتن ناسرابوو. هاوپەیمانانی ئەورووپی بەرهەڵستی ئەمەریکایان کرد، لەسەر سەپاندنی سزایەکی قورس بەسەر مۆسکۆ لەسەر ڕەوانەکردنی هێزێکی سەرکوتکەر دژی پۆڵەندا. ئەوان پێیانوابوو دەبێت تەنیا گەمارۆیەکی سووک بخرێتە سەر پۆڵەندا.

ئیدارەکەی ڕێگان بەو کارەی ئەورووپیەکان تووڕەبوون و ڕەخنەیان گرت و بە وڵاتی بێبنەما وەسفیان کردن. هەروەها تاوانباریان کردن بەوەی، کە ئامادە نین بەرژەوەندییە بازرگانی و دەستکەوتەکانیان لەگەڵ کوتلەی ڕۆژهەڵات بخەنە مەترسییەوە. وەک فاکتەرێکی فشاردروستکردنیش، ئیدارەی ڕێگان ڕووداوەکانی پۆڵەندەیان بە بیانوویەک بەکارهێنا بۆ ئەنجامدانی (گرێبەستێک) بۆ دروستکردنی هێڵێکی غازی سروشتی لەنێوان سۆڤیەت و ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا. ئەمەش بووەهۆی پەیدابوونی ململانێیەکی زۆر لەنێوان ئەورووپا و ئەمەریکا.

بۆ درێژەدان بەو ڕێچکەیە ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەورووپی ڕازیبوون بە پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ دامەزراندنی هێڵێکی بۆری بە درێژایی 3500 میل. کە کێڵگە سروشتییەکانی غاز لە سیبریاوە بە بازاڕەکانی

ئەورووپا دەبەستەوە. ئەو پرۆژەیە، کە تێچووەکەی (15) ملیار دۆلار بوو، دەبووە هۆی کەمبوونەوەی پشتپێبەستنی ئەورووپا بە سەرچاوەکانی وزەی سروشتی بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ناجێگیر و پڕکێشە. لە هەمان کاتدا دەبووە هۆی بەهێزکردنی پەیوەندیی بازرگانیی لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەلی کار بۆ دانیشتووانی ئەورووپا دەستەبەر دەکات، کە بێکاری باڵی کێشاوە بەسەریدا. بەڵام بەهۆی ترسی ئەمەریکا، بەوەی کە ئەو هێڵە بۆرییە ببێتە مایەی ئەوەی هاوپەیمانانی ئەورووپا لەڕووی ئابوورییەوە پشت بە یەکێتیی سۆڤیەت ببەستن، واتای لاوازبوونی ئەمەریکا دەگەیەنێت. بۆیە ڕێگان بڕیاری قەدەغەکردنی فرۆشتنی تەکنەلۆژیای هێڵی بۆرییەکانی دا بە یەکێتیی سۆڤیەت، ئەمەش تەنیا دوای هەفتەیەک لە ڕاگەیاندنی باری نائاسایی بوو لە پۆڵەندە. لە مایۆی 1982 سەرۆک فشاری زیاتری کرد و فەرمانێکی دەرکرد بۆ هەموو کۆمپانیاکانی لە ئەورووپا کاریان دەکرد، بە هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم گرێبەستەکانی پەیوەست بە کاروباری هێڵی بۆرییەکان. ئەو کارەی ئەمەریکا بووەهۆی تووڕەبوونی سەرکردەئەورووپییەکان. وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا بەتووڕەییەوە ڕایگەیاند: ویلایەتەیەکگرتووەکان جەنگێکی ئابووری بەسەر هاوپەیمانانی دەکات و هۆشداری دا لەو بارەیەوە و وتی: (ئەوە سەرەتای کۆتاییهاتنی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسییە). هەروەها ڕاوێژکاری

ئەڵمانیی هیلۆمت کۆل بەتووڕەییەوە وتی: ئەو سیاسەتەی ئەمەریکا لە هەموو ڕوویەکەوە ئامادەژەیەکە بۆ کۆتاییهێنان بە پەیوەندیی دۆستایەتی و هاوڕێیەتی و هاوبەشیمان). تەنانەت مارگریێت تاتچەری سەرۆکوزەیرانی بەریتانیای مەزن، کە دڵسۆزترین هاوپەیمانی ئەمەریکا و زیاتر لە هەموو سەرۆکێکی سیاسیی ئەورووپی دوژمنایەتیی کۆمۆنیزمی دەکرد. بەهۆی پێداگری ڕێگان وتی: مەسەلەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا تەنیا یەک دەوڵەتی بەهێز دەتوانێت ڕێگە لەو گرێبەستانە بگرێت، پێیشم وایە ئەوە کارێکی هەڵەیە).

دواتر ئیدارەی ڕێگان پاشگەزبووەوە لەو هەنگاوە و لە نۆڤەمبەری ساڵی 1982دا، و دوای شەش مانگ لە دانوستاندن، ئەمەریکا دەستی لە سیاسەتی سزادان هەڵگرت. ئەو هەڵوێستەشی دروستکەرانی سیاسەتەکانی لە واشنتۆن دڵنیاکردەوە لەسەر دوودڵیی ئەورووپای ڕۆژئاوا لە تێکشکاندنی ڕێککەوتنی ئەورووپی و سۆڤیەت، کە لەلای جەماوەریشەوە پێشوازی لێکرا و سوودێکی ئابووریی زۆریشی دەگەیاند. بۆیە سەرباری کۆتاییهاتن بە ڕێککەوتنی ئەمەریکی ـ سۆڤیەتی کەچی ئەورووپیەکان پارێزگارییان لەو هەلە کرد و بگرە فراوانتریش کرا. لە سەرەتای هەشتاکانیشدا نزیکەی نیو ملیۆن پیشە لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بەند بووبوو بە بازرگانیکردن لەگەڵ ڕۆژهەڵات. جگە لەوەش گرێبەستی بۆرییە غازییەکان وەک نیعمەتێک وابوو، کە لە ئاسمانەوە بۆ وڵاتانی

ئەورووپی هاتبێت، ئەوانەی پێویستیان بە وزە هەبوو. بۆیە دبلۆماتکار و سیاسی و بازرگانەکان دەیانپرسی: بۆچی واز لەو کارە بازرگانییە پڕدەستکەوتە هەڵبگرین لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت؟ تەنیا بۆ ڕازیکردنی هاوپەیمانێک، کە بەم دواییانە خۆی دانەوێڵەی بە یەکێتیی سۆڤیەت فرۆشتووە، چونکە پابەندبوو بە بەڵێنێک لەبەرامبەر جووتیارانی ئەمەریکی. ئەورووپییەکان بەو ڕەفتارەی ئەمەریکا بێزاربوون. بە مانایەکی تر، پلاندەرانی بەرگریی ئەورووپی هەڕەشەکانی سۆڤیەتیان بەو شێوەیە نەدەبینی، وەک ئەمەریکییەکان.

بڵاوکردنەوەی نەوەی نوێ لە مووشەکی ئەتۆمیی کورتمەودای ئەمەریکی لە ئەورووپای ڕۆژئاوا، ببوە مەسەلەیەکی هەستیار لەنێوان ویلایەتەیەکگرتووەکان و ئەورووپییەکان. چونکە ئەو کارە تەنیا نەبووەهۆی لەیەکترازانی ئەمەریکا و حکومەتە ئەورووپییەکان، بەڵکو بووەهۆی لەیەکترازانی هەندێک حکومەت و گەلەکانیان. کێشەکە لە ساڵی 1977 دەستیپێکرد، کاتێک ڕووسەکان مووشەکی جووڵاویان لە بنکەکانیان لە وشکانیدا جووڵەپێکرد لە جۆری ئێس ئێس 20 لە بەشەکە ئەورووپییەکەی ڕووسیا، کە زۆربەیان ئاراستەکەیان بەرەو ئەڵمانیا بوو. سەرەتا ئیدارەی ترومان پێشنیازی کرد، بڵاوکردنەوەی چەکە نوێیەکەی سۆڤیەت بە تیشکێک وەڵام بدرێتەوە، کە پێیدەوترا

(بۆمبی نیوترۆنی). بەڵام لە ساڵی 1978 کارتەر بڕیاری بەکارنەهێنانی ئەو بۆمبەی دا، ئەمەش بووە هۆی پەیدابوونی مشتومڕێکی زۆر و تـوڕەبـوونـی ڕاوێـژکـار (شمیدت) چونکە نیگەران ببوو لە نەبردنەسەری بەڵێنەکان لەلایەن ئەمەریکاوە. دوای دوو هەفتەش لە داگیکردنی ئەفغانستان، ئینجا هاوپەیمانانی باکووری ئەتڵەسی بڕیاری ڕەوانەکردنی (572) مووشەکی بیرشنگ 2و، مووشەکی کروزیان دا بۆ ئەڵمانیا و بەریتانیا و ئیتاڵیا و بەلژیکا و هۆڵەندە. کە لە بنەڕەتدا هۆکارەکەی نەناردنی بۆمبی نیۆترۆن بوو. بەڵام ئەو بڕیارەش مەرجێکی لەگەڵدا بوو، ئەویش پابەندبوون بوو بە برەودان بە وتووێژەکانی سنووردانان بۆ خۆپڕچەک کردن لەگەڵ سۆڤیەت، کە ئامانج لێی بەدیهێنانی پارسەنگێک بۆ چەکی ئەتۆمی لە ئەورووپا، کە بە (ڕێچکەیەکی تێکەڵاو) نـاونـرا، جـا ئـەگـەر ئـەو کـارە سـەربـگـرێت وەک ئـەوەی ئەورووپییەکان ئومێدیان دەکرد، ڕەنگە وتووێژەکان زیاتر بەردەوام بن لەسەر پرۆسەی بڵاوکردنەوەی مووشەکەکانی ئەمەریکا بەڵێنی پێداوە. چونکە دوای هاتنی ڕێگان بۆ سەر حوکم بەڵێنیدا پەرە بە بڵاوکردنەوەی هێزی ئەتۆمی بدات. بەڵام بەهۆی پڕوپاگەندە زۆرەکانی لەسەر ڕێککەوتنەکانی سنووردانان بۆ خۆپڕچەککردن، مانای ئەوەی دەگەیاند، کە وتووێژەکان هیچ ئەنجامێکی نابێت.

بڵاوکردنەوەی چەکی ئەتۆمی لەسەر خاکی ئەورووپا و ئەو چەقبەستنەی لە پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و سۆڤیەت هەبوو، لەگەڵ وتارەتوندەکانی دژ بە کۆمۆنیزم لەلایەن کۆشکی سپییەوە، هەموویان وایان کرد پێشبڕکێی چەکی ئەتۆمی ببێتە جێگەی بایەخی گەلانی جیهان. پاشان بڵاوکرنەوەی مووشەکی بیرشینگ و کروس، بوونە هۆی دامەزراندنی بزووتنەوەیەکی ئاشتیی چوارچێوە فراوان لە سەرتاسەری ڕۆژئاوای ئەورووپا، چونکە لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا هەرزوو (پڕۆژەی کریفلید) لە نۆڤەمبەری 1980 لەلایەن گرووپە ئایینی و سیاسییەکانەوە پێشکەشکرا. کە زیاتر (دوو ملیۆن و نیو) واژۆی لەسەر کرابوو، بۆ پشتیوانیکردن لەسەر ڕستەیەک ئەویش (مردنی ئەتۆمی هەڕەشە لە هەمووان دەکات، نا بۆ چەکی ئەتۆمی لە ئەوروپا). لە ئۆکتۆبەری 1981 ملیۆنان کەس بەشداریان کرد، لە ڕێپێوانی دژ بە بڵاوکرنەوەی مووشەکی ئەمەریکی و سۆڤیەتی. لە هەریەک لە بۆن و لەندەن و ڕۆما ڕێپێوانی گەورە ڕێکخران و زیاتر لە دووسەدوپەنجا هەزار کەس بەشداربوون. لە مانگی دواتریش نیو ملیۆن کەس بەشداریان کرد لە ڕێپێوانێکی ناڕەزایی لە ئەمستردام، کە گەورەترین ریپێوانی بەکۆمەڵ بوون لە

مێژووی هۆڵەندا. ڕێگان وەک ئەوەی بەنزین بەسەر ئاگردا بکات بێئەوەی هەستی پێبکات، کاتێک لە وەڵامی ڕۆژنامەنووسێکدا وتی: بۆردومانکردنی یەکتری بە چەکی ئەتۆمی لە مەیدانی جەنگدا ڕەنگە ڕووبدات، بەڵام لەوانەیە پێویست نەکات هەردوو زلهێزەکە لێکتر بدەن. ئەو وتانەی ڕێگان بوونە مانشێتی ڕۆژنامەکان و بووەهۆی ورووژاندنی هەستی ئەورووپیەکان، لەبەرئەوەی ئەورووپا دەبووە مەیدانی ئەو جەنگەی ڕێگان ئاماژەی پێکردبوو. کاتێکیش سەرۆکی ئەمەریکا سەردانی فەرەنسا و ئەڵمانیای ڕۆژئاوای کرد لە یۆنیۆی 1982 خۆپیشاندان ئەنجامدرا، وەک گردبوونەوەیەکی ئاشتییانە بۆ زیاتر لە 350 هەزار خۆپیشاندەران دژی چەکی ئەتۆمی، لەسەر کەناری ڕووباری ڕاین لە بۆن گردبوونەوە. هەروەها نزیکەی 100 هەزار خۆپیشاندەر لە بەرلینی ڕۆژئاوا، دوا خۆپیشاندانیش لەسەر قەدەغەکردنی ڕێپێوان و نارەزایەتییەکان لە کاتی سەردانەکەی ڕێگان، کە بووەهۆی بەرپابوونی ئاژاوەیەکی فراوان. لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1983، ملیۆنان ئەورووپی لە هەریەک لە شەقامەکانی لەندەن، پاریس، بۆن، هامبۆرگ، ڤیێنا، برۆکسل، لاهای، ستۆکهۆڵم، ڕۆما، دبلن، کۆبنهاگن و چەند شارێکی تری گەورە،

هەرچەندە بەرهەمێکی ئەوتۆی نەبوو، لەپێناو ڕێگەگرتن لە بڵاوکردنەوەی مووشەکی ئەتۆمی.

بزووتنەوەی ئاشتەوایی ئەورووپی پشتیوانییەکی زۆری لێدەکراو هەر لە سەرەتاکانی 1983 بەدواوە، دوو لە گەورەترین حیزبی ئۆپۆزسیۆن لە بەریتانیای مەزن و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ـ حیزبی کرێکاران و حزبی سۆسیال دیموکرات، دژی بڵاوکردنەوەی مووشەکی بیرشنگ و کرۆز وەستانەوە. چەندین سەندیکای کرێکاری و کڵێسا و گرووپی خوێندکاران لە سەرتاسەری ئەورووپای ڕۆژئاوا لە دژی مەسەلەی چەکی ئەتۆمی کەوتنەخۆ. بەپێی ڕاپرسییەک، کە ساڵی 1982 ئەنجامدرا، بزووتنەوەی ئاشتەوایی لە وڵاتانی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی بە ڕێژەی 55% بۆ 81% پشتیوانییان لێدەکرا. دوای پێداچوونەوە بە ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکەش، دانوستانکاری ئەمەریکی (بۆل نیتز) لە دانوستاندنەکانی سنووردانان بۆ خۆپڕچەککردن دەڵێت: (کێشەیەکی سیاسیمان لە ئەورووپادا هەیە).

ئیدارەی ڕێگان لەناوەوەش کێشەی سیاسی هەبوو. لە ئەنجامی هۆشیاربوونەوەی زیاتری گەل سەبارەت بە مەترسییەکانی جەنگی ئەتۆمی، گەورەترین بزووتنەوەی ئاشتەوایی لەدایکبوو لەدوای جەنگی ڤێتنام. هاوشێوەی ئەورووپای ڕۆژئاوا، کڵێساکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لەو بزووتنەوەیە. یانەی (ئەنجوومەنی جیهانی بۆ کڵێساکان)،

کە کاریگەرییەکی فراوانیان هەبوو، داوای ڕاگرتنی پێشبڕکێی خۆپڕچەککردنیان دەکرد. هەمان داواش لەلایەن قەشەکانی کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆمانی دەکرا، کە گرنگییان بە کاروباری سیاسی دەدا لە ویلایەتەیەکگرتووەکان. لە نامەیەکی 150 لاپەڕەیی قەشەکاندا لە ساڵی 1983 جەختیان لەو هەڵوێستەیان کردەوە و دەڵێن: (هەر لەو کاتەی مرۆڤایەتی خولقاوە، ئێمە یەکەمین نەوەین، کە توانای وێرانکاری و لەناوبردنی دروستکەری خودا بین). بەئاشکرا ناڕەزایەتیی خۆیان بەرامبەر سیاسەتی ئیدارەی ئەمەریکا ڕاگەیاند: (پێویستە ئەو هەوڵانەی بۆ ئاستبەرزیی ئەتۆمی دەدرێن، شەرمەزار بکرێن). دواتر زانستکار و پزیشکانیش چوونە پاڵ ئەو مشتومڕە و جەختیان لەسەر دەرئەنجامە خراپەکانی جەنگی ئەتۆمیی کارەساتبار کردەوە لەسەر مرۆڤایەتی. هەندێک لە زانایان باسیان لە (زستانی ئەتۆمی) دەکرد، کە لەگەڵ خۆی زۆربەی هەرەزۆری گژوگیا و ئاژەڵان لەناودەبات. بۆ ڕوونکردنەوەی کاریگەریی چەکی ئەتۆمی بۆ سەر شارێکی ئاسایی ئەمەریکی. کۆمەڵەی پزیشکان لەپێناو هەستکردن بە بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی هۆشداریان دا لە ئەگەری لێدانی گورزێکی ئەتۆمی لە ناوەڕاستی بۆستن بە بۆمبێکی یەک میگاتۆن. کە دەبێتەهۆی مردنی زیاتر لە یەک ملیۆن کەس و سڕینەوەی تەواوی ناوچەی ناوەڕاستی شارەکە. جگە لە لەرزاندن و خاپوورکردنی شەقامەکانی تر بەهۆی

تەوژمی تەقینەوەکە و کاریگەریی ئەو تیشکانەی لەگەڵیدایە. گۆڤاری دیترویت فری پرێس نیشانەیەکی سێرگرتی لەسەر شاری دیترویت دانابوو بە هاوپێچی ژمارەی یەک شەممەی گۆڤارەکە، لەگەڵ وتارێک لەبارەی ڕێژەی مردن و وێرانکاریی ترسناک، لە ئەگەری هێرشێکی ئەتۆمی بۆ سەر شارەکە. جگە لەوانەش، کتێبە پڕفرۆشەکەی جۆناسان شیل بەناوونیشانی چارەنووسی زەوی لە ساڵی 1982 پڕبوو لە وردەکاریی واقیعی و ترسناک لەسەر کاریگەرییەکانی جەنگی ئەتۆمی. کەچی یەکێک لە کاریگەرترین کار لەسەر ئەو بابەتە، فلمێکی تەلەفزیۆنی بوو، کە تۆڕی (ئەی بی سی) بەرهەمیهێنا بە ناوونیشانی (ڕۆژی دوایی). هەر لە یەکەم ڕۆژی پەخشکردنی زیاتر لە سەد ملیۆن ئەمەریکی سەیریان کرد، کە بە شێوەیەکی زیندوو وێنەی ئەو ژیانەی تۆمارکردبوو، کە دوای هێرشی ئەتۆمی لە شاری لۆرنس لە کەنساس چۆن دەبێت. ڕێگان هەستی بە بێزاری کرد بەهۆی ئەو کاریگەرییە ڕۆشنبیرییەی ئەو فیلمە دروستی کردووە، تەنانەت داوای لە جۆرج بی شولتز - وەزیری دەرەوە کرد، دوای فلیمەکە لەسەر تۆڕی (ئەی بی سی) دەربکەوێت بۆئەوەی هەلێک بدات، بۆ گۆڕینی کاردانەوەی جەماوەر.

کارکردن بۆ وەستاندنی بەرنامەئەتۆمییەکان لەنێوان ساڵانی 1983 و 1984 گەیشتە ترۆپک، ئەمەش بەرهەمی سیاسەتی هۆشیارکردنەوە بوو دژی چەکی ئەتۆمی لەنێو

گەلانی ئەمەریکا. لە دوانزەی یۆنیۆی 1982 نزیکەی یەک ملیۆن کەس لە سێنترالْ پارک لە نیۆریۆک، ڕێپێوانیان کرد بە مەبەستی وەستاندنی بەرنامەی ئەتۆمی، لە هەردوو وڵاتی زلهێز. تا ئێستاش ئەو خۆپیشاندانە بە گەورەترین خۆپیشاندان دادەنرێن لە مێژووی ئەمەریکادا. تەنانەت لەلایەن کۆنگرێسیشەوە پشتیوانی لێکرا. لە چواری مایۆی 1983 ئەنجوومەنی نوێنەران ڕەزامەند بوو، لەسەر وەستاندنی بەرنامەی ئەتۆمی بە زۆرینەی یەکلاکەرەوە بە (278) بەرامبەر بە (149) دەنگ. لە ڕاپرسییەکیشدا بە ڕێژەی 70% لەگەڵ وەستاندنی بەرنامەی ئەتۆمیدا بوون. ئەو ڕاپرسییە بەڵگەیەکی ڕوون بوو لەسەر ناڕازیبوونی ڕای گشتی بەرامبەر سیاسەتە سەربازییەکانی ئیدارەی ڕێگان، چونکە بەپێی ئەو ڕاپرسیە 50% هاووڵاتیانی ئەمەریکا پێیان وابوو ، ئەگەر سەرکردەکانیان ئەوەندە بە بونیادنانی هێزی سەربازییەوە سەرقاڵن، زیاتر سەرقاڵی دانوستاندن بن لەگەڵ سۆڤیەتییەکان، بێگومان وڵاتەکەیان پارێزراوتر و ئاسوودەتر دەبێت . کەچی تەنیا 22% لەگەڵ ئەو ڕایەدا نەبوون. هەر بە هەمان شێواز، دامەزراوەی گالوب لە دیسەمبەری 1983 ڕاپرسییەکی تری ئەنجامدا و تێیدا لە 47%ی ئەمەریکییەکان دەنگیان بەوە دابوو، کە ئیدارەی ڕێگان زیاتر گرنگی بە لایەنی سەربازی داوە، وەک لە ئاشتی.

دواتر بۆ ڕەواندنەوەی ئەو ترس و نیگەرانییەی هاووڵاتیان، ڕێگان دەستیکرد بە گۆڕینی زمانە زبرەکەی

لەسەر ئەو بابەتە لە سەرەتای ساڵی 1984. هەندێک لە نزیکترین سیاسییەکانی سەرۆک توانیان وا بکەن سەرۆک بێتە سەر ئەو بۆچوونەی کە پرسە سیاسییەکانی دەرەوە، یەکێکە لە گرنگترین بابەتەکان لای ئەمەریکییەکان لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، بۆیە گرتنەبەری سیاسەتێکی تر لەگەڵ سۆڤیەت، ڕەنگە هەلێکی تر بداتە هەڵبژاردنەوەی سەرۆک. وەزیری دەرەوەش شولتز سووربوو لەسەر دروستکردنی فشار لەپێناو دووبارە کۆبوونەوە لەگەڵ ڕووسەکان. پاشان لە وتارێکی بەهێزیدا لە یەنایەری ئەو ساڵە، سەرۆک ڕێگان چڵەزەیتوونی پێشکەشی مۆسکۆ کرد و ساڵی 1984 بە ساڵی (هەلی ئاشتەوایی) ناونرا. ڕێگان لە کۆتایی وتارەکەیدا، کە خۆی ڕەشنووسەکەی دانابوو، وێنەیەکی زیندووی بۆ دوو هاوسەری ئەمەریکی و سۆڤیەتی کێشا (جیم و سالی) و (ئیڤان و ئانیا)، کە زۆر تامەزرۆی بەرپابوونی ئاشتی دەکەن لە هەردوو وڵات.

لە بیستوچواری سێپتەمبەر، لە ناوەڕاستی هەڵمەتی هەڵبژارنەکاندا، ڕێگان لە بەردەم کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان پێشنیازی دانانی میکانیزمێکی کرد، بۆ شێوەی کارکردنی ئەمەریکا-سۆڤیەت، تا هەردووکیان لەژێر چەتری وتووێژەکان لەبارەی چەکی ئەتۆمی کۆببنەوە و لەسەر سێ خاڵی گرنگ بگەنە ڕێککەوتنێک، کە یەکێکیان لەبارەی هێزی ئەتۆمیی کورتمەودا و ئەوی تر لەبارەی سنووردانان بۆ خۆپڕچەککردنی ستراتیژی. سێیەمیش چەکی دژە مانگە دەستکردەکانە.

**ئاگاداری ورچەکە بن**

یەکێک لە زۆرترین پڕوپاگەندە تەلەفزیۆنییەکانی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ڕیگاندا لە ساڵی 1984 نیشان دەدرا، بریتی بوو لە ورچێکی قاوەیی گەورە و شێوەترسناک، کە بەتوندی قاچەکانی دادەنا و هەموو لقەدارەکانی دارستانی دەپلیشاندەوە بە پێیەکانی و بە دەنگێکی پڕ لە ویقارەوە دەیوت:( ئەو ورچەی دارستانەکە، زۆر کەس بەئاسانی دەیبینێت، بەڵام هەندێک کەس بە هیچ شێوەیەک نایبینێت) . هەندێک دەڵێن ورچێکی ماڵییە، هەندێکیش دەڵێن مەترسیدارە و خراپە. جا لەبەرئەوەی نازانین کامەیان ڕاستە، کارێکی ژیرانە نییە ئەگەر وەک ئەو ورچە بەهێز بیت، تا خۆت بۆ بوونی ورچێکی وا ئامادە کردبێت. ئامانج لەو پڕوپاگەندەیە، وەبیرهێنانەوەی دەنگدەران بوو، کە ڕیگان ئامادە نییە ئاسایشی وڵاتەکەی بخاتە مەترسی و واز لەو کارە بهێنێت، لە کاتێکدا ورچە ڕووسییەکە بەهەوەسی خۆی دێت و دەچێت و نازانرێت بەتەمای چییە.

دوای ماوەیەکی کەم لە سەرکەوتنە مەزنەکەی ڕێگان لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ جاری دووەم، مۆسکۆ بەشداریکردنی لە دانوستاندنەکان لەژێر ئەو چوارچێوەیەدا پەسەندکرد. قوستەنین تشیرنینکۆ، کە بۆ پۆستی سکرتێری یەکەمی حیزبی شیوعی پاڵێورا لە ساڵی 1984 دوای مردنی ئەندربۆف، ڕازیبوو بە دەستپێکردنەوەی وتووێژەکان. وتووێژەکان لە مارسی 1985 دەستیان پێکردەوە، بەڵام هەرزوو گەیشتە بنبەست، بەهۆی دەستهەڵنەگرتنی ڕێگان لە بەرنامە بەرگرییەکەی دژی مووشەکەکان، چونکە سۆڤیەتییەکان تا ڕاددەیەکی زۆر بە هۆکاری ناسەقامگیریان دادەنا. هەر بەڕێککەوتیش دەستپێکردنەوەی وتووێژەکان هاوکات بوو، لەگەڵ پێشهاتێکی ناوخۆیی لە سۆڤیەت. کە لەدواییدا گەورەترین کاریگەری دروست کرد. پاش ساڵێک لە وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن تشیرنینکۆ، نەخۆش کەوت و گیانی لەدەستدا. لە جێگەی ئەو سەرکردەیەکی سۆڤیەت جڵەوی گرتە دەست، کە لە ڕەگوڕیشەوە ڕێچکەیەکی جیاوازی هەبوو لەوانی پێشووی خۆی.

### گۆرباچۆف و کۆتایی جەنگی سارد

دوای هاتنی میخائیل گۆرباچیۆف لە مارسی 1985 و وەرگرتنی پۆستی سکرتێری گشتیی حیزبی شیوعیی سۆڤیەتی، گرنگترین خاڵی گۆڕانکاری لە دواقۆناغی جەنگی

سارد دروستبوو، چونکە بووەهۆی کۆتاییهێنان بە جەنگی سارد و دوای ئەویش گۆڕانێکی ریشەیی لە پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و سۆڤیەتدا ڕوویدا.

سەرکردە ڕووسییەکە، کە تەمەنی 54 ساڵ بوو، سازشێکی گەورەی پێشکەش کرد، کە بووە مایەی ڕێککەوتن لەسەر کەمکردنەوەی هێزی ئەتۆمی لە کۆتایی هەشتاکان. دوایی زنجیرەیەک پێشنیاز و سازشی پێشبینینەکراو و تاکلایەنە. سەرکردەڕووسییەکە توانیی ئاراستەکانی پەیوەندیی سۆڤیەتی ئەمەریکی بەتەواوی بگۆڕێت. لەکۆتاییشدا بووەهۆی ڕزگارکردنی ویلایەتەیەککگرتووەکان لە دوژمنێک، کە بە درێژایی چلوپێنج ساڵی ڕابردوو، ڕێگەی لە پلانەکانی دەگرت. بێگومان بەبێ ئەو کەسە (ناوازەیە)، مەحاڵ بوو ئەو گۆڕانکارییە کەموێنانە بکرێن، کە لەنێوان ساڵانی 1985 و 1990 ئەنجامدران.

هەریەک لە گۆرباچیۆف و ئیدوارد شیفرنادزەی وەزیری دەرەوە، بیرۆکەی شۆڕشگێڕییان لەبارەی ئاسایش و چەکی ئەتۆمی و پەیوەندیی هەردوو وڵاتیان لەلا گەڵاڵە بوو. وەک چاکسازیی ناوەوە و دووبارەنوێکردنەوەی سۆسیالیزم. بەهۆی کاریگەربوونیشیان بە ژینگە فیکرییەکەی یەکێتیی سۆڤیەت و بوونی کێشە لە بەشێکیدا، لەسەر دەستی زانا و پسپۆڕ و شارەزایانی سیاسەتی دەرەوە، ئەوانەی پەیوەندییەکیان بە هاوتا ڕۆژئاواییەکانیان هەبوو. گۆرباچیۆف و شیفرنادزە بیرۆکەی نوێیان خستە

ناو بازنەی سەرکردایەتییە میانڕەوەکەی کرملین و گفتوگۆ وەستاوەکەی نێوان ئەمەریکاو سۆڤیەت ئەناتولی چشیرئیڕ نایف، یاریدەدەری گۆڕباچیۆف لەبارەی سەرۆکەکەی دەڵێت: هەڵسەنگادنەکانی من بۆ ئەو، بڕیاریدابوو بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە و بە هەرجۆرێک بێت کۆتایی بە پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن بهێنێت. جا لەبەرئەوەی دەیزانی ئەو هەنگاوە هیچ مەترسییەکی تێدا نییە، بۆیە ئەنجامیدا، چونکە ئەو باش دەیزانی ئەگەر ئێمە دەست لە چەکەکانمان هەڵبگرین، ئەوا ئەمەریکا پەلامارمان نادات. هەروەها پێی وابوو لەپێناو بونیادنانی وڵات لەسەر بنەمایەکی پتەو و تۆکمە، بۆیە دەبێت ئەو بارە قورسەی سەرشانمان سووک بکەین، کە بووەتەهۆی هەڵمژینی تواناکانمان و قورسکردنی باری ئابووریمان. (ئەو لەبەرگرتنەوە و چەندی تریش، لەگەڵ ڕاڤەکارییەکانی لەو بەشەدا پێشکەش کراون، لە وتارێکی بڵاونەکراوەی نووسەر "بی لفلر"ە بەناوونیشانی سەرەتای کۆتایی و ڕۆژگار و ڕێچکەی جەنگی سارد لە کتێبی جەنگی سارد لە هەشتاکاندا نووسینی ئولاف نیولستاد.

هەریەک لە گۆرباچیۆف و شیفرنادزە گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی، کە پێشبڕکێیەی خۆپڕچەککردن تەنیا زیان بە وڵاتەکەیان دەگەیەنێت و هیچ شتێک بۆ ئاساییشی دەوڵەت دەستەبەر ناکات، بەڵکو بووەتە هۆی قورسکردنی

ئابوورییە لەرزۆکەکەی وڵات. شیفرنادزە دەڵێت:( ئەو بیرۆکە تەقلیدییانەی هەر لە کۆنەوە کاریان پێکرابوو بۆ ئاساییشی نەتەوەیی. وەک بەرگریکردن لە وڵات دژی هەڕەشە سەربازییە دەرەکییەکان، کە بەهۆی گۆڕانکارییە بونیادی و هەمەجۆرەکانەوە لە شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا لەرزۆک ببوون. ئەمەش بەهۆی ڕۆڵە بەرچاوەکەی تەکنەلۆژیا و پشتبەستنی وڵاتانی جیهان بە یەکتری لەڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و زانستییەوە). گۆرباچیۆف جەختی لەوە کردەوە، کە ئاساییشی ڕاستەقینە بە فاکتەرە سەربازییەکان دەستەبەر نابێت، بەڵکو بە فاکتەرە سیاسییەکان دەبێت. پشتبەستن بە یەکتری لەنێو وڵاتانی جیهان زۆر گرنگە، تەنانەت گەلانی جیهانی ئێستا وەک کۆمەڵەکەسێک وان، کە بە شاخێکدا هەڵدەگەڕێن و بە پەتێک بەیەکەوە بەستراونەتەوە، بۆیان هەیە بەیەکەوە سەرکەونە سەر لووتکەکە، یان بەیەکەوە بکەونە خوارەوە.

لە بۆنەیەکی تریشدا دەڵێت : (هەرهەوڵێک بۆ ئاستبەرزیی سەربازی واتە : خولانەوە لەناو بازنەیەکی بۆشدا). دواتر بەهۆی باوەڕی تەواوی هەریەک لە گۆرباچیۆف و شیفرنادزە، کە هیچ کەسێکی ئاقڵ، یان دەوڵەتێکی ئاقڵ، چەکی ئەتۆمی بەکارناهێنێت و یەکێتیی سۆڤیەتیش خاوەن جبەخانەیەکی زۆری چەکی ئەتۆمییە، کە پێیوابێت بتوانێن پارێزگاری لە قەومییەتی خۆی بکات.

هەردوو سەرکردە پێیانوابوو ئامانجە سەرەکییەکەی سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەت پێویستە بۆ هاندانی کەمکردنەوەی چەکی ئەتۆمی بێت لەگەڵ ئەمەریکا. باوەڕیانوابوو ئەو کارە دەبێتە هۆی دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار و ئارامتر. لە هەمان کاتیشدا سەرچاوەی پێویست دەستەبەر دەکات، بۆ چاکسازیی ناوخۆیی، کە زۆر دواکەوتووە و دۆخێکی قەیراناوی لەناو وڵاتەکەیان دروستکردووە. بەمەش هەردوو سیاسەتە ناوخۆییەکەی گۆرباچیۆف و (بیروسترۆیکا - بونیادنانەوە) و (گلاسنوست - کرانەوە). بە شێوەیەکی توندوتۆڵ بەندبوو بە سەرەتای پێداگریکردنی ئەو بۆ وەستاندنی پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن لەگەڵ ویلایەتەیەکگرتووەکان و کۆتایهێنان بەو دوژمنایەتییە ژەهراوییەی نێوان هەردوو زلهێز.

ئەو ڕووداوە یەک لەدوای یەکانەی نێوان ساڵانی 1985 و 1990 ڕوویاندان وایکرد دروستکەرانی سیاسەتەکانی حکومی و شارەزایانی سیاسەتی دەرەوە، هاووڵاتیانی ئاساییش لە سەرتاسەری جیهان تووشی شۆک بکات. بەڵام وەک چۆن ئێستا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، ئەو ڕووداوانە پەیوەستبوون بە بیرۆکە نوێیەکەی گۆرباچیۆف لەگەڵ ویلایەتەیەکگرتووەکان و ئەورووپای ڕۆژهەڵات و هەموو جیهانیش بەگشتی، لەڕووی ئاساییش و چەکی ئەتۆمی و پێداویستییە ناوخۆییەکان.

ڕۆناڵد ڕێگان، کە لە هەموو سەرۆکەکانی تری ئەمەریکا

زیاتر رقی لە کۆمۆنیزم بوو لە سەردەمی جەنگی سارد، بینیی فەرماندەیەکی سۆڤیەتی زۆر بەئاسانی ڕازی بووە سنوورێک بۆ خۆپڕچەککردن دابنێت و بەرەو (داماڵینی ئایدیۆلۆژیەتی) سیاسەتی دەرەوەی مۆسکۆ دەچێت. هەروەها تاکلایەنە سازش دەکات لەبارەی هێزەچەکدارەکان. بەڵێنیشی داوە بۆئەوەی ڕاستگۆیی خۆی دەربخات هێزەکانی سۆڤیەت لە ئەفغانستان بباتە دەرەوە. سەرەتا ڕێگان ئامادەی کەمکردنەوە بوو، پاشان بەتەواوی دەستی هەڵگرت لەو بیروباوەڕە قووڵەی دەربارەی سروشتە خراپەکەی سۆڤیەت. دواتر ڕێگەی دا بە نزیکبوونەوە.

ئەو دوو سەرکردە لەنێوان ساڵانی 1985 و 1988 پێنج جار یەکتریان بینی و پەیوەندییەکانیان پتەوتر بوو، چونکە دوای کۆنگرەی جنێڤ لە نۆڤەمبەری 1985 نزیکبوونەوەیەک ڕوویدا، بەڵام بووەهۆی باشترکردنی کەشوهەوای پەیوەندییەکان و گۆرباچیۆف توانیی ڕێگان ڕازی بکات تا ئامادەی کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی ڕێکافیک بێت لە ئایسلەندا لە ئۆکتۆبەری 1986. لەوێ، هەردوو سەرکردە زۆر نزیکبوونەوە لەسەر بڕیاردان بە لەناوبردنی سەرجەم چەکە ستراتیژییەکان، بەڵام لەکۆتاییدا پێداگریی ڕێگان لەسەر برەودان بە چەکی بەرگریی ستراتیژی، وایکرد سەرکردە ڕووسییەکە چەند پێشنیازێکی بێوێنە لەسەر مێزی گفتوگۆکان بکشێنێتەوە، بەڵام ئەو شکستە کاتی بوو، چونکە دوای ماوەیەکی کەم گۆرباچیۆف وازی

لە پێداگریی خۆی هێنا لەسەر ئەو بابەتە و (هەڵبژاردەی سفر)ی پەسەند کرد، کە لەلایەن نوێنەرانی ئەمەریکا پێشنیاز کرابوو. ئەو کاتە تەنیا فیلێکی ئەمەریکییەکان بوو بۆ نیشاندانی لایەنی ئیجابیی ئەمەریکا.

سازشکردنەکانی گۆرباچیۆف، وایکرد پەیماننامەی هێزی ئەتۆمیی کەممەودا ئەنجام بدرێت، کە لە دیسەمبەری 1987 لە واشنتۆن واژۆی لەسەر کرا. ڕێگان ڕاهاتبوو هەمیشە لە وتارەگشتییەکاندا وتەیەکی ڕووسی بەکار بهێنێت، کە دەڵێت : (doveryai no proveryai ــ واتا متمانەم پێ بکە، بەڵام لێی بکۆڵەرەوە).

سەرکردەڕووسییەکە ڕوئیایەکی شکۆمەندانەی پێشکەش کرد کاتێک وتی: (هەشتی دیسەمبەر لە کتێبەمێژووییەکاندا باسی لێوەدەکرێت، چونکە ئەو مێژووە هێڵێکی جیاکەرەوەی نێوان سەردەمی مەترسییەکی گەورە لە جەنگی ئەتۆمی و سەردەمی کۆتاییهاتن بە کۆنتڕۆڵی سەربازی لە ژیانی مرۆڤایەتی تۆمار دەکات) ..

ئەو پەیماننامەیە، کە هەرزوو لەلایەن ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکاوە پەسەند کرا، وایکرد 1846 چەکی ئەتۆمیی سۆڤیەتی و 846 چەکی ئەتۆمیی ئەمەریکی لە ماوەی تەنیا سێ کاتژمێر لەناو ببرێن. هەروەها هەردوولا ڕێگەیاندا بە پرۆسەی پشکنینی شوێن و کارگە ئەتۆمییەکان. بۆ یەکەم جار لە سەردەمی ئەتۆمدا، هیچ جۆرە چەکێکی ئەتۆمی جیا نەکرایەوە، بەڵکو هەمووی

لەناوبردران. سەردانەکەی ڕیگانیش بۆ مۆسکۆ لە بەهاری ساڵی 1988 ئەوەندەی تر پەیماننامەکەی بەهێزتر کرد و جەخت لەسەر گۆڕانکارییەکان کرایەوە لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولایان. بەڕوونی دیاربوو هەردوو سەرکردە زلهێزەکە وەک دوو هاوبەشی یەکتر مامەڵە دەکەن، نەک وەک دوو دوژمن. تەنانەت سەرۆکی ئەمەریکا وێناکردنە کۆنەکانی لەسەر یەکێتیی سۆڤیەت لادابوو. بەوەی، کە ئیمپراتۆریەتی خراپەن، چونکە کاتێک پەیامنێرێک پرسیاری لێکرد، گەر تا ئێستاش بەو شێوەیە بیر لە یەکێتیی سۆڤیەت دەکاتەوە؟ لە وەڵامدا وتی: نەخێر، من باسم لە کاتێکی تر و سەردەمێکی تر دەکرد. پێش جێهێشتنی مۆسکۆش لە لێدوانێکیدا ڕیگان داوای لە گۆرباچیۆف کرد بە گەلی سۆڤیەتی ڕابگەیەنێت، کە من و نانسی خێزانم و گەلی ئەمەریکاش چ هەستێکی دۆستانەمان هەیە. هەروەها ئومێدی خۆی دەربڕی لەسەر دەستپێکردنەوەی سەردەمێکی نوێ لە مێژووی مرۆڤایەتی. سەردەمی ئاشتی لەنێوان وڵاتان و تاکەکانیش. بێگومان وێنەکانی ڕیگان و گۆرباچیۆف لەگەڵ یەک و دەست لەناو دەست لە گۆڕەپانی سوور، کاتێک کە سەرۆکی ئەمەریکا چەند وتەیەکی بۆ خوێندکارانی زانکۆی حکومی مۆسکۆ دا لە بەردەم پەیکەرەکەی خودی لینین خوێندەوە، ڕاددەی ئەو گۆڕانکارییە کەموێنەیەی نیشان دەدا.

لە دیسەمبەری ساڵی 1988 گۆرباچیۆف بۆ دیدەنیی

ڕێگان سەردانی ئەمەریکای کرد. لە هەمان کاتیشدا بۆ وتووێژکردن لەگەڵ سەرۆکی هەڵبژێردراو جۆرج بۆشی باوک و یەکترناسین. سەردانەکەی گۆرباچیۆف هاوکات بوو لەگەڵ گوتارێکی لە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان و تێیدا نیەتی خۆی ئاشکرا کرد لەسەر کەمکردنەوەی تاکلایەنەی هێزی چەکی ئەتۆمیی سۆڤیەتی. ئەویش بە کەمکرنەوەی 500 هەزار سەرباز. لە سەروتارێکی ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمزدا بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە باس لەو بابەتە کرابوو، ڕەنگە تا ئێستا هەر لەدوای پێشکەشکردنی چواردە خاڵەکەی وورد ویلسۆن پێشکەشی کرد لە 1918، یان ئەو کاتەی فرانکلین رۆزفلت و ونستون چەرچڵ پەیماننامەی باکووریان ڕایگەیاند لەساڵی 1941، کەسایەتییەکی جیهانی بەو ڕوئیایەی گۆرباچیۆف دوێنێ دەریخستووە لە نەتەوەیەکگرتوەکان نەبووبێت). پێشنیازەکەی گۆرباچیۆف بووەهۆی کەمکردنەوەیەکی زۆری وجودی سۆڤیەت لە ئەورووپا. لە زنجیرەیەک لێداوانی ئاشکرا و نهێنیدا ئاماژەی بەوەدا، کە سەرکردایەتیی کرملین دەستبەرداری بیروباوەڕی برینجیف بووە. تەنیا ئەو کاتە هێز بەکاردەهێنێت گەر پێویستی کرد بۆ پاراستنی هەژموونی خۆی بەسەر هەموو دەوڵەتێکی ئەندام لە هاوپەیمانیی وارشۆ.

شلکردنەوەی هێز و بازووی سۆڤیەت، هاووڵاتیانی

ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی گەشاندەوە، بەڵام شیوعییەکان هەستیان بە ترس کرد، هەرزوو ژمارەیەک شۆڕشی دیموکراسیی جەماوەریی ڕژێمە شیوعییەکانیان لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات لادا. سەرەتا لە پۆڵەندە لە ناوەڕاستی 1989. دواتر کۆتاییهاتنێکی توندوتیژانە بە ڕژێمەکەی نیکۆلا تشاوشیکۆ لە ڕۆمانیا. بەڵام یەکێک لە دیارترین ڕووداوەکان، کە نیشانەی داڕمانی ڕژێمە کۆنەکان بوو، ڕووخاندنی دیوارەکەی بەرلین بوو لە نۆڤەمبەردا. ئەو دیوارە بێدەنگە بەناوبانگە، کە درێژییەکەی (29) میل بوو، نەک تەنیا ڕەمزی دابەشکردنی پایتەختە کۆنەکەی ئەڵمانیا بوو، بەڵکو نیشانەی دابەشکردنی هەموو ئەورووپا بوو. بۆیە لەگەڵ ڕووخاندنی دیوارەکە، دابەشبوونی ئەورووپاش لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا کۆتاییهات.

ئەناتولی چشیرناییف لە یاداشتنامەکەیدا دەڵێت: لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی سەرتاسەریی سۆسیالیزم، وەک دیاردەیەکی جیهانی بەڕێوەچوو، هاوڕێیەکی ئاسایی لە ستافروبۆل ئەو پرۆسەیەی خێراتر کرد). بۆ دڵخۆشکردنی ئیدارەی (بۆش)یش، حەکیمانە مامەڵەی لەگەڵ ئەو دۆخە کرد.

لە چەند ڕوویەکەوە ڕووخاندنی دیوارەکەی بەرلین و ئەو داڕمانەی بەدوای خۆیدا هێنای، نەک تەنیا بۆ حکومەتە شیوعییەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، بەڵکو بۆ ئەو سیستمەی هاوپەیمانیی وارشۆی لەسەر بونیادنرابوو،

مانای کۆتاییهاتن بوو بە جەنگی سارد. ململانێ ئایدیۆلۆژییەکە کۆتاییهات و چیتر نە کۆمۆنیزم و نە دەوڵەتی سۆڤیەت جێگەی مەترسی بوون لەسەر ئاساییشی نەتەوەیەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی. پاشان: زۆرێک لە چاودێران ساڵی 1989 بە ساڵی کۆتاییهاتنی جەنگی سارد دادەنێن، بەڵام تا ئەو مێژووە، ئەڵمانیا خاڵی سەرەکیی ناکۆکییەکان بوو. جگە لەوەش ئەو پرسە بە هەموو گرنگی و ئاستەنگەکانییەوە، کە سەرەتا لەیەکترازانی سۆڤیەت و ئەمەریکا بوو.

هەر دوای ڕووخاندنی دیوارەکەی بەرلین هیلمۆت کولی ڕاوێژکار، فشاری دروستکرد بۆ یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا. ئەمەش وایکرد کرملین بکەوێتە ناو کێشمەکێشی ستراتیژییەوە. هەرچەندە گۆرباچیۆف بڕیاریدابوو، کە ئاساییشی یەکێتیی سۆڤیەت بەند نییە بە پاراستنی ڕژێمەکانی سەر بە ئەورووپای ڕۆژهەلات، بەلام دۆخی ئەڵمانیا جیاواز بوو، چونکە ئەڵمانیای دابەشکراو ڕەگەزێکی جەوهەری بوو لە سیاسەتی ئەمنیی سۆڤیەت هەر لە سەردەمی ستالینەوە. شیفرنادزە دەڵێت: باجێکی زۆرمان دابوو لەسەر ئەوە، کۆتاییپێهێنانیشی تەنیا بە حبری قەڵەمێک هەرگیز وێنا ناکرێت. یادەوەرییەکانی جەنگ زۆر بەهێزتربوون لە چەمکە نوێیەکانی دەربارەی ئاساییشی سنوورەکانمان). بەلام لەکۆتاییدا، گۆرباچیۆف لە ناوەڕاستی 1990 حەتمییەتی دووبارەیەکگرتنەوەی

ئەڵمانیای پەسەندکرد. سەرکردەکەی ڕووسیا، کە بەنیازی بەکارهێنانی هێز بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەسەلەیە، کەچی دڵخۆشیی خۆی بەوە دایەوە کاتێک بۆش جەختی لەوە کردەوە، کە ئەڵمانیا بەشێکی جیانەکراوەیە لە سیستمی ئەمنیی ڕۆژئاوایی. گەورەترین ترسی گۆرباچیۆف ئەوەبوو، کە ئەڵمانیای ئازاد و دەستکراوە و خاوەن توانایەکی زۆر، دووبارە لە داهاتوودا هەڕەشە لەسەر ئاساییشی ڕووسیا دروست بکات. بێگومان هەمان ترس لەپشت سیاسەتەکەی ستالینیشەوە هەبوو لەبەرامبەر کێشەی ئەڵمانیا لەمیانەی جەنگی جیهانی دووەم. بەڵام تۆمارە دیموکراسییەکەی ئەڵمانیا بە درێژایی چوار دەیە، ئەو ترسانەی ڕەواندەوە. پێداگریی ئەمەریکاش لەسەر مانەوەی ئەڵمانیا وەک بەشێک لە هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی، نەک سەربەخۆ، هاوکات بوو لەگەڵ ئەو تۆمارەی لە ئاشتی و سەقامگیری و حوکمێکی حەکیمانە و دیموکراسی، ئەمانە یارمەتیدەربوون بۆ ڕەواندنەوەی ترسەکانی گۆرباچیۆف.

بە هاتنی هاوینی ساڵی 1990، سۆڤیەتییەکان و ئەمەریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا، ڕازی بوون بە یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا وەک وڵاتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەری و بەشێکی جیانەکراوە لە هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی. هەروەها هێزەکەی ئەڵمانیا وەک بەشێک لە

هاوپەیمانیی ڕۆژئاوا بەردەوام بێت. بەمەش یەکێک لە ترسە هەرەگەورەکەی بەرپرسانی ئەمەریکا نەما. برنت سکوکروفت دەڵێت: جەنگی سارد لەو ساتەوەختەوە کۆتایی هات کاتێک یەکێتیی سۆڤیەت ڕازی بوو بە هەبوونی ئەڵمانیایەکی یەکگرتوو لەژێر لیوای هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسیدا.ساڵی 1990 نەک ساڵی 1989، ساڵی کۆتاییهاتنی جەنگی سارد بوو بەکردەوە. ساڵی 1991 لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت بوو. کە لە ئەنجامی سەرهەڵدانی ئەو بزووتنەوانەوە بوو، کە خودی گۆرباچیۆف بە مەبەستی چاکسازی ڕێگەی پێدان. ئەمەش خۆی لەخۆیدا مێژوویەکی گرنگ بوو. بەڵام دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد ئەوە ڕوویدا. بە تێپەڕبوونی ئەوکاتەی، کە یەکێتیی سۆڤیەت هەڵوەشایەوە، خودی جەنگی ساردیش بووە لاپەڕەیەکی هەڵدراوە لە مێژوو.

پەراوێز:

1. Setboun. Sipa. Rex features

2. Henry. Abrams. Corbis

3. Bettmann. Corbis

4. US natonal. Aychives and Record s Administraion.

5. Raymond Deardon. Magnum photos.

## خوێندنەوەی تر:

A number of books ably cover the entirety of the Cold War. Particularly recommended are David S. Painter, The Cold War: An International History (London, 1999); Martin Walker, The Cold War: A History (London, 1993S. J. Ball, The Cold War: An International History, 1947–1991 (London, 1998); Richard J. Crockatt, The Fifty Years War: The United States and the Soviet Union in World Politics, 1941–1991 (London, 1995); Walter LaFeber, America, Russia, and the Cold War, 1945–2000, 9th edn. (New York, 2002); Ronald E. Powaski, The Cold War: The United States and the Soviet Union, 1917–1991 (New York, 1998); Geoffrey Roberts, The Soviet Union in World Politics: Coexistence, Revolution and Cold War, 1945–1991 (London, 1999); Thomas J. McCormick, Americas Half-Century: United States Foreign Policy in the Cold War (Baltimore, 1989); Warren I. Cohen, America in the Age of Soviet Power, 1945–1991 (New York, 1993); and H. W. Brands, The Devil We Knew: Americans and the Cold War (New York). 1993

Important works that utilize new archival sources to

reinterpret the first half of the Cold War include Vladislav Zubok and Constantine Pleshakov, Inside the Kremlins Cold War: From Stalin to Khrushchev (Cambridge, Mass., 1996) and John Lewis Gaddis, We Now Know: Rethinking Cold War History (Oxford, 1997). A useful collection is Odd Arne Westad (ed.), Reviewing the Cold War: Approaches, Interpretations, Theory (London. 2000)

**بەشی یەکەم**

Melvyn P. Leffler, The Specter of Communism: The United States and the Origins of the Cold War, 1917–1953 (New York, 1994).

Vojtech Mastny, The Cold War and Soviet Insecurity: The Stalin Years (New York, 1996).

Williamson Murray and Allan R. Millett, A War To Be Won: Fighting the Second World War (Cambridge, Mass., 2000).

Thomas G. Paterson, On Every Front: The Making and Unmaking of the Cold War (New York, 1992).

Christopher Thorne, The Issue of War: States, Societies, and the Far Eastern Conflict of 1941–1945 (New York, 1985).

Dimitri Volkogonov, Stalin (New York, 1991).

**بەشی دووەم**

Carolyn Eisenberg, Drawing the Line: The American Decision to Divide Germany, 1944–1949 (New York, 1996).

Michael J. Hogan, The Marshall Plan: America, Britain, and the Reconstruction of Western Europe, 1947–1952 (New York, 1987).
Melvyn P. Leffler, A Preponderance of Power: National Security, the Truman Administration, and the Cold War (Stanford, Calif., 1992).
Eduard Mark, 'Revolution by Degrees: Stalins National-Front Strategy for Europe, 1941–1947, Cold War International History Project Working Paper #31 (2001).
Arnold Offner, Another Such Victory: President Truman and the Cold War, 1945–1953 (Stanford, Calif., 2002).
Marc Trachtenberg, A Constructed Peace: The Making of the European Settlement, 1945–1963 (Princeton, 1999).
Daniel Yergin, Shattered Peace: The Origins of the Cold War and the National Security State (Boston, 1978).

**بەشی سێیەم**

William S. Borden, The Pacific Alliance: United States Foreign Economic Policy and Japanese Trade Recovery, 1947–1955 (Madison, Wis., 1984).
Bruce Cumings, The Origins of the Korean War (2 vols, Princeton, 1981 and 1990).
John W. Dower, Embracing Defeat: Japan in the Wake of World War II (New York, 1999).
Sergei N. Goncharov, John W. Lewis, and Xue Litai, Uncertain Partners: Stalin, Mao, and the Korean War (Stanford, Calif., 1993).

Chen Jian, Maos China and the Cold War (Chapel Hill, N.C., 2001).
Robert J. McMahon, The Limits of Empire: The United States and Southeast Asia since World War II (New York, 1999).
Michael Schaller, The American Occupation of Japan: The Origins of the Cold War in Asia (New York, 1985).
William Stueck, The Korean War: An International History (Princeton, 1995).

**بەشی چوارەم**

Gordon H. Chang, Friends and Enemies: The United States, China, and the Soviet Union, 1948–1972 (Stanford, Calif., 1990).
Saki Dockrill, Eisenhowers New Look National Security Policy, 1953–61(London, 1996).
Steven Z. Freiberger, Dawn over Suez: The Rise of American Power in the Middle East (Chicago, 1992).
Richard H. Immerman, John Foster Dulles (Wilmington, Del., 1999).
Wm Roger Louis and Roger Owen (eds.), Suez 1956: The Crisis and Its Consequences (New York, 1989).
Stephen G. Rabe, Eisenhower and Latin America (Chapel Hill, N.C., 1988).
James G. Richter, Khrushchevs Double Bind (Baltimore, 1994).

**بەشی پێنجەم**

Lawrence Freedman, Kennedys Wars: Berlin, Cuba, Laos, and Vietnam (New York, 2000).

Aleksandr Fursenko and Timothy Naftali, ‘One Hell of a Gamble: Khrushchev, Castro, and Kennedy, 1958–1964 (New York, 1997).

Fredrik Logevall, Choosing War: The Lost Chance for Peace and the Escalation of the War in Vietnam (Berkeley, 1999).

Thomas G. Paterson (ed.), Kennedys Search for Victory (New York, 1989). Qiang Zhai, China and the Vietnam Wars, 1950–1975 (Chapel Hill, N.C., 2000).

**بەشی شەشەم**

Thomas Borstelmann, The Cold War and the Color Line: American Race Relations in the Global Arena (Cambridge, Mass., 2001).

Peter J. Kuznick and James Gilbert (eds.), Rethinking Cold War Culture(Washington, 2001).

Robert J. McMahon, The Cold War on the Periphery: The United States, India, and Pakistan (New York, 1994).

David Reynolds, One World Divisible: A Global History since 1945 (New York, 2000).

Michael S. Sherry, In the Shadow of War: The United States since the 1930s(New Haven, Conn., 1995).

Stephen J. Whitfield, The Culture of the Cold War

(Baltimore, 1991).
John Young, Cold War Europe, 1945–89: A Political History (London, 1991).

**بەشی حەوتەم**

Henry Kissinger, White House Years (Boston, 1979).
David Reynolds, One World Divisible: A Global History since 1945 (New York, 2000).
Raymond L. Garthoff, Detente and Confrontation: American-Soviet Relations from Nixon to Reagan (Washington, 1985).
H. W. Brands, Since Vietnam: The United States in World Affairs, 1973–1995(New York, 1996).
H. W. Brands, The Devil We Knew: Americans and the Cold War (New York, 1993).
John Lewis Gaddis, Strategies of Containment: A Critical Appraisal of Postwar American National Security Policy (New York, 1982).
Odd Arne Westad (ed.), The Fall of Detente: Soviet-American Relations during the Carter Years (Oslo, 1997).
Gaddis Smith, Morality, Reason, and Power: American Diplomacy in the Carter Years (New York, 1986).
Walter LaFeber, America, Russia, and the Cold War, 1945–2000, 9th edn. (New York, 2000).

David Cortright, Peace Works: The Citizens Role in Ending the Cold War(Boulder, Co., 1993).

Robert D. English, Russia and the Idea of the West: Gorbachev, Intellectuals, and the End of the Cold War (New York, 2000).

Matthew Evangelista, Unarmed Forces: The Transnational Movement to End the Cold War (Ithaca, New York, 1999).

Raymond L. Garthoff, The Great Transition: American-Soviet Relations and the End of the Cold War (Washington, 1994).

Michael J. Hogan (ed.), The End of the Cold War: Its Meaning and Implications (New York, 1992).

Jacques Levesque, The Enigma of 1989: The USSR and the Liberation of Eastern Europe (Berkeley, 1987).

Olav Njolstad, The Cold War in the 1980s (London, forthcoming).

Don Oberdorfer, The Turn: From the Cold War to a New Era (New York, 1992).

George P. Shultz, Turmoil and Triumph: My Years as Secretary of State(New York, 1993).

Philip Zelikow and Condoleeza Rice, Germany Unified and Europe Transformed: A Study in Statecraft (Cambridge, Mass., 1995).

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆڕش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان ڕەئوف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 214 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك ڕۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤید هیوم | مستەفازاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزووتنەوەی فێمێنیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سیکۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمان ڕەئوف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرماس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە دریدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجید خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماوتسی تۆنگ | فازڵ حسێن مەلا ڕەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانێ | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لەقەندیلەوە بۆ کوبانێ | ئەنوەر حسێن - شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پرۆیسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیاو پەکەکە | ماجد خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان، ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی چوارەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی پێنجەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی شەشەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی حەوتەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی هەشتەم | جەلال حەمید | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 57 | بۆچی مارکس لەسەر حەق بوو | تێری ئیگڵتۆن | پێشرەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفوری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی – بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی – بەرگی دووەم | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی سێیەم | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە تۆماس ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاكان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو | د.عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حركة الحداثة فی الشعر الكردی | د.سەروەر عەبدوڵڵا | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 82 | داعش و میلیشیاکان | ئەنوەر حسێن | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجید خەلیل | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین - بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین - بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشرەو محەمەد | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم - بەرگی یەکەم | ب. لیڤا | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم - بەرگی دووەم | ب. لیڤا | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم - بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم - بەرگی دووەم | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلّح شێخ شیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گرگرتوو | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگی عێراق - کوەیت | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 105 | گەشتی دوورو درێژی ئەتۆمی ئێران تێچوون و مەترسییەکانی | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا، خۆرئاوای ئەفریقیاو سۆماڵ | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لەپێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکاو ئاکامە جیۆپۆلۆتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 111 | تیرۆر، تیرۆریزم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی | رێباز مستەفا | 2016 |
| 112 | چین و سیستەمی بازرگانی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرهەتاوی من | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 114 | ئازادی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کورد و ئیسلام لە یەکتربردا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارل مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار - ئازاد ئارمان | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردە تاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کورد و مێژووی جەژنی نەورۆز | د.کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف - هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندووی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەرو پرۆلیتاریا | پێشرەو محەمەد - هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کاردەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | د.ئەکرم میهرداد | 2016 |
| 134 | نامیلکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵڵا | 2016 |
| 136 | ژنێك لە نێو سەردەستەی میلیشیاکاندا | دڵشاد محەمەد - هێمن تاهیر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 137 | ماركس و رەخنەی سیاسەت | هاوار محەمەد | 2016 |
| 138 | لە بڵاوکردنەوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان | یوسف محەمەد بەرزنجی | 2016 |
| 139 | فەلسەفە لە ئێستادا | دانا شوانی | 2016 |
| 140 | تێۆری زانینی زانستیانە | د.حەمید عەزیز | 2016 |
| 141 | ماركس و ئازادی | دانا شوانی | 2016 |
| 142 | شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف | ئیسماعیل ئیسماعیل زادە | 2016 |
| 143 | سەلەفییەت لە کوردستانی ئێران | ماجد خەلیل | 2016 |
| 144 | هەژموونی نەوت | سۆران عەلی | 2016 |
| 145 | دەوڵەت | سمكۆ محەمەد | 2016 |
| 146 | مێژووی ئابوری جیهان | محەمەد چیا | 2016 |
| 147 | لە تۆڵەیتۆڵەوە بۆ ناوزەنگ | خەڵەف غەفور | 2016 |
| 148 | پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە تورکیا | محەمەد فاتح | 2016 |
| 149 | دەقی شیعری کوردی لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە | د.لوقمان رەئوف | 2016 |
| 150 | تیۆری چوارەمی سیاسەت | وریا غەفوری | 2017 |
| 151 | هونەری شێوەکاری نوێ | رامیار مەحمود | 2017 |
| 152 | جیهانگیری لە ڕوانگەی جیاوازەوە | حەسەن بارام | 2017 |
| 153 | پاکستان و گۆڕانیەکانی ناوخۆو دەرەوە | بابان ئەنوەر | 2017 |
| 154 | پەیوەندی ئێران و هندستان | ماجید خەلیل | 2017 |
| 155 | چین و ئێران | محەمەد چیا | 2017 |
| 156 | ژنان لە بەهاری عەرەبیدا | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 157 | سیستمی نێودەوڵەتی هێز یان دادپەروەری | ئارام مەحمود ئەحمەد | 2017 |
| 158 | ركابەری ئەمەریكاو ئێران لە ئەمەریکای لاتین و ئەفەریقیا | کۆشان عەلی زەمانی | 2017 |
| 159 | کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخی نەوت | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2017 |
| 160 | پێگەی ئێران لە خۆرهەڵات ناوەڕاستدا | بەختیار ئەحمەد ساڵح | 2017 |
| 161 | مۆریتانیا وڵاتێکی درەوشاوەی کەنارو بیابان | شاناز هیرانی | 2017 |
| 162 | هەرێمی کوردستان و ململانێ ناوچەییەکان | ئەنوەر حسێن (بازگر) | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2017 | ئارام مەحمود | فەلسەفەی هانا ئارێنت | 163 |
| 2017 | سابیر عەبدوڵلا کەریم | نەوت بەرامبەر زەوی | 164 |
| 2017 | بابان ئەنوەر | پوختەی سەرمایەی مارکس | 165 |
| 2017 | رەنجەی نابینا | چوارینەی دیموکراسی | 166 |
| 2017 | عەلی محەمەد صالح | نفوذ الهلال الشیعی فی الشرق الاوسط | 167 |
| 2017 | ئەرسەلان حەسەن | هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی نەرمی قەتەر | 168 |
| 2017 | عەبدوڵلا مەلا ئەحمەد | سۆفیزم لە ئاسیای ناوەڕاستدا | 169 |
| 2017 | سۆران سێوکانی | لە ئیسلامی قورئانەوە بۆ ئیسلامی فەرموودە | 170 |
| 2017 | هاوار محەمەد | مێژووی درۆ | 171 |
| 2017 | ماجید خەلیل | پرسی کورد | 172 |
| 2017 | ئەرسەلان حەسەن | پۆست کۆمۆنیزم | 173 |
| 2017 | جەواد حەیدەری | پرۆگرامە ئەتۆمییەکان | 174 |
| 2017 | ئەرسەلان حەسەن | پەیوەندی روسیا و ئەمەریکا | 175 |
| 2017 | هاوار محەمەد | دەربارەی میواندۆستی | 176 |
| 2017 | رێبین رەسوڵ | بەرەو ئاشتی هەمیشەیی | 177 |
| 2017 | رێبین رەسوڵ | رۆشنگەری چییە؟ | 178 |
| 2017 | یوسف ئەحمەد مەنتك | چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و رۆژنامەوانی | 179 |
| 2017 | ئەرسەلان حەسەن | سەرەتایەك لەسەر ئاسایشی سروشتی | 180 |
| 2017 | ماجید خەلیل | مێژووی پەیەدە | 181 |
| 2017 | فازڵ حسێن مەلا رەحیم | کتێبی سور - چاپی سێیەم | 182 |
| 2017 | ئەکرەم عەنەبی | مەحرەمی راز شەرحی غەزلیاتی حافز | 183 |
| 2017 | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | مارکس کێ بوو؟ چاپی دووەم | 184 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | ئالان بادیۆ | 185 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | رولان بارت | 186 |
| 2017 | هاوار محەمەد | جۆرج باتای | 187 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | چۆمسکی | 188 |
| 2017 | د. لوقمان رەئوف - ئارام محمود | جۆن دیۆی | 189 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | رۆدۆلف کارناب | 190 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | کۆنفۆشیۆس | 191 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | جولیا کریستیڤا | 192 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | لیڤی شتراوس | 193 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 194 | مارتین بوبەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 195 | ماوتسی تۆنگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 196 | مۆنتیسکۆ | سیار خورماڵی | 2017 |
| 197 | پیەر بۆردیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 198 | سپێنوزا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 199 | ویتگنشتاین | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 200 | والتەر بنیامین | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 201 | فرانسیس فۆکۆیاما | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 202 | مارتن لۆسەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 203 | سان سیمۆن | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 204 | دێڤد هارڤی | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |

IDEA FOUNDATION

دەزگای ئایدیا

بۆ فکرو لێکۆڵینەوە